# گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان
# ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە

نوسینی: سەجعان میلاد ئەلقزی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵلا کەریم
2015

# گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان
# ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە

نوسینی: سەجعان میلاد ئەلقزی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵلا کەریم
2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 36 )

ناوی کتێب: گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان.. ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە
نوسەر: سەجعان میلاد ئەلقزی
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵلا کەریم
بابەت: سیاسی
تایپ و هەڵەچن: لانە کاشان - سەروەت تۆفیق
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 5000 دینار
ساڵی چاپ: 2015
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1402 )ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

# ناوەرۆک


پێشەکی نوسەر ..... 7
پێشـەکی ..... 9

## 1- شۆڕشە عەرەبییەکان

ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە ..... 14
بۆ ئەوەی شۆڕشەکان نەڕووخێن، ڕژێمەکانیش نەمێننەوە ..... 33
ئێمە چ جۆرە سوریایەکمان دەوێت؟ ..... 41
شۆڕشی سوریا بە بەندە ئێران، ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە ..... 50
بەهاری عەرەبی، یان بەهاری ئوسوڵییەکان؟ ..... 56
داهاتوویەکی نیمچە چاوەڕوانکراو لەنێوان حزبە ئیسلامی و مەسیحییەکاندا ..... 65
شۆڕش دانپێدانانی بردەوە، ڕژێمیش دەسەڵاتی لە چنگی خۆیدا هێشتەوە ..... 74
سەرکەوتنی شۆڕشە عەرەبییەکان بەندە بە کۆتاییهاتنی فتوحاتی ئیسلامی ..... 84

## 2- گۆڕانکارییەکانی لوبنان

ئایا بژاردەش وەکو سیاسییەکان شکست دەهێنێت؟ ..... 96
دووبارە داڕشتنەوەی ئەندازەی (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشە ..... 106
داڕێژەرانی ڕێکەوتنی تائیف، خۆیان دژی وەستان ..... 116
ئایا کاتی هاتووە (پەیامی لوبنان) لەم ژینگەیەدا گەشە بکات؟ ..... 125
موعجیزەی بونیادنانی لوبنانێکی یەکگرتوو ..... 135
ژمارەی پێوانەیی بۆ لەدەستدانی مافی چارەی خۆنووسین ..... 144
هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی، پرۆژەیەکی عەلمانی یان تائیفیە؟ ..... 150

### 3- چارەنوسی شۆڕشی ئورز

ئەو مەترسییانەی سنوری (8 و 14)ی ئادارییان بەزاند ........ 160

شۆڕشی ئورز، (14) ئادار بەدەست دەهێنێتەوە و

پێشەوایەتی گۆڕەپانەکە دەکات ........ 166

هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار چی قازانج دەکات ........ 176

ڕەگ و ریشەکانی شۆڕشی ئورز و رۆڵی هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار ........ 185

### 4- رۆڵی کریستیانەکان لە لوبنان و خۆرهەڵات

کریستیانەکان لەنێوان مافەکانیان و رۆڵیان و دەسەلاتەکانیاندا ........ 194

لە غیابی بەها مارۆنییەکاندا، مارۆنیەتی سیاسی بوونی نییە ........ 205

دوای (1600) ساڵ، پەرستگا بووە ناوەندێکی گەردوونی ........ 213

مارۆنییەکان و سوپا و رژێم ........ 223

لە سایەی بتریارکیەت دەرچوو، تا بچێتە قۆناغی یوتۆپیاوە ........ 231

رابوونی کڵێسای مارۆنی بە بتریارك (صفير) بەخشرا ........ 238

ڕەگ و ڕیشەکانی قەوارەی لوبنان و وەڵامی چواردەهەم ........ 243

بۆ ئەوەی کریستیانەکانی لوبنان نەبنە ((میاومین)) ........ 253

خاچەکەی خۆرئاوا دابنێ، خاچەکانی خۆرهەڵاتمان بەسە ........ 260

### 5- لە بۆتەی پەیوەندییەکانی لوبنان - سوریا

سوریا پاشەکشەی کردو لە لوبنان دەرنەچوو، گەڕایەوە و

نەهاتە ناوەوە ........ 269

ئیشکالیەتی پەیوەندی لەنێوان ئاراستەکانی رژێمی سوریا و

فرەیی کۆمەڵگەی لوبنان ........ 275

# پێشەکی نوسەر

ئەم کتێبە لە (5) بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن و لە کۆتاییدا زەمینەیەکی فیکری هاوپەیوەند پێکدەهێنن کە راستەوخۆ لە دەرگای بارووداۆخی لوبنان و جیهانی عەرەبی و چارەنووس و ئایندەی پێکهاتەکانیان لەم قۆناغە مێژووییەی ئێستە دەدات کە رۆژهەڵات لە گەرووی جەبەل تاریق لە (مەغریب) هەتاوەکو گەرووی دەردەنێل لە (تورکیا) پێیدا گوزەر دەکات.

لەنێوان شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و گۆڕانکارییەکانی لوبنان و چارەنووسی شۆڕشی ئورز و رۆڵی کریستیانەکانی لە لوبنان و رۆژهەڵات، مەینەتییەکان و هەڵسانەوە و گەڕان لەدوای ئایندەیەکی دیموکراسی و ئازادانە بۆ نەوەکانی داهاتوو. خەباتی گەلان لەپێناو باشکردنی ئەم دونیایەیە نەوەك ئەو دونیا، خەباتێکە لەپێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ نەوەك خۆشگوزەرانی خوداو پێغەمبەرو قدیسەکان، چونکە مرۆڤ پرسی کارەکانی خودایە، نەوەك خودا پرسی مرۆڤ بێت. رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هەموو پێغەمبەرێك نابێتە هۆی خۆشگوزەرانی و شادومانی مرۆڤ، بەڵکو دەچێتە ئەو خانەیەوە کە چەمکی ئاراستەی کارەکانی خودا بریتیە لە چاندنی خۆشەویستی.

لەبەر ئـەوە ئێمە دەمانەوێت شۆرشە عەرەبییەکانی رێگەیەك بن

بەرەو ئازادی و دیموکراسی، ئەگینا گۆڕەپانی ئەو شۆڕشانە هیچ بەهایەکیان نییە. دەمانەوێت گۆڕانکارییەکانی لوبنان ببێتە پەنجەرەیەك بەرەو زیندووکردنەوەی فۆڕمی ژیانێکی ئاشتیانە لەنێوان مەسیحی و موسڵمانەکاندا، ئەگینا قەوارەی ئێستای لوبنان هیچ بەهایەکی نابێت. دەمانەوێت شۆڕشی ئورز ببێتە پرۆژەیەك بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرن، ئەگینا سەروەری و سەربەخۆیی هیچ بەهایەکیان نابێت.

دەمانەوێت رۆڵی کریستیانەکان ببێتە نموونەیەك بۆ دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی لەناو شارستانیەتی رۆژهەڵاتدا، ئەگینا کریستیانەکان هیچ بەهایەکی تایبەتییان نابێت. دەمانەوێت رۆژهەڵات ببێتە سەرزەمینی هەناردەکردنی روحی ئایینەکان بۆ هەموو جیهان، نەوەك سەزەمینێك بێت بۆ ئاراستەکردنی فتوحاتە ئاینییەکان. نابێت ئایینەکان خواوەندەکانی خۆیان بکوژن، ئەگینا دەبنە ئایینی بتپەرستی رووپۆشکراو.

گەلانی عەرەبی، بە گەلی لوبنانیشەوە لەبەردەم بەدیهێنانی خودی خۆیان و رزگارکردنی دواڕۆژی خۆیاندان. ئەوە دەرفەتێکە رێگەدەدات بە تێپەڕاندنی ناکۆکی و ململانێکانی رابردوو نزیك و دوور، بۆیە مەودای ئایندەیی لە دەرەوەی فەزای عەقڵی عەرەبی نامێنێتەوە. کۆمەڵگا عەرەبییەکان بە نەوەی گەنج و رۆشنبیر و بژاردە و هۆشیارو بەرپرسیار پێدەگەن.

لە سەرەتای شۆڕشەکاندا ئەم نەوانەمان بینی، بەڵام دوای ماوەیەك دوورکەوتنەوە و هێزە کلاسیکی و توندڕەوەکان لەجیاتی ئەوان سەریانهەڵدا، هێزی مەدەنی، سەربازی یان ئایینی. لەبەر ئەوە ئێستا دوو شۆڕش نەوەك یەك شۆڕش لە گەنجانی عەرەب دەخوازرێت: شۆڕشێك بەسەر رژێمەکاندا و شۆڕشێك بەسەر شۆڕشە دزراوەکاندا.

**(سەجعان میلاد ئەلقزی)**

# پێشەکی

**شۆڕشی خەڵك و گۆڕینی رژێمەکان**
**(سەرکەوتنی شۆڕشە عەرەبییەکان بەندە بە کۆتایهاتنی فتوحاتی ئیسلامی).**

گۆڕینی رژێمەکان و شۆڕشەکان، دوالیزم و پارادۆکسێکن، رەنگە هەردووکیان راست بن، چونکە بەبێ شۆڕش گۆڕینی رژێمەکان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام گۆڕینی رژێمەکان پاش سەد ساڵ بووە دیفاکتۆ.

گۆڕینی رژێمەکانی خۆرئاوای عەرەبی، کە بە خۆسوتاندنی محەمەد ئەلبوعەزیزی لە تونس دەستیپێکرد، یەکەم ساتەکانی شۆڕش و گۆڕینی رژێمەکان بوو، بەڵام بە تێڕوانینەکانی ماوتسی تۆنگ نا، بەڵکو بە تێڕوانینی شۆڕشی جەماوەری. سەرئەنجام ئەم شۆڕشە بووە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی توتالیتارییەت و دیکتاتۆرەکانی تونس، لیبیا، میسر، یەمەن و لە سوریاش راوەستاو ترسی خستە دڵی وڵاتانی تری عەرەبی و سەرۆکەکانیانەوە.

کۆتایی رژێمەکان، بە تەنها کۆتایی ئەم سیستمە سیاسیە ملهوڕانە نەبوو، بەڵکو کۆتاییهاتن بوو بە گوتاری ناسیۆنالیزمی فاشی عەرەبی، کە بەشێکی ئەم رژێمە رووخاوانە نوێنەرایەتیان دەکرد.

نوسەری ئەم کتێبە باس لە مێژووی ململانێیەکی دوورو درێژ دەکات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. چ لە ناوخۆی وڵاتەکان یان دەرەوەی سنورەکان،

بۆیە دەیەوێت بڵێت ململانێکان تازە نین، بەڵکو کەڵەکەبووی چەندین دەیەی رابردوون و پێناچێت بەمزوانە چارەسەر بکرێن، بەڵام چوار فاکتەر بە گرنگ دەزانێت وەکو میکانیزمی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ ئەوانیش: رای گشتی، بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی ئۆپۆزسیۆن، بزووتنەوە ئیسلامییەکان (وەك دیفاکتۆ نەك لایەنی پۆزەتیڤ)، دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکانن. واتا ئەم چوار فاکتەرە هەر چوارییان رۆڵیان هەبوو لە شۆڕشەکان و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، کە خراپترینیان بزووتنەوە ئیسلامیەکانن.

بێگومان گروپی ئیسلامگەرا، سەلەفی و جیهادییەکان ئەگەرچی رۆڵیان هەبوو، بەڵام رۆڵی ئەوان نێگەتیڤانە کاریگەری لەسەر شۆڕشەکان دانا، هەربۆیە دوای بردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە میسرو تونس پاشەکشەیان کردو رێگایان لێگیرا کە تیرۆر و تۆقاندن و فۆبیای ئیسلام بڵاو بکەنەوە. ئەگەر نا ئیسلامگەراکان و بە تایبەتی ئیخوانەکان یەکێك بوون لە دەرهاویشتە خراپەکانی بەهاری عەرەبی، بەڵام دیفاکتۆ بوون بەهۆی غیابی بزووتنەوە چەپ و رادیکاڵەکان و کۆمەڵی مەدەنیەوە.

دەخالەتی وڵاتانی ناوچەیی خۆرئاواییش لە رووداوەکان و بە تایبەت لە سوریا، بووە مەیدانی ململانێی شیعە و سوننە، میراتگری بلۆکبەندی سەردەمی جەنگی سارد لەنێوان ئەمەریکا و روسیا تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە.

نوسەر پرسیارێك دەکات، ئایا بەهاری عەرەبی بوو یان بەهاری ئوسوڵییەکان؟ کە قسە لەسەر ئەم دوو بۆچوونە زۆر کراوە و واباشە خوێنەر وەڵامەکەی نوسەری کتێبەکە بخوێنێتەوە، بەڵام ناشاردرێتەوە کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کۆمەڵێك کێشەوە ئالوودە بووە، کە هەندێکیان مێژوویین و هەندێکیان دەرئەنجامی بەهاری عەرەبین، لە بابەتی گەشەی ئیسلامییەکان و نەبوونی حزبی جەماوەری بۆ پێشڕەویکردنی کۆمەڵگە و بەرگرتن بە پاڵپێوەنانی گەنجان بۆ مزگەوتەکان. ئەزمونی شیعەگەرایی و توندبوونەوەی

ململانێی قووڵ لە نێوان شیعە و سوننە، سەرکەوتنی دادو گەشەپێدان لە تورکیا، چەقبەستنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، پووکانەوەی هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، پاشەکشەی هێزە عەلمانییەکان و بزووتنەوەی چەپ، بەڵام نوسەر لەم بارەیەوە راستەوخۆ دەڵێت: (سەرکەوتنی شۆڕشە عەرەبییەکان بەندە بە کۆتاییهاتنی فتوحاتی ئیسلامی)وە.

لەم کتێبەدا، پرسی لوبنان بە گرنگییەوە باسی لێوەکراوە، بەهۆی جیاوازبوونی مۆدێلی حوکمڕانی و تایبەتمەندییەکانی و مۆزایك، ناهۆمۆجینی پێکهاتەی ئیتنی و مەزهەبییەوە. سەرەڕای ئەوەی لوبنان مەیدانی ململانێکانی ئێران، سوریا، ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی سوننەشە، لە هەمانکاتدا ململانێکانی شیعە و سوننە و مارۆنییەکان لەم وڵاتەدا بەردەوامە و بووەتە مێژوویەکی نەپساو، بەڵام هێشتا لوبنان بە بارودۆخێکی دژوار و نائارامدا تێپەر دەبێت. هەرچەندە لوبنان نەبووە بەشێك لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی، بەڵام بەدەریش نییە لە کاریگەرییەکانی ئەو رووداوانــە بۆ ئایندەیەکی دووریـش کاریگەری لەسەر ئەم وڵاتە دەمێنێت. جیا لەوانە قەیرانەکانی سوریا کە کاریگەری گەورەی کردە سەر زۆربەی ناوچەکە و وڵاتانی زلهێز، بێگومان زۆرترین کاریگەریشی لەسەر لوبنان داناوە و دایدەنێت.

ئەم کتێبە، لە کاتێکدا دەرچووبوو کە ململانێ لەسەر ناوو چەمك و رووداوەکانی باکوری ئەفەریقیا و خۆرئاوای عەرەبی هەبوو کە ئایا بەهاری عەرەبی یان بەهاری ئیسلامییەکان، راستە؟

ئەو کات و تەنانەت ئێستاش ئەو مشتومڕە لە کۆمەڵگای کوردستان و ناوچەکەش دیالۆگی زۆری لەسەرە، کە هەیانە داعش، گروپی ئیسلامیە رادیکاڵ و فەندەمێنتالیستەکان بە دەرهاویشتەی ئەم رووداوانە دەزانێت و لەبەرامبەریشدا. بۆچوونێکی تر دەڵێن کۆتاییهاتن بە حوکمی دیکتاتۆری وڵاتە عەرەبییەکان و شکستی گوتاری ناسیۆنالیستی فاشی عەرەبی و

سیستمە میلیتاریستەکان دەرەئەنجامی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیە، بەڵام سەرئەنجام دەبێت ئەوە بزانرێت کە خەڵك شۆڕشی کردو خەڵکیش بڕیار دەدات کە چارەنوسیان بەکێ دەسپێرن؟ بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان کە ژیان دەکەن بە جەهەننەم بۆ مرۆڤەکان؟ یان بە دیموکراسی و ئازادی کە حورمەت و کەرامەت بۆ تاکی عەرەب و مرۆڤەکان دەگێڕێنەوە؟

ئەم کتێبە بۆ کتێبخانەی کوردی گرنگیەکەی لەوەدایە کە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیە و سەرچاوەی لەم بابەتە یەکجار کەم و دەگمەنە و لەلایەن کاك (سابیر عەبدوڵلا کەریم)وە زۆر جوان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و کاری باشی لەسەر کردووە کە شایستەی خوێندنەوەیە، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پێویستی زانی چاپی بکات و بڵاوی بکاتەوە.

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

## -1-

# شۆڕشە عەرەبییەکان

# ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە شۆڕشە عەرەبییەکان بوونە خاڵی یەکتربڕی پڕۆژەکەی ئەمەریکا لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا

## 30ی نیسانی 2011

ئەمڕۆ سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتێکی ناوینی نوێ دەبینین، گەلانی عەرەب پشوودرێژییان لەدەستداوە و ڕژێمەکانیش ئەرکی ڕاستەقینەیان لەدەستچووە، هەرسێ ئایینەکان و مەزهەبە ئیسلامییەکانیش پێکەوەژیان و ئاشتەواییان لەدەستداوە. کۆمەڵێك ناکۆکی و ململانێی ئاڵۆز کۆمەڵگە عەرەبییەکانی هیلاك و بارگران کردو چووە ناو ناخی بونیاتی ئێستایانەوە، قەوارەکان تووشی داڕمان بوون و سەرکردەکانیش گەندەڵ بوون. گەل نزیکەی 100ساڵ بواری ڕژێمەکانیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان، بەڵام ئاڵۆزتر بوون، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئەو ڕژێمانە ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە لە کاتێکدا خۆیانی لێ دەدزنەوە، بەڵکو هەندێك ڕژێم هەن خۆیان باوکی دروستکردنی ئەو ململانێیانەن و هەندێکی دیکەشیان کوڕی ململانێکانن.

ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل 60 ساڵە و تەمەنی ململانێی نێوان خودی فەلەستینیەکان 40 ساڵە، تەمەنی ململانێکانی لوبنان 36 ساڵە و تەمەنی ململانێی نێوان ئێران و دەوڵەتانی کەنداو 32 ساڵە، هەروەها تەمەنی ململانێی نێوان عێراق و ئێران 31 ساڵە و تەمەنی ململانێکانی نێوان یەمەنییەکان و نێوان یەمەن و سعودیەش 54 ساڵە و تەمەنی ململانێکانی نێوان لوبنان و سوریا 64 ساڵە و تەمەنی ململانێکانی میسر 60 ساڵە و تەمەنی ململانێکانی ناو ئێران 31 ساڵە و تەمەنی ململانێکانی ناو جەزائیر 22 ساڵەو تەمەنی ململانێکانی نێوان مەغریب و جەزائیر 61 ساڵە لەسەر بیابانی خۆرئاوا، هەروەها تەمەنی ململانێکان لەگەڵ کوردەکان 70 ساڵەو

تەمەنی ململانێکانی نێوان ئوردون و فەلەستینیەکان 62 ساڵەو تەمەنی ڕژێمە عەرەبیە توندوتیژو داپڵۆسێنەرەکانیش 1400 ساڵە.

لە کاتێکدا کە ڕژێمەکان و دەوڵەتانی بیانی و ئیسرائیل سودیان لەم واقیعە دەبینی، کێشەو ململانێکان چەندین قەیران و ئاژاوە و پیلان و مەینەتی و شەڕیان بەرهەمهێنا بێئەوەی تەنها یەك ڕژێم لەوانە یەك خەونی عەرەبی بەدی بێنن، نە یەکێتی و نە سەربەخۆیی و نە سەربەستی و نە دیموکراسی و نە ئاسایش و ئاشتی و هیچ گەشەسەندن و سەرکەوتن و دەرفەتی کارییان بەدی نەهێنا. بە درێژایی ئەو 100 ساڵەی ڕابردوو کپکردن و دۆڕانەکان و دابەشبوون و هەژاری و ترس و قایمکردن لەناو بەندیخانەکان کۆمەڵێك خەڵاتی ڕژێمە عەرەبییەکان بوو بۆ گەلەکانیان. ڕژێمە نەتەوە پەرستەکان بە پاساوی یەکبوون گەلەکانیان داپڵۆسی و چەوساندیاننەوە، ڕژێمە سەربازیەکانیش بە پاساوی چەوساندنەوەی ئەمنی گەلەکانیان دادەپڵۆسی و ڕژێمە ئوسوڵیەکانیش بە پاساوی پاراستنی شەریعەن دەیان چەوساندنەوە.

## ڕێگەی پێچاوپێچی پرۆژەی گۆڕانکاریی

ئەوەی چەندین ساڵە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا ڕوودەدات، بە تایبەتیش لـەدوای ساڵانی 1990-1991 و یەکەمین جەنگی کەنداو، سەرجەم چەمکەکان و قەوارەکان و ڕژێمەکانی دوای هەردو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامە و پەیمانە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە هاوزەمانی ئەو ماوەیە بوون. ئەو بیانوو لێکدانەوانەی کە خرانە پاڵ ئەو شەڕو ڕوداوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچووك لەدوای شەڕی 2003ی عێراق، بە گشتی پێچەوانە بوون و چەمکی ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەسەریاندا زاڵ ببوو، بەدەر لە بوونی هەر ململانێیەکی دیکە کە خاڵێکی بنەڕەتیە لەنێوان

پێکهاتەکانی خودی خۆرهەڵاتدا. پێویست بوو چاوەڕوان بین تا ببینین ئەمڕۆ چی ڕوودەدات بۆ ئەوەی درك بەو لێکدانەوە روون و سەرتاسەریە بکەین و تێبگەین لە کاریگەرییەکانی شەڕی ئەمەریکا لە عێراق. ئەگەر بێتو ئەوەی ئیمڕۆ ڕوودەدات دەربڕی تەواوبوونی پشوودرێژی گەلانی عەرەب بێت، ئەوا لەگەڵ هەستی دەوڵەتە گەورەکاندا وێکدێتەوە بەوەی کە خۆرهەڵاتی ناوینی کۆن (ئێستا)، بە درێژایی دەیەکانی رابردوو تووشی داچۆڕاندن بووە، بۆیە دەبێت جوگرافیایەکی سیاسی نوێ بهێنرێتە کایەوە کە بەرژەوەندیە ستراتیژی و ئابوورییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان رەچاو بکات و رێگەش بە گەلانی ناوچەکە بدات هەندێك لە خواست و ئامانجە خۆییەکانیان بەدەست بهێنن.

کۆمەڵێك فاکتەری بەدوایەك هاتوو جیهانی خۆرئاوا هاندەدەن کە بەو ئاراستەیەدا بکەونە جووڵە، ئەویش بریتیە لە: بوونی سامانی وزە، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، رووخانی یەکێتی سۆڤێت، شکستهێنانی رژێمە عەرەبییەکان لە بونیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان، سەرهەڵدان و هەڵکشانی رەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکان، پەلهاویشتنی ئێرانی و تورکی لەسەر حسابی عەرەب و ئیسلام، بڵاوبوونەوەی تیرۆر و هەنگاونانی گەلان بەرەو ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووس. شۆڕشی گەلانی عەرەبی هاوکاتە لەگەڵ پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی نوێ کە لەدوای راوێژو وتوێژ لەگەڵ گرووپە فیکرییە عەرەبی و ئەوروپی و ئیسرائیلییەکاندا، لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە داڕێژراوە. بەڵام چەند هەموارکردن و گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئەو پرۆژەیەدا هاتووە، بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل و عەرەبەکان لە یەککاتدا. لەپاش هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عێراق و بەرپابوونی شۆرشە عەرەبییەکان، ئەو پرۆژەیە کراوە بە ناونیشانی ئەو لایەنەی کە یەکەمجار دەستی لەسەر داناوە.

پرۆژەی ئەمریکی- ئەوروپی ئاراستەی نوێی خۆی لە عێراقەوە وەرگرت (رزگارکردنی کوێت)، ئینجا لە ئێران (دۆسیەی ئەتۆمی) بەو ئامانجەی کە بگەیەنرێتە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی عەرەبی و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە چوارچێوەی (چارەسەرکردنی ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل). پرۆژەی ئەمریکی- ئەوروپی لە دانووستانەکانی مەدرید لە ساڵی 1991دا چەند هەنگاوێکی گرنگی هەڵێنا بۆ (دانپێدانانی سەرتاسەری عەرەب بە ئیسرائیل و پابەندبوون بە دانووستانی ئاشتیانە و ئاساییکردنەوەی لەسەرخۆ)، هەروەها هەنگاوێکی گرنگی هەڵێنا لە رێکەوتننامەکانی ئۆسلۆی ساڵی 1993 (رازیبوونی ئیسرائیل بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی فەلەستینی لەسەر ئەو زەوییانەی کە ئیسرائیل لە ساڵی 1967دا داگیری کردووە). بەڵام رووداوە تیرۆریستیەکانی 11ی ئەیلولی 2001 لە نیویۆرك، ئاراستەی پرۆژەکەی بەرەو ئەفغانستان گۆڕی. کاتێك کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گەورەکان لە کابوڵ کۆتاییان پێهات، ئیسرائیل گوشاری خستە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆیە لە ساڵی 2003دا ئەو پرۆژەیەی گەڕاندەوە بۆ عێراق لەپێناو رووخاندنی رژێمەکەی بەو هیوایەی کە ئێران ببێتە وێستگەی داهاتووی بەهۆی دۆسیەی ئەتۆمی و رۆڵی کێشەهێنەری ئێران لە ناوچەکە و جیهاندا. بەڵام ئێران و سوریا لە ساڵی 2005دا بوونە هۆکاری گوێزانەوەی پرۆژەکە بەرەو لوبنان ئەوەش لەدوای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆماری لوبنان (ئەمیل لەحود)، بە پێچەوانەی بڕیاری نێودەوڵەتی ژمارە (1559). لەدوای تیرۆرکردنی رەفیق حەریری شۆڕشی ئورز دەستیپێکرد و سوریا سوریا لە لوبنان کشایەوە و دادگای نێودەوڵەتی دامەزرێنراو بەرەی ئێران – سوریا دابڕێنرا.

لە هاوینی 2006دا شەڕی باشووری لوبنان بەرپا بوو، ئیسرائیل بە خۆڕاگری حزبوڵڵا تووشی سەرسووڕمان هات، بەڵام سەرەڕا بووژانەوەیان بە شێوەیەکی کاتی، هەریەکە لە سوریا و ئێران لە پەیامە ئیسرائیلی-

ئەمریکیەکە تێگەیشتن و بە بڕیاری ژمارە (1701) رازی بوون و تاران ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، ئەمە لە کاتێکدا کە سیستم و بارووداۆخی ناوخۆیی بە شێوازی جۆراوجۆر هاندەر بوو بۆ تەقینەوە. ئەگەرچی پرۆژەکەی ئەمەریکا ڕوویکردە سودان و لە رێگەی ریفراندۆمێکی جەماوەریەوە جیابوونەوەی باشووری سودانی لێکەوتەوە، بەڵام لەنێوان عێراق و لوبنان و ئێران و ئیسرائیل و فەلەستین لە هاتووچووندا بوو هەتاوەکو شۆڕشەکانی خۆرئاوای عەرەبی و بەدوایدا شۆڕشەکانی خۆرهەڵاتی عەرەبی هەڵگیرسان.

ئەمڕۆ ڕوون و ئاشکرایە کە پرۆژەکەی ئەمەریکا بە چەندین قەڵغان و شێوازی وەکو (شەڕ، دیبلۆماسیەت، بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، فشارە ئابوورییەکان، ریفراندۆم، هەڵبژاردن و دواجاریش لە رێگەی شۆڕشەکانەوە) باڵی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا کێشاوە.

### گەمەی نەتەوەکان و خواستی گەلان

لەنێوان پرۆژەکەی ئەمەریکا و شۆڕشە عەرەبییەکاندا چەند خاڵێکی یەکتربڕی گشتی هەن کە بوونەتە بناغەی پێکهاتن لەنێوان ئیسلام و خۆرئاوادا. لەپێشدا خۆرئاوا کۆڵۆنیالیزم بوو گۆڕا بۆ ئاوەدانکار، هاوپەیمانی رژێمەکان بوو، بەڵام بووە دۆستی شۆڕشەکان. پرۆژەکە و شۆڕشەکان هەوڵدەدەن بۆ گۆڕینی رژێمەکان و کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان، بەڵام لەوانەیە لە ئەنجامی گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا لێکتر جیاببنەوە. لێرەوە کێبڕکێی نێوان گەمەی نەتەوەکان و خواستی گەلان دەستپێدەکات، بەڵام کێبڕکێکردن مانای بایکۆتکردن ناگەیەنێت، بەڵکو بوارێکە بۆ دانووستان و رێککەوتن. ئەوەتا بەشێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی هەندێك لە شۆڕشەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی دانووستان بە مەبەستی گەڕان لەدووی ئەڵتەرناتیڤەکان، نەبادا دەوڵەتە عەرەبییەکان هەنگاو بنێن بەرەو

دروستبوونی رژێمی دیکتاتۆری و تیۆکراتی نوێ و پاشاگەردانی بێ بنەما. گرفتی جیهانی عەرەبی ئەوەیە کە کاروانی گۆڕانکاری تێیاندا وەکئەوەیە دوو ئەسپ سەرقافڵەی بن کە هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاوازدا رێدەکات: یەکێکیان بەرەو کۆمەڵگەی ئایینی و ئەویتریان بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام ئەمەی دووەمیان لاوازترە.

لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی 2011وە رووداوەکان بە خێرایی بەرپابوون و چەند شۆڕشێك لە وڵاتـە عەرەبییەکان هەڵگیرسان کە دابەشبوون لەنێوان خۆرئاوای عەرەبی (تونس، جەزائیر، میسر، لیبیا) و خۆرئاوای عەرەبی (سوریا، عێراق، کوردستان) و نیمچە دوورگەی عەرەب (یەمەن و بەحرەین). جگە لە شانشینی بەحرەین کە راپەڕینەکە تێیدا خەفە کرا، مایەی سەرنجدانە کە هێشتا شۆڕشەکان ماڵن لەسەر سیستمە کۆمارییەکان بەبێ شانشینەکان، ئەگەر بزانین کە هیچ جیاوازیەکی کرداریی لەنێوان ئەم دووانەدا نییە، هەرچەندە لەناو کۆمارە عەرەبییەکاندا دەسەڵاتی پشتاوپشتی بە شێوەیەکی ناشەرعی پەیڕەو دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە بنەمای حوکمی پشتاوپشت لە شانشینەکاندا شتێکی شەرعیە و پابەندە بۆ خەسڵەت و بنەماکانی شورا و سەلیقە. هەروەها چەند ئازادیەکی دیاریکراو لەناو شانشینە عەرەبییەکاندا دەستەبەر کراوە زیاتر لەو فەزا ئازادیەی کە لەو سیستمە کۆمارییانەدا دەستەبەر کراوە. لە شانۆی سیاسی عەرەبیدا سەیر ئەوەیە کە پادشاو شازادەکانی دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو پێشنیار بۆ سەرۆك کۆمارەکان دەکەن دەستبەرداری دەسەڵات بن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەوان خۆیان تا ئەو کاتەی خوای جیهانیان بۆلای خۆی دەیانباتەوە، لەسەر کورسی دەسەڵات دەمێننەوە.

ئەو شۆڕشەکانەی روودەدەن قەبارەیان جیاوازە و فرە رەهەندن (راپەڕین یان ناڕەزاییەکان)، هەروەها ئاینده و چارەنووسیشیان لێکتر جیاوازە (یەکبوونخوازن یان جوودابیخواز). سەرباری ئەم جیاوازییانە، داواکردنی

ئـازادی نـەوەك دیموكراسی، كۆخاڵی سەرەكی و قۆناغیی هەموو ئەو شۆڕشانەن، لەبەر ئەوەی كە داپڵۆسین خاڵ و پشكی هاوبەشی سەرەكی سەرجەم رژێمە عەرەبییەكانە سەرەڕای جیاوازییان لە بونیادی دەستوری و ئابووری و سیاسەت و هاوپەیمانێتیە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكانیاندا.

### گرفت و كێشەكانی هێزە شۆڕشگێڕەكان

لە هەموو وڵاتێكدا بزووتنەوەی گۆڕانكاری، چوار هێزی سەرەكی جیاواز لە پاڵنەرو پێگەو قەبارەدا هاوبەشن كە بریتین لە:

یەكەم: رای گشتی كە داوای گۆڕانكاری سەرتاسەری و گشتگیر دەكات.

دووەم: بزووتنەوە پێشكەوتنخوازەكانی ئۆپۆزسیۆن كە هیواخوازن بۆ لەدایكبوونی حوكمێكی دیموكراتی.

سێیەم: بزووتنەوە ئیسلامییەكان، كە دیارترینیان (ئیخوان موسلمین)ە و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستمی ئایینی دەدات.

چـوارەم: دامـودەزگـا سـەربـازی و ئەمنییەكان كە هـەوڵـدەدەن بۆ هێشتنەوەی گۆڕانكاری لەناو دەمودەزگاكانی رژێمەكەدا. هەروەها چەند لایەنێكی ئاژاوەگێڕیی خاوەن ناسنامە و ئامانج و مەرام جیاواز بەگوێرەی تایبەتمەندێتی هەر كۆمەڵگەو وڵاتێك دەخرێنە سەر كۆی ئەو چوار هێزە، بەزۆریش ئەو لایەنانە بەپێی رێنمایی و فەرمانەكانی دەرەوە دەجووڵێن بۆ لێدان لە پاكێتی شۆڕش و پەرش و بڵاوەپێكردنی ئامانجەكانی.

كاتێك شۆڕش سەردەكەوێت، دەرئەنجام ئەوەیە كە سوپا لە قۆناغی یەكەمدا دەربكەوێت و جڵەوەكە بگرێتەدەست، ئینجا لە قۆناغی دووەمدا ئەو چوار هێزە پێكەوە حوكم دەكەن، تا ئەو كاتەی كە حزبە ئایینیەكان دەتوانن لە قۆناغی سێیەمدا كۆنترۆڵی باروودۆخەكە بكەن. بەڵام قۆناغی كۆتایی، ململانێیەكی نوێی توندوتیژ لەنێوان بزووتنەوە ئوسوڵییەكان و هێزە دیموكراسیخوازەكان و دامودەزگا سەربازییەكاندا بەخۆیەوە دەبینێت و

لەمڕۆ بەدواوە هیچ کەسێك ناتوانێت پەی بە ناسنامەی سەرکەوتوو ببات و بزانێت سەرکەوتوو کێیە، ئەگەرچی دەرهاویشتە هەنووکەییەکان پێشەنگی دەداتە بزووتنەوە ئایینیەکان، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هێزانە بزانن چۆن لە دۆخی تاریکیان دەردەچن و بە شێوازێکی کراوە و میانڕەوانە هەنگاو دەنێن بە جۆرێك کە دان بنێن بە فرەیی و یەکسانی لە هاوڵاتیبووندا، ئەگەر بزانین کە چارەنووسی هەموو شۆڕشێك لەوەی دیکە جیاوازە.

نموونەی ئەزموونی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی لە تورکیا، لە ئێستەدا لە باگڕاوندی بزاڤی عەرەبیدا بوونی هەیە، چونکە بزووتنەوە ئیسلامیە ئوسوڵیە عەرەبییەکان بەهیوان گرێی واشنتۆن لەگەڵیاندا بکرێتەوە، واشنتۆنیش هیواخوازە ئەو بزووتنەوانە هاوسەنگ و میانڕەو بن. ڕێبازی پراگماتیکی تایبەتمەندی سیاسەتی واشنتۆنە و لەپێش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، ئیدارەی ئەمەریکا سوور نەبوو لەسەر بەرپاکردنی شەڕ لە دژی ئەفغانستان، بەڵکو (ریچارد هیلمز) سەرۆکی پێشووی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا ڕێگەیدا بە کردنەوەی نووسینگەی پەیوەندیە گشتیەکان بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی تاڵیبان لە واشنتۆن هەرچەندە بزووتنەوەیەکی سۆپەر ئوسوڵی بوو، بەڵام ئەمە پلانێك بوو بۆ ئەوەی هاوکاری ئیدارەی ئەمەریکا بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاوپەیمانێتی نێوان روسیاو چین لە ناوچەی باشووری ئاسیا. لەپێناو سەرخستنی ئەمجۆرە سیناریۆیەدا کە ئەنجامەکانی دەستەبەر نین، نابێت سیستمی عەرەبی نوێ وەکو دیکۆرێکی تازە بۆ دەرهاویشتەی جێگیرو بیروباوەڕی چەقبەستو دەربکەوێت، ناشبێت مرۆڤی عەرەبی وەکو هاوڵاتیەك و رابپەڕێت و پاشان وەکو ئیسلامی حوکم بکات. ئەمە مەسەلەی میسداقیەتە و هەر بەزاندنێکی عەرەبە ناموسڵمانەکان تاو دەدات بۆ درووستکردنی حوکمێکی خۆیی کە تێیدا حساب بۆ هیچ تۆمەت و شتێکی قەدەغەکراو ناکەن.

گەلانی ئەوروپی کە لە دژی دەسەڵاتی داپلۆسێنی سۆڤێت و شیوعیەت ڕاپەڕین، لـەدوای پرۆسەی گـۆڕان خیانەتیان لە خۆیان نەکرد، بەڵکو چەند سیستمێکی دیموکراسیان دامەزراندو ئازادیان هێنا، بەڵام شۆڕشە عەرەبییەکان لەبەردەم ڕژێمەکاندا بە شۆڕشێکی ناتەواو دەمێننەوە ئەگەر نەڕژێنە ناو دەریای ئازادی و دیموکراسیەوە و ئەگەر شۆڕشێکی هاوسەنگ لەناو ئایینی ئیسلامدا بەدوای خۆیاندا نەهێنن. نوێگەری ئیسلامی مەرجێکی بونیادیە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشە عەرەبییەکان بۆ نوێکردنەوەی گەلەکانیان لەڕووی سیاسی و شارستانیەتەوە. ئەگەر گەلانی مەسیحی لە وڵاتانی خۆرئاوا کارییان نەکردایا بۆ پەرەپێدانی فیکری مەسیحی و سنووردارکردنی ڕۆڵی دونیایی کڵێسا، هەرگیز شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان سەرکەوتوو نەدەبوو. شتێکی بە ڕێکەوت نیە کە شۆڕشە ئایینی و فیکرییەکان لە ئەوروپا نزیکەی سەدەیەك پێش شۆڕشە سیاسییەکان بەرپا بوون.

لە هەمان چـوارچـێـوەدا، کێشەی دەوڵـەتـە عەرەبییەکان لەسەر سنوورەکانیان نیە، بەڵکو لەناو کۆمەڵگەکانیانەوە سەریهەڵداوە. بۆ نموونە سنووری دەوڵەتی لوبنان کە (18) تایەفەی تێدا دەژی، سەرەڕای داگیرکاری و شەڕە یەك لەدوای یەکەکان خۆی ڕاگرتووە، ئەوەش بەهۆی پێشکەوتن و هاوسەنگی و دیموکراسیبوونی کۆمەڵگای لوبنانیەوە بووە، بەڵام دەبینین چەندین دەوڵەتی عەرەبی کە لەڕووی ئایینیەوە یەکن، واتا ئیسلام لەگەڵ ئیسلام، کەچی بەهۆی باری دواکەوتوویی و ستەملێکراوی کۆمەڵگەکانیانەوە بەرگەیان نەگرتووە. بەو پێیەی ئیسلامی ئێستا فرە مەزهەب و تیرەو عەشیرەتە و لەناو ململانێی خوێناویدا دەژی، بۆیە فەرمانڕەوایەتی حزبە ئاینییەکان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنی ئەو قەوارانەی کە درووستبوون، ئەو کاتەش دەوڵەتە عەرەبییەکان لەسەر بناغەی ئینتیمای مەزهەبی و خێڵەکی و ئیتنی دابەش دەبن، یاخود بەگوێرەی شوێنی بوونی سەرچاوەکانی نەوت و غاز دابەش دەبن. سەرهەڵدانی ئەم باروودۆخە دەبێتە هۆی سەپاندن

و جێگیرکردنی ڕۆڵی دەوڵەتانی بیانی لەژێر درووشمی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بڕیاردان لە مافی چارەنووسی کەمینەکان، بەو شێوەیەش جیهانی عەرەبی دووبـارە دابەش دەکرێتەوە بەسەر چەند دەوڵەتێکی بچووکتر لەو دەوڵەتانەی کە بەپێی ڕێککەوتنی (سایکس - بیکۆ) لە خۆرهەڵات و نامەکانی (ماکماهۆن) لە دوورگەی عەرەبی دروستبوون. زیاتر گومانی ئەوە هەیە ئەمجارە (بەڵێنی بەلفۆر)ی نوێ بە کەمینە عەرەبییەکان بدرێت، بۆ دروستکردنی چەند ویلایەتێك لە شێوەی ئەوانەی کە لە سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دروستبوون. لەبەر ئەوە بەو قەدەرەی گەشبینم بە خەونی شۆڕشگێڕەکان، ئەوەندەش ڕەشبینم بەرامبەر چارەنووسی شۆڕشەکان.

**تێڕوانینی ستراتیژیانە بۆ ڕووداوەکان**

گەلانی ئەم ناوچەیە لە سەدان ئیتنیك و ڕەگەزی جۆراوجۆر پێکهاتوون کە هاندەرن بۆ تێوەگلانیان لە شەڕی ناوخۆ (ئەهلی)، سەرەڕای ئەوەی کە سەدەیەکی تەواودا لەژێر چەند دروشمێکی نەتەوەیی و یەکبوونخوازیدا خەباتی مێژوویی خۆیان کردووە. ئەمڕۆ هەموو شێوازو فۆرمی قەوارەکان و ڕژێمەکان بڵاوبوونەوەیان لە جیهانی عەرەبیدا کارێکی مومکینە. بۆ نموونە: دابەشبوون لە سودان، فیدراڵیەت لە عێراق، یەکبوون لە میسر، دیموکراسیەت لە تونس..ئەوانی تریش بە ڕێگەوەن. بەڵام لوبنان لە مەودایەکی نیمچە هاوسەنگدا لەم ئەزموونانەوە نزیکە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی هەمەجۆری پێکهاتە ئایینی و شارستانی و کەلتورییەکانیدا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێت.

ئەو گەلە شۆڕشگێڕانە دەڕواننە سەر (4) دەریای سەرەکی، ئەوانیش: (دەریـای ناوەڕاست، دەریـای سور، دەریـای عەرەبی- فارسی، دەریای عەرەبی-هندی)ن، کە (4) گەرویان پێکهیناوە بریتین لە: نۆکەندی سوێس، بابولمەندەب، گەروی هورموز، شەتولعەرەب. ئەم دەریاو گەروانە تۆڕێکی

پەڕینەوەی سەرەکیان بۆ نەوت و غازو کانزاکان بەرەو خۆرئاوا و ئەفریقیاو ئاسیاو ئەمەریکا دروستکردووە. جێگەی سەرنجدانە کە بزاڤی گۆڕانکاریی لە جیهانی عەرەبیدا کەوتۆتە دوای کۆمەڵێك گۆڕانکاری و پێشکەوتنی ئاسیایی کە سەرچاوەی نوێیان بۆ هاوردەکردنی نەوت و غاز لە دەرەوەی جیهانی عەرەبی پێشکەشی دەوڵەتە پیشەسازییەکان کردووە. دیارترینی ئەو پێشکەوتنانە دوانن:

یەکەم: کارکردن لە ساڵی 2005دا بە هێڵی گواستنەوەی نەوتی نێوان باکۆ (ئازەربایجان) و تەبلیسی (جۆرجیا) و جەیهان (کەنارەکانی تورکیا لەسەر دەریای ناوەڕاست).

دووەم: کاراکردنی ڕێکخراوی دەوڵەتانی دەریای بەڵتیك لە ساڵی 2009دا (ئێران، روسیا، کازاخستان و تورکمانستان).

لەوانەیە هەندێك لە ئەم پێکەوە بەستنەوەیە سەرییان بسووڕمێ تاکو درك بەم دوو مەسەلەیە دەکەن:

یەکەم: سنوری ستراتیژی ئەمەریکا کە لوبنان و خۆرهەڵاتی ناوین دەگرێتەوە لە باشووری روسیاوە تاکو ئۆقیانوسی هیندی و لە نۆکەندی سوێسەوە تاوەکو سینگیانگ لە باکووری خۆراوای چین درێژ دەبێتەوە. پێنتاگۆن ئەو ناوچانە بە پڕ لەو قەیرانانە دەداتە قەڵەم کە شەڕییان لێوە درووست دەبێت.

دووەم: واشنتۆن لە سەرەتای ساڵی 2011وە پلانی دادەڕشت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوردەکردنی نەوتی کەنداوی عەرەبی، بەڵام کەمی یەدەگی نەوت لە دەریای قەزوین وایکرد چاو بەم بابەتەدا بخشێنێتەوە.

لەبەر ئەوە بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە گرنگە کە دۆخی بارگاوی شۆڕشی عەرەبی لانیکەم لەم قۆناغەدا بمێنێت، بەبێ بەزاندنی سنوری دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. هەروەها کۆمەڵەی گەورە دەوڵەتانی پیشەسازی کاردەکەن لەسەر ڕێگرتن لە کاریگەری رووداوەکانی

سەر وشکانی لەسەر رێڕەوە دەرياييەكان و دابڕاندنی شۆڕشی گەلان لەو ناوچانەی كە كانگای سەرچاوەكانن. ئەگەر سيستمی نێودەوڵەتی پێشوو سەرچاوەكانی بە رژێمەكانەوە بەستبێتەوە و هەردوكيانی پێكەوە كۆنترۆڵ كردبێت، ئەوا سيستمی نێودەوڵەتی- هەرێمی نوێ هەوڵ و تەقەللا دەدات شۆڕشەكان و سەرچاوەكان لە يەكتری جيابكاتەوە بە ئومێدی ئاساييبوونەوەی دۆخی دەستوری و سياسی و سەربازی و ئەمنی لە هەموو وڵاتێكدا (وەك ليبيا) بۆ نموونە.

**ديوی ڕوون لە شۆڕشەكاندا**

سەرەڕای ئەوەش، هەڵە دەكات ئەو كەسەی كەوا بزانێت بە مليۆنان خەڵك لە جيهانی عەرەبيدا بە چەخماخەيەك لەم دەوڵەتە يان ئەوەی ديكەدا دەستيان بە جموجووڵ كردووە. دەستتێوەردانی دەرەكی شەڕێك بەرپا دەكات، بەڵام شۆڕش درووست ناكات. دەوڵەتە زلهێزەكان دۆخێكی بابەتيانە بەرجەستە دەكەن بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشە هەڵچووەكان لە ناخی گەلاندا، بەڵام ناتوانن شۆڕشێك لە نەبوونەوە درووستبكەن. بەڵكو ئەوان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی كارێكی دياريكراو لە خاڵێكی دياريكراودا، بۆ نموونە (پۆڵۆنيا لە ئەوروپای خۆرهەڵات و لوبنان لە خۆرهەڵاتی ناوين)، كەواتا ئەو دەوڵەتە گەورانە هانی گەلانی ديكە دەدەن بۆ ئەوەی ڕاپەڕن، بەو شێوەيەش شۆڕش بەرپا دەبێت.

بە زۆری ڕۆڵی دەوڵەتە زلهێزە ڕاستەقينەكان وەك زەمينەسازی بۆ بارودۆخەكە، لەپێش هەڵگيرسانی ڕووداوەكاندا دەستپێدەكات و لەدوای كۆتاييهاتنيان (يەكلاكردنەوەی حسابەكان) بەدوايدا دێت، بەڵام لە قۆناغی جێبەجێكردندا ئەو دەوڵەتانە چەك و كۆمەك و يارمەتی پێشكەشی لايەنە بەشداربووەكانی شەڕو شۆڕشەكان دەكەن، ئەوەش بە شێوەيەك دەبێت كە كاريگەری بكاتە سەر مەجرای ڕووداوەكان و هاوسەنگی هێزەكان.

کاتێك گەلان رادەپەڕن، هەرگیز بیر لە گەمەی نەتەوەکان و نەوت و غازو کەرەستەکانی ناوناخی زەوی ناکەنەوە، بەڵکو تەنها بیر لە نان و ئازادی و کەرامەت و دادپـەروەری و کۆمەڵگەیەکی نوێ و سبەینێیەکی باشترو دەستەبەرکردنی دوارۆژی منداڵەکانیان دەکەنەوە. سەرەتا شۆڕش گەلان مەست دەکات، پاشانیش بیرکردنەوە دەستپێدەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە مەستبوون درێژە نەکێشێت بۆ ئەوەی رژێمەکان شۆڕش دانەمرکێننەوە و ماوەی دامرکاندنەوەی شۆڕش لەلایەن رژێمە سەرکوتکەرەکانەوە زۆری پێنەچێت، چونکە بە هۆیەوە دەستێوەردانی دەرەکی روودەدات، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوچەرخ لەڕووی مەبدەئیەوە چاوپۆشی دەکەن لە شەڕەکان، نەوەك لە کۆمەڵکوژییەکان. لە جیهانی عەرەبیدا گۆڕانکاری دەروونی روویدا، بەڵام گۆڕانی سیاسی هێشتا ماوە. گرنگترین رووداو بە ئاراستەی گۆڕانکاری لە دەوڵەتانی عەرەبی شۆڕشی گەلانە بەسەر ترسدا، چونکە شکاندنی ترسی گەل لە رووخانی رژێمەکان گرنگترە. لەنێوان رژێمە دیکتاتۆرییەکان و بزووتنەوە ئوسوڵییەکاندا، گەل وەکو فاکتەرێکی نوێ دەرکەوت و لەڕووە راستەقینەکەدا دژی هەردوولایانە و هەوڵدەدات کۆمەڵگەکەی لە گێژاوی ئەو ململانێ دووبەرەییە نێگەتیڤە دەربکات بۆ ئەوەی گەل خۆی ببێتە رێگەچارەی سەرەکی لە بزووتنەوەی گۆڕانکاریدا. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دەوڵەتانی دیموکراتی لە جیهاندا وەکو هێزێك کە بوونی هەیە، لە دەوڵەتانی عەرەبیدا پشت بە گەل ببەستن و وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی پێشکەوتنخوازو هێزێکی فشار بۆ رێگرتن لە زاڵبوونی رژێمەکانی دوای شۆڕش، پشتیوانی لە گەلان بکەن.

راستە گەل بەبێ بوونی سەرکردایەتیەکی روون لەپێناو بەهاکاندا رادەپەڕێت، بەڵام لە دواییدا بەهاکانی سەرکردەکانی بۆ درووستدەکات.

**گەل خۆی دانوستانکارە**

لە سەردەمی هـەردوو جەنگی یەکەم و دووەمـی جیهانیدا، دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لەگەڵ سەرکردە نێوخۆییەکاندا ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی ئەو سیستمانەی ئێستا هەیە بەبێ تێپەڕین و پرسکردن بە گەلان، بەو پاساوەی کە خۆرهەڵاتی عەرەبی لەو سەردەمەدا چەند ویلایەتێکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانین و ئامادەی دابەشکردنن، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ بوونی قەوارە نیشتمانیەکاندا، پێویستە لەسەر دەوڵەتانی زلهێزو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕاستەوخۆ لەگەل گەلاندا ڕێکبکەون، ئەگەر هەندێکجاریش لە قۆناغێکدا ناچاربن پەنا بۆ دامودەزگاکانی ئەو ڕژێمانە بەرن کە هەن.

لە هەمان چوارچێوەشدا، ئەو کەسە لە وەهمدا دەژی کەوا بزانێت ئەمەریکاو ئیسرائیل یاخود ڕوسیا یاخود هەر دەوڵەتێکی دیکە لە جیهاندا دەتوانن ڕووداوەکانی ناو هەر وڵاتێکی عەرەبی بوەستێنن، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ڕژێمەی فەرمانڕەوایە بەدەنگ داوایەکی ئەمریکی یان ئیسرائیلەوە بێتە وەڵام. ئەمڕۆ ناکۆکیەکە تەنها لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و سیستمەکانی ناوچەکەدا نیە، بەڵکو لەنێوان ئەو ڕژێمانە و گەلەکانیاندایە، بەڵگەکەش ئەوەیە کە شۆڕش لەو دەوڵەتە عەرەبییانەدا بەردەوامە کە ئایا سەرۆکەکانیان سەردانی کنێستی ئیسرائیلیان کردووە وەکو ئەنوەر سادات، یاخود شەڕییان لە دژی ئیسرائیل ڕاگەیاندبێت کە (هیچ) بوونیان نیە. لە بنەڕەتەوە ئەمەڕۆ هیچ ڕژێمێکی عەرەبی توانای ئەوەی نەماوە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا درووست بکات، یاخود شەڕی لەگەڵدا بکات، هەروا هیچ ڕژێمێکی دانوستانکاری متمانەپێکراو لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا نەماوە. ئێمە لە قۆناغێکی ئینتیقالی دوورو درێژدا دەژین لەنێوان ئەو ڕژێمانەدا کە لە ڕووخاندان و ئەوانەش کە لە بونیاتنانەوەدان. ئەوەی کە ئەم تیۆرە دەسەلمێنێت، بریتیە لەو شڵەژان و دابەشبوون و سەرسوڕمانەی کە دەوڵەتە

زلهێزەکان تێیکەوتن لە دیاریکردنی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی و دەستنیشانکردنی سنوری دەستێوەردانی سەربازییان لە بارودۆخەکەدا. ڕاستە کە ئەو ڕووداوانە بە لۆژیکی مێژوو چاوەڕوانکراون، بەڵام کاتی تەقینەوەیان بەندە بە ڕووداوێکی کاتیەوە لە ژینگەیەکی هەڵکەوتوو پێگەیشتوودا بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین وەك (خۆسووتاندنی گەنجی تونسی محەمەد ئەلبوعەزیزی لە 17ی کانوونی یەکەمی 2011).

ئەو دەستێوەردانە سەرەکیەی کە ئەمەریکا و ئەوروپا لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا کردییان، ئەوەبوو کە تەکنۆلۆژیای زانیاریەکانیان پێشکەشی گەلانی عەرەبی کرد نەوەك چەك، هەروەها ئەزموونی کۆمەڵگەیەکی جیاوازییان لەو ئەزموونی تاکڕەوو تاکدەسەڵاتە داخراوە پێشکەش کردن کە تێیدا دەژییان. گەلانی عەرەب کە لە دەیەکانی ڕابـردوودا بەهۆی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، گلەییان ئاراستەی ڕژێمەکانیان دەکرد، لە ئێستادا خەونەکانیان بە خەونی کۆمەڵگەی ئەمریکی هاوتا دەکەن. دەستکەوتی خۆرئاوا ئەوەیە کە تابلۆیەکی ئاشکرای لەسەر ڕێگەی خێرای خۆرهەڵاتی ناوین داکوتاوە و جوانییەکانی ئازادی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی لەسەر نمایش دەکات. گەلانی عەرەب ئەو ریکلامەیان بینی و هەڵوەستەیان لە ئاستیدا کردو لەگەڵ دروشمەکانی ڕژێمەکانیاندا بەراوردییان کرد، لە ئەنجامدا ئەوەی خۆرئاوایان بە هەند وەرگرت و پێش دروشمی ڕژێمەکانیان خست و دابارینە ناو گۆڕەپانەکان. خۆرسکی ئەو شۆڕشانە نەبووە هۆی ڕێگریکردن لە پشتیوانی هێزە دەرەکییەکان، چونکە پشتیوانیە دەرەکییەکان هیچ لە شەرعیەت و نیشتمانێتی ئەو شۆڕشانە کەم ناکاتەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی کە بەردەوام بە گەمژەیی و خۆنواندن بە دانانی پلانە ستراتیژییەکانی لەپشت لۆژیکی کۆمپیوتەرەوە بەبێ دانانی ڕێزێك بۆ لایەنی مرۆڤایەتی و واقیعی حاڵ تۆمەتبارمان دەکرد، سەرکەوتوو بوو لە

بەرجەستەکردنی دینامیکیای گۆڕان و شۆڕشکردن لەناو وڵاتانی جیهانی عەرەبیدا، بەڵکو هەوڵیدا بۆ راستکردنەوەی زۆرێك لە هەڵەکانی پێشوو: هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێکرد، ئیسرائیلی ناچار کرد بۆ رازیبوون لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی، بەشداریکرد لە کشاندنەوەی سوپای سوریا لە لوبنان، پشتیوانی لە ژمارەیەك بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا کرد. ئەوانەی دژایەتی ستراتیژیەتی ئەمەریکایان لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەکرد پەلەیان کرد کاتێك رۆڵی ئەمەریکا لە عێراق بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی نا، بەڵام ئێمە لە بەرامبەردا پەلە ناکەین لە سەرزەنشتکردنی شۆڕشە عەرەبییەکان کاتێك لە هەندێك لەو وڵاتانەدا شکست دەخۆن. خۆڕاگری لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، زیاتر لە سەرکەوتن پشتیوانی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە ئەمەریکا بووە ئامێزێك بۆ رزگاربوونی گەلانی عەرەبی و گواستنەوەیان بۆ دیموکراتی، چونکە بە تەدەخولکردنی ئەمەریکا رژێمە داپلۆسێنەرەکانیش گۆڕان، کاتێکیش بە شێوەیەکی جددی تەدەخولی نەکردبێت شۆڕشەکان سستیان تێکەوتووە و لە گێژاوی شەڕی ناوخۆدا نقووم بوون.

بە دیاریکراوی دەڵێم، ئەمەریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی رابردووەوە نەوەستاون لە هاندانی دۆست و هاوپەیمانەکانیان و سەرکردە عەرەبییەکان بۆ گرتنەبەری رێگەی کرانەوە و پێشکەوتن و ئەنجامدانی چاکسازی و هەڵبژاردنی جەماوەری. ئەو چاکسازیە سنوردارەی کە لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و میسرو مەغریبی عەرەبیدا کراوە، ئەگەر لەژێر گوشاری راستەوخۆی ئەمەریکا و ئەوروپادا نەبوایا نەدەکرا. مادامەکی دامـەزراوەی (ویکیلیکس) کۆنووسی دیداری دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لەگەڵ لێپرسراوە عەرەبەکان بڵاودەکاتەوە، بۆچی کۆنووسی کۆبوونەوەکانیان سەبارەت بە پرسی چاکسازی بڵاوناکاتەوە؟

**لە شۆڕشەوە بۆ دەسەڵات**

ئەم کاروانە چەندین دەیە دەخایەنێت، چونکە گۆڕانکاری بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، ئاسانترینیان بریتیە لە قۆناغی رووخاندنی ئەو رژێمەی کە هەیە، بەڵام قورسترینیان رێککەوتنە لەسەر رژێمی ئەڵتەرناتیڤی هەمیشەیی. لەنێوان هەردوو قۆناغەکەدا هەموو جۆرەکانی رووداوەکانی سەرهەڵدەدەن، چونکە شۆڕشگێڕەکان لە قۆناغی دروشمەکانەوە دەچنە قۆناغی پرۆژەکان و لە هەستی رۆمانسیەت و روانگەی خەونەکانەوە دەچنە قۆناغی لۆژیکی واقیعبینی و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان. هەندێکجار گەلان وا دەزانن گەیشتوونەتە خواست و ئامانجی خۆیان و دەگەشێنەوە، هەندێکجاری دیکەش وا هەستدەکەن گرەوەکەیان دۆڕاندووە و نیگەران دەبن، بەڵام هەرزوو گۆڕان دەست بە گرتنەبەری رێڕەوی کاروانی خۆی دەکات. ئەوەی تاکو کۆتایی خۆڕاگر بێت سەردەکەوێت، چونکە تاکە خاڵی جێگیر لە جیهاندا گۆڕانە.

ئەوەی پرۆسەی گۆڕان گۆڕان لە خۆرهەڵاتدا درێژ دەکاتەوە گەلەکانن، هەرچەندە دەیانەوێت کەڵك لە یەکتر وەربگرن، بەڵام لە ئەزموونەکانی یەکتری فێر نەبوون. شۆڕشەکان راستەهێڵێك نین و سیستمێکی بەدیلیش نین، بەڵکو حاڵەتێکی پڕشێوان و هەڵچوونن، پێویستیان بە لەبێژنگدان و پاککردن هەیە و دەبێت رێڕەوەکانیان بە لۆژیکی عەقڵ و ژێری پابەند بکرێت. شۆڕش رژێمە گەندەڵەکان دەڕوخێنێت، بەڵام هەمیشە ناتوانێت دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە بێنێتە کایەوە. بەڕای من مەترسی هەرە گەورە ئەوەیە کە شۆڕشە عەرەبییەکان لە مەودایەکی ماوەدرێژدا نەتوانن گۆڕانێکی جۆریی بەرەو باشتر بهێننەدی، لە کاتێکدا کە گۆڕانکاری لە خۆرئاوا گۆڕانی جۆریی و پێشکەوتنخوازە و بەبێ پەنابردن بۆ شۆڕشی خوێناوی بەرپا دەبن (جگە لە شەڕی بۆسنە).

لە سیستمە دیموکراسییەکاندا هەموو رۆژێك شۆڕش لە رێگەی یاسادانان و

نوێکردنەوەی یاساکانەوە روودەدات، بەڵام شۆڕش لە دەوڵەتە تۆتالیتارەکاندا ئەگەر رووشـبـدات، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ دیموکراسی و چاکسازیدا دەستەملانی یەکتر نابن. لە رابردوودا شۆڕشی گەلان لە دەوڵەتانی گەورەدا روویانداوە و هەندێك قەوارە و رژێمی دژە ئاراستەی شۆڕشەکان و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس سەریانهەڵداوە.

ئایا لە سەدەی رابردوو هەر شۆرشە ناسیۆنالیستیە عەرەبییەکان نەبوون لـەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی گـۆڕان بۆ چەند رژێمێکی سەر بە بەریتانییەکان و فەڕەنسییەکان و ئیتالییەکان، هەروەها هەر ئەو شۆڕشانە نەبوون کە لـەدوای کۆتایی جەنگی دووەمـی جیهانی گـۆڕان بۆ چەند رژێمێکی سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێت؟. ئەوەی نیگەرانی من پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە هەموو پێشەوەچوونێك لە جیهانی عەرەبیدا بەند دەبێت بە رۆڵ و کاریگەری ئیسرائیل، پێگەی ئەمەریکا، سامانی نەوت، هەژموونی شەریعەتی ئیسلامی، دابەشبوونە مەزهەبییەکان و بیرکردنەوەی بژاردە سیاسیە نوێیەکانەوە. دەرهاویشتەکان ئاشکرایان کردووە کە بازنەیەکی شاراوە بوونی هەیە هەموو سەرچاوەکانی پێکەوە گرێداوە و لە گەردنی ئەو گەلانە ئاڵاوە کە خەون بە شۆڕش و پێشکەوتنەوە دەبینن. ئەگەر گەلانی عەرەب رانەپەڕن و دانەگیرسێن، ئەوا ئەمەریکاو ئەوروپاو ئیسرائیل قۆرخیان دەکەن بۆ ئەوەی نەخشەی پێگەو دەسەڵاتی نوێیان بکێشن. «ئەوەی دارێك دەڕوێنێت هەمیشە ئەو کەسە نیە کە بەرەکەی دەچنێتەوە».

## بۆ ئەوەی  شۆڕشەکان نەڕووخێن، ڕژێمەکانیش نەمێننەوە

## 25ی ئایاری 2011

پێدەچێت کریستیانەکانی خۆرهەڵات لە ڕووی ئەمنی و دیمۆگرافییەوە زیانیان بەربکەوێت، ئەوەش لە ئەنجامی لادانی شۆڕشەکان لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا لەسەر ڕێـڕەوی پێشکەوتنخوازانەی خـۆیـان. بەڵام بەرفراوانبوونی داواکـردنـی ئـازادی لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبیدا بۆخۆی سەرکەوتنێکە بۆ کریستیانەکانی خۆرهەڵات. ئازادی بیرۆکەیەکە کریستیانەکان لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی مەسیحیدا لەسەر خاکی ئارامییەکان، کەنعانییەکان، فینیقییەکان و عەرەبەکان، بەڕووی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکاندا بەرزییان کردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەوان زیاتر لە خەڵکانی دیکە چەوسێنراونەتەوە.

بەدەر لە حاڵەتی ئوسوڵی ئیسلامی، جیاوازی دیاری مێژووی ستەمکاریی پێشوو ئەوەیە کە کاریگەری فیکری مەسیحی لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا لە زیادبووندایە، لە کاتێکدا کە ژمارەی کریستیانەکان لە خۆرهەڵات لە کەمبوونەوەدایە و بڵاوبوونەوەشیان سنوردار بووە. ئەوە بچوکبوونەوەی جەستەو قیامەتی روحە، بە یەکگەیشتنی نێوان فیکری مەسیحی و پێویستی ئیسلامە، گفتوگۆیە لەنێوان پێغەمبەر (محەمەد) لەگەڵ ڕەهیب بوحەیری (وەرەقەی کوڕی نۆفەل)، بریتیە لە ژیانەوەی ئەو هۆزە مەسیحییانەی کە موسڵمان بوون وەك (تەغلوب، لەخم، غەسان، کەلب، بەکر، کندە، گای، تەنوخ، عوباد، حارس، مازن، یەحیا، ئایاد)، ئایا ئەو میللەتانەش مافی گەڕانەوەیان نیە؟

بەبێ خۆهەڵکێشان و منەتکردن، کریستیانەکان زۆر بیری مرۆڤایەتی و سیاسی مەزنییان پێشکەشی ڕۆڵەکانی خۆرهەڵات کردووە، ئەوان چەمکی ئاسمانی میعادیان پێشکەشکردووە بۆ پاراستنی تیۆری (زەوی میعاد)ی جوولەکە، چەمکی ئاشتیان پێشکەشکردووە بۆ ڕەتکردنەوەی چەمکی شەڕ. کریستیانەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕۆمانییەکان و فەتحی ئیسلامیدا چەمکی کۆمەڵی ئازادیخواز و پارێزراو و چەمکی ڕەگ داکوتان لەناو زەوی لە کاتی ژیانی دەشتەکیبوون و ڕاگواستندا و چەمکی کرانەوەی ئاشتی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا و مانای خۆشەویستی و بەزەیی و یەکسانی و لێبووردەییان لەبری تۆڵەسەندنەوە پێشکەشکردووە. ئەوان لە ناوەڕاستی سەردەمی عەباسییەکان و لەکاتی حوکمی فاتمییەکان و مەمالیکەکاندا پارێزگارییان لە سیمای عەرەبی دەوڵەتی ئیسلامی کردووە، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانییەکان چەمکی ناسیۆنالیستی عەرەبییان بەهێز کردووە. کریستیانەکان لەپێناو ڕزگاربوونی گەلانی عەرەبی لە چنگی کۆڵۆنیالیزمی خۆرئاوا، چەمکی سەربەخۆیی و پێکەوەژیانی شارستانیان لەنێوان ئایینەکاندا لە ڕێگەی دەوڵەتی لوبنانیەوە پێشکەشکردووە. هاتوون چەمکی حزبەکانیان لەجیاتی دەرەبەگایەتی و چەمکی دیموکراسیان وەکو سیستم پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی گەل خۆی ببێتە سەرچاوەی دەسەڵاتەکان. ئەوان چەمکی عەلمانیەتیان هێناوە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، هەروەها چەمکی یەکێتی هەرێمییان وەکو پرۆژەیەك بۆ یەکبوون و بەرەیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی درووستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل پێشکەشکردووە.

بە چاوپۆشین لە سەرکەوتن یاخود سەرنەکەوتنی ئەزموونەکانی پشت ئەم چەمکانەی باسکران، لەگەڵ چاوپۆشین لە ئاستی پابەندبوونی شۆڕشە عەرەبییەکان پێیان، کریستیانەکانی لوبنان و خۆرهەڵات ئەو چەمکانەیان لە خۆرئاواوە هاوردە نەکردووە، نە چاوەڕوانی شۆڕشی فەڕەنسایان کردووە

و نە یاساکانی مافی مرۆڤ تاوەکو ئەو چەمکانە بڵاوبکەنەوە و بیانکەنە پەیامی مژدەبەخشی خۆیان، بەڵکو ئەوان لە ئینجیل وەریانگرتووە. لەناو ئایەتەکانی ئینجیلدا روحی شۆڕش و ئازادی و یەکسانی و عەلمانیەت و برایەتی و پێکەوەژیان و مافی گەلانیان لە دیاریکردنی چارەنووسدا بینیەوە. جارێك ئینجیل بخوێنەرەوە خۆشت دەوێت، بۆ جاری دووەم بیخوێنەرەوە رادەچڵەکیت. مەسیح بۆ خۆی شەهیدی گۆڕانە، چونکە خۆی کردە فیدای مرۆڤی نوێ بۆ ئەوەی لەو حاڵەتی فریاکەوتنە رزگاری بکات کە لە سایەی تەورات و تەلمودی و سەردەمی رۆمانیدا تێیدا دەژیا. ئەوانەی داوای لە خاچدانی مەسیحیان دەکرد، ئەوانە بوون کە لەتاو دەسەڵاتەکەیان لێی دەترسان نەك لەتاو بڕواکەیان. مەسیح رووبەڕووی توندوتیژی رۆمانەکان و تاکڕەوی یەهودییەکان و گەندەڵی ئارەزووبازەکان و تێوەگلانی کاهین و سەدوقییەکان بۆوە.

کریستیانەکان ئەو بیرۆکە و چەمکانەیان بۆ خۆیان نەبوو، بەڵکو پێشکەشی مرۆڤی ئەم خۆرهەڵاتەیان کرد، پێشکەشی موسڵمانیان کرد لەپێش مەسیحی، پێشکەشی بێبڕوایان کردووە لەپێش بڕوادارانیدا. هەموویان خستە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگەکانیان و ئەو ژینگەو روانگەیەی تیایدا دەژین. کاتێك ئەویتر بڕوا بە ئەم بیرۆکە گەردوونییانە دەهێنێت و جێبەجێیان دەکات، بەحەق لەڕووی مەبدەئیەوە دەگاتە ئازادی و ئارامی و یەکسانی. نەك هەر ئەموە، بەڵکو مەسیحیەت بڵاو دەبێتەوە ئەگەر بەبێ کریستیانەکانیش بێت، چونکە بەهاکانمان لە هەر جێگەیەك بن ئێمەش لەوێین، کاتێکیش بەهاکان بزر دەبن ئەگەر هەشبین بوونمان نیە. لە جیاتی ئەوەی جیهانی عەرەبی رێز لەو بەشداریەی مەسیحیەت لە هەڵسانەوەی خۆرهەڵات بگرێت و شۆڕشە عەرەبییەکان کریستیانەکان لە ئامێز بگرن و رۆڵیان بەهەند وەربگیرێت و زیاتر لە رژێمە لەناوچووەکان ئاسایش و دڵنیاییان بۆ دەستەبەر بکەن، دەبینین شۆڕشگێڕەکان کەسانێکی وایان لەناودا پەیدە دەبێت هەڵدەستن

بە چەوساندنەوە و کوشتنی کریستیانەکان و کڵێساکانیان دەسووتێنن و پیرۆزییەکانیان پیس دەکەن و ماڵەکانیان دەتەقێننەوە و لە جەزائیر، عێراق، میسرو وڵاتانی دیکەدا خێزانەکانیان رادەگوێزن. ئەگەرچی کریستیانەکانی خۆرهەڵات چاوەڕوانی پاداشت ناکەن لە بەرامبەر ئەو بەهایانەدا کە بڵاوییان کردۆتەوە، لە بەرامبەریشدا بڕوایان نەدەکرد لەلایەن رژێم و شۆڕشەکانەوە بەو جۆرە بچەوسێنرێنەوە.

ئایا ئەوە شتێکی قێزەون نیە کە خەڵکانێك هەبن لەسەر بنەمای ژمارە مامەڵە لەگەڵ کریستیانەکانی خۆرهەڵاتدا بکەن، بە تایبەتیش کریستیانەکانی لوبنان؟ ئایا بەهای ژمارەی کریستیانەکان چیە لە ئاستی جۆرایەتی ئەو هەموو بیرۆکانەدا کە عەرەب و خۆرهەڵاتیان پێوە دەوڵەمەند کردووە؟ ئایا پێمانوابێت بەهای دەوڵەتە زلهێزەکان لە ئەمەریکاوە تا دەگاتە چین و دەوڵەتانی ئەوروپا، لە زۆری ژمارەی دانیشتوانیاندا بەرجەستە دەبێت، یاخود لەو بەها فیکری و زانستیانەدا بەرجەستە دەبێت کە پێشکەشی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکەن؟

لەوانەیە ژمـارە لەنێوان پێکهاتەکانی قەوارەیەکدا و لە قۆناغێکی قەیراناویدا کارتێکی بێت بۆ دانوستان، بەڵام بنەمایەك نیە بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانی هەمیشەیی. لە کۆتاییشدا کریستیانەکانی خۆرهەڵات کەمینە نین، بەڵکو لەو خەڵکە کەمانەن کە خەبات دەکەن لەپێناوی خۆرهەڵاتێکی نوێ و سەرفرازدا کە بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، لەبەر ئەوە بە چاوپۆشین لە رێژەو ژمارەیان و پێگەو بڵاوبوونەوەیان و بەدەر لە هێزو لاوازییان، کریستیانەکان لە لوبنان و خۆرهەڵاتدا پابەند بوون بە بنەماکانی کرانەوە و دیالۆگەوە و نەك هەر پەنایان بۆ چەك نەبردووە بۆ بەرگریکردن لە بوونی خۆیان، بەڵکو بۆ بەرگریکردنیان بووە لە بوونیان لەپاڵ موسڵمانەکاندا. ئەو کوشتارگەل و قەسابخانانەی کە لە عێراق و لوبنان لە دژی کریستیانەکان کراوە،

روویان نەدەدا ئەگەر وەکو ئەوانی دیکە دوور لە موسڵمانان گۆشەگیرییان هەڵبژاردایا. هەر بۆ بیرهێنانەوە، لەساڵی(60)ی زاینیدا مەسیحیەت بە شێوەیەکی ئاشتیانە دۆڵی رافیدەینی گرتەوە، بەڵام کاتێك خالیدی کوڕی وەلید بە زەبری هێز گرتی، بە کریستیانەکانی گوت: «ئێوە لە ئێمەن، چی شتێك هەیە ئێوە بە رۆمەکانەوە ببەستێتەوە؟».

مەسیحیە خۆرهەڵاتییەکان کە لە ئێستادا دەنگیان بۆ ئازادی لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەرز بۆتەوە، دڵیان نیگەرانە لەوەی کە ببنە ئامانجی ئەو توندوتیژیە (هۆشیارە). ئەمڕۆ شەهیدە یەکەمەکانی شۆڕشەکانی خۆرهەڵات کریستیانەکانی میسرن. ئایا موسڵمانە توندڕەوەکان بەمشێوەیە وەڵامی سڵاوی  پاپا شنۆدەی (خوا لێخۆشبوو) دەدەنەوە کە لە شەڕی ساڵی 1967وە حەجکردنی قیپتییەکانی بۆ ئۆرشەلیم قەدەغە کرد، تاکو داگیرکەری ئیسرائیلی ماوە؟ ئایا بەمجۆرە موسڵمانە توندڕەوەکان سوپاسی ئەو قیپتیە مەسیحیانە دەکەن کە نەفرەتیان لە حوکمی رۆمانیەکان کردو خاکی میسرییان لەبەردەم ئیسلامدا کردەوە و عەمرو بن ئەلعاص لە ساڵی (641)دا چووە ناوی؟.

کەواتا بە رێکەوت نیە کاتێك نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا بوونی پیلانێکی بۆ پاکتاوکردنی ئایینی و بە ئامانکردنی کریستیانەکانی خۆرهەڵاتی راگەیاند. هەروەها ئەوە رێکەوت نیە کە فراتینی وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئیتالیا داوایکرد کۆمەك و یارمەتییەکانی ئەوروپا بۆ دەوڵەتانی عەرەبی پابەند بکرێت بەو یاسایانەوە کە دەردەکرێن بۆ پارێزگاریکردن لە کریستیانەکان. ئەوەش رێکەوت نیە کە رێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا بۆ بەگژداچوونەوەی رەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی بیانییەکان ئەوە بەبیر بهێنێتەوە کە: «کریستیانەکان لە (50) وڵاتدا رووبەڕووی چەوساندنەوە بوونەتەوە، کە(30) دەوڵەتییان ئیسلامین، هەروەها (200) ملیۆن مەسیحی لە سەرتاسەری جیهاندا ژیانیان لە

مەترسیدایە و 75%ی ئەوانەی لەبەر هۆکاری ئایینی دەکوژرێن مەسیحین». عیسای مەسیح لە خاچەکە هاتە خوارەوە، بەڵام هێشتا کریستیانەکانی خۆرهەڵات لەخاچ دەدرێـن، ئەوان لە ئیسرائیل و فەلەستین و عێراق و میسرو دەوڵەتانی کەنداو، لە ئەفریقیا و ئاسیادا وا بە خاچەوەن، (لە لوبنانیش لەنێوان هاوپەیمانێتی 8 و 14ی ئادار)دان.

لە خۆرهەڵاتدا کاتی ئەوە هاتووە ئیسلام بەبێ بوونی گرێی ترس و دڵەڕاوکێ مامەڵەی درووست لەگەڵ کریستیانەکاندا بکات، بە تایبەتی کە ئەو گرێیە، ئەگەر لەڕووی ژمارە (دیمۆگرافیا)وە بۆ کریستیانەکان خراپ بێت، بەڵام لەڕووی جۆرایەتیەوە واتا (ریترۆگرادیا)وە بۆ موسوڵمانەکان خراپە. کاتی ئەوە هاتووە ئیسلامی توندڕەو و لادەر لە قورئان، درك بە لاوازی خۆی بکات بۆ سڕینەوەی مێشکی مەسیحیەت لە خۆرهەڵات و کاریگەری مێژوویيان لە لوبنان، چونکە پاکتاوکردنی ناوك و بژاردە شتێکی مەحاڵە.

لە روانگەی ئەم هەموو ئاستەنگ و راستییانەوە کە دەورەی کریستیانەکانی لوبنان و خۆرهەڵاتیان داوە، ئایا دەکرێت کۆڵەکەکانی مەسیحیەتی لوبنان جیاوازییان لەگەڵ ئاستە نزمەکاندا هەبێت و تۆمەتە قێزەونەکان بگۆڕنەوە، لە کاتێکدا کە خۆرهەڵات زیاتر تێکدەچێت و بوونی مەسیحیەت تێیدا کەمدەبێتەوە؟. ناکۆکییەکانتان وەلا بنێن، زاڵبن بەسەر نارێکی و کێشە شەخسیەکانتاندا، بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێن کە جێگیرە و کۆتان دەکاتەوە، نەك بـەدوای ئـەوەدا کە ناکۆکی دەخاتە نێوانتان و تێدەپەڕێت. خاڵە جێگیرەکانی (بریستۆڵ) و راگەیاندنی (ئەلبیال) و لێکگەیشتنی مارمخایل و رێکەوتننامەی دۆحە و پەیپەرەکانی (8) و (14)ی ئادار تێبپەڕێنن و بچنە ناو بەهاو خۆشیەکانی ئینجیل. بەو شێوەیە دەتوانن بەرگری لە بوونی ئازادانەی مەسیحی لە لوبنان و خۆرهەڵاتدا بکەن. بەوجۆرە خۆتان دەپارێزن لەپێناو درێژەدان بە گۆڕانکاریە مێژووییە مەزنەکان. بەو شێوەیە دەبنە هەڵگری میراتی باوك و باپیرانمان، هەر بەوجۆرەش خۆتان ئامادە دەکەن بۆ

پێشوازیکردن لە بەها گەڕاوەکانی مەسیحیەت.

ڕۆڵی کریستیانەکان لە مێژوودا لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی عەرەبیدا بەهێزتر بووە، چونکە ئەوان بەشێك بوون لە هەڵگیرسێنەرانی، بەڵام ڕۆڵیان لە سەردەمی رژێمە چەوسێنەرەکاندا لاواز بووە، چونکە بە ژێردەستەی خۆیانیان دەدانـە قەڵەم. لە روانگەی ئەم تێڕوانینە کراوەیە بەڕووی ئەویتردا، بە تایبەتیش لە بەرامبەر عەرەبی موسڵمان، پێویستە دوو بیرۆکە بخەینەڕوو. یەکەمیان بە ئاراستەی دۆخی مەسیحیەت، دووەمیشیان بە ئاراستەی بارودۆخی عەرەبیی هەڵچوو بە شێوەیەکی گشتی. ئەو دوو بیرۆکەیە بریتین لەمانە:

* دامەزراندنی دەستەی مەسیحیە عەرەبەکان کە ئەرکی ئەو دەستەیە بریتی دەبێت لە داکۆکیکردن لە بوونی مەسیحی خۆرهەڵاتی لە هەموو ناوەندە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها پێشنیار کردنی ئەو سیستمە دەستورییانەی کە پارێزگاری لە ئاسایش و ئارامی و ماف نیشتمانیەکان و ئازادییەکانی کۆمەڵەو گرووپە کریستیانەکان دەکات لە چوارچێوەی شەراکەتی مەسیحی – ئیسلامیدا.

* بانگهێشت کردنی بەشداربووە سەرەکییەکان لە لوتکەی روحی لوبناندا بۆ ئەوەی هەڵسن بە گەشتێك بۆ سەرجەم دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئێران، بۆ ئەوەی لە رێگەی فرەییانەوە ئەزموونێکی لوبنانی سەبارەت بە دیداری نێوان ئایینەکان پێشکەش بکەن و هانی هێزە ململانێکارەکانی ئەو وڵاتانە بدەن بۆ گرتنەبەری رێگای گۆڕانکاری و چاکسازی و دیالۆگ و پێکهاتن. ئەمەیە پەیامی لوبنان، ئەوەشە پێویستی عەرەبەکان بەرلەوەی شۆڕشەکان زیاترو زیاتر هەڵبخلیسکێن بۆ ناو گێژاوی دەمارگیری فەوتێنەر و رژێمەکانیش رووبکەنە توندوتیژی خۆکوژیی، بەو هۆیەشەوە رژێمەکان دەڕووخێن و شۆڕشەکان سەرکەوتوو نابن.

# ئێمە چ جۆرە سوریایەکمان دەوێت؟

## 9ی حوزەیرانی 2011

زۆربەی لوبنانییەکان سەرییان سوڕماوە و نازانن پشتگیری کام سوریایە بکەن، بەڵکو چ جۆرە سوریایەك دەخوازن؟ ئەوە بۆ یەکەمجارە لوبنانییەکان دەخرێنە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئاوەها. ئەمە پێشکەوتنێکی جۆرایەتیە، دوایئەوەی کە لەژێر رکێفی سوریادا بووین. هەندێکمان فەزڵی سوریا بەسەر لوبناندا دەدەین، ئێستا مافی ئەوەمان هەیە کە لەنێوان سوریای رژێم و سوریای نارەزایەتیەکاندا یەکێکیان هەڵبژێرین. بیرمەندی فەڕەنسی فرانسوا مۆریاك لە رابـردوودا وتویەتی: «لە بێئەندازەیی خۆشەویستیم بۆ ئەڵمانیا، حەز دەکەم وەکو دوو ئەڵمانیا ببینم». ئێمە یەك سوریامان دەوێت، سەرکۆنەی هەموو پیلانێك دەکەین بۆ دووبارە دابەشکردنی بۆ (5) دەوڵەتۆکە کە تاوەکو چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بەو شێوەیە بوو، دابەش ببوو بۆ دەوڵەتۆکەکانی: دیمەشق، حەڵەب، لازقیە، جەبەل دروز، ئەسکەندەرۆنە.

لوبنانییەکان لە هەریەکە لە تونس و میسرو لیبیاو یەمەن دەتوانن بەبێ ترسان لە روودانی کاردانەوەیەکی مەترسیدار لەسەر بارودۆخی لوبنان لایەنگیری رژێمەکان یاخود شۆڕشەکان بکەن، بەڵام ناتوانن بەبێ لەبەرچاو گرتنی دەرئەنجامەکان، هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە لە بەرامبەر رووداوەکانی سوریا وەربگرن. چونکە سەرەڕای هاوسێیەتی جوگرافی راستەوخۆ، سوریا لە لوبنان خاوەنی کاریگەرییەکی سیاسی و ئەمنی تائیفیە، جگە لەوەش نیوەی لوبنانییەکان لەگەڵ رژێم و نیوەکەی دیکەیان دژی رژێمی سوریان. بەم پێیەش بێت هەڵوێستی لوبنان لە هەمبەر سوریا تەنها ئاراستەی دیمەشق

نەکراوە، بەڵکو لانیکەم ئاراستەی نیوەی لوبنان کراوە. لە واقیعدا سوریا بابەتێکی ناوخۆیی لوبنانیە و لێرەدا سەرنجی دوو خاڵ دەدرێت:

یەکەم: ئەمجارە دابەشبوونی ناوخۆی لوبنان شێوەیەکی مەسیحی – ئیسلامی وەرناگرێت، چونکە ئەوانەی پەرۆشن بۆ مانەوەی رژێمی سوریا و ئەوانەشی کە لەگەڵ خۆپیشاندەراندان، ئینتیمایان بۆ هەموو تایەفەکانی لوبنان هەیە.

دووەم: ئەوانەی لە رابردوودا دژایەتی داگیرکەری سوریایان کردووە بە گشتی ئەوانەن کە ئەمڕۆ خۆیان لادەدەن لە بانگەشەکردن بۆ رووخاندنی رژێمی سوریا، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە بەرەنگارییان بۆ سوپای داگیرکاری سوریا لەنێوان ساڵانی 1975 و 2005دا دژایەتیکردنێکی خۆڕسك یاخود بەشێك لە پیلانگێڕیەکی دەرەکی نەبوو، بەڵکو بەرگریکردن بوو لە سەربەخۆیی نیشتمانێك و لە شکۆمەندی گەلێك. دوور لە هەواداریە جیاوازەکان، کۆمەڵێك پێوەر و خاڵی نەگۆڕ هەیە یارمەتی لوبنانییەکان دەدات بۆ فۆرمۆلەکردنی هەڵوێستێکی بەرپرسانە لە ئاست رووداوە مەودا درێژەکان لە سوریا.

پێوەری یەکەم بریتیە لە پەیوەندییەکانی نێوان لوبنان و سوریا. ئەو پەیوەندییانە، پەیوەندی تایبەت و لە بنەڕەتدا جیاوازن کە لەنێوان هەردوو گەل نەوەك هەردوو دەوڵەتدا هەیە، بەڵکو لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا و لوبنان بوونیان هەیە. لایەنگیری لوبنان بۆ رژێمی سوریا هیچ بەهایەکی ننیە ئەگەر لەسەر بناغەی هاریکاری نێوان هەردوو گەلی لوبنان و سوریا بونیات نەنرابێت. لە راستیدا پەیوەندییەکانی لوبنان لەگەڵ گەلی سوریادا خراپ نەبوو، بەڵکو لەوەتای سەربەخۆیی وەرگرتووە و دەوڵەتی لوبنان دروستبووە، پەیوەندییەکان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوایەکەکانی سوریاشدا خراپ نەبووە. لێرەوە لەسەر سەرجەم لوبنانییەکان پێویستە جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان رژێم و گەلی سوریادا رابگرن، ئەگینا ریتمی

پەیوەندی دووقۆڵی مێژوویی نێوانیان هەرەس دەهێنێ و تەنها ریتمی دەسەڵات دەمێنێتەوە (قۆناغی دوای رێککەوتنی تائیف).

پێوەری دووەم بریتیە لە پشتبەستن بە رێککەوتنی «دۆستایەتی و برایەتی» نێوان لوبنان و سوریاو میساقی کۆمکاری عەرەبی و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەم سێ مەرجەعە دووقۆڵی، عەرەبی و نێودەوڵەتیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پێویستە دەوڵەتان و گەلان رێز لە سەروەری یەکتری بگرن و دەست لە کاروباری ناوخۆیی هیچ دەوڵەتێك وەرنەدرێت. بەڵام جێی داخە کە رژێمی سوریا لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانیدا بەرامبەر لوبنان، رێزی لەم سێ مەرجەعە نەگرتووە. سـەرەڕای هەموو کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی ئێستای و ترسی زۆرێك لە لوبنانییەکان لە تێوەگلان لە رووداوەکانی سوریا، بەڵام هێشتا ئەو رژێمە بە شێوازێکی نەرێنی لە بەرامبەر لوبناندا هەڵسوکەوت دەکات، سەرەتا لە بابەت حکومەتەوە تا دەگاتە وروژاندنی بەرەی باشوور و هەڵگیرساندنی ئاژاوەگێڕی.

پێوەری سێیەم بریتیە لە پابەندیە نێودەوڵەتییەکانی لوبنان. ئێمە، وەکو سوریا بەشێکین جیانەبۆوەین لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر بێتو چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو رێگە بە خۆیان بدەن لە بازنەی کۆدەنگی نێودەوڵەتی دەربچن، بەڵام یەکێك لە سەرچاوەکانی هێزی لوبنان بریتیە لە رێزگرتنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون پێیانەوە، چونکە ئەگەر وا نەکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەی لوبنان پشتگوێ دەخات. مێژووی نوێ لە لوبنان و جیهان سەلماندویەتی کە هیچ دەوڵەتێك لە قۆناغی کۆتاییدا نەیانتوانیوە لەبەردەم کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا خۆڕابگرن، تەنانەت ئیسرائیلیش زوو یان درەنگ ناچار دەبێت بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مەسەلەی فەلەستین قبووڵ بکات.

پێوەری چوارەم بریتیە لە شەرعیەتی ئەو مافانەی مرۆڤ کە وەکو تاك و کۆمەڵ بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر کراوە، وەکو مافی رادەربڕین بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بێئەوەی رووبەڕووی کوشتن و توندوتیژی. لە ماددەی (5)ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: «رێگە نادرێت هیچ مرۆڤێك رووبەڕووی ئەشکەنجەدان یان سزادان و مامەڵەی توندو دڕندانە و کەرامەت روشێن، یاخود تۆقاندن و ترساندنی و رفاندن ببێتەوە». هەروەها لە ماددەی (14)دا هاتووە: «هەموو تاکێك مافی هەیە پەنا بۆ دەوڵەتێکی دیکە بەرێت، یاخود ئەگەر هەوڵبدات لە ترسی چەوساندنەوە پەنای بۆ بەرێت». پاڵپشت بەم بنەمایە و بەبێ تێوەگلانی سیاسی یاخود ئەمنی لە رووداوەکانی سوریا، لەڕووی ئەخلاقیەوە نابێت رێگە بە خۆمان بدەین وەکو تەماشاکەر لە ئاستی مەینەتییەکانی ئەو گەلە برایە بێدەنگ بوەستین. مرۆڤ لە بەرژەوەندیە سیاسییەکان باڵاترە، هاوڵاتیش لە سیستم گرنگترە و سەروەرکردنی بەهاکان لە پەیوەندیە دوو قۆڵییەکان باڵاترە.

پێوەری پێنجەم بریتیە لە بنەمای بێلایەنی لوبنان لە ئاست دەوڵەتانی عەرەبیدا، چونکە ئەگەر بێتو هەڵوێستی مێژوویی لوبنان لە بەرامبەر دەوڵەتانی عەرەبیدا ئەمە بێت: «لەگەڵ عەرەبین ئەگەر رێکبکەون، بێلایەنین ئەگەر رێکنەکەون»، کەواتا دۆخەکە چۆن دەبێت ئەگەر ناکۆکی لەنێوان رژێم و پێکهاتەکانی گەل لەناو یەك دەوڵەتدا هەبێت؟

ناکرێت دەوڵەتی لوبنان هەڵوێستێکی پراکتیکی تەرەفگیرانە بۆ لایەنێکی ململانێ لەناو دەوڵەتێکی عەرەبیدا وەربگرێت. بەڵام هاوڵاتی لوبنانی لە چاوەڕوانی پەسەندکردنی پرۆژەی بێلایەنی لوبناندا، خۆی ئازادە لەڕووی فیکریەوە و بە ئاشکرایی لەگەڵ هەر لایەکدا هاوسۆز بێت کە خۆی بیەوێت بێئەوەی ئەم هەڵوێستە تاکەکەسیەی بگۆڕێت بۆ هەڵوێستێکی بەکۆمەڵ کە پێویست بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی سیاسی و ئەمنی بکات.

پێوەری شەشەم بریتیە لە ڕێڕەوی دیموکراسی و چارەنووسی ئازادییەکان لە سوریا. ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانەی ئێستا هێشتا کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەمینەیەکی عەلمانی زۆرینەیەکی ئاینییەوە. جیهانیش نازانێت کە گەشەکردنی کاروانی گـۆڕان و ئاراستە فیکری و سیاسییەکانی و تێڕوانینەکانی بۆ ئایندەی سوریا چۆن دەبێت. دەستەواژەکانی چاکسازی و ئازادی و دیموکراسی قسەی پووچ دەبن ئەگەر شێوەیەکی دەستوری هاوتا لەگەڵ چەمکە زمانەوانیەکەیدا وێکنەیاتەوە. ئەوەشمان لەیاد نەچووە کە ڕژێمە عەرەبییەکان، بوونەتە جێگەی سکاڵاو گازەندەیی بە حزبی بەعسی سوریاشەوە کە هێشتا ماوە. ئەو توانی ئەو دروشم و دەستەواژە بەهادارانە بەکاربهێنێ و دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت لەسەر ئەو بناغەیەی کە بزووتنەوەیەکی چاکسازیە. لەبەر ئەوە لەپێش هوتافکێشان بۆ هەر بزووتنەوەیەکی گۆڕانخواز، باشترە کە ناسنامە و بیروباوەڕ و بەرنامەی سیاسی و تێڕوانینی ئەو بزووتنەوە نەیارە بۆ پەیوەندییەکانی لوبنان- سوریا بزانین، پێویستە بشزانین ئەو سیستمە ئەڵتەرناتیڤە چیە کە هەیەتی. ئێمە لە بەرامبەر گرەوکردندا نین لەسەر هیچ لایەنێکی سوری، فەرمی یاخود میللی کە پابەند نەبێت بە پرۆژەیەکی چاکسازی عەلمانی، دیموکراتی و لیبرالیەوە.

پێوەری حەوتەم بریتیە لە بەرژەوەندیە ڕاستەوخۆکانی لوبنان. ئەگەرچی لوبنان بە گەل و ڕژێمی سوریا ئاشنایە و زۆر ئـارەزووی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی دەکات لەناو سەرجەم دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە خەمی یەکەمی ئەوەیە کە لە سوریادا سیستمێك درووست بێت ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەری و ئازادی بڕیاری نیشتمانی لوبنان بگرێت. ئەگەرچی نوێنەرایەتیکردنی دیپلۆماسی بووەتە هەنگاوێکی پێشکەوتوو لەم چوارچێوەیەدا، دەبینین جەوهەری تێڕوانینی سوریا بۆ لوبنان وەك (قەوارە و نیشتمان و دەوڵەت و گەل)، پێویستی بە بەرپابوونی شۆڕشێك

لەناو هزری سوریادا بە گەل و رژێمەوە هەیە. لێرەوە ئێمە لایەنگیری ئەو سوریایە دەکەین کە وازدەهێنێ لە بەکارهێنانی لوبنان وەکو کارتێکی دانوستان یاخود پێگۆڕینەوە لە پەیوەندییەکانی یاخود ململانێ عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی. ئێمە لایەنگری سوریایەك دەکەین کە وازبهێنێ لە دەست تێکەڵکردنی راستەوخۆ لەگەڵ لایەنە لوبنانییەکاندا و هاندانیان خۆبەخۆی یەکتری، یاخود لە دژی دەوڵەتی لوبنان و دەوڵەتە دۆستەکان. ئێمە لایەنگری سوریایەکین کە چارەنووسی دۆسیە دووقۆڵیە هەڵپەستێردراوەکان یەکلایی بکاتەوە، ئەو دۆسیانەی کە تەنها بڕیارێك یاخود نیشاندانی نیازپاکی سوریایان پێویستە. دیارترینی ئەو دۆسیانە ئەمانەن:

دەستگیرکراوە لوبنانییەکان، دیاریکردنی سنوور، راگرتنی بەقاچاغبردنی چەك بۆ هێزە لوبنانی و نالوبنانییەکان، پەکنەخستنی جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان (بە تایبەتی کاری دادگای نێودەوڵەتی)، پێشکەشکردنی دۆکیۆمێنتەکانی تایبەت بە سەلماندنی لوبنانیبوونی کێڵگەکانی شەبعا.

ئەوە سەرکەشیە کە لوبنانییەکان لە رووداوەکانی سوریا تێوەبگلێن لەپێش بەدەستهێنانی چەند زەمانەتێکی روون لە رژێمی ئێستای سوریا یاخود ئەو رژێمەی جێگەی دەگرێتەوە، سەبارەت بە رووداوەکانی رابردوو.

ساڵی 1989 هەریەك لە فەڕەنساو روسیا خۆیان پاراست لە یەکخستنەوەی ئەڵمانیا لە ئەنجامی رووخاندنی دیـواری بەرلین لە ترسی ئـەوەی کە ئـارەزووی هەژموون و سەرکێشیە سەربازییەکان بەسەر ئەڵمانیایەکی یەکگرتوودا زاڵ نەبێتەوە، هەروەك لە شەڕەکانی 1870و 1914و 1939دا کردی. فرانسوا میتیران سەرۆکی فەڕەنسا لەو سەردەمەدا تەحەفوزی خۆی نەکێشایەوە تا ئەو کاتەی راوێژکاری ئەڵمانیا هلمۆت کۆڵ ئەم زەماناتانەی پێشکەش نەکرد: دەستبەرداربوونی ئەڵمانیا لە خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی، بەشداری نەکردنی ئەڵمانیا لە هیچ شەڕێکی ئەوروپا، بەردەوامبوونی لەسەر

پابەندبوون بە پرۆژەی یەکێتی ئەوروپا، پێکهێنانی بەرەیەکی ئەڵمانی - فەڕەنسی لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا.

پێوەری هەشتەم بریتیە لە چارەنووسی کریستیانەکان لە سوریا. کریستیانەکانی لوبنان بە حوکمی ئەو پلانەی بۆ چەوساندنەوە و راگواستنیان رووبەڕووی کریستیانەکانی خۆرهەڵات کراوەتەوە، دژی هەر گۆڕانکاریەك لە سوریا دەوەستنەوە کە بە شێوەیەکی ئەرینی کارنەکاتە سەر بوون و کاریگەری کریستیانەکان لەو وڵاتەدا. راستە کە دیموکراسی لە سوریا مەسەلەیەکە جێی تێڕوانینە، بەڵام کریستیانەکانی سوریا بە شێوەیەکی گشتی لەسایەی ئەو رژێمەی ئێستادا لە ئاسایش و ئاشتیدا دەژین. ئەوەش روونە کە پەیوەندییان بە رژێمی ئەسەدەوە، پەیوەندی باوك و کوڕە، چونکە بە درێژایی چوار دەیەی رابردوو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو رژێمەدا لە پەیوەندیی کریستیانەکانی لوبنان باشتر بوو. ئەگەرچی، بزووتنەوەی نارەزاییەکان لە سوریا لە ناوچە کریستیان نشینەکانی سوریا لاوازە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە لە سەرهەڵدانی ئەڵتەرناتیڤێکی ئوسوڵی دەترسێن کە سنورێك بۆ ئازادیە ئاینییەکانیان دابنێت، بە تایبەتی کە ئازادیە سیاسییەکانیان لە بنەڕەتدا سنورداره وەك ئازادی هاوڵاتیانی دیکەی سوریا.

پەنابردن بۆ پێوەری کریستیانی تا بکرێتە سەنگەر لە بەرامبەر رووداوەکانی سوریا، هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کریستیانەکانەکان پرۆژەی دیموکراسی لە سوریا دەکەنە قوربانی لە کاتێکدا بوونیان هەیە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێت ئاسایش و ئاشتیان بکەنە قوربانی لەپێناوی پرۆژەیەکی گۆڕانی نادیاردا، بە تایبەتی ئەوەی کە لە عێرق و میسرو فەلەستین دەگوزەرێت هاندەر نیە بۆ چوونە ڕیزی ئەو شۆڕشانەی کە خاوەنی پرۆژەیەکی یەکگرتوو سەرکردایەتیەکی پێکەوە گونجاو نییە.

پێدەچێت ئەم (8) پێوەرە لەنێوان خۆیاندا ناچوونیەك بن، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە باروودۆخی سوریا (رژێم و بزووتنەوەی

ناڕەزایەتییەکان) ناچوونیەك و ناڕوونە. ئەم دەرهاویشتەیە ئەوە بەسەر لوبنانییەکاندا دەسەپێنێ کە زۆر وریابن لە گرتنەبەری هەڵوێستێك لە بەرامبەر ڕووداوەکانی سوریادا، ئەگینا باری نائاسایی لە سوریاوە ڕوودەکاتە لوبنان. ئەگەر سەرجەم لوبنانییەکان لەڕووی مەبدەئیەوە بەپەرۆش بن بۆ سەقامگیری لە سوریا، ئەوا هەڵوێستی لوبنان لە هەمبەر ڕووداوەکاندا هەڵوێستێکی کراوە دەبێت. وا پێویستە ئەو هەڵوێستە بخرێتە بواری چاوپێداخشاندنەوە و پیاچوونەوەی بەردەوام بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی ڕووبەڕووبونەوەکان لەنێوان ڕژێمی سوریا و بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکان و ڕێژەی توندوتیژییەکاندا.

پیاچوونەوە و چاوپێداخشاندنەوە مانای تەرەفگیریەکی هێواش بۆ لایەنی سەرکەوتوو دوورکەوتنەوە لە لایەنی دۆڕاو ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە چاودێریکردنی ئاستی توانای ڕژێمی سوریایە لە ئەنجامدانی چاکسازی بونیادیی لە دەستور و یاساکان و لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە لایەك، هەروەها ئاستی خۆڕاگری نەیارەکان تاکو ببنە ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتی و عەلمانی بۆ ڕژێمی سوریا و دراوسێیەکی باش لە لایەکی دیکەوە.

# شۆڕشی سوریا بە بەندە ئێران، ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە

## 19ی تشرینی دووەمی 2011

قسەکانی بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا لە ساڵی 2011دا بە داگیرساندنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو لە کاتێکدا ئەگەر سوریا رووبەڕووی دەستێوەردانی سەربازی نێودەوڵەتی بێتەوە، جیاوازە لە قسەیەکی هاوشێوەی سەدام حسێن سەرۆکی پێشووی رژێمی عێراق لە ساڵی 2003دا کە لەپێش دەستپێکردنی شەڕی ئەمەریکا وتبووی. سەدام لەسەر ئاستی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتیش گۆشەگیر ببوو، رژێمەکەشی بەشێك نەبوو لە مەنزومەیەکی هەرێمیی پێکەوە هاریکار، دراوسێ راستەوخۆکانی (ئێران، تورکیا، کوێت، ئەردەن، سوریا) لە دژی بوون، هێزە نێودەوڵەتیەکانیش بە ئاشکرا یان بە بێدەنگی رەزامەندییان لەسەر لێدانی عێراق نیشاندا، بۆیە هەڕەشەکانی سەدام هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو.

دۆخی سوریا جیاوازە، جگە لەوە کە پێودانگە دەریاییەکەی بە شێوەیەکی کاتی کراوەیە و سنورەکانی لەگەڵ لوبنان و عێراق یاساییە، پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا هێشتا لە ئاستێکی باشدایە و تا کاتێکی نادیاریش پشت بە پشتیوانی دەوڵەتانی گروپی (بریکس) دەبەستێ کە ئەفریقایی باشوور، هندستان، بەرازیل، روسیاو چین لەخۆدەگرێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سوریا بەشێکە سەرەکیە لە مەنزومەیەکی سەربازی لە ئەفغانستانەوە دەستپێدەکات و بە عێراق و لوبناندا تێدەپەڕێت و لە غەززە کۆتایی نایەت. ئەم مەنزومەیە خاوەنی هێزێکی سەربازی چالاك و وێرانکەرو تیرۆریستە و ئامادەیە بەکاری بهێنێت ئەگەر بێتو یەکێك لە بازنە سەرەکییەکانی بڕووخێ، بە تایبەتیش سوریا و ئێران. لەوانەیە هۆکاری پشت

هاریکاریکردن لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو مەنزومەیەدا ویست و خواستی بەرگریکردن نەبێت لە دۆخی قەیراناوی ئەویتر، بەڵکو بەرگریکردنە لە خود چونکە هەموو ئەندامێکی ناو ئەم مەنزومەیە دەزانێت کە خۆی لەسەر لیستی کردنە ئامانجە و رێککەوتن و پێکهاتنە کاتییەکان لەم سەردەمی گۆڕانکاریە ریشەییانەدا کەڵکی بۆی نابێت.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموو پێکهاتەیەکی ئەم مەنزومەیە بە دەرچوو لە یاسای نێودەوڵەتی و لادەر لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پلاندارێژی رووخاندن و دادگاییکردن پێکەوە دەداتـە قەڵەم. هەر لە رێکخراوە تیرۆریستیەکانی ئەفغانستان، تا ئێران و پرۆژە ئەتۆمیەکەی، تا دەگاتە ئەو هێزە عێراقیانەی کە لەسەر دەسەڵات و لە دەرەوەی دەسەڵاتن، لەوێوە بۆ سوریاو رژێمە داپڵۆسێنەرەکەی، بەرەو حزبوڵڵا لە لوبنان کە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان رەتدەکاتەوە، تاکو دەگاتە بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین، بێئەوەی ئەو گرووپە چەکدار و توندڕەوانە لەبیر بکەین کە لە ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەبی و بیانیدا هەن و سەر بەو مەنزومەیەن. بەڵام ئێران وەکو پێکهاتەی دایك لەنێوان ئەم هێزانەدا دەمێنێتەوە، چونکە ئێران نە سوریایە و نە حزبوڵڵاو نە حەماسە، بەڵکو لەم مەنزومەیەدا دەستی بە بڕیاری جەنگ و ئاشتیەوە گرتووە. بە واتایەکیی دیکە، تەقاندنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (لە کاتی روودانیدا) ئەگەر لە سوریا بدرێت، بڕیارێکی ئێرانیە بە ئیمتیازەوە. بۆ نموونە حزبوڵڵا بەبێ نیشاندانی تیشکی سەوزی ئێران لەڕووی سەربازیەوە ناوجووڵێت، تەنانەت ئەگەر سوریاش داوای ئەوەی لێبکات.

پرسیارە هەرە دیارەکە ئەمەیە: ئایا ئێران ئەم کارتە ستراتیژی و سەربازیە بەکاردەهێنێ بۆ بەرەنگاربوونەوە هەروەکو تا ئێستا بوونی هەیە، یاخود بۆ دانوستان بەکاری دەهێنێ لەبەر رۆشنایی گۆڕانکاریە تازەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان؟ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا هەوڵەکانیان

چڕکردۆتەوە لەسەر لەقاڵبدان یاخود دابڕاندنی ئێران لە پێشەوەچوونەکانی بارودۆخی سوریا. ئەگەر بێتو دابڕاندنی ئێران تا ئاستێکی دیاریکراو گونجاو بێت، بەڵام سنوردارکردنی کارێکی قورسە و ئاستەنگی ئایدۆلۆژی و جیهادی و سیاسی و ستراتیژی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێدەچێت ئەمەریکا ئامادە بێت بۆ یەکلایی کردنەوەی سنوردار لەگەڵ ئێران کە خۆی لە چاودێریکردنی پرۆژە ئەتۆمیەکەیدا دەبینێتەوە، یاخود لە یەکلاییکردنەوەی سەرتاسەری خۆی دەبینێتەوە کە پرسەکانی نەوت و غاز و ئەفغانستان و پاکستان و ئاسیا بچووك و عێراق و لوبنان لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئێران یەکلاییکردنەوە و رێککەوتنی سنوردار رەتدەکاتەوە، ناشتوانێت بەردەوام بێت لەسەر یەکلاییکردنەوەی سەرتاسەری کێشەکان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: وابەستەیی ئێران بە دۆسیە ئەتۆمیەکەی و رۆڵە هەرێمی و جیهانیەکەی بۆ درووستکردنی حاڵەتی شیعەگەرایی کە بتوانێت رابەرایەتی ئیسلامی لە دەستی سوننەکان بسەنێتەوە.

دووەم: بریتیە لە ترسی ئێران لە لەدەستدانی کەرەسەی خەباتگێڕی و پێگە تایبەتمەندەکەی وەکو پاڵپشتی شۆڕشەکان لە ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوین و کەنداو و رابەری ململانێکە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لەدوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکات لەگەڵ خواستی بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك لەگەڵ ئێران، چیتر رازی نابێت بە قبووڵکردنی خواستەکانی دیکەی ئێران کە هاوڕان لەگەڵ رێککەوتنی سەرتاسەریدا، گرنگترینی ئەو خواستانەش ئەمانەن:

1. داڕشتنی رێککەوتنێکی ستراتیژی کە دۆسیە ئەتۆمیەکەی و رۆڵە هەرێمیەکەیی لە لوبنان و لە چوارچێوەی ململانێی عەرەب – ئیسرائیلدا رزگار بکات. واتا تاران دەیەوێت خۆرهەڵاتی ناوین لەنێوان خۆیی و ئیسرائیل و دوور نیە تورکیادا بچووك بکاتەوە و هێڵی سوننی بۆ بەرژەوەندی حاڵەتی

شیعی پەراوێز بخات، هەر لە دەریای قەزوینەوە تا دەگاتە گەرووی جەبەل تاریق.

2. پارێزگاریکردن لە چەکەکانی حزبوڵڵا لە لوبنان.

3. داننان بە بزووتنەوەی حەماس و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەکو نوێنەری گەلی فەلەستین (لە کاتێکدا هێشتا حەماس لە سوریا دەرنەچووە).

ئەمجۆرە ڕێککەوتنە هەموو هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا لە ناوچەکەدا دەوروژێنێ، ئەگەر رژێمە کۆنەکان بن کە بوونیان هەیە (بە دیاریکراوی دەوڵەتانی کەنداو)، یاخود ئەو رژێمانە بن کە لە قۆناغی شۆڕش و گواستنەوەدان. هەروەها ئیسرائیل لە دژی هەر ڕێککەوتنێکی نێوان ئەمەریکا - ئێران دەوەستێتەوە کە ڕێکارەکانی چاودێریکردنی نێودەوڵەتی نەگرێتەخۆ کە بە هۆیەوە پرۆژەی وزەی ئەتۆمی لە چوارچێوە ئاشتیخوازیەکەیدا دەهێڵێتەوە و عەمباری چەکەکانی حزبوڵڵاش یەکلایی دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، پرۆژەی کەوانەی شیعی لەبەردەم گەڕانەوە و سەرپێکەوتنی کەوانەی سونیدا سست بووە، لە کۆتاییشدا هەردووکیان لەبەردەم پرۆژەی دابەشکردنی ناوچەکەدا سست دەبن. لەبەر ئەوە چۆن هەوڵەکانی دابڕینی سوریا لە ئێران لەدوای شەڕی عێرق شکستیان هێنا کە خرابوونە گەڕ بە مەبەستی دابڕینی ئێران لە حزبوڵڵا، ئەمڕۆش لەدوای شۆڕشی سوریا هەوڵەکانی دابڕینی ئێران لە سوریا بە مەبەستی دابڕینی رژێمی دیمەشق، ئەویش شکست دێنێت.

ئەوەی لەنێوان هەردوو رژێمی سوریا و ئێراندا هەیە بریتیە لە بەرژەوەندی ئەمنی هاوبەش کە دەکەوێتە سەرووی هەموو دەستکەوتێکەوە کە بۆی هەیە هەر کامێکیان بیچننەوە ئەگەر بێتو لەو لایەی تر جیابێتەوە، بە تایبەتی کە هەردوولایان درك بەوە دەکەن کە نزیکبوونەوەی خۆرئاوا لە هەر یەکێکیان جگە لە تاکتیکێکی قۆناغیی چیدیکە نیە و هەرزوو لەبەردەم ئەو پرۆژەیەی ئەمەریکادا دەڕووخێت کە ئامانجی رووخاندنی هەردوو

رژێمی سوریا و ئێرانە یەك لەدوای یەك. لە بەرامبەر ئەم دەرهاویشتانەدا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە رژێمی ئێران لە ناوخۆدا بگۆڕن و رژێمێکی نوێ بێتە سەر دەسەڵات کە چاوبخشێنێتەوە بە پرۆژەی ئەتۆمی و پرسی هەناردەکردنی شۆڕش. هەروەها ئیسرائیل هەوڵدەدات وەرەقەکان تێکەڵاو بکات و هۆشدارییەکان ئاراستە بکات بۆ لێدانی ئێران. ئیسرائیل سوورە لەسەر لێدانی ئێران کاتێك کە لە توانا تەکنیکیەکانی دڵنیا بێت و بەو پێیەش سەرکەوتنی پلانەکەی مسۆگەر بکات بۆ پەککخستن و تێکدانی پرۆژە ئەتۆمیەکەی ئێران، چونکە پاساوی شەڕ تەنها بریتی نیە لە لێدانی ماشێنی کلاسیکی سەربازی ئێران، بەڵکو لێدانی وزەی ئەتۆمی ئێرانە. مادام گوزری سەربازی ئیسرائیل بۆ ئێران هێشتا تیشکی سەوزی ئەمەریکای وەرنەگرتووە، بەڵام ئیسرائیل دژی ئاراستەکردنی گورزێکی سەربازیە بۆ سوریا کە حزبوڵڵا نەگرێتەوە. ئیسرائیل وای پێباشە بارودۆخی سوریا لە خولگەی شەڕی ناوخۆدا بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی رژێمی سوریاو شۆڕشی سوریا بوونەتە قەڵغان بۆ پاراستنی جۆلان و سنورە هاوبەشەکان.

# بەهاری عەرەبی، یان بەهاری ئوسوڵییەکان؟

## 11ی کانوونی یەکەمی 2011

ئیسلامیە ئوسوڵییەکان دەستیان بەسەر ئەو ئەنجومەنی گواستنەوەیەدا گرتووە کە لەدوای بەرپابوونی شۆڕشە عەرەبییەکان دامەزرێنران، چونکە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، تەنانەت لەو وڵاتە عەربیانەشدا کە هێشتا شۆڕشیان تێدا بەرپا نەبووە وەك ئەردەن و مەغریب. ئەمە بەهاری ئوسوڵییەکانە، ئەو بەهارە ئوسوڵیەی کە گرەوکردن لەسەر قۆناغی دوای شۆڕشەکان لاواز دەکات و تەمەنی ئەو رژێمانەش درێژتر دەکات کە هێشتا ماون و نەڕووخاون و خۆسازدانی عەرەبەکان بۆ نوێگەری و جیهانگیری پەکدەخات. ئەگەر بێتو سەرکەوتنی موسڵمانەکان لە جیهانی عەرەبیدا ئاسایی بێت، کە رژێمەکانیان ناعەلمانین و زۆرینەی رەهای دانیشتوانەکانیان موسڵمانن، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە و نالێم دەرئەنجامێکی سوپرایزە، بریتیە لە سەرکەوتنی ئیسلامیە ئوسوڵییەکان بەسەر رەوتە ئیسلامیە مەدەنییەکاندا لە هەموو جێگەیەك. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕان لە ئیسلامدا، خودی ئیسلام خۆیەتی و شۆڕشکردن لە ئیسلامدا گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام. بەڵام دیموکراسی جگە لە ئامرازێك بۆ هەڵبژاردن هیچی دیکە نیە. ئایا یەکێك لە شێخەکانی سەلەفیەت لە میسر ئەوەی رانەگەیاندووە کە راپرسی لەسەر هەموارکردنە دەستورییەکانی 9ی مانگی ئاداری رابردوو (غەزای سەر سندوقەکان) بووە و میسریش دەوڵەتی موسڵمانانە؟

ئەو سەرکەوتنە لە هەڵبژاردنەکاندا هەڕەشەیەکە لە دژی سوننە روناکبیرەکان، لەسەر شێوەی رەوتێکی وەکو (المستقبل) لە لوبنان. لە سایەی

ڕەوتە ئوسوڵییەکاندا، ئایا ئیسلامی بن یاخود کریستیانی، ئەوانی دیکە هیچ ڕۆڵێکیان نابێت تەنانەت ئەگەر سەر بە هەمان ئایینیش بن. قۆناغی داهاتوو ململانێیەك لەناو پێکهاتەی ئیسلامی سیاسی لەنێوان جیهادییەکان و سەلەفییەکان و ئیخوانییەکان و ڕەوتـە موسالیم و میانڕەوەکان و عەلمانییەکاندا سەرهەڵدەدات، سەبارەت بە ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی کردندا و دەربارەی لێکدانەوەی یاساو ڕێساکان. ئەوەتا ئەندامێکی دەستەی گەورە زانایانی سعودیە (شێخ ساڵح ئەلحێدان) دەڵێت: «سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامیی جیهانی یوسف ئەلقەرەزاوی سەر بە کۆمەڵی ئیخوان موسلمینە، کە کۆمەڵێکە عەقیدەیەکی پاکی نیە». ئەو پێشیوایە: «خۆپیشاندانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی گەندەڵیە لەسەر زەوی».

لەم سەرکەوتنەی ئوسوڵییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرنجی دوو مەسەلە دەدرێت: یەکەم ئەوەیە کە هیچ کەسێك لە ئیسلامییەکان باسی یەکێتی عەرەبی یاخود یەکێتی ئومەی ئیسلامی ناکات، بەڵکو خواستی ناوخۆیی و مشتومڕی مەزهەبی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زاڵبووە بەسەر بەرنامەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەو وڵاتانەدا. شتێکی سەیر نیە کە ڕۆژنامەی (الوگن)ی سوری کە یەکێکە لە دەنگەکانی حزبی بەعسی سوریا لە ژمارەی (28ی تشرینی دووەمی 2011)دا ڕایدەگەیەنێت کە: «کاتی ئەوە هاتووە سوریا دەستبەرداری عروبە بێت کە کۆست و مەینەتی بەسەر سوریا هێناوە»، سوبحانەڵڵا لەو کارە!.

دووەم ئەوەیە کە زاڵبوونی ئیسلامی سیاسی لەناو دەوڵەتانی عەرەبی دەوڵەمەند و هەژار، پاشایەتی و کۆماری، ڕاستڕەو و چەپڕەو، خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی، ئاسیایی و ئەفریقیی، خاوەن گرفتی کۆمەڵایەتی یان خاوەن ژیانی خۆشگوزەرانی بوونی هەیە. ئەمە پشتڕاستی دەکاتەوە کە سەرکەوتنی ئیسلامی تەنها دەرئەنجامی دۆخێکی قەیراناوی نییە لە کۆمەڵگەیەکدا، بەڵکو دیاردەیەکی تەواو ئاینی، ئۆرگانی، پەیوەندیدارە بە ڕابوونی مێژوویی

ئیسلامی کە لەساڵی (622)وە بەردەوامی هەیە. پەنابردن بۆ ئیسلامی سیاسی ئاشکرای دەکات کە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتا هەر پێیانوایە کە ئیسلام سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکامانە نەك تەنها سەرچاوەیەك بۆ داڕشتنی یاساکانی دەوڵەت. هەروەها ئەو ڕەوتانە ڕێگە خۆشدەکەن بۆ هەموو داهێنانە فیکری و زانستی و دەستوری و سیستمییەکان کە مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا دایهێناون، هەندێکجار بە مرۆڤی موسڵمانیشەوە کە پەیوەندیدارە و ڕۆڵ دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردەیی، گەشەسەندن و گرفتە کەلتوورییەکان. هەموو ئەمانە وادەکەن قسەکردن لە بارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە بەپێی چەمکە دیموکراسیە عەلمانیەکەی، دوابخرێت بۆ سەردەمێکی دیکە و بەرپابوونی شۆڕشێکی دیکە. بەڵام ئەوە بەس نیە کە (زانیاری و هەواڵ)ی سەرکەوتنی ئیسلامیە ئوسوڵییەکان وەربگیرێت، چونکە چەندین هۆکاری مێژوویی و قۆناغیی و ستراتیژی هەیە کە ئەم دیاردەیەمان بۆ شیدەکەنەوە کە دەکرێت پاشەکشە بکات لە کاتی شکستهێنانی سیستمی ئیسلامی لە دەرهێنان و دەربازکردنی گەلانی عەرەبی لە مەینەتی و گرفتە جۆراوجۆرەکانی. دیارترینی ئەو هۆکارانەش بریتیە لە:

* کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هێشتا وەکو ئیسلامی ماونەتەوە و ئایین و دەوڵەت لە یەکتری جیاناکەنەوە، بەڵکو لەو بڕوایەدان کە ئیسلام تاکە سیستمی ئاسایی و تەندروستە و بوونی سیستمەکانی دیکە تەنها حاڵەتێکی هەڵاوێردکراوە (استپنائیە).

* بزووتنەوە ئیسلامیە ئوسوڵییەکان بە تایبەتی بەڵێن دەدەن بە درووستکردنی ئیدارەیەکی پاك و بێگەرد لەناو ئەو کۆمەڵگا عەرەبییانەدا کە لە بنەڕەتدا بەدەست گەندەڵیەوە دەناڵێنن. ئەوان بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەبەستنەوە بەو چینە سیاسیە مەدەنی و سەربازییەوە کە لە دەسەڵاتن یاخود ئۆپۆزسیۆنن.

* لانیکەم موسڵمانەکان، ئەوانەی کە دەنگیان بە بزووتنەوەی ئیسلامییەکان داوە، پێیانوایە کە حوکمی ئیسلامی هێزو گۆڕانکاری و سەقامگیرییان لە رێگەی کەلتورەوە بۆ دەستەبەر دەکات، وەکئەوەی کە حوکمی ئیسلامی بریتی بێت لە سوپایەکی ئەڵتەرناتیڤ لەجێی سوپای دەسەڵاتدار.

* نەبوونی ژیانی دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبییەکان و لاوازی حزبەکان کە بووەتە هاندەرێکی هاوڵاتیان بۆ پاڵپێوەنانیان بەرەو مزگەوتەکان و کۆڕو کۆمەڵە ئاینییەکان بە مەبەستی پەیڕەوکردنی چالاکیە ئایینی و سیاسی و عەقیدەییەکانیان، بۆیە رێکخراوە ئوسوڵییەکان توانیان بیانگرنە خۆیان و ئامادەیان بکەن.

* زیادبوونی حاڵەتی شیعەگەرایی ئێرانی کە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵدانی ئێران بۆ تەواوکردنی پـرۆژە ئەتۆمیەکەی، ئەمەش پاڵی بە موسڵمانە سوننەکانی جیهانی عەرەبیەوە ناوە کە دەستبگرن بە دەماری سوننەی ئوسوڵی سیاسیەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشە ئێرانیەی کە سنورەکانی خاکی عەرەبی بەزاندو تیایدا جێگیر بووە، سەرەتا لە عێراق و سوریاوە تا دەگاتە لوبنان و فەلەستین و دەوڵەتانی کەنداویش.

* سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا تاوەکو ببێتە دەسەڵاتێك کە گەلی تورکیا و جیهانی عەرەبی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەلایانەوە پەسەند بێت تاکو ئاستێك کە ئەو رەوتانە بە ئەزموونێك بۆ حوکمی مەدەنی ئیسلامی پێناسەی دەکەن.

* چەقبەستنی ئاسۆکانی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و دەرکەوتنی سستی و خاوەخاوکردن لە هەڵوێستی عەرەبی لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمەریکادا، لە کاتێکدا کە رێکخراوەکانی وەکو (حەماس)ی ئوسوڵی وەکو بزووتنەوەیەکی موقاوەمەت لەدوای بزووتنەوەی (فەتح) دەرکەوت.

* گەشەکردنی چالاکییەکانی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین و کاردانەوەکانی لە ریزەکان پشتەوە و لەناو خانەوادەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا کە رەوتە

عەلمانیەکان و چەپەکان بەهۆی وشککردنی داهات و سەرچاوەکانیانەوە تەنها جەخت لەسەر رۆڵی بزاڤی راگەیاندن دەکەنەوە.

* بەدەستهێنانی کۆمەك و یارمەتی دارایی چەور لەلایەن بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە لە دەوڵەتانی عەرەبی، بە تایبەتی لە دەوڵەتانی کەنداو، ئەوەش رێگەی بۆ خۆشکردن تاوەکو یارمەتی هەژاران بدەن وەکو تاك و خێزان و کرووپ و کۆمەڵەش.

* پووکانەوەی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی و پاشەکشەکردنی ئەزمونە عەلمانییەکان و کەوتنی بیروڕا چەپەکان لەبەردەم رابوونی ئیسلامیدا لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، هەروەها تۆمەتبارکردنی بزووتنەوە چەپەکان و رژێمە عەسکەرتارییەکان بە وابەستەییان بۆ دەرەوە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، روسیا، ئەوروپا).

ئەگەرچی کۆی ئەم هۆکارانە بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵکشانی ئوسوڵیەتی سوننی بەرجەستە دەکەن، بەڵام لە راستیدا پێمان نیشاندەدەن کامە دەرهاویشتەی کاتیە و کامەش مێژووییە. بەو پێیەش پاشەکشەکردنی حاڵەتی ئوسوڵیی سوننی بەندە بە پاشەکشەکردنی حاڵەتی جیهادیی شیعە و بەندە بە گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆیی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێك، هەروەها بەندیشە بە راستکردنەوەی چەمکی تێڕوانینی موسڵمان بۆ ئایین و چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە بەستراون بە ویژدانی ئیسلامییەوە، وەکو کێشەی فەلەستین.

لەبەرئەوەی کە توانەوە و پاشەکشەکردن ماوەیەك دەخایەنێت، دەبینین کە دەوڵەتە زلهێزەکان لە روانگەی دوو جۆر سیاسەتی ناپاکەوە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی سەرکەوتنی ئوسوڵیەتی ئیسلامی دەکەن کە بریتین لە:

* نیشاندانی سەرکەوتووەکان وەکو کەسانی میانڕەوو هاوسەنگ، تاکو بیکەنە پاساوێك بۆ پشتیوانیکردنی خۆرئاوا لە شۆڕشە عەرەبییەکان.

* گەمەکردن لەسەر ناچوونیەکی و نابەرابەریە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی لاوازکردنی ئیسلامییەکان لە قۆناغی داهاتوودا.

رەوتە مەدەنییەکان لە جیهانی عەرەبیدا کە مەسیحییەکان بەشێکن لێیان، لە یەککاتدا هەڵکشانی ئوسوڵیە ئیسلامییەکان و هەڵوێستی خۆرئاوا نیگەرانیان دەکات. بۆ پێکهاتە عەرەبییەکانی دیکە لەگەڵ هاتنی ئەم بەهارە هەڵبووەدا، وا باشترە لە چوارچێوەی ئینتیما نیشتمانیە عەرەبیە خۆرهەڵاتیەکەیاندا بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە. شۆڕشەکان کە هاوسۆزیمان لەگەڵیاندا نیشاندا لە دژی رژێمە چەقیوەکان، بە داخەوە موژدەی گزنگێکی دیموکراسی راست ناهێنن. هەڵبژاردنەکان بە تەنها دیموکراسی دروست ناکەن، بە تایبەتی کاتێك تێیاندا ئەو هێزانە سەردەکەون کە هیچ بڕوایان بە دیموکراسی و بنەماکانی نیە. بزووتنەوە ئیسلامیە عەرەبییەکان، هەوڵدەدەن لەم قۆناغەدا مەسیحییەکان و خۆرئاواییەکان دڵیان بکەنەوە، بۆیە دروشمەکانی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و دەوڵەتی مەدەنیەت بەرز دەکەنەوە بێئەوەی جێبەجێیان بکەن، ئەگەریش جێبەجێیان بکەن ئەوا بە شێوەیەکی پێچەوانەی چەمکی راستەقینە و دروستی باوی پەیڕەوکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەیکەن. ئەم تاکتیکە رژێمە شیوعیە تۆتالیتارییەکانی پێشووی ئەوروپامان بەبیر دەهێنێتەوە کە بانگەشەیان بۆ دیموکراسی دەکرد، بەڵام پەیڕەوی حوکمی دیکتاتۆرییان دەکرد. هێشتا ئەوەمان لەیاد نەچووە کە ئەڵمانیای خۆرئاوای خاوەن سیستمی دیموکراتی پێی دەوترا (ئەڵمانیای یەکگرتوو)، ئەڵمانیای کۆمۆنیستی خۆرهەڵاتیش ناوی خۆی نابوو (ئەڵمانیای دیموکراتی).

ئێمە هەڵوێستمان لە هەمبەر رژێمە تازەکان بە خواست و ئارەزووی ئەمەریکا و ئەوروپا دیاری ناکەین، بەڵکو بەگوێرەی هەڵسەنگاندن و بەرژەوەندیە نیشتمانی و شارستانییەکانمان دیاری دەکەین. متمانەمان لە دەوڵەتە زلهێزەکان و خۆرئاوا سنوردارە. لە لوبنان لەساڵی 1975 تا

2005 مەینەتی خۆسەپێنی خۆرئاوامان بەسەرماندا چەشت. لە جیهانی عەرەبیش خۆرئاواییەکان، بە تایبەتی ئەمەریکا بە درێژایی (60) ساڵ لەنێوان 1950 بۆ 2010 گەلانی خۆرهەڵاتیان رادەستی رژێمە دیکتاتۆریە سەربازیە بنەماڵەییەکان کرد، ئیمرۆش بەنیازە رادەستی حاڵەتی ئیسلامیی ئوسوڵییان بکات. ئیسلامی ئوسوڵی میانڕەو نابێت ئەگەر لەپێش دانوستان و دیالۆگ لەگەڵ ئەمەریکادا، رەزامەندبوونی لەسەر رێککەوتنی جۆلان و رێککەوتننامەی کەمپ دەیڤد و رێککەوتنی دۆڵی عەرەبە و پێکهانی ئۆسلۆ مسۆگەر نەکات و ئامادەیی نیشان نەدات بۆ دانوستان لەگەڵ ئیسرائیل. هاوسەنگی و میانڕەوی بەپێی دەستوری مەدەنی دەبێت، بە کرانەوە بەسەر ئەوانی دیکەدا و لە روانگەی هەستی مرۆڤایەتی و یەکسانی لە هاوڵاتیبوون و رێزگرتن لە مافی گرووپەکان کەمینەکان و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوە دەبێت، بە چاوپۆشین لە رەگەزو نەتەوە و ئایین و ژمارەیان.

خەمی من ئەوەیە کە ئیخوان موسلمین لە میسر رێز لە رێککەوتننامەی کامپ دەیڤد بگرن، بەڵام رێز لە مافەکانی قیپتییەکان نەگرن، ئایا ئاسایشی جولەکەکان لە ئاسایشی قیپتییەکان گرنگترە؟ خەمی من ئەوەیە ئەگەر بێتو ئیسلامییەکان لە سوریا رێز لە هودنەی جۆلان بگرن، بەڵام رێز لە مافی کەمینەکانی سوریا نەگرن، خەمم چیە ئەگەر ئیسلامییەکان لە تونس و مەغریب رێز لە پەیوەندییەکان لەگەڵ فەرەنسا بگرن و رێز لە مافەکانی مرۆڤ و ژنان لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگادا بگرن؟

لە بەرامبەر ئەو نیگەرانیە گەشەکردووەدا، باشترە بۆ مەرجەعیەتە ئیسلامییەکان لە دەستبەجێ بکەونە جووڵە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نوێیە کە دەکرێت ببێتە هۆی وروژاندنی ململانێی نێوان شارستانیەتەکان، چونکە سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبی و گەورەبوونی هێزی ئێران کاردانەوەیەکی گەورەی دەبێت لەسەر یەکڕیزی نێوان قەوارەکانی جیهانی عەرەبی و ئاراستەکانی گەلانی ئەوروپا، چونکە

خواستەکانی راستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەوروپا بەهێز دەکات و رەوتە ئوسوڵیە مەسیحییەکان دەبوژێنێتەوە. پێدەچێت دەستپێشخەریەکەی شێخی ئەزهەر دکتۆر (ئەحمەد ئەلتەیب) و هەڵوێستەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆگان)، سەرەتایەکی باش بێت. یەکەم میساقێکی داناوە بۆ پێکەوەژیانی میللی (ئەهلی) لە میسر، دووەمیش بۆ ئیسلامیە عەرەبەکانی روونکردۆتەوە کە ئیسلامیبوونی هاوڵاتی دژایەتی عەلمانیبوونی دەوڵەت ناکات. بەڵام ئایا عەرەبەکان زمانی تورکی تێدەگەن؟.

# داهاتوویەکی نیمچە چاوەڕوانکراو لەنێوان حزبە ئیسلامی و مەسیحییەکاندا

## 6ی کانوونی دووەمی 2012

**بەراوردکارییەکی پاساوئامێز**

بزووتنەوە ئیسلامییەکان مافی ئەوەیان هەیە پرسیار بکەن ئایا بۆچی هەندێك لایەن لەناو دەوڵەتە عەرەبییەکان ڕۆڵی خۆیان هەڵدەشێلن، لە کاتێکدا حزبە مەسیحییەکان لە ئەوروپا و شوێنی تریش سنوری کیشوەرەکان دەبڕن. هەروەها مافی خۆمانە پرسیار لەم بزووتنەوانە بکەین سەبارەت بە خاڵە هاوشێوەکانی نێوان ئەوان و حزبە مەسیحییەکان بێئەوەی ئەوەیان بەسەردا بسەپێنین کە دەبێ ئاراستەیان عەلمانی بێت لەسەر شێوازی خۆرئاوا، بە تایبەتی کە عەلمانییەت بۆ هەموو سیستمە دیموکراتییەکان پێویست نیە.

سەرەت کاتێك ئیسلامیە دەرچووەکان لە شۆڕشە عەرەبییەکان پشت دەبەستن بە ئەزموونی حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی پاساو بۆ بوونی خۆیان بهێننەوە، ئاشکرا دانیش بەوەدا دەنێن کە مەسیحیە دیموکراسیە، بۆیە ئەوان لەسەریانە بڵێن کە ئیسلامیش وەکو مەسیحیەت دیموکراسیە، ئەوانیش خەڵکانی دیموکراسیخوازن. مەسیحیەت وەکو هەر ئاینێك، لە دیموکراسیەت باڵاترە، چونکە دیموکراسیەت سیستمێکی دونیەوییە و چاوگی بنەماکانی بریتیە لە مەسیحیەت. بەم پێیەش بێت مەسیحیەت بێبەرییە لە هەر حزبێکی نادیموکراسی کە بەناوییەوە خۆی بەرجەستە بکات. حزبە مەسیحیە دیموکراتییەکان بە درێژایی (100) ساڵ بوونیان پێداگرییان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بە فیعلی دیموکراسی و عەلمانین، بەڵام حزبە ئیسلامییەکان کە ئەمڕۆ داوا دەکـەن دان بە دیموکراسیبوونیاندا بنرێت، لە ڕێگەی مەرجەعەکانیان و بنەماکانیان و

کتێب و فەتوا و سیستم و پەیڕەوەکانیانەوە، نە لە دەرەوە و نە لە ناوەوەی دەسەڵاتدا بۆیان نەسەلمێنرا کە دیموکراسین، بەڵکو تامەزرۆی دەستلەملانێی دیموکراسین (1). لەبەر ئەوە کاتێك بزووتنەوە ئیسلامیە ئوسوڵییەکان کە بەمدواییە لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دەسەڵاتیان گرتەدەست بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دیموکراسین، لەوەدا پێویستییان بە بەڵگەیەکی دەستوری و ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی کولتوری هەیە تاوەکو باوەڕییان پێبکەین. یەکەمین ئاشکراکردنی نیازپاکیان بریتیە لە راگرتنی بەستنەوەی یاساکان بە قورئان و ڕێزگرتنی مافەکانی خەڵکانی دیکە بەبێ دەرکردنی فەتوا.

### بەرجەستەکردنی دیموکراسیی مەسیحی

حزبە مەسیحییەکان تەنها لەڕووی تەکنیکییەوە دیموکراسی نین، واتا لە ڕێگەی میکانیزمی کارگێڕی و سیاسیانەوە، بەڵکو لەڕووی کولتورییەوە دیموکراسین، چونکە ئەوان بەدیهێنەری بیرێکی دیموکراسین کە بە درێژایی چەندین سەدە دروستبووە و گەشەی کردووە و پێگەییوە، ئەو بیرە لەدوای (1800) ساڵ لەناو دیموکراسیەتی مەسیحیدا بەرجەستە بووە، بەڵام ئەم بیرە پێشئەوەی جێگیر ببێت ڕووبەڕوویی چەندین شکست و لادان بۆوە و بووە هۆی سەرهەڵدانی مەینەتی و نەهامەتی نیشتمانی و شەڕەکانی لەناوبردن. ئەگەر بێتو ئەم بنەما فیکرییە دیموکراسیە لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا قووڵ نەبێتەوە، قسەکردن لەسەر دیموکراسیبوونی ئیسلامییەکان وەکو دروشمێکی میدیایی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە لە چاوەڕوانی هەڵکردنی شنەبای دیموکراسی بۆسەر بزووتنەوە ئیسلامییەکان و سەقامگیری و جێگیربوونیان، پێویستە مەسیحییەکان و کەمینەکان لەناو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دڵنیایی دەستوریی پێویست بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە بوونیان و ڕۆڵ و مافەکانیان بکەن.

لێرەوە، پێویستە یاساکان فرە سەرچاوە بن و بەڕووی سەرجەم روانگەکانی

پەیام و فیکردا کراوە بن، ئیتر ئایا پەیامی ئایینی بن یان مەدەنی. نابێت عەلمانیەتیش هەڵگری ئوسوڵیەت بێت، چونکە ئێمە دەبینە لەئەستۆخراوی ئەو. بە واتایەکی دیکە رێگر نیە ئەگەر هەموو دەوڵەتێك، ئیتر ئایینی گەلەکەی هەر ئاینێك بێت سوود لەوە وەربگرێت کە لە ئینجیل و قورئاندا هاتووە، بیکاتە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی دەستور و یاساکانی و سەرفرازی گەلەکەی. ئەمە مافە، بەڵام ئەرك نیە، مافە لەبەر ئەوەی ئەو عەلمانیبوونەی هەوڵی بۆ دەدەین لە دژی ئایین بەرزی ناکەینەوە. چونکە ئێمە وانازانین کە پەنابردن بۆ ئینجیل یان قورئان کارێکی کۆنەپەرستانەیە، لە کاتێکدا وابزانین بە کەمزانینی فەیلوسوفەکانی پێش هاتنی مەسیح و بیری کۆنفۆشیۆسی چینی و سەردەمی روناکبوونەوە، هەروەك شۆڕشی فەڕەنسا کردی، پێشکەوتننخوازیە. ئەمە ئەرك (واجب) نیە، چونکە ئیلهام وەرگرتن لە ئینجیل و قورئان نابێت ببێتە هۆی بەستنەوەی دەوڵەت بە ئایینەوە، بەڵکو بەستنەوەیەتی بە بەهاو ئاکارەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، کاتێك پادشا و شـازادەکـان و پاپاکان لە چاخە مەسیحییەکانی ناوەڕاستدا ئایینی مەسیحیان قۆرخ کردبوو، سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیان راستەوخۆ بە خواوەندەوە دەبەستەوە. زۆرجاریش بەبێ گەڕانەوە بۆ کەنیسە، شۆڕشەکانی ئەوروپا بەرپابوون، بە تایبەتی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی 1789، بۆیە ئەو حاڵەتانە وشکیان کرد کە لە بەرمبەر چەمکی ئایینی مەسیحیدا خراپ رەفتارییان کرد. بۆ ئـەوەی شۆڕشە عەرەبییەکان نازناوی (بەهاری عەرەبی) ببێتە شایستەیان، پێویستە بەهاری چاکسازیی ئیسلامی هاوڕێیان بێت کە پارێزگاری بکات لە پەیوەندی ئایین بە هاوڵاتیەوە، هەروەها ئەو هاوسەرگیریە هەڵبوەشێنێتەوە کە خەلافەتی ئیسلامی لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا بەستی لە رووداوی (السقیفە)دا لە ساڵی 632ی زاینی لەدوای کۆچکردنی پێغەمبەر (محەمەد)، کە وایکرد خەلافەت ببێتە هەڵگری پەیامی ریسالە. ئەو کاتە قسەکردن لەسەر بوونی دیموکراسی

لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دەبێتە پرسێکی جددی و بەراوردکردنەکە بابەتیانە دەبێت لەنێوان حزبە ئیسلامییەکان و حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکاندا.

مەسیحیەت خواوەندی لە قەیسەر جیاکردەوە و زۆرێك لە نەریت و پەیڕەوە دونیەوییەکانی گۆڕی، بەڵام هێشتا ئیسلام هیچ شتێکی تێدا نەگۆڕیوە. ئوسوڵییەکان هەموو هەوڵ و تەقەللاکانی موسڵمانە ڕۆشنفیکر و روناکبیرەکانیان شکست پێهێنا. دان بەوەدا دەنێم کە گۆڕانکاری لە ئیسلامدا دەستپێشخەریەکی بوێرانەیە. لە دیدگای موسڵماناندا قورئان پەڕتوکێکی دابەزیوە، بەڵام بەلای ئەوانەوە ئینجیل ئەگەرچی پیرۆزە، بەڵام کتێبێکی دابەزیوی خودا نییە، بەڵکو (4) کتێبی هاوشێوەی یەکدین کە تێیاندا پەیامبەرەکان جەوهەری ئامۆژگارییەکانی مەسیح و بەسەرهاتی ژیانیان لەسەر زەوی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی زیاتر بابەتەکان ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە کە موسڵمانەکان دەڵێن محەمەد پێغەمبەر کۆتا پێغەمبەرە، بەڵام مەسیحییەکان بڕوایان بەوە نیە کە مەسیح یەکەمین یان دوایین پێغەمبەرە، بەڵکو زۆر بە سادەیی پێیانوایە ئەو خودایەکی بەرجەستەیە، نە زیاترو نە کەمتر.

**بەراوردکاریی بارودۆخەکە**

لەڕووی پراکتیکیەوە، بەرئەنجامی بەراوردکردن لەنێوان حزبە دیموکراسیە مەسیحییەکان و حزبە ئیسلامییەکاندا بریتیە لە:

• حزبە دیموکراسیە مەسیحییەکان عەلمانین، بەڵام سیستمی حوکمی ئایینی نین. کاتێك گەل متمانەی خۆی پێیان دەدات بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی بکەن، ئەو سیستمە جێبەجێ دەکەن کە هەیە، بەڵام حزبە ئیسلامییەکان بە جیاوازی ئاست و قەبارەی ئوسوڵییان، بۆ ئەوە دامـەزراون کە بگەنە دەسەڵات و سیستمێکی ئایینی دامەزرێنن تاوەکو بەهۆی شمولیەتیانەوە، چەمکی دیموکراسی مەدەنی لەباربەرن. رابەرانی حزبە دیموکراسیە

مەسیحییەکان لە ئەوروپا لە نمونەی رۆبەرت شومان، کۆنراد ئەدیناوەر، ئەلسیدۆ دی گاسپیری، ئەو سەرکردانەی عەلمانیەت بوون کە دەوڵەتەکانیان لە ناسیزم و فاشیزمەوە گواستەوە بۆ دیموکراسی. بەڵام مێژووی نوێ یان مێژووی کۆن باسی رابەرێك یاخود بانگخوازێکی ئیسلامی (ناڵێم موسڵمان) ناکات کە جیاوازی درووست کردبێت لە خەباتکردن لەپێناو دیموکراسی یان عەلمانیەتدا.

• حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان، کەڵکیان لە بەهاکانی ئینجیل وەرگرتووە کە قورئان ئاماژەی بۆ هەندێکیان کردووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ دەوڵەمەند بکەن و لەڕووی مادییەوە پێگەی بەرزتر بکەنەوە، بۆیە وەکو حزبی سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی کەنیسە مانەوە و گەل بووە مەرجەعیان نەوەك ئایین، بەهاکانی خۆشیان بەسەر خەڵکیدا نەسەپاند. بەڵام حزبە ئیسلامییەکان پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دەکەن لە رێکخستنی دەوڵەت و دانانی دەستور و دارشتنی یاساکاندا، کاتێکیش حوکم دەکەن هەموو هاوڵاتیانی پێوە پابەند دەکەن. حزبە ئیسلامییەکان دەموچاوی سیاسی مەرجەعیەتی ئایینی پێکدەهێنن کە دەسەڵاتی بڕیاردانی لەدەستدایە. لەلای سوننەکان مەرجەعیەت بریتیە لە رابەر، بانگخواز یان چاودێر، لەلای شیعەکانیش مەرجەعیەت بریتیە لە ویلایەتی فەقیە. ئەگەر ئیسلامی ئێستا لە تورکیا لەم چوارچێوەیە دەربچێت، لەبەر ئەوەیە کە سوڵتانی عوسمانی (سەلیمی یەکەم) لەدوای ساڵی 1517ی زاینیەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی خەلافەتی ئیسلامی لابرد و ئیسلامی لە مەرجەعیەتی عەرەبیی جیاکردەوە و بڕیاردانی بەخۆی بەخشی، هەروەها لەبەرئەوەشە کە کولتوری عەلمانی ئەتاتورك هێشتا ماوە و نەمردووە.

• حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان باوەڕییان بەوەیە کە کۆمەڵگە لەسەر وێنای پێکهاتەکانی دەوڵەت بونیات دەنێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە لەلای ئیسلامییەکان ئەم لۆژیکە پێچەوانەیە و لەو بڕوایەدان کە دەوڵەت بەگوێرەی

شەریعەتی ئیسلام کۆمەڵگە بونیات دەنێت. لەو دەوڵەتانەدا کە لەلایەن حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکانەوە حوکم دەکرێن، بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دانىان بە بوونی ئەویتردا باڵادەستە، بەڵام لەو دەوڵەتانەدا کە لەلایەن حزبە ئیسلامییەکانەوە حوکم دەکرێن، ئەو بنەمایانە بۆ بەرژەوەندی رۆڵەکانی یەك مەزهەب جێبەجێ دەکرێت، بە شێوەیەکی رێژەییش بۆ رۆڵەکانی ئایین و مەزهەبەکانی دیکەیە. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی ئیسلام بە ئەوانیترەوە لەسەر بنەمای لێبووردەیی بونیاتنراوە، بەڵام لە ئایینی مەسیحیدا لەسەر بنەمای یەکسانی بونیاتنراوە. لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەم پێودانگە زۆرجار رێڕەوێکی خوێناوی و سڕینەوەی بەرامبەر دەگرێتەبەر.

• حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان بـەڕووی هەمووانـدا کـراوەن. هەر هاوڵاتیەك ئەگەر موسڵمان یان مەسیحی یان بێباوەڕ بێت، دەتوانێت بچێتە ناو ریزەکانیانەوە بێئەوەی هەستبکات کە لەناو حزبێکی خاوەن بیروڕا و پەیڕەو و رێکخستنی مەسیحیە، چونکە هیچ بژاردەیی و جیاکاری لەنێوان ئەندامێك و ئەوانی دیکەدا نیە. فەیلەسوفی کاسۆلیکی (جاك ماریتان) لە ساڵی 1936دا داوایکرد حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان سەرجەم چین و تایەفە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بگرنەخۆ بە بێباوەڕەکانیشەوە، لەسەر ئەو بناغەیەی کە فیکری مەسیحی بە یەکسانی لەگەڵ باوەڕدارەکاندا جێگەی بێباوەڕەکانیشی تێدا دەبێتەوە. نزیکەی (5) ساڵە حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان لە ئەوروپا خۆیان ناوناوە حزبەکانی ناوەند و یەکێتیە نێودەوڵەتیەکەشیان لە ئێستادا بە «یەکێتی حزبەکانی دیموکراتی ناوەند (IDC)» ناسراوە، کە چەند حزبێکی عەرەبی ئیسلامیش دەگرێتەخۆ وەك حزبی سەربەخۆیی مەغریب. بەڵام ئەو حزبە عەرەبیە ئیسلامییانەی کە داوا لە مەسیحییەکان دەکەن ببنە ئەندام و لە لیستەکانی هەڵبژاردنەکاندا خۆیانی تێیدا بپاڵێون، بە تایبەتی لە میسر، جگە لە وابەستەیی و لە ئەستۆی

خۆگرتن هیچی دیکەیان پێشکەش ناکەن، بەڵکو لە ڕێگەی ئەم بانگەشەکردنە کاتیەوە هەوڵدەدەن بۆ جوانکردنی سیمای خۆیان و سەپاندنی ناسنامەی خۆیان بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنەدەست و حوکمی شەریعەتی ئیسلام بە پشتی ئەو مەسیحیانە جێبەجێ دەکەن کە نوێنەرایەتی مەسیحیەت ناکەن. هەر مەسیحیەك بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە بچێت لەبەر هۆکارێکی ئەمنی، سیاسی یان دارایی، دەبێکی حزبیەکی پلە دوو هەروەك دەشبێتە هاوڵاتیەکی پلە دوو، چونکە سیستم و بیروڕاو بەرنامەی حزبە ئیسلامییەکان لەسەر تێگەیشتنی تایبەتی ئەو حزبانە بۆ ئیسلام بونیاتنراوە، نەك لەسەر بنەمای فیکرێکی ئیسلامیی مەدەنی و فرەیی.

• حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان لـەڕووی درووستبوون و ئاراستە و ئامانجەکانیانەوە لە حزبە ئیسلامییەکان جیاوازن، چونکە حزبە ئیسلامییەکان لە بۆتەی ئایینی ئیسلامیدا دامەزراون بە ئامانجی بەستنەوەی دەوڵەت بە ئایینەوە، بۆ ئەوە مەبەستەش کاری سیاسی و دەسەڵاتخوازییان بەڕێوە بردووە. بەڵام لۆژیکی حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان جیاوازە، چونکە ئامانجیان دوورخستنەوەی کەنیسە بووە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەروەها چالاکی حزبییان لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا چڕکردۆتەوە. کاتێك (ئەنتوان ئەدریان لامۆریت) کە قەشەیەکی دەستوری مەسیحیە شۆڕشی فەڕەنسا لە دژی خواستەکانی کەنیسە دەستنیشانی کرد، لە ساڵی 1791دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی کرد، چەند گروپێك پەیوەندییان پێوە کرد کە دژی ڕۆڵی کەنیسە بوون لەناو ژیانی سیاسیدا. کەنیسە تا ساڵی 1891 واتا (100ساڵ) لە دژی ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو، کاتێك پاپا (لیۆنی سیانزەیەم) پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە مەسیحییەکان کرد کاری کۆمەڵایەتی ئەنجامبدەن و بە سیستمی کۆماری، واتا بە سیستمی مەدەنیەوە پابەند بن.

لەگەڵ ئەوەشدا حزبە دیموکراتیە مەسیحییەکان تا ساڵی 1911 بەشدارییان لە کاری سیاسیدا نەکرد، واتا لەدوای تێپەڕینی سەدەو چارەکێك بەسەر

درووستبوونیاندا، پاشئەوەی پاپا بیۆسی دەیەم لە 25ی ئابی 1910دا لە نامەیەکدا بۆ ئوسقوفیەی فەڕەنسا بەشداریکردنی پیاوانی ئایینی لە کاری سیاسیدا سەرکۆنە کرد. لە هەموو بارێکدا، ئەو حزبە ئیسلامییانەی کە بەراورد لەنێوان پێگەی دیموکراسی خۆیان لەناو کۆمەڵگە عەرەبییەکان و نێوان پێگەی دیموکراسی حزبە مەسیحییەکان لە ئەوروپا دەکەن شایەنی ئەوەن کە ستایشی خواستیان لە بەراوردکردنی هەر دیموکراسیەتێکدا بکەن. دەکرێت ئەم خواستە بکرێتە بناغە بۆ دەستپێکردنی دیالۆگێکی جددی لەنێوان مەسیحیەت و ئیسلامدا سەبارەت بە دوو مەسەلەی سەرەکی: یەکەم بریتیە لە نوێگەریکردن لە تێگەیشتنی دین و نوێکردنەوەی پەیڕەو و نەریتەکانی و میتۆدی پیادەکردنی. دووەمیش بریتیە هێنانەدی سیستمێکی گەردوونی کە بۆ هەموو مرۆڤێك بگونجێت ئیتر باوەڕی بە هەر ئایینێك هەبێت. ئەگەر نیازپاکی هەبێت، ئەوا سەرکەوتنی ئەو دیالۆگە کارێکی ئەستەم نییە، چونکە بنەماکانی ئایین و چەمکی دیموکراسی گەواهی دەدات بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان.

پێموایە داهێنانی ئەم سیستمە گەردوونیە بە سیما سوریالیەکەیەوە لە قۆناغی یەکەمدا، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی پێویستە: یەکەم/ هۆکارێکی خۆپارێزیە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی نەکەوێتە گێژاوی شەڕی نێوان ئایینەکان و شارستانیەتەکان، چونکە ئەو ناکۆکی و ململانێیەی لەنێوان ڕەوتە ئایینیەکاندا هەیە (نەك لەنێوان خودی ئایینەکان)دا، نزیکە لە تەقینەوە گەورەکەوە.

دووەم/ داهێنەرانەیە بۆ بەرجەستەکردنی توانای باوەڕداران بۆ ئەوەی ئایین بکرێتە ڕێگە بەرەو مرۆڤ نەك تەنها بەرەو ئاسمان یاخود بەهەشت. درێژەکێشانی بارودۆخی هەنووکەیی بەبێ چارەسەر، کە ڕێگەیەکی موکمینە، نە دەمانگەیەنێتە ئاسمان و نە بەهەشتیش، بەڵکو بەرەو دۆزەخمان دەبات. ئەمە چارەنووسێکی ڕەتکراوەیە، چونکە پێچەوانەی چارەنوسی مرۆڤ و ڕۆڵی دەوڵەت و ڕەتکردنەوەی ئایینەکانە.

# شۆڕش دانپێدانانی بردەوە، ڕژێمیش دەسەڵاتی لە چنگی خۆیدا هێشتەوە

## 7ی نیسانی 2012

لەنێوان لوتکەی عەرەبی و کۆنگرەی دۆستانی سوریا و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەرکەکەی کوفی ئەننان و شەڕەکاندا لەسەر زەوی، دوو موقارەبەی دژەبەیەك سەبارەت بە دۆخی سوریا دەردەکەون: یەکەم لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە رژێم روخاوە، وەرن با دەرچەیەکی بۆ بدۆزینەوە کە پارێزگاری لە یەکێتی سوریا بکات. ئەویتریان لەو ئەگەرەوە سەرچاوە دەگرێت کە شۆڕشی سویا شکتی هێناوە، وەرن با دەرچەیەکی بۆ بدۆزینەوە تاوەکو سوریا نەگەوێتە گێژاوی شەڕی ناوخۆوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە رژێم خۆی وا نیشاندەدات کە بەبێ روودانی شەرێکی ناوخۆ دەمێنێتەوە، شۆڕشیش هیوای بە سەرکەوتن هەیە بێئەوەی سوریا دابەش بکرێت.

هەردوو موقارەبەکە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێن کە رێچکەی رووداوەکانی سوریا سستە، بە پێچەوانەی رێچکەی خێرای هەردوو شۆڕشی تونس و میسرو رێچکەی خێرایی مامناوەندی هەردوو شۆڕشی لیبیا و یەمەن، تەنانەت پێچەوانەی رێچکەی چەقبەستووی شۆڕشی بەحرەینیشە. بەڵام سیستمە ئینتیقالیەکان لە تونس و میسرو لیبیا و یەمەن، ئینتیقالی نین لەنێوان رژێمێکی کۆن و رژێمێکی نوێدا، بەڵکو کەوتوونەتە نێوان شۆڕشێکی سەرەتا کە دزرا و شۆڕشی دووەم کە تۆڵەی شۆڕشی یەکەم دەکاتەوە. ئەگەر بێتو ئەم کاردانەوە شۆڕشگێڕانەیە روونــەدات، ئەم شۆڕشانە دەبنە چەند ناونیشانێکی ساختە بۆ چەند کودەتایەکی راستەقینە، ئەو کاتەش تووشی سەرسوڕمان نابین ئەگەر گەلان

لەو دەوڵەتانەدا داوای «مافی گەڕانەوە» نەك بۆ ناو گۆڕەپانەکان، بەڵکو بۆ سەردەمی رژێمە کۆنەکان بکەنەوە.

ئەوانەی باری رۆژگارە دوورودرێژەکانی سوریا قورستر دەکەن، کە خۆی لەخۆیدا قورس و دژوارە، ئەو (10) دەرئەنجامە سەرەکیە لە ناوییاندا بارییان کردووە:

دەرئەنجامی یەکەم: ئەو رژێمانەی کە لە هەندێك دەوڵەتی عەرەبیدا بە خێرایی روخـــان، لـەلایـەن دوژمنەکانیانەوە نـەڕوخـێـنران، بەڵکو هاوپەیمانەکانیان پشتیان تێکردن. بەڵام لە سوریا هاوپەیمانە سەرەکییەکانی رژێمەکەی (ئێران، روسیا و چین) و(ئیسرائیل) دوژمنە بە وەفاکە، هێشتا پشتیوانی و هاوکاری رژێم دەکەن. ئاشکرایە کە پشتیوانیەکانی روسیا و چین و ئێران لە رژێمی سوریا، زۆر بەسوودترە لە پشتیوانیەکانی ئەمریکاو ئەوروپا و عەرەبەکان بۆ شۆڕشی سوریا. ئەم واقیعە بەرجەستەیە ئاشکرای دەکات کە بواری مرۆیی لە شەڕی سوریا و لە هەموو شەڕێکدا، بریتیە لە پێوەرێکی مامناوەندی لە پرۆسەی دیاریکردنی هەڵوێستی دەوڵەتان بە بەراورد لەگەڵ پێوەرە ماددییەکانی دیکەدا. سەرەڕای تراژیدیە مرۆییە بەرجەستەبووەکان کە بە دەیان هەزار سوری کوژراون و نزیکەی نیو ملیۆن دەربەدەرو ئاوارە بوون، خۆرئاوا بڕیاری نەداوە دەستێوەردانی سەربازی بکات، هەروەها هاوپەیمانەکانی رژێمی سوریا شەرم نەیگرتن کاتێك بوونە هاوهەڵوێست و پەرژینی (کاروانی کوشتن). بەمشێوەیە هەڵوێستی خۆرئاوا لەڕووی ئاکارییەوە لەگەڵ هەڵوێستی روسیاو چین یەکسان دەبێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عەرەبیدا، ئەمڕۆ لە سوریا رۆڵی بەرجەستەکراوی خۆی دووبارە دەبێتەوە کە بە درێژایی (3) دەیە لە لوبناندا بینیویەتی کاتێك ستایشی موقاوەمەتی لوبنانییەکانی لە دژی داگیرکاریی سوریا دەکرد بێئەوەی میکانیزمێك بۆ کۆتایی پێهێنانی پێشکەش بکات.

دەرئەنجامی دووەم: ئەوەیە کە شۆڕشەکانی تونس، میسر، لیبیاو یەمەن بە چەند جورعەیەکی کودەتایی تێرکراوە، چونکە سەرکردەی سوپاکانی ئەو دەوڵەتانە لە دژی سەرانی رژێمەکانیان وەستانەوە، بێئەوەی کودەتا بەسەر خودی رژێمەکاندا بکەن. بۆیە دەسەڵاتدار رۆیشت و سوپا لە دەسەڵاتدا مایەوە. بەڵام لە دیمەشق لانیکەم تاکو ئێستا ئەمریکاو ئەوروپاو تورکیا سەرکەوتوو نەبوون لە دۆزینەوەی (موشیر تەنتاوی) سوریا، بەڵکو پشتیان بە سوپای سوریای ئازاد بەستووە بەو ئومێدەی دۆخێکی کودەتا ئامێزی ناشەڕ درووست بکات و ئەو شۆڕشە ناجێگیرە ببوژێنێتەوە. ئایا جێگەی خەمباری نیە کە باسکردن لە یەکێتی خەسڵەتی رژێمی ئێستا بێت بێت لەجیاتی ئەوەی کە خەسڵەتی شۆڕشی سوریا بێت. ئایا جێگەی نیگەرانی نیە دابەشبوون نیشانەی شۆڕش بێت لەجیاتی ئەوەی نیشانەی رژێم بێت؟

دەرئەنجامی سێیەم: خۆڕاگری رژێمی سوریا لەبەردەم راپەڕینی جەماوەریدا، دەرفەتێکی دایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ناخی رژێمە ئینتیقالییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی دیکە و ئاستی جدییەتی هەنگاوەکانی تاقیبکاتەوە. ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە مایەی نیگەرانی بوو، بە تایبەتی سەبارەت بە توانای ئەو رژێمانە لە چەسپاندنی دیموکراتی دەستەبەرکردنیی ئازادییەکان و رێزگرتن لە فرەیی و پارێزگاریکردن لە یەکێتی خاك. لەبەر ئەوە کۆمەڵی نێودەوڵەتی پشتیوانیکردنی بێ ئەندازەی لە شۆڕشەکان مکۆمکرد، لە چاوەڕوانی ئەڵتەرناتیڤێکی بێکێشە. بۆیە رژێم قازانجی کردو شۆڕش زیانی کرد. دەوڵەتانی خۆرئاوا لەوە دەترسێن کە بەرپرسیارێتی هەنگاوانی شۆڕشەکان بەرەو ئوسوڵیەت بچێتە ئەستۆیان، هەروەکو چۆن بەرپرسیارێتی ئەو شەڕانەیان گرتە ئەستۆیان کە لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتن، بەڵام لەڕوو سیاسییەوە شکستیان هێنا. سەلەفیەت لە کوێت گەشەی کرد، ئێرانیش لە عیراق باڵادەست بووە، لە ئەفغانستانیش تاڵیبان گەڕایەوە، تەنانەت لە لوبنانیش حزبوڵڵا باڵادەست بوو. بەمجۆرە هەڵوێستەکانی روسیاو چین کە

سەبارەت بە barوودۆخی سوریا چاوەڕوانی گۆڕانیان بووین، هێشتا نەگۆڕە. هەروەها هەڵوێستەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و تورکیا و کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەب کە چاوەڕوان بووین نەگۆڕ بێت، بەڵام هاوتا بۆوە.

دەرئەنجامی چوارەم: ئەمریکا و لەگەڵیدا دەوڵەتانی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)، خۆیان بەدوور دەگرن لە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا. دەیانەوێت پارێزگاری لە ئامادەیی سەربازی خۆیان بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر گۆڕانکارییەکی مەترسیدار لە ئێران یاخود لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی یان پاکستاندا رووبدات. لێرەوە، دەبینین کە ئەمریکا بە شێوەیەکی قێزەون لە دەوحە دیالۆگ لەگەڵ تاڵیباندا دەکات، بە ئارەزوو یارمەتی رژێمی پاکستان دەدات، بە شێوەیەکی کاتی گوشار دەخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی پاشگەزی بکاتەوە لە هەر سەرکێشیەکی سەربازی. هانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم دەدات بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، چاوپۆشی دەکات لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئایینەکان لەلایەن رژێمەکانی کەنداوەوە. چارەنوسی رژێمەکانی ئەو دەوڵەتە ئەتۆمییانە یاخود نەوتییانە، زۆر لە سوریا گرنگترە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئاسایشی جیهان، چونکە ئەو رژێمە جگە لە نیشاندانی تواناکانی بۆ کوشتنی گەلەکەی هیچی دیکەی بۆ نەماوەتەوە. کوشتنی گەلان پرسێکە جێگەی تێڕوانینە، بەڵام بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلی نەوت، تاوانێکە جێگەی لێبووردن نییە.

دەرئەنجامی پێنجەم: بریتیە لە هەبوونی بڕیارێکی ئیسرائیلی خۆلادان لە رووداوەکانی سوریا مادام رژێم و ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەسەر هەموو شتێك ناکۆك و جیاوازن، بەڵام کۆکن لەسەر رێزگرتن لە ئاگربەستی جۆلان. لە رێگەی درێژەپێدانی رووداوەکانەوە ئیسرائیل گرەو دەکات لەسەر: هیلاکبوون و بێزاربوونی هەموو لایەنە شەڕکەرەکان، لادانی شۆڕشی سوریا لە رێڕەوی گۆڕینی رژێم بەرەو شەڕی ناوخۆ، گواستنەوەی ئاژاوەکە بۆ

ناو لوبنان و تورکیاو دەوڵەتانی کەنداو، تەقاندنەوەی ململانێکە لەنێوان سوننەکان و شیعەکان و لەنێوان زۆرینە و کەمایەتیە ئاینییەکاندا، هەروەها تێوەگلاندنی ئێران و داچۆڕاندنی توانای ئابوری بەو ئومێدەی راپەڕینەکە دووبارە بێتەوە و پرۆژە ئەتۆمیەکەی دوابکەوێت. بەهۆی سەرجەم ئەم گرەوانەوە، ئیسرائیل کۆنترۆڵی بڕیاری نێودەوڵەتی کردووە لە هەمبەر سوریا زیاتر لە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن عەرەبەکان و تورکیا و ئەمریکاو ئەوروپاوە.

لێرەوە تێدەگەین کە بۆچی هەموو کارتەکانی نێوەندکاران و یاریزانەکان لە سوریا سووتاون، هەر لە سعودیەوە تا تورکیا و قەتەر، تا دەگاتە کۆمکاری عەرەبی و چاودێرانی عەرەبە، لەوێشەوە بۆ لیژنەی دەوڵەتانی گرووپی (بریکس)، تا نێردەی چین و وەزیری دەرەوەی روسیا، دواجاریش بۆ کوفی ئەننان.

دەرئەنجامی شەشەم: راستەوخۆ لەدوای هەردوو دەرئەنجامی سێیەم و چوارەمەوە دێت، ئەویش ئەوەیە کە خۆرئاوا لەبەر چەند فاکتەرێکی سیاسی نەوەك سەربازی، دەستێوەردانی سەربازی لە بارودۆخی سوریا نەکردووە. ترسی دەوڵەتانی خۆرئاوا لە شکستهێنانی پرۆسەیەکی وەها لە دژی رژێمی سوریا، جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی دیکە نییە. کۆمەڵگەی عیراق هەروەکو کۆمەڵگەی سوریا فرەجۆرە، بەڵام پێگەی جیۆسیاسی عیراق لە پێگەی جیۆسیاسی سوریا گرنگترە، هەروەها هێزی سەربازی رژێمی پێشووی عێراق زۆر لە هێزی سەربازی رژێمی ئێستای سوریا بەهێزتر بوو. ململانێی ئایینی و مەزهەبی لە عیراق مەترسیدارترە لە ململانێی ئایینی و مەزهەبی لە سوریا. لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتە خۆرئاواییەکان دووجار دەستێوەردانیان لە عێراقدا کرد. جاری یەکەم لە ساڵی 1991و جاری دووەم لە ساڵی 2003دا بوو. زۆرجار یەکلاییکردنەوەی سەربازی مەسەلەی هێزە زیاتر لەوەی کە مەسەلەی بارودۆخێکی دیاریکراو بێت. دۆخی سوریا بوونی هەیە، بەڵام ویستی نێودەوڵەتی کەموکورتی تێدایە.

دەرئەنجامی حەوتەم: سەرکەوتنی رژێمی سوریا لەدوای چەند شەڕێکی دژوار، لە رێگەی جیاکردنەوەی ناوچە عەلەوی نشینەکان و لە قاقڕوزەدان و تەنگەتاوکردنی هێزە نەیارەکان لە ناوچە سوننە نشینەکان کە رێکخراوە ئوسوڵیە جیهادییەکانی تێدا کۆبوۆتەوە، ئەمە پاڵی بە هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبی و خۆرئاواییەوە نا کە دەرفەتێکی رێگەپێدانی رانەگەیەنراوی پێبدات تاوەکو پێش رووخانی لەو تاقمانە بدات، بەڵام رژێم پێکەوە لە شۆڕشگێڕەکان و جیهادییەکانی دا. تاکو ئێستاش توانیویەتی پارێزگاری بکات لە بێلایەنی دووان لە گرنگترین شارە سوننیەکان (دیمەشق و حەڵەب) کە پێکەوە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سورایایان تێدایە. لەڕووی سەربازی و لەو قۆناغەدا لانیکەم بارودۆخەکەی لە زۆربەی شارەکاندا لە بەرژەوەندی خۆیدا یەکلایی کردۆتەوە. لە کاتێکدا کە ماشێنە سەربازیەکەی لە گەلەکەی دەدات، ئەو رژێمە لە شوباتی 2012دا راپرسی لەسەر دەستوری تازەی سوریا کرد، بێئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر هیچ ناوەندێکی دەنگدان.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دۆخـەدا، شۆڕشی سوریا سەرکەوتوو نەبوو لە درووستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ خۆی، بەڵکو جێمۆڵگە سەرەکییەکانیشی لەدەستدا. سەرەتا شۆڕش بریتی بوو لە راپەڕینێکی میللی، پاشان بووە رێکخراوەیەکی سەربازی. شۆڕشگێڕەکان نیشتەجێ بوون، ئینجا بوونە ئاوارە بۆیە گرنگیپێدان پێیان لە پشتیوانیکردنی شۆڕشەوە گۆڕا بۆ یارمەتیدانیان وەکو ئاوارە و راگوێزراو. ئۆپۆزسیۆن خیارێکی ئەڵتەرناتیڤ بوو بۆ رژێم، بەڵام لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کەوتنە خیانەتکردن لە یەکتری. سەرجەم ئەم شکست و نسکۆیانە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی متمانە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و هاوپەیمانەکانیدا، کە دانپێدانانی شەرمنانە بە ئەنجومەنی نیشتمانی نەیتوانی بیرەوێنێتەوە کە نوێنەرێکی شەرعی سورییەکانە.

ئۆپۆزسیۆننی سوریا دوودڵ نەبوو لە رەخنەگرتن لە دەستپێشخەرییەکەی کۆمکاری عەرەبی، رۆڵی چاودێرانی عەرەب، کۆنگرەی دۆستانی سوریا،

بەیاننامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لێدوانەکانی کوفی ئەنىنان. لەیخۆشیانەوە هاوپەیمانان دوانەکەوتن لە بانگهێشتکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ یەکگرتن، دوایئەوەی کە لە رابردوودا تەنها داوای وازهێنانی جەمسەرەکانی رژێمیان دەکرد.

دەرئەنجامی هەشتەم: چینی بورژوای سوریا، بە تایبەتیش سوننەکان بوونە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم شۆڕشی سوریادا، هەروەکو چۆن چینی بۆرژوای ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بوونە هۆی لەباربردنی شۆڕشی بڕوسیای نەمساوی، دوایئەوەی بینییان چی بەسەر چینی بۆرژوای فەڕەنسادا هات لە ئەنجامی شۆڕشی ساڵی 1789. لەو سەردەمەدا ئەڵمانەکان بە پێچەوانەی فەڕەنسییەکانەوە ئازادی هاوڵاتی و دەوڵەتی بەهێزییان لە یەکتری جیاکردەوە و پاڵپشتی دووەمیان کرد (دەوڵەتی بەهێز). فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ) ئەم وتە بەناوبانگەی راگەیاند: «هەمیشە گەلی ئازادکراو، گەلێکی ئازاد نییە». لەبەر رۆشنایی رووداوەکانی تونس، میسر، یەمەن و لیبیا، چینی بۆرژوای سوریا لە نادیار ترسا، لەوە نیگەران بوو کە سویا پێ بنێتە سەردەمی بەدوایەکدا هاتنی شۆڕشەکان لەپاش سەردەمی بەدوایەکدا هاتنی کودەتاکان (-1949 1070). ئەو چینە وادەزانێت کە رژێمی ئێستای سوریا، ئەگەرچی ئازادی تەواویی بۆ فەراهەم نەبووە، بەڵام بە درێژایی (40) ساڵ سەقامگیری بۆ دەستەبەر کراوە. لەسەر شێوەی زۆربەی بۆرژواکان، چینی بـۆرژوازی سوریا بە پێچەوانەی بزووتنەوەی گەل و مێژووەوە رێدەکات.

دەرئەنجامی نۆیەم: پێشکەوتنی رووداوەکانی سوریا دەریانخست کە گۆڕینی رژێمی دەسەڵاتدار، پرۆژەیەکی دیکەی لە ناخیدا هەڵگرتووە، ئەویش دیاریکردنی چارەنوسی گەلی سوریای فرە پێکهاتە و ئیتنیك و ئایین و مەزهەبەکانە. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی رووداوەکاندا ناکۆکیەکی تائیفی و مەزهەبی خێرا لەناو گەلی سوریادا سەریهەڵدا و کوشتن لەسەر

ناسنامە هاوڕێی ئەو دۆخە بوو، بۆیە بە شێوەیەکی جوزئی دینامیکیەتی شۆڕش پەکیکەوت و رژێم بە شێوەیەکی رێژەیی خۆی بەهێز کردەوە. هێزە سوننەکان لە دەوری دروشمی (الله اکبر)دا خۆیان کۆکردەوە، گرووپە مەسیحییەکانیش لە دەوری دروشمی (ئاسایش لەپێش ئازادی)، کەمینە کـوردی و دورزییەکانیش لە دەوری (حوکمی ئۆتۆنۆمی) کۆبوونەوە. هەرسێ لایەنەکە لە هەڵوێستەکانیاندا هەڵەیان کرد. سوننە شۆڕشگێڕەکان کەمینەکانیان ترساند، کەمینەکانیش لە گەڕان ترسان، هەرچەندە تاکە رێگەیە بەرەو بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراسی. بەڵگەنامە تایبەتەکەی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەگەڵ کاریگەرییەکی کۆنەویستانەدا، نەیتوانی ترس و دڵەڕاوکێکان بڕەوێنێتەوە. ئەگەر پرۆژەی چاوخشاندنەوە بە قەوارەی سوریا جێگەی خۆشحاڵی ئیسرائیل بێت، بەڵام تورکیا و ئەردەن و رژێمی نوێی عیراق دەترسێنێت.

دەرئەنجامی دەیەم: پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی گەورە سەرنج دەداتە دروستکردنی هاوسەنگیەکی رێژەیی لەنێوان هەردوو حاڵەتی سوننەگەرایی و شیعەگەراییدا بۆ ئەوەی رێگە بگیرێت لە پوانخوازی یەك لایەن بەسەر وزە و تواناکانی ئەم ناوچەیەدا و پاساوهێنانەوە بۆ سەلماندنی یەهودییەتی دەوڵەتی ئیسرائیل. هەروەك بـەدووری دەزانم کە رژێمی نوێ دەستی سوننەکان واڵا بکات بەسەر هەموو ناوچەکانی سوریادا. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت عەلەوییەکان کە لە ساڵی 1970وە دەسەڵاتی سوریایان لە دەستدایە، لەدوای گۆڕینی رژێمی ئێستا پارێزگاری لە جۆرە قەوارەیەك دەکەن. کەواتا ئێمە لەڕووی جوگرافیەوە لەبەردەم پووکانەوەی رژێمی عەلەویداین نەك لەبەردەم روخاندنی بە تەواوەتی (ئەی لوبنانییەکان پشتێنەکانی یەکبوون توند ببەستن).

ئەم دەرئەنجامانە ئاشکرای دەکەن کە بارودۆخی سوریا قورسایی و بارگرانی بەسەر روانگەکەیدا هەیە. شۆڕشی سوریا سەرکەوتوو بوو لە

لەرزاندنی بونیادی رژێم، بەڵام نەیتوانی بیڕوخێنێت، رژێمیش توانی شۆڕش دامرکێنێت، بەڵام نەیتوانی کۆتایی پێ بهێنێت.

یاسای باری ئاسایی کە لە دژی گەل جێبەجێ دەکرا، ئێستا بەسەر رژێمیشدا جێبەجێ دەکرێت. بارودۆخەکە چارەنوسی شۆڕش و رژێمی تێپەڕاندووە بەرەو چارەنوسی سوریا، وەکو قەوارە و گەل پێکەوە. لە سوریا شۆڕش گۆڕا، بەڵام هێشتا رژێم نەگۆڕاوە. شۆڕش لە بەهارەکەی دوورکەوتەوە و رژێمیش لە زستانەکەیدا مایەوە، شۆڕش وەك شۆڕشی گەل نەمایەوە، رژێمیش وەکو دەوڵەت نەماوەتەوە. رژێم هێشتا پێویستی بە گۆڕانە، بەڵام ئیتر شۆڕش پێویستی بە چاکسازیە.

# سەرکەوتنی شۆڕشە عەرەبییەکان بەندە بە کۆتاییهاتنی فتوحاتی ئیسلامی

## 4ی ئایاری 2012

ئەوەی لە رابردوودا زستانی عەرەبی نەیترساندبێت، ئەمڕۆ لە بەهاری عەرەبی ناترسێت. ئـەوەی بەربەرەکانێی لەگەڵ رژێمە عەرەبییەکان کردبێت، دژایەتی شۆڕشە عەرەبییەکان ناکات. بەهاری عەرەبی وادەی چاوەڕوانکراومە، تکام لێکرد درێژەبکێشێت و سەقامگیر ببێت، بەڵام رۆیشت و چاوەڕوانی نەکردم، ئەوەش خەمباری کردم و تووشی شۆکی کردم. رژێمە عەرەبییەکان بۆ ماوەی (40) ساڵ لەسەر دڵمان مانەوە پێشئەوەی بڕۆن، بەڵام رایەڵەی شۆڕشە عەرەبییەکان تەنها (40) رۆژ بەردەوام بوو. من وەکو مەسیحیەك یاخود وەك هاوڵاتیەکی گەڕیدە بە ئایین و نەتەوەکاندا بەرەو لوبنان (نیگای جیهانگیری خۆرهەڵاتی) ئەمە یەکەمجار نییە تووشی شۆکی عەرەبی دەبم.

لە گۆڕەپانەکاندا پشتیوانی شۆڕشە عەرەبییەکانم کرد و لە کۆشکەکانیشدا نکۆڵیم لێکرد. لە دەموچاوی گەنجە کچ و کوڕەکاندا پشتیوانیم لێکرد، بەڵام لە دەست فەرمانڕەوا تازەکاندا دژی وەستام. لە خواست و داواکارییەکانی بۆ یەکسانی پشتیوانیم لێکرد، بەڵام لە جیاکاری رەگەزیدا دژی وەستام. لەناو دۆکیۆمینتەکانی شێخی ئەزهەرو رەوتـی (المستقبل) و حزبی کەتائیبی لوبنانیدا پشتیوانیم لێکرد، بەڵام لە یاساکانی ئیخوان موسلمین و سەلەفیە جیهادییەکاندا رەتمکردەوە. لە بۆتەی دروشمی (ئازادییەکانم بۆ بگەڕێننەوە) پشتیوانیم لێکرد، بەڵام لە دروشمی (واعـدوا لهم)دا رەتمکردەوە. لە دروشمی (دیموکراسی چارەسەرە) پشتیوانیم لێکرد، بەڵام لە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) دژی وەستام. لە هەموو کات و شوێنێکدا

دژایەتی ڕژێمە ڕاوەستاوەکان دەکەم، دژایەتی دەکەم لە هەموو کۆمار، شانشین و ئیمارەتێکدا، دژایەتی بیروباوەڕو دروشمەکان و ڕەفتارەکانی و دەسەڵاتدارەکانی دەکەم.

لێرەوە ئیتر شتێکی شیاو نیە کە هەندێکمان ئەوانی دیکەمان تاقی بکەینەوە تاوەکو بزانین ئەو لەگەڵ شۆڕشەکاندایە یاخود ئەویتر لەگەڵ ڕژێمەکاندایە. پرسیاری مەسیحییەکان ئەگەر لەپاڵ شۆڕشەکاندا بن ئێستا لەجێی خۆیدا نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا ڕەتکراوەتەوە، دوایئەوەی کە شۆڕشگێڕەکان شۆڕشیان بەسەر شۆڕش و گەلەکانیاندا کردو کەوتنە گومان لە ڕژێمە تازەکانیان. ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت، ئەوەیە کە ململانێیەك لەناو شۆڕشەکاندا بەرپا بووە پێشئەوەی ململانێی نێوان شۆڕشەکان و ڕژێمەکان کۆتایی پێبهێنرێت. ڕژێمەکان دادەخورێن و شۆڕشەکانیش خۆیان دەخۆنەوە، ئەگەر ڕژێمە ڕاوەستاوەکان پرسە ناسیۆنالیستیەکانیان کردبێتە بڵقی سەرئاو، ئەوا ڕژێمە تازەکان پرسی مرۆڤیان کردووەتە بڵقی سەرئاو.

من دەبینم بزاڤی عەرەبی خۆی دەرباز دەکات لە شۆڕشی گەلان بەسەر ڕژێمەکاندا و دەکەونە ناو گێژاوی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا لە هەمبەر گەلانی ناوچەکەدا، لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانەوە زیاتر لە گۆشەنیگای بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی. لەبەر ئەوە نە ئەو ڕژێمە کۆنانە سیستمی منن، نە ئەو شۆڕشە هەناردەکراوانە شۆڕشی منن، نە ئەم دەستورە تازانەش دەستوری منن. تراژیدیای مرۆڤی عەرەبی ئەوەیە کە خۆی سەرپشك ناکرێت لەگەڵ شتێکدا بێت، بەڵکو ناچار دەکرێت لە دژی هەموو شتێك بوەستێت.

بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە هەندێك پێیانوایە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات یەکەمین بەهار نیە تاوەکو پشتگوێی بخەین پێشئەوەی حوکمی لەسەر بدەین. لە ماوەی (100) ساڵی ڕابـردوودا، جیهانی عەرەبی بە درێژایی ئەم خاکی ئارامی-کەنعانی- فینیقیە هەر لە ئۆقیانوسەوە تا کەنداو زیاتر

لە بەهارێکی بەخۆیەوە بینیوە. لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، چەندین وەرزی بەهارمان بەڕێکرد و هەموویمان لەباربرد و بێهیوامان کردن. ئێمە مۆڵەتدراوین بە بزربوون لە ساتە مێژووییەکاندا.

• یەکەم: بریتی بوو لە بەهاری بیری ناسیۆنالیستی کە ڕێگەیەك بوو بۆ تێپەڕاندن و پەڕینەوە لە حاڵەتی عوسمانی بۆ حاڵەێکی عەرەبی کە بەڵێنیدا بە گەشانەوە و شارستانێتی و کولتورو دیالۆگی نێوان ئایینەکان.

• دووەم: بریتیە لە بەهاری ئەو قەوارە عەرەبییانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدا نراوە، چونکە گەلانی عەرەبی لە قۆناغی سنجق و ئەیالاتەکانەوە گۆڕا بۆ قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی شەرعی خۆیان، هەروەها لە قۆناغی دەسەڵاتی (فەرمان هومایۆنی)وە گۆڕا بۆ قۆناغی حوکمەکانی دەستور.

• سێیەم: بریتیە لە بەهاری ڕاپەڕین و شۆڕشەکان لەسەر نەخشەکانی سایکس بیکۆ، کاتێك هەندێك لە کەسایەتیە عەرەبییەکان ئەو دابەشکردنانەیان ڕەتکردەوە، بەڵام ئیمڕۆ دەبێت پارێزگاری لە قەوارەکانی سایکس بیکۆ بکەین.

• چوارەم: بریتیە لە بەهاری حزبە نیشتمانی و عەقائیدییەکان کە بەڵێنیان بە نەوەکانی عەرەب داوە دەربازییان بکەن لە ئینتیمای عەشائیری و دەرەبەگایەتی بەرەو ژیانی حزبی و دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان.

• پێنجەم: بەهاری سەربەخۆیی گەلانی عەرەبی کە پێویست بوو دەوڵەتانی عەرەبی یەك لەدوای یەك لە قۆناغی ئینتدابی ئەوروپیەوە بەرەو سەربەخۆیی نیشتمانی ئاراستە بکەن.

• شەشەم: بەهاری بونیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و دامەزراندنی دامودەزگا دەستوری و ئیدارییەکانی بە ئامانجی گواستنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوچەکانەوە بۆ پایتەختی ناوەندی و نوێکردنەوەی ژیانی گشتی.

• حەوتەم: بریتیە لە بەهاری یەکێتی عەرەبی لە رێگەی یەکگرتنە دووقۆڵی و سێقۆڵی و چوارقۆڵییەکانەوە، هەروەها لە رێگەی میساقی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبەوە کە بۆ خۆی پرۆژەیەکی یەکبوونی بەردەوامە لەنێوان دەوڵەتە عەرەبییەکاندا.

• هەشتەم: بەهاری کەنداوی عەرەبی، کاتێك نەوت فیچقەی کردو بیابانی وشکی گۆڕی بۆ شاری ئاوەدان و لمی زەردیشی گۆڕی بۆ ئاڵتونی رەش. ئەمەش وایکرد دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بگەنە ئاستی دەوڵەتانی کاریگەر لەسەر بڕیاری جیهانی.

• نۆیەم: بەهاری بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل کە دوو دەرفەتی لەبەردەم عەرەبدا رەخساند: یان سەرکەوتن لە شەڕی دژ بە ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانەوەی فەلەستین، یاخود سەرکەوتن لە دانوستانکردن لەگەڵیدا لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتیەکی داوەرانـەدا نەوەك ئاشتی سانتیمەترات و کۆمەڵگە جێنشینەکان.

• دەیـەم: بریتیە لە بەهاری عیراق، کاتێك دەوڵەتە خۆرئاواییەکان سەرەڕای ئامانجەکانی خۆیان، مافی بڕیاری چارەنوس و دەرفەتی بونیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی یەکگرتوویان پێشکەشی گەلی عیراق کرد.

• یانزەیەم: بەهاری لوبنان کە لەساڵی 1982دا لەگەڵ بەشیر ئەلجومەییل و روخاندنی بیرۆکەی نیشتەجێکردن و دابەشکردانداندا درەوشایەوە، ساڵی 2000 بە ئازادکردنی باشووری لوبنان لە هێزی داگیرکەری ئیسرائیل و ساڵی 2005یش بە شۆڕشی ئورز پیرۆز کرا. هەروەها سوپای داگیرکەری سوریا بەبێ چەك وەدەرنرا و تەواوی گەلی لوبنان کەوتنە بەردەم تاقیکردنەوەی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی وڵات.

• دوانزەیەم: بریتیە لە بەهاری شۆڕشە عەرەبییەکانی ئێستا کە لە سەرەتادا بووە دیاردەیەکی مەزن، کاتێك گەلانی عەرەبی لە خۆرئاواوە تاکو بابلمەندەب راپەڕین و بە بە خاکی نیل و وڵاتی شام و کەنداودا تێپەڕی

کرد. دڵم گەشبۆوە و دەروونم پڕبوو لە هیوا. وتم: «ئەمەیە ئەو شۆڕشە خۆشەویستانەی من کە پێیان شادومان بووم».

مەسیحییەکانی خۆرهەڵات بەشێکی ئەو بەهارانەیان پێکهێنا و بەشدارییان لە هەندێکی تریاندا کرد، نەبوونە مایەی لەباربردنی هیچ بەهارێك. ئەوان عەلییان نەکوشت، بەڵام موعاویە ئەوانی کوشت. موعاویەیان نەکوشت، بەڵام ئەلعەباس ئەوانی کوشت. ئەلعەباسیان نەکوشت، بەڵام ئەلحاکم بە ئەمری خوا ئەوانی کوشت. ئەلحاکم بە ئەمری خوایان نەکوشت، بەڵام عوسمان ئەوانی کوشت، کاتێکیش عوسمانیان کوشت، دوژمنەکانی کوشتیانن. مەسیحییەکانی وەکـو پـرۆژەیـەك بۆ هەڵسانەوە، پرسی نەتەوەکانیان تەرحکرد بەڵام لە دژییان وەستایەوە. ئایا ئەمڕۆ نەتەوەکان لەکوێن؟ ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە ئیسلامی، ئیسلامیش بووە ئوسوڵی، هەروەها سوریش بوو بە شامی، لوبنانیش بووە تائیفیی. ئایا ماوەی سەت ساڵە تا ئەمساڵ لەو هەموو بەهارەدا چیمان کرد؟ بەو هەموو بەهاو پرۆژە و خەون و ئاستەنگانە چینان بەچی کرد؟

ئەوەی کە بووەتە هەڕەشە لەسەر بەهارەکانی پێشوو، هەمان شتە کە هەڕەشە لە بەهاری عەرەبی نوێ دەکات، ئەوەش سیستمی عەرەبی دایکە. بە ئەنقەست هەوڵدەدەین بۆ روخاندنی رژێمە عەرەبییەکانی ئێستا، لە کاتێکدا هەموویان روخاون ئەگەر سیستمی دایك نەگۆڕێت. رژێمە بەدیلەکان بریتین لە لقی نوێ و دەبەسترێنەوە بە سیستمی دایکەوە، چونکە لە هەمان مەرجەعیەتی فیکرییەوە سەرچاوەیان گرتووە و درووستبوون. ئەگەر عەقڵی عەرەبی نەگۆڕێت، سیستمی عەرەبیش ناگۆڕێت. شۆڕشەکان بەرپا دەبن، رژێمەکان دەڕوخێن، ناوو ناونیشانەکان دەگۆڕێن، بەڵام مرۆڤی عەرەبی هەر پابەندی یەك سیستم دەبێت. تاکجەمسەریی عەقائیدی رێز لە فرەیی سۆسیۆلۆجی ناگرێت ئەگەرچی دانی بە بوونیدا ناوە، بەم پێیەش ئازادی، دیموکراتی و یەکسانی بوونیان نابێت.

ئەم سیستمە دایکە زیاتر لە تیرۆرکردن و شەڕو راگواستن و کوشتن لەسەر ناسنامە، مرۆڤی مەسیحی خۆرهەڵاتی و عەرەبی دەترسێنێت. ئەمانە رووداوی ئەمنین، هەیانە بە واژۆکردنی چارەسەرێکی سیاسی کۆتایی پێدێت، هەشیانە بە دادپەروەری یەکلایی دەکرێتەوە. بەڵام سیستمی دایك بریتیە لەو غوددە بونیاتگەرایە سەرجەم ئەو هێزانە جیادەکاتەوە کە شکست بە هەموو شۆڕشەکان و رژێمە ئەڵتەرناتیڤەکان دەهێنن. من لە شکستی درێژخایەنی عەرەب دەترسێم نەك لە بەهاری عەرەبی کە گوزەر دەکات. رەنگدانەوەی شکستی عەرەبی تەنها لەسەر مەسیحییەکان ماڵ نیە، بەڵکو هەموو ئەو موسڵمانانش دەگرێتەوە کە لە ئیسلامی پەیام (اسلام الرساله) دەگەڕێن، نەوەك لە ئیسلامی خەلافەت. لە بۆتەی شکستی عەرەبیدا جێگەیەك بۆ ئەزمونی رەوتی (المستقبل) نیە لە گرەوکردنی یەکەم لەسەر لوبنان، هەروەها جێگەیەك نیە بۆ ئەزمونی حزبی کەتائیب لە گرەوکردنی لەسەر فۆرمی لوبنان، هیچ جێگایەکیش نیە بۆ رەوتی عەلمانییەکان لە گرەوکردنیان لەسەر جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

لە شکستی عەرەبیدا جێگەی گەنجان و بژاردە و پێشکەوتنخوازەکان نیە، جێگەیەك بۆ ئەوانەش نیە کە دەستیان بە شۆڕشەکان کرد، بە محەمەد ئەلبوعەزیری شەهیدی یەکەمیشەوە، بەڵکو جێگەیەك بۆ موفتی میسرو شێخی ئەزهەریش نییە. لەوانەیە هێشتا جێگەیەك بۆ شێخ ئال ئەلشێخ موفتی سعودیە هەبێت کە داوای روخاندنی کڵێساکانی کرد لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا.

من خۆم لەناو سیستم و شۆڕشانێکدا دەبینم کە وەکو بەهایەکی رەها دان بە مرۆڤدا دەنێن، بەڵام وەك بەهایەکی خۆیی دان بە ژنان و وەك بەهایەکی رەسەن دان بە ئەویتردا دەنێن. وەك بەهایەکی گشتی بۆ ئازادی و وەکو بەهایەکی سەرەکی بۆ یەکسانی دەڕوانن. من خۆم لەناو سیستم و شۆڕشێکدا دەبینم کە رووبەرێکیان بۆ دیالۆگ و وشە، ژیان و خۆشی، کولتورو

هونەر، چاوو دەموچاوەکانی تێدایە. من خۆم لە شۆڕشێکدا نابینمەوە کە تێیدا هەموو شتێك سەبارەت بە جەستەی ژن بێت بەبیانووی ئایندەی ژن. خۆم لە شۆڕشێکدا نابینمەوە کە ئایین وەکو سەرچاوەی یاساکان بسەپێنێ لەجیاتی گەل. خۆم لە شۆڕشێکدا نابینمەوە بۆ پێشوو بشنێت لەجیاتی ئەوەی خەون بە داهاتووەوە ببینێت. خۆم لە شۆڕشێکدا نابینمەوە ئەویتر بە دوژمن یان بێباوەڕ ببینێت لەباتی ئەوەی بە برا و بەشدار بیبینێت. ئێمەی مەسیحی راشکاوانە دەیڵێین، پێویستمان بە بڕیارێکی ئیسلامیانەیە کە کۆتایی سەردەمی فتوحات و دەوڵەتی ئیسلامی رابگەیەنێت بۆ ئەوەی بگەینە بەرجەستەکردنی ئەو راستیەی کە ئیسلام هاوبەشە نەك فەرمانڕەوا.

به قسەکانیان خاترمان دەگرن کە دەڵێن: کەمێك ئارامگرتن باشە، چونکە ئەمانە شۆڕشن نەوەك کودەتا. لە سەرەتادا بەوجۆرە تێگەیشتبووین، بەڵام دەرکـەوت کە کودەتا بوون نەوەك شۆڕش. کودەتاکانی رابردوو بە راگەیەنراوی (ژمارە یەك) دەکران، بەڵام کودەتا تازەکان بە (فەتوانی ژمارە یەك) ئەنجام دەدرێت. دەزانم کە شۆڕش کاروانێکی دوورو درێژە و پێشئەوەی جێگیرو سەقامگیر بێت چەندین قۆڵت و کۆسپ تێدەپەڕێنێت. بەڵام رێڕەوی شۆڕشە عەرەبییەکان بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ نیگەرانم دەکات، چونکە رێڕەوێکە بۆ کشانەوە بەرەو دواوە و بۆ رابردوو دەڕوانێت نەك بۆ ئایندە. بۆیە دەبینین شۆڕشەکان پرۆژەیەکن بۆ گرتنەدەستی دەسـەڵات نـەوەك پرۆژەیەك بۆ هەڵسانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە پرۆژەیەکە بۆ ململانێ نەوەك بۆ سەقامگیری.

کاتێك لە ساڵی 1989دا بەهاری یەکێتی سۆڤێت و ئەوروپای خۆرهەڵات بەرپابوو، ساڵێك تێپەڕی نەکرد دەوڵەتەکان و رژێمەکان و کۆمەڵگەکان ئارام و سەقامگیر بوون و ناسنامەی شارستانی و سیاسی خۆیان نیشاندا. ئەو دەوڵەتانە لە سیستمی کۆمۆنیستیەوە نەگۆڕان بۆ سیستمی کریستیانی، بەڵکو گۆڕان بۆ کۆماری عەلمانی، فرەیی سیاسی کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ

و گروپەکان دەگرێت. کڵێساش کە شۆڕشەکانی ئەوروپایی خۆرهەڵاتیان تەقاندەوە، دەستیان بەسەر رژێمەکاندا نەگرت، لەگەڵ ئەوەیدا کە گەلانی ئەو دەوڵەتانە هەموویان کریستیانن. پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم کە فریادڕەسی شۆڕشەکان بوو کشایەوە و پیرۆزبایی لە عەلمانییەکان کرد. کڵێسا بەوەندە بەشداریکرد کە داوای لە کیشوەری ئەوروپا کرد رێز لە بەهاکانی مەسیحیەت بگرن بەبێ هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەستورەکانی مەسیحیەت. بەڵام رێـڕەوی شۆڕشە عەرەبییەکان پێچەوانەیە: خاوەن بیروڕاکان لە رابردوودا شۆڕشە عەرەبییەکانیان هەڵگیرساند، بەڵام سوپا دەستیان بەسەردا گرت، ئەمڕۆش عەلمانییەکان شۆڕشە نوێکانیان هەڵگیرساند و ئیسلامیە توندڕەوەکان دەستیان بەسەردا گرت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە پاڵپشتی گەلانی عەرەبی بکەین لەپێناو دەربازبوون لە تاریکی کۆمەڵایەتی و ستەمکاری سیاسی و توندوتیژی ئەمنی. هەروەها ئەرکمان ئەوەیە سنورێك بۆ شۆڕشە عەرەبییەکان دابنێین نەکەونە گێژاوی ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ناکۆکییەکانی نێوان ئایینەکان و تائیفە و مەزهەبەکان. ئەرکی سەرشان رۆڵێك دەسەپێنێت، بەڵام رۆڵی کریستیانەکانی خۆرهەڵات لە دیاریکردنی چارەنووسی جیهانی عەرەبیدا ئەوەیان بەسەردا ناسەپێنێت کە ببنە بەشێك لە ململانێکە ئەگەرچی پێشەنگن لە هەڵبژاردنی ئازادیدا. رۆڵەکە بەپێی جۆری ململاێکە و ئامانجەکەی و توانای کریستیانەکان لەسەر کاریگەری نواندنی ئەرێنیانە دیاریدەکرێت بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەرییان.

بە دڵنیاییەوە هەستان بەو رۆڵە تەرەفگیری نییە، چۆنکە رۆڵێك لە بێلایەنیدا هەیە، رۆڵێکیش لە دیالۆگدا هەیە. ئەمانە هەمووی رۆڵی بەسوودن نەوەك هەڵوێستی چەقبەستوو. ئەو کەسەی چاوخشاندنەوەیەك بە رۆڵی کریستیانە عەرەبەکان لە مێژوودا بکات، بۆی دەردەکەوێت کە رۆڵی

ئەوان داهێنەرانە بووە نەك تەرەفگیری کردن، بەڵکو هەمیشە ئاراستەیان بەرەو خۆلادان بووە لە ململانێکان. ناسیۆنالیستی لوبنانی سەرپەرشتکارێتی تێپەڕاند، ناسیۆنالیستی سوری سایکس بیکۆی تێپەڕاند، ناسیۆنالیستی عەرەبیش سەڵتەنەتی عوسمانی تێپەڕاند. بیرۆکەی عەلمانی رۆڵی ئایینەکانی تێپەڕاند، هەروەها میساقیەتیش گرێی دابەشبوونی تێپەڕاند.

ئەو بێلایەنیەی کە عەرەبە کریستیانەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بەرامبەر رووداوەکانی ئێستادا پێوەی پابەندن، نیشانەی ترسنۆکی یاخود دەستکێشانەوە لە رۆڵی مێژوویان نیە لە بواری درووستکردنی بڕیاری عەرەبی و چارەنووسی عەرەبیدا، بەڵکو نیشانەی ژیریی و واقیعبینی و پەرۆشیە بۆ پارێزگاریکردن لە بوون. زۆرجار کریستیانەکان پێش خەڵکی دیکە دەکەون لە پابەندبوونیان بە پرسە گەورەکانەوە کاتێك ململانێکە لەنێوان عەرەبەکان و هەر دوژنێکی دەرەکیدا ئیتر ئایین و رەنگ و ناسنامەی هەرچیەك بێت. بەڵام کاتێك ململانێکە لەنێوان دوو لایەنی عەرەبیدا و لەناو یەك دەوڵەتدا روودەدات، دەبینی کریستیانەکان بێلایەنی ئەرێنی هەڵدەبژێرن. وەکو کریستیان لە ئاست بێلایەنی خۆماندا شەرم دامانناگرێت، چونکە قەرزاری هیچ کەسێك نین. وەکو هاوڵاتی لوبنانی هیوادار بووین ئەزمونی لوبنان بکەینە نموونەیەکی جوان بۆ شۆڕشە عەرەبییەکان و سیستمە تازەکان، بەڵام ئیسرائیل و رژێمە عەرەبییەکان، بە تایبەتیش رژێمی سوریا هیچ شتێکی باشیان بۆ جێنەهێشتین تاوەکو پێشکەشی بکەین. ئەوان یەکێتی لوبنانیان لەرزاند، گەلی لوبنانیان دابەشکرد، لە نەخشە و پێکهاتەی لوبنانیان دا، دیموکراسی لوبنانیان شێواند، دەوڵەتی لوبنانیان هیلاك و ماندوو کرد، میساقی لوبنانیان لەکەدار کردو دەستورەکەیان سڕییەوە. ئەمڕۆش بۆ ئەوەی سوود لە سەرقاڵبوونی جەللادەکان بە کێشەی خۆیانەوە وەربگرین، وەرن با لوبنانی قوربانی رزگار بکەین و جێگەی ئەوان بگرینەوە و خۆمان تیماری خۆمان بکەین. کەی لوبنانییەکان لە ئاست مەینەتییەکانیان

بەئاگا دێنەوە و دەوڵەتەکەیان رزگار دەکەن، کەی عەرەبەکان لە ئاست هەڵەکانیان بەئاگا دێن و شۆرشەکانیان رزگار دەکەن؟ ئەگەر هێشتا بوار نەبێت بۆ بوژاندنەوەی سیستمەکان، بەڵام دەرفەتە لەبەدەستدایە و هەڵکەوتووە بۆ گەشتاندنی شۆڕشەکان.

-2-

# گۆڕانكارييەكانی لوبنان

# ئایا بژاردەش وەکو سیاسییەکان شکست دەهێنێت؟

## 30ی حوزەیرانی 2008

کاتێك هەندێك کەس باسی بژاردە (النخبە) دەکەن وا دەزانن ئەوان رەگەزێکی کۆمەڵگەیی تایبەت و جیاوازن و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرامبەر گەلدا قوتیان دەکەنەوە گوایا (لەو پێشکەوتووترە) و ستافی سیاسیش (لەوان بە تواناترە). ئەمە لە کاتێکدا کە بژاردە دەچێتەوە سەر سەرجەم چین و توێژەکانی گەل. بـژاردە هیچ بەهایەکی زیـادەی نیە تەنها بەو ئاستە نەبێت کە ئایا تا چەند لە پێشکەوتنی گشتیدا بەشدارە و پابەندە بە بەرپرسیارێتییەکانی بۆ رابوونی کۆمەڵگە. بژاردە چین نیە، بەڵکو جۆرایەتیە، بژاردەییبوونیش موژدەبەرێتی نیە، بەڵکو پێشەنگە.

لەنێو (10) کەسایەتی بـژاردە کە فەرەنسییەکان لە ساڵی 2007دا هەڵیانبژاردن، نـاوی هیچ کەسایەتیەکی سیاسی تێدا نەبوو لەگەڵ ئەوەیدا کە فەرەنسییەکان بە گشتی خۆیان بە ئیمتیازەوە بژاردەن. ناوی چێشتلێنەرێك، مۆسیقارێك، تەکنیککارێك، ئەندازیارێکی تەلارسازی، هونەرمەندێکی شێوەکارو دەرهەێنەرێکی سینەمایی لەنێو کەسایەتیە هەڵبژێردراوەکاندا بوو. گۆڤاری (فۆربس)ی جیهانی لە ساڵی 2006دا ناوی چێشتلێنەری فەرەنسی (ئالان دوکاس)ی لەناو ریزبەندی (100) لە گرنگترین کەسایەتیە کاریگەرەکانی جیهاندا دانابوو. کەواتا بژاردە (نخبە) توێژێکی فرە ئاست و فرە وزەیە و سنوری هەموو پیشەکان دەگرێتەوە: بژاردەی هەژار و دەوڵەمەند، ئەکادیمی و سەندیکایی، کلاسیکی و نوێخوازی، ئایینی و عەلمانی، جەماوەری و بۆرژوازی، شارستانی و ناوچەگەریی، سەربازی و ئەمنی هەیە. هەندێك بژاردە هەن دەکرێنە سیاسی وەك رێگەیەك بۆ ئەنجامدانی کارێکی نیشتمانی، هەندێکی دیکەش بە پەرۆشیەوە بۆ دەرکەوتن لەرووی سیاسیەوە هەنگاو دەنێن. هەندێك بژاردە هەن حەزییان لە ئەنجامدانی کاروباری گشتیە وەکو بەشێك لە کاری کۆمەڵایەتی و مرۆیی، هەندێکی دیکەشیان ئارەزوویان لە کاروباری تایبەتیە کە بچێتە خزمەتی گەشەپێدانی گشتیەوە. چەند بژاردەیەکی دیکە هەن بە خۆپەرستی

و نەرجسیەت دەناسرێن و لەناو جیهانێکی دیکەدا دەژین. وەلحاڵ هیچ شتێك زەمانەتی ئەوە ناکات کە هەموو بژاردەیەك خاوەنی بەرگرییەکی ئەخلاقی و نیشتمانی بێت، کە بەهێزتر بێت لەو سیاسییانەی کە گلەییمان لێیان هەیە، یاخود خاوەنی هەستێکی دروستە کە بەسەر هەستی خەڵکی ئاساییدا زاڵە، کەواتا ناکرێت حیکمەتی گەل بە کەم بزانرێت.

لێرەدا دەگەینە ئەم (3) دەرئەنجامەی خوارەوە:

1. بڕوانامەی بەرز و توانا و سەلیقە بە تەنها بژاردە درووست ناکەن.

2. مـرۆڤ نابێتە کەسێکی بـژاردەیـی ئـەگـەر تواناکانی خـۆی لە خۆدەوڵەمەندکردنی مادیدا چڕ بکاتەوە، ئەگەر بە حەڵاڵ و دەستهاتووش بێت.

3. تەنها ئەو کەسانە بە بژاردە پۆلێن دەکرێن کە خاوەنی شکۆو بیروباوەڕ و بەرگری و ئازایەتی و بوێرین. بە پێچەوانەشەوە ترسنۆك و ناپاك و هەلپەرست و خۆبەدەستەوەدەرەکان ئەگەر زانا و فەیلەسوف و سەرکردەش بن نابنە کەسانی بژاردە (نخبوی). جێگەی داخە کە نە سەرکەوتن هەمیشە هاوتای پابەندبوونە بە بەهاکانەوە ، نە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیش هاوتای پێشکەوتنی ئەخلاقیە.

ئەخلاق بە تەنها مانای شەرم و هاوسەنگی ناگەیەنێت، بەڵکو هاوسەنگی زانستی پرۆتۆکۆلە و ئەخلاقیش زانستی بەهایە. بژاردە ئەو کەسەیە کە پێوە پابەند دەبێت و بەرپەرچی ئەزمونە خراپەکان دەوەستێت و خۆڕاگری نیشاندەدات لەبەردەم ترساندن و کاریگەریدا، بە تایبەتی لە بەرامبەر هێزو داراییدا. میسالیەت ئەندێشە نیە، بەڵکو لەم جیهانەدایە و فەزیلەتێکە قابیلی چەسپاندنە. گەندەڵیش چارەنوس نیە، بەڵکو بەڵایەکی پیسە لە دژی سروشتی مرۆڤایەتی و قابیلی بەگژداچوونەوەیە. لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ سنوردارکردن و جیاکردنەوەی ئەخلاق و بەهاکان لە کاری نیشتمانی، پاساوێکە بۆ واڵاکردنی گۆڕەپانی سیاسی و دەرخستنی کەسانێك کە مەرج

و خەسڵەتە خوازراوەکانیان بۆ کارکردن لە بواری سیاسیدا تێدا نیە. ئەگەر کەسی سیاسیی پاکژ نەبێت، ئازادیش نابێت. ئەو کەسەش کە ئازاد نەبێت ناتوانێت ببێتە بژاردە و رابەرایەتی گەلێکی پێناکرێت.

لە سەرەتادا دەوڵەت بۆ ئامانجێکی سیاسی درووست نەبووە، بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکی ئیداری درووست بووە ئەویش بریتیە لە: گرنگیدانە بە کاروباری کۆمەڵ و بەباشی رێکخستنی کاروباری گشتی و تایبەتی. پاشان شێوازی دەوڵەتی هەڵکەوتوو قاڵبێکی دیکتاتۆری یاخود دیموکراتی وەرگرت، سیاسەتەکانیشی ئاشتیخوازانە یان شەڕەنگێزانە بوو، بیروباوەڕیشی بووە بیری راستڕەوی یان چەپڕەوی. بەڵام گەشەکردنی مرۆیی لەگەڵ کاتدا ئەوەی سەپاند کە ئیدارە و سیاسەت، واتا پێکەوەبەستنی نێوان ئەخلاق و نیشتمانیبوون پێکەوە بگونجێن، بەو شێوەیەش چەمکی بژاردەکان سەریهەڵدا.

لوبنان لە مێژووی نوێیدا بە کۆمەڵێك بژاردەی بە ئەزمونی (لوبنانی-عروبی، لوبنانی-خۆرئاوایی) ئاشنا بووە، سەرەڕای جیاوازی سەرچاوەی کێشەکانی لەڕووی لەبەریەك هەڵوەشان، داگیرکاری، پووکانەوە، نەبوونی یەکڕیزی و سەربەخۆیی، نەبوونی سەربەخۆیی و رابوون و بوژانەوە. بژاردەی یەکەم بژاردەیەکی مارۆنی بوو، سەرکێشی کردو داوای دامەزراندنی لوبنانی گەورە، واتا (لوبنانی مێژوویی)ی کرد. دووەم بژاردەیەکی کریستیانی سەرتاسەری بوو، بڕوای بە قەوارەی گەشەکردوو هەبوو کاریکرد بۆ بڵاوکردنەوەی لەناو چین و تایەفە جیاوازەکانی لوبناندا. سێیەمیش بژاردەیەکی کریستیانی و ئیسلامی بوو کە خواست و ئارەزووە هەرێمییەکانی خۆی سڕکرد، لەگەڵ ئینتیدابی فەڕەنسیدا ژیا و دەوڵەتێکی دیموکراتی خاوەن دامودەزگای دەستوری و ئیداری و پەروەردەیی و ئابوری بونیاتنا. ئەم بژاردە نیشتمانیە دەرفەتێکی مێژوویی قۆستەوە و سەربەخۆیی لە فەڕەنسییەکان وەرگرت و توانی میساقێك بۆ پێکەوەژیانی نیشتمانی و تائیفی دابێنێت کە بە (شێوازی لوبنانی نموونەیی) ناسراوە.

لە کاتێکدا ئەم بژاردە فرە مەزهەب و تائیفەیە فەرمانڕەوایەتی لوبنانی دەکرد، چەند بژاردەیەکی کریستیانی و ئیسلامی دیکە بۆ لوبنانێکی بچوك، یاخود بۆ لوبنانێکی یەکبوو لەگەڵ نەتەوەیەکی جوگرافی سوری یاخود نەتەوەیەکی عەرەبی ئیسلامی پەرۆش بوون و بۆی دەشنین. ئەگەرچی پێکهاتەی ئەم بژاردە لوبنانیە کریستیانیەی دوایی بەرە بەرە چووە پاڵ کاروانی سەربەخۆیی، بەڵام پێکهاتە ئیسلامیەکەی، بەرلەوەی سوێند لەسەر لوبنان بخوات، ماوەی چەند دەیەیەك عینادی کردو وزەی خۆی لە رەوتی ناسری و شۆڕشی فەلەستینی و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و چەپڕەوی وەردەگرت. سەرجەم ئەو بژاردە یەك لەدوای یەکە شایەنی ستایش و رێز لێگرتنن، چونکە هەیانە رۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی نیشتمانێکدا کە بۆ چەندین دەیە خۆرهەڵات و خۆرئاوای سەرسام کرد، ئەگەرچی هەر بە لاوی تووشی میکرۆبی خۆیی و ناخۆیی بوو. هەشیانە بیرێکی ناسیۆنالیستی بوێرانەی هەڵگرت کە دۆخی ناوچەی عەرەبی بەپیت کرد، ئەگەرچی بە دەردی شۆڕشە ساختەکان و ئوسوڵیەتە خۆسەپێنەکان، هەر بە کۆرپەیی مرد. بەڵام ئەو بژاردانە، لە سەدەی رابردوودا چەندین هەڵەی ستراتیژییان کرد کە پرۆژەکانیانی لەباربرد و خەونی گەلی لوبنانیان لەناوبرد. لە رێگەی درزەکانیی ئەو هەڵانەشەوە شەڕ دزەی کرد بۆ لوبنان. ئەو مارۆنییانەی کە پاڵشتی گەلی لوبنان بوون، بە شێوەیەك حوکمیان دەکرد وەکئەوەی لوبنان گەلێکی کریستیانی بێت. ئەو موسڵمانانەش کە قەوارەی لوبنانیان قبوڵکرد، بەشدارییان کرد لە نیشاندانی دڵسۆزی بۆ لوبنان. ئەو خاوەن بیرە عەقائیدیانەش کە لوبنانیان بە بەشێك لە قەوارەیەکی گەورەتر دەزانی، پەییان بە زاڵبوونی ئایینی ئیسلام بەسەر فیکری ناسیۆنالیستی و عەلمانیاندا نەبرد، بەڵکو پشتیان بە چەند رژێمێکی عەرەبی دەبەست.

ئەو سەرکردانەش کە پایەکانی سیستمی دیموکراسیان دانا، لوبنانیان وەکو زۆنێکی دەرەبەگایەتی پشتاوپشت هێشتەوە. کاتێکیش هەندێك لەو

بژاردانەی لوبنان لە ئاست هەڵەکانیان بەئاگا هاتنەوە، خێرا دەستیانکرد بە راستکردنەوەیان، بەڵام کات تێپەڕیبوو، بۆیە نە گەلی کریستیانی، نە گەلی لوبنانی، نە گەلی عەرەبی و میراتێك هەبوو کە وەریبگرێت. دەوڵەتی هاوچەرخ بووە بیرەوەری بەساڵاچووەکان، شێوازی نموونەیی لوبنانیش بووە مۆزەخانەی مۆم، نیشتمانی گەورەش گۆڕا بۆ کۆمەڵێك نیشتمان کە هێشتا لە قۆناغی دروستبووندان.

لەوەتای کە بژاردەکانی سەرەتا (1920-1989) هەڵوەشاونەتەوە، پرۆسەی گەڕان لە بژاردەیەکی نوێ دەستیپێکردووە. ئەرکەکە تاقەت پڕوکێن و قورسە، چونکە هاتنەناوەوەی بژاردەیەك بۆناو ژیانی سیاسی لە لوبنان زۆر قورسترە لە «تێپەڕاندنی حوشتر بەناو کونی دەرزیدا». لە سەدەی رابردوودا، ستافی سیاسی سەرەڕای هەڵەکانی، ستافێکی بژاردەیی (نخبوی) بووە و لەناو منداڵدانی ئینتیداب و سەربەخۆیی و نێردە زانکۆییەکان و موقاوەمەی لوبنانی هاتۆتە دەرەوە. بەڵام ئایا ستافی سیاسی بژاردەیی خوازراو لە کوێوە دێت؟ ئایا لە سەنگەرەکانی شەڕەوە دێت، ئەگەرچی لە بەشەکانی ناوەڕاست و کۆتاییدا قێزەون بوو؟ ئایا لە سندوقەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە دێت کە سەرلەبەری بەهۆی نەبوونی یاساو پارەو هاوپەیمانێتیەکانەوە ساختەیە؟ ئایا لە ناوەندەکانی هەواڵگری سوریاوە دێت، کە تاوەکو 26ی نیسانی 2005 ئەرکیان راوەدونان و چەوساندنەوەی بژاردەکان بوو (شەوەکانی شەرمەزاری لە عنجەر و بۆریفاج)؟

لە ماوەی (20) ساڵی رابردوودا جگە لە هەڵە و سەهوکردن، خراپترین جۆرەکانی خۆسەپێن و کەشیش و هەلپەرستەکان لەناو ریزەکانی بژاردە لوبنانییەکاندا. ئەوەندە بەسە کە ناوی کەسە بژاردەکان بخەینە ڕوو، بزانین چۆن ئەم بژاردەیە خۆی خزاندە ناو لیستێکی هەڵبژاردنەوە و چۆن فڵانە بژاردە کورسیەکی وەزاری وەرگرت، هەروەها چۆن فڵانە کەسی بژاردە پۆستێکی ئیداری، حزبی یاخود راوێژکاریی وەرگرت، چۆن بژاردەکان توانا

شارەزاییەکانیان خستە خزمەتی کەسانی نەخوێندەوارەوە لەبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندن، یاخود خستیانە خزمەتی دەسترۆیشتوەکانەوە لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتیان هەیە. چۆن چەندین کەس لە بژاردەکان لە بەرەی راستەوە چوونە بەرەی چەپەوە، لە بەرەی عەلمانیەتەوە چوونە بەرەی ئوسوڵییەکان. ئەوەندە بەسە ئەم راستیە تاڵانە ئاشکرا بکەین، تاوەکو درك بکەین کە لوبنان لە گێژاوی لەدەستدانی بەهاکان و نەمانی رەوشتدا دەژی. ئەگەر بێینە سەر دەستنیشانکردنی بژاردە راستەقینەکان، دەبینین کە بازاڕی لوبنان پڕە لە بژاردەی ساختە و درۆ.

لە ساڵانی رابـردوودا بـارودۆخ لە بەرژەوەندی بژاردە راستەقینەکاندا نەبوو. بژاردە کریستیانییەکان لە دەرگای حزبەکان و دەوڵەتیاندا، بەڵام بەڕوویاندا نەکرانەوە. بژاردە شیعییەکانیش لەلایەن ئوسوڵیەتەوە راوکران و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی لوبنانی دەرچـوون، بـژاردە سوننەکانیش لەلایەن رەوتەکانی پارە و سامانەوە قۆسترانەوە و کاروبارەکانیان بۆ ئاسانکردن. بژاردە دورزییەکانیش خۆیان ماندوو نەدەکرد و تێکڕا کونجی قەناعەتیان گرت، بەڵام ئەو بژاردانەی کە لە دژی ریتمی پۆلێنکردنی تائیفی هەڵگەڕانەوە، بژاردەی جیاوازو تایبەتمەند بوون، ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەیان ئەنجامدەدا کە لە پرسە دەچوونن، چونکە نەیانتوانی بیرکردنەوەی نوێیان بۆ واقیعێکی گۆڕاو بەرجەستە بکەن. چۆن بەمە رازی ببین؟ کوا رۆڵی ئەو هێزە زیندوانە، کوانێ دەستپێشخەری و دامودەزگاکانیان؟ کوانێ سوربوون و تێکۆشانیان؟ کوانێ کاریگەرییان لەسەر گەل و سیاسییەکان؟ کوانێ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەیان و کودەتا سپیەکانیان لەکوێیە؟ کوانێ قوربانیدانیان بۆ رزگارکردنی لوبنان لە داڕوخانی شارستانی و سیاسی و فیکری و تائیفی؟

جگە لە هەندێك کەسایەتی نیشتمانی، تاقمی سیاسی ئێستا هەڵگەوتەکەی هەویریی (هەلامیە)، گروپێك لەدوای دەستگرتنیان بەسەر چەند بەشێکی لوبناندا لەلایەن رێکخراوە فەلەستینییەکانەوە قەبە و گەورەکراون. گروپێك

لەلایەن داگرکاریی سوریاوە دروستکراوە و دەیـان دانەیان لێ کۆپی کـردوون. گروپێك پاشماوەی عەشاماتی میلیشیاکانن. گروپێك لە ساڵی 1992دا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکەوە کە لەلایەن زۆرینەی گەلەوە بایکۆت کرا، نوێنەرایەتیان بە ساختە وەرگرت. گروپێکی دیکە پارەو پولی حەڵاڵ یان حەرام هەڵیخەڵەتاندن. گروپێکی دیکەیان لەلایەن شۆڕشی ئێرانەوە هەڵتۆقێنران و پارەو چەکی زۆرییان بۆ ناردن. گروپێك لە نەبوونەوە لەلایەن چەند رەوتێکەوە لە نەبووەوە دروستکراون. گروپێك چووە ژێر باڵی خاوەن کەرامات و نێوچەوان بەرزەکان و گەل راهاتووە لەسەر خزمەتکردنە تایبەتییەکانی لەسەر حسابی خزمەتکردنی نیشتمانی. گروپێك لەناو رەحمی دایکیدا دەرچوو بینی کە کورسییەکانی بۆ ئامادەکراوە. دواجاریش چەند گروپێکی زۆر کەم بە خەبات و تێکۆسانی چەندین ساڵە و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران گەیشتنە پێگەو پایەی خۆیان، بەڵام چەند ساڵێك چەوسێنرانەوە و تەنگەتاوکران، یاخود دورخرانەوە و زیندانیکران یان شەهید بوون. سەرەڕای مەینەتییەکانی ئەو چەند گروپە کەمە، زۆرینەی کەسایەتییەکانی تەواو لە ئەزمونە تاڵەکانیان و تراژیدیا و دۆڕانە مێژووییەکانیان فێر نەبوون.

جێگەی سەرنجدانە هەموو ئەم گروپانە لەناو ریزەکانیان یاخود لەناو باخچەی دواوەیاندا چەند بژاردەیەکیان، بە چەمکی هەڵگرانی بڕوانامە هەیە، کە بەپێی مەرجەکانی بژاردەی دەسەڵاتداری سەرەوە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمڕۆ هەندێك بارودۆخی نەرێنی و ئەرێنی هەیە ڕێگە خۆشدەکەن کە بژاردەی راستەقینە لەو دوودڵیەی دەربچێت و لە گۆڕەپانی نیشتمانیدا دەربکەوێت. بارودۆخی نەرێنی بریتیە لە: شکستخواردنی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی لوبنان، چونکە هێزە مەسیحییەکان دابەشبوون، هێزە شیعەکانیش دیلی ئەو چەکانەن کە لە ڕێڕەوی راگەیەنراوی خۆیانیان لاداون و بوونەتە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی ناواخن. هێزە سونییەکانیش توشی نسکۆیەکی سەربازی و سیاسی بوون، هەروەها هێزە دورزییەکان لە

چیا بەو قارەمانێتیەی خۆیان، هەست بە بوونی گەمارۆدانێکی جوگرافی دەکەن. دامودەزگا دەستوری و رەسمی و ئیدارییەکان کاریگەرێتی و هاوسەنگی خۆیان لەدەستداوە. بە یەك وشە: ئەوان هەموویان لەبەردەم تەڵەزگەدان. هەیانە شکستی هێناوە، هەشیانە سەرەڕای سەرکەوتنیان لە ساڵی 1982و شەڕی رزگاری ساڵی 2000، راپەڕینی ساڵی 2005، خۆڕاگریەکەی ساڵی 2006و رەتڵێك بڕیاری عەرەبی و نێودەوڵەتی، بەڵام لە بەدیهێنانی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاددا شکستیان هێنا.

بەڵام هۆکارە ئەرێنییەکان بریتین لە: هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارێکی نوێ، خواستی چین و توێژێکی بەربڵاوی گەل بۆ گرەوکردن لەسەر گەشەکردنی دەوڵەتی نوێ لەجیاتی هەندێك هێزو حزبی دیکە کە لە ساڵانی رابردوودا بێهیوای کردوون. هاندانی لوبنانییەکان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ نوێکردنەوەی ژیانی سیاسیان لە رێگەی کۆمەڵێك سیاسەتی نوێوە، هەروەها بوونی سیمای چەند گۆڕانکارییەکی هەرێمی کە هێزو تینێکی گەورە دەداتە بیرۆکەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە لوبنان و ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ناوچەکە.

بەرپرسیارێتی بژاردەکان ئەوەیە کە سنوری هەموو ئەو چاوگ و بارودۆخە جیاوازانە تێبپەڕێنێت و بیکاتە بنکەیەکی دەستپێکردن سەبارەت بە کاروباری گشتی لەسەر چەند بنەمایەکی نیشتمانی و ئەخلاقی کە لە بناغەدا لەسەر ئەم چەمکانە بونیاتتراوە:

* کارکردن بۆ کۆکردنەوەی ریزەکانی کۆمەڵگە بژاردەکان لەناو مەنزومەیەکی دامەزراوەیی نوێ کە بتوانێت زاڵبێت بەسەر دابەشبوونە سیاسییەکانی ئێستادا، بەو شێوەیەش ببێتە پەناگەیەك بۆ ئەوانەی کە دەخوازن کاربکەن لە بواری کاروباری گشتیدا لەناو چوارچێوەیەکی دیموکراتی راستەقینەدا. بەردەوامبوونی کۆمەڵگە بژاردەکان وەکو قارچك زاوزێ دەکەن بێئەوەی هیچ هەماهەنگیەك لە نێوانیاندا هەبێت تاکو بە نەزۆکی بیاننهێڵێتەوە، بە تایبەتی کە ئیرەیی و خۆپەرستی لەنێوان بژاردەکاندا سنوری ململانێ و ناکۆکییەکانی

نێوان ئەهلی سیاسەتیان تێپەڕاندووە. ئەرکی ئەم مەنزومە دامەزراوەییە نوێیە بریتیە لە دانانی پرۆژەیەکی گۆڕانکاری زاڵبوو بەسەر کاریی سیاسیدا تا دەگاتە نەمەتی بیرکردنەوە و بەڕێوەبردنی گشتی لەناو کۆمەڵگە و ژیاندا. لەسەر بناغەی ئەم پرۆژەیە سیستمەکە سنوری پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکان لەسەر زەوی دەکێشێت. هۆکاری شکستهێنانی بژاردەکانی ئێستا لەوەدا کە نەبوونەتە ئەڵتەرناتیڤێکی متمانەپێکراو لەبری ستافی سیاسی لە ئێستادا بریتیە لە دوودڵیەکەی لە بڕینی پەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کلاسیکییەکاندا و گەیشتنی بە بەدەستهێنانی هەندێك پۆست بەبێ ڕێزگرتن لەو بنەمایانەی کە لەپێش گەیشتنی بەو پلەو پۆستانە بانگەشەی بۆ دەکردن.

* بڕوابوون بە قەزیەیەك و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان لە پێناویدا. ئەوەی لە لوبنان مامەڵە لەگەڵ سیاسەتدا بکات، پێویستە لەسەری ببێتە خاوەنی قەزیە، چونکە لوبنان نیشتمان و قەزیەیە پێشئەوەی دەوڵەت و ئیدارە بێت. ئەوەشی کە هەڵگری پەیامی قەزیەیەك بێت، سەرکەوتنەکەیی نابەستێتەوە بە سەرکەوتنێکی خێراو فەوری، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە کاروانێك کە لەوانەیە خۆی بەرهەمەکەی نەچنێتەوە، بەڵکو لەلایەن نەوەکانی داهاتووەوە دەچنرێتەوە.

* ئەگەر وابزانێت کە گرتنەدەستی لێپرسراوێتیە دەستورییەکان ئەرکێکی نیشتمانیە سنوری ئامانج و خواستی شەخسی دەبەزێنێت، بۆیە کەسە بژاردەکان هەموو بەرکەوتەیەکی هەڵبژاردنی خۆیان بەبێ شەرم و سڵەمینەوە دەبەنە ڕێوە.

* نەبەستنەوەی کارکردن لە بواری کاروباری گشتیدا بە خواستی گەیشتن بە پۆستە وەزاری و پەرلەمانییەکان بە تەنها، چونکە دەسەڵات لە جیهانی نوێدا ئیدی تەنها چەند پۆستێکی فەرمی نین، بەڵکو بریتین لە پێگەو فۆکەسی کاریگەر. لە ئەمریکاو ئەوروپا، ئابوریناسەکان سیاسەت دروستدەکەن، ڕاگەیاندنکاران و میدیاکارانیش سیاسییەکان درووستدەکەن.

# دووباره دارِشتنەوەی ئەندازەی (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشە

## 5ی تشرینی دووەمی 2008

ئەو ماوە مۆڵەتپێدانەی کە کریستیانەکان لـەدوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ساڵی 2008دا هەستیان پێکرد، لەوانەیە بگۆڕێت بۆ مەترسی لەسەرییان ئەگەر بێتو کەڵکی لێوەرنەگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوبەشەکانیان لە نیشتمانپەروەریدا دانەنرێن. داڕشتنەوەی هەیکەلی دەستوری نوێی دەوڵەتی لوبنان ناکەوێتە ژێر کاریگەرێتی گۆڕانکاریە کاتییەکان و لە کاتی سەرکەوتنێکی کاتی یاخود لەبەردەم دۆڕانێکی راگـوزەردا هەموار ناکرێت. بە واتایەکی روونتر، کریستیانەکان هەڵە دەکەن ئەگەر وای دابنێن کە ئەو سنوردارکردنەی ئێستایان هەمیشەیی دەبێت، بەو شێوەیەش بەو قۆناغبەندیەی دڵخۆش دەبن و ئەو مەسەلە بنەڕەتی و جەوهەرییانەیان لەیاد دەکەن کە چەندین دەیەیە بەدەستیانەوە دەناڵێنن و بە هەر شێوازێك بێت داوای چارەسەرکردنیان دەکەن. کاریگەری رێککەوتننامەی تائیف کۆمەڵگەی کریستیانی خستە نێوان دوو حاڵەتی شکست و بێموبالاتی لەگەڵ نیشاندانی بەرگریەکی شەرمنانە، پاشان لە ترۆپکی راپەڕینە هەتیوەکەی 14ی ئاداری 2005دا وەکو ترانزێت تێپەڕین.

ژمارەی کریستیانەکان کەمیکرد، ئەوانیتریش نیشانەی ئاماژەیان لەدەستدا. ئیتر وەکو جاران سەرنجی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆرییان نـەدەدا. کاتێك تەماشای مانگیان دەکرد وایاندەزانی نانە، واتا بە نانی ژیانیان دەبینی، لە کاتێکدا ژیان بۆ خۆی گۆرانی بەرخۆدانە. گەلی کریستیانی پێویستیان بە پرۆگرامێکی سیاسی مەنهەجی تەواوو تۆکمە هەیە کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا

بگونجێت، خەبات و بەرخۆدانی تێدا بەرجەستە ببێت بە سودوەرگرتن لە گۆڕانکاریە جیهانییەکان. ئێستا کریستیانەکانی لوبنان بوونە خاوەنی شوێنێك بەبێ پێگە، بوونە خاوەنی پێگەیەك بەبێ بوونی کاریگەری، بوونەتە خاوەنی بیروباوەڕ بەڵام بەبێ هەڵوێست، خاوەنی هەڵوێستن بەبێ گۆڕینی بۆ کردەوە بوونە خاوەنی مەسەلەکە، بەڵام بەبێ ڕێبازو مەنهەج.

پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە پێکهاتەی کریستیانی کە دەسەڵاتە سەرۆکایەتییەکانی سنوردارە، هەروەها پێکهێنانی حکومەتیش لە دەستدانی ویفاقی نیشتمانی، پڕچەککردنی سوپای لوبنان بە چەکی حزبوڵلا و گردبوونەوەی (14)ی ئاداری ئوسوڵیە سوننەکان و هاوپەیمانێتی (8)ی ئاداری جیهادیە شیعەکان، پێویستە لەیادیان نەکات کە کردنەوەی باڵیۆزخانەی فەلەستین لە لوبنان واتا بوونی نزیکەی نیو ملیۆن فەلەستینی لەسەر خاکی لوبنان دەسەلمێنێ بە چەکەکانیان و ململانێکانیان و خەمەکانیان و کێشە ئەمنییەکانیان لەناو خێوەتگاکان و لە دەرەوەیان. ئەو بێدەنگیە شلوشاوەی لە باشور هەیە، درووستبوونی کۆلۆنیالیەکی ئێرانی تەواو و تێروپڕە و تاکو بیقاع درێژ بۆتەوە. پێویستە ئەوەیان لەید نەچێت کە پرۆژەی گۆڕینەوەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەنێوان بەیروت و دیمەشق، پرۆژە مێژووییەکانی سوریایە لە دژی قەوارەی لوبنان و ڕێککەوتنی (دۆحە) کە داوای دەستورێکی فیدرالی و باشکردنی بارودۆخە هەرێمایەتییەکان دەکات کە بانگەشە بۆ بێلایەنبوونی لوبنان دەکەن. هەروەها پێویستە لەیادیان نەچێت کە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی شەستەم، هەوڵدانە بۆ یاسایەکی دیکەی هەڵبژاردن کە یەکسانی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات و لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە مەرسومی ڕەگەزنامەپێدان دەنگدانی ڕەوەندی دەرەوە پەسەند بکرێت، لەگەڵ بیرۆکەی ویفاقی نیشتمانی لە لوبنان.

کاتێك کە مەسیحییەکان زۆرینەی پێگەکانی دەسەڵاتی ناوەندییانن لەدەستدا بوو، وایان دەزانی کە بوکەڵە سیاسییەکەیان بارێکی هەتاهەتاییە، لە کاتێکدا

کە لۆژیکی مێژژوو ڕێگە نادات لەناو کۆمەڵگەیەکی فرە تائیفە، خاوەن گەشەی خێرا، پێشکەوتوو لـەڕووی کەلتوری و دەورەدراو بە ژینگەیەکی ئاڵۆز، تەمەنێکی درێژی هەبێت. پێیانوابوو کە قەوارەی ناوخۆیی دەوڵەتی لوبنانی گەورە لەبەردەم هەڕەشە و ئاستەنگەکاندا خۆڕاگر و بەهێزە، بەڵام لە راستیدا وەکو پرۆژەیەکی مێژوویی بیرۆکەیەکی پێشەنگ و لەڕووی جوگرافیەوە شکستخواردووە، هەرچەندە ئەزمونێکی یەکبوونی هەڵکەوتووە، بەڵام سیستمێکی مەرکەزی شکستخواردووە. قەوارەی دەوڵەتی لوبنان هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە، نیشانەکانی لاوازی تێدا بەدەرکەوتن، چونکە بە میرات لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی و ئەو ژینگەیەی دەوریداوە بۆی گوازراوەتەوە، کە ئازادی و فرەیی فێرنەبووە و بەبێ پاشکۆیەتی و دەستدرێژیکردن و داپلۆسین زمانی پێکەوەژیان و پاراستنی ئارامی خەڵکانی تر نازانێت.

مەسیحییەکان بیرۆکەی لوبنانی گەورە و ناوەندییان داهێنا، بۆ ئەوەی ئازادییان بکات، بەڵام بوونە کۆیلەی. شێوازی پێکەوەژیانی تائیفیان داهێنا، بەڵام بۆیان بووە کوشتارگەلی شەهیدەکان، موژدەی یەکبوونی لوبنانییەکانیان هێنا، بەڵام تەنانەت قسەکردن لەسەر یەکێتی و یەکبوون بووەتە شورەیی. ئەگەر خەڵکانی تر داوای یەکێتی سوریا یان یەکێتی عەرەبی بکەن ئەوە مافێکی نەتەوەییە، بەڵام ئەگەر مەسیحییەکان داوای مافی چارەنووس بکەن، ئەوە بە ناپاکیی نیشتمانی لێکدەدرێتەوە. سەردەمی بەخۆحەیابوون و هەستکردن بە گوناه کۆتایی پێهات، ئایا چی ماوەتەوە تاکو جێگەی عەیب و شورەیی بێت؟

کاتێك کە دەوڵەتی لوبنان لە ساڵی 1920 بە جیاکردنەوەی سنورە مێژووییەکانی درووسـت بوو، لەلایەن چەند چین و تاقمێکی لوبنانی و عەرەبیەوە رەتکرایەوە، کاتێکیش سەربەخۆییمان بەدەستهێنا سازشمان لەسەر ناسنامەکەی کرد. کاتێکیش دەوڵەت دامەزرێنرا، لە بارەی سیاسەتی بەرگری و دەرەکیەوە ناکۆك بووین، کاتێکیش سەقامگیری بەدیهات و پێشکەوتن باڵی

بەسەردا کێشا، لەڕووی ئەمنی و سەربازییەوە لێماندرا. قەوارەی لوبنان لەسەر زامەکانی خۆی نوست نەبادا گەل نیگەران بێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئازارەکانی زیادیان کردو سنوری بێدەنگی و پشوودرێژی بەزاند، بۆیە بە هەموو لایەکدا هاواری کرد.

لە ساڵی 1958دا نیشتمان هاواری کرد و ئێمەش ججورعەیەکی (ناصری – شەهابی)مان لێدا و پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناسنامە دەستپێکرد. ساڵی 1969 دەوڵەتە خوێنی لێچۆڕا، ئێمەش ڕێکەوتنی قاهیرەمان پێدا و لەدەستدانی سەروەری دەستپێکرد. ساڵی 1975 شێوازەکە گۆڕا و دەستپێشخەری سوریامان بۆ هێنا کە لەناوی بردو قۆناغی داگیرکردن دەستپێکرد. ساڵی 1982 گۆڕەکەمان هەڵدایەوە و جەستەی لوبنان –مان دەرهێنا و روحمان بەبەردا کردەوە و پێشئەوەی لەگەڵیدا بکەونەوە زۆرانبازی، هەروەکو هەورێکی هاوین ژیا. ساڵی 1988 لوبنان هاوارەکەی دووبارە کردەوە و ڕێکەوتنی (تائیف)یان بە شێوەیەکی رواڵەتی بۆ ڕێکخست، بەو جۆرەش جەوهەرییان لەناوبرد. ئەوەتا ئیمڕۆش ڕێکەوتنی تائیف بە پێکهاتنی دەوحە دەبوژێننەوە ، بەڵام دەوڵەت بە شێوەیەکی رواڵەتیی دەستی بە جووڵان کردەوە، بێئەوەی چارەسەرێکی بۆ پرسی بوون و قەوارەبوون پێببێت.

ئەمڕۆ لوبنانییەکان بەرەنگاری هەموو ئەو قەیرانانە بوونەتەوە کە لە ساڵی 1020وە دوایان خستبوون، تەنانەت تا ئەو ساتەش لە ڕێگەچارە قورسەکان رادەکـەن، فێڵ لە چارەنوسیان دەکـەن و ڕێز لە وادەی بەدەستهاتووە مێژووییەکان ناگرن. هەر خشتەو ئەجێندەیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە کەڵەکەبووانە، ئەمڕۆ وادەکات ئەوەی دەکرا سبەی کردنی ئەستەم بێت. لەوانەیە ئەمڕۆ بتوانین یەکێتی خاکی لوبنان بە شێوەیەك لە شێوەکان رزگار بکەین، بەڵام سبەینێ ئەگەری دابەشبوون لە ڕێگەیە. لەوانەیە ئەمڕۆ لە تواناماندا بێت چارەسەر بە شێوەیەکی ئاشتیان ئەنجامبدەین، بەڵام سبەینێ چارەسەر لە نوکی لولەی تفەنگەوە دەردەچێت.

دەرفەتی زۆر لەبەردەم لوبنانییەکان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنەڕەتی (نەك قەوارەیی) هاتنە پێش، بەڵام سەرکردە مارۆنییەکان دوودڵ بوون لە قۆستنەوەیان و بوونە قوربانی نیشاندانی چەند هەڵوێستێکی ئەرێنی کاتی. ساڵی 1943 رێگەی یەکێتی و سەربەخۆییان تەواوکرد و سەرسام بوون بە نیشتمانپەروەری سەرکردەیەکی سوننی گەورە ئەویش (ریاچ الصلح) بوو. ساڵی 1959 مەسیحییەکان بڕوایان بە دیمەنی خێمە لەسەر سنوری لوبنان - سوریا کرد و پێیانوابوو ئەوە بەسە بۆ ئەوەی سوریا و میسر رێز لە سەربەخۆیی لوبنان بگرن. ساڵی 1976 لە خۆشیدا فڕین و شاگەشکە بوون بە وتارەکەی حافز ئەسەد لە 20ی تەموزی ئەو ساڵەدا و جگە لە (بەشیر ئەلجومەییل) هەموویان هەلهەلەیان بۆ دەستپێشخەرییەکەی سوریا کێشا.

ساڵی 1982 وایانزانی کە حوکمی حزبی (کەتائیبی لوبنانی) کە بەهێزترین حزبی مەسیحی بوو، سەرکەوتنێکی هەمیشەیی دەبێت بۆیان. ئەم خاڵە ئەرێنییانە کە تێپەڕین، مەسیحییەکانی هەڵخەڵەتاند، بۆیە دەستیان بە مانەوەی دەوڵەتی ناوەندییەوە گرت و دەستوریان پیرۆز کرد و شێوازی پێکەوەژیانیان هەڵبژارد و گۆڕینی سیمای دەوڵەت و رژێمەکەیان رەتکردەوە (هەرچەندە دەیانتوانی گۆڕانکاری بکەن)، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بوون و رۆڵ و کاریگەرییان دەپوکایەوە و دۆست و هاوپەیمانەکانیان یەك لەدوای یەك پاشەکشەیان لێدەکرد. مەسیحییەکان وایان پێباشبوو لەسەر گرۆتینی سەرکەوتن و یادی بیرەوەرییەکانی وەك (لوبنان بۆ ئێمەیە) بژین، لەجیاتی گەڕانیان بەدوای سیستمێکی جێگیر کە هیچ دۆڕان و سەرکەوتنی تێدان نییە بەدەر لەوەی کە سیستمی دیموکراسی بۆیانی بەرجەستە دەکات. ئێمە درووستبوونی دێوەزمەیەکی جوگرافیمان ناوێت بۆ ئەو (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەڵکو خەونێکی ئینسانیمان دەوێت کە بەگوێرەی فرەییمان سیما ئەندازەییەکەی بۆ رووبەرە ناوخۆییەکەی بکێشین.

دوایئەوە چی هەیە لوبنانییەکان کۆبکاتەوە؟ قەوارە یاخود دەوڵەت، ئایینەکان یاخود تائیفەکان؟ هاوپەیمانەکان یاخود دوژمنەکان، سیاسەت یاخود بەرگریکردن؟ دادپەروەری یاخود توندڕەوی؟ ژمارە و چەندایەتی یاخود جۆرایەتی، شیکردنەوەی مێژوو یاخود بینینی ئاییندە؟

ئـەوەی لوبنانییەکانی کۆکردۆتەوە خۆمەڵاسدانە لەپشت سەرکردە و رابەرەکانیانەوە، هەروەها رۆیشتنیان وەکـو گـورگ لەپشت رق و کینەکانیانەوە. کاتێك دەوڵەت بەهێز و پێشکەوتوو بوو ئەوان قەوارەیان درووستکرد، کاتێکیش دەوڵەت داڕما بڕوایان بە قەوارە کرد، بۆیە پێکەوە دەوڵـەت و قەوارەشیان لەدەستدا. کەواتا هیچ قەوارەیەکی یەکگرتوو نییە بەبێ یەکدەوڵەتی. مەسیحییەکان رازی نەبوون رووبەڕووی راستیە مێژووییەکان ببنەوە و بەدوای شێوەیەکی لوبنانی نوێدا بگەڕێن، ئەوەش لەبەر چوار هۆکار:

یەکەم: پێیان وابوو چاوخشاندنەوە بە راگەیاندنی لوبنانی ساڵی 1920 دانپێدانانە بە هەڵەکانی رێگەچارەی ئەو قۆناغە لە مێژووی لوبنان.

دووەم: بەدەستهێنانی پشتیوانی و فریاکەوتن هەر کاتێك رووبەڕووی شەڕ و دەستدرێژیکردن دەبوونەوە.

سێیەم: لەو بڕوایەدا بوون کە قەیرانە یەك لەدوایەکەکانی لوبنان جگە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی قەوارەی لوبنان، هیچی دیکە نییە.

چوارەم: ترسانیان لەوەی کە نەیارەکان هەرجۆرە پێشنیازێکی بونیاتنەرانەی نوێ بە پرۆژەی دابەشکردن بدەنە قەڵەم کە لە بیرەوەری مەسیحییەکاندایە.

ئەمڕۆ، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنی دیالۆگی نیشتمانی دووەم، لەسەر سەرکردە مەسیحییەکان و بە تایبەتی مارۆنییەکان پێویستە خۆیان دووربگرن لە کەوتنە ناو تەڵەی تاوتوێکردنی چەند ستراتیجێکی سەربازی و بەرگری و رزگاریخوزایی، وەکئەوەی کە دواڕۆژی لوبنانی لەسەر وەستابێت، لە کاتێکدا کە بریتین لە فێڵێکی نوێ و سەرقاڵمان دەکات بەو کودەتا

بەردەوامەی کە لە دژی دەوڵەت و قەوارە و شێوازی سیستم هەیە. گەلی مەسیحی هیواخوازە سەرکردەکانی پرۆژەی گۆڕانکاری راستەقینە بخەنە بەردەمی هاوبەشەکانیان لە نیشتماندا، دوور لە هاوسەنگی هێزە سیاسی و سەربازییەکان لەبەرئەوەی کاتین، چونکە بەهێزی ئەمڕۆ سبەی لاوازە و پێچەوانەکەشی راستە.

سیستمی سەرکەوتن و دۆڕانەکان لە لوبنان، جگە لەوەی کە قۆناغیی و جوزئی و ناخۆییە، بەسەر هەمووواندا هاتووە بەو پێیەش ناگونجێت تەنها پشت بە یەك پێوەر ببەسترێت بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلی لوبنان. تەنها گۆشەنیگای مێژوویی داماڵراو لە بەرژەوەندخوازی خودی و باڵاتر لە واقیع کە لە فرەیی شارستانی و ئاینیدا چڕبۆتەوە، پێوەری بونیاتنانی لوبنانی نوێ. کات تەنگی بە لوبنانییەکان هەڵچنیوە لەوەدا کە لایەك هەڵبژێرن: یان ئەوەتا دەوڵەتەکەی ساڵی 1920 زیندوو بکەنەوە (دامەزراندنی دەوڵەتی - نەتەوە)، یاخود بگەڕێنەوە بۆ قۆناغی ساڵی 1975 و دوای ئەو قۆناغە (دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوەکان.

رێگەی یەکەم، رێگەچارەیەکی ئاشتیانەیە کە تێیدا پێویستە لە قۆناغی دەوڵەتی ناوەندیەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتی فیدرالی، بەڵام رێگەی دووەم خوێناوییە کە دەبێتە هۆی پاشاگەردانی وێرانکەر کە لەڕووی دەستورییەوە پێکهاتەیەکە لە هەژموونی پارێزگایی و قائیمەقامیی و دابەشبوونی گشتگیر، لەڕووی پێگەی توندوتیژیشەوە ئاوێتەیەکە لە ئەفغانستان و جەزائیر و عێراق و غەززە. لە بەرامبەر ئەم دوو رێگەیەدا: واتا ئاشتی و شەڕەنگێزی (خوێناوی)، شارستانی و پاشکەوتوو، بونیاتنەر و وێرانکەر، یەکگرتوویی و دابەشبوون، ئایا دەچێتە عەقڵەوە دوودڵ بن لە لە ساتی هەڵبژاردنی یەکێکیاندا، بە تایبەتی کە رێگەی بنەڕەتی (دەوڵەتی ئێستا) بووەتە شتێکی وەهمی. نوێکردنەوەی گرەوکردن لەسەر پەیکەری دەوڵەتی ئێستای لوبنان و دامودەزگاکانی و هاوکێشەکانی، ئەمە نیشانمان

دەدات کە کێشەی لوبنانن کەوتبێتە بەردەم ڕێگەیی دووەم (بارودۆخی 1975)، لەگەڵ ئەوەدا کە پەیکەری ئەم دەوڵەتە میسسالیە، ئەگەر بێتو لەلایەن لوبنانییەکانەوە ڕێزی لێبگیرێت و پشت نەکەنە هەڵگەڕاندنەوەی شێوازە نموونەییەکەی.

هەموو ئەو ڕووداوانـەی ئێستا ڕوودەدەن لە هەڵبژاردنی سەرۆك، بۆ پێکهێنانی حکومەت و دیالۆگی نیشتمانی، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی چاوەڕوانکراو، ئەمانە جگە لە چەنند ڕێوشوێنێکی مەرحەلی و سەرپێیی نەبێت کە لە چاوەڕوانی پێگەیشتنی یەکێك لەو دوو ڕێگەیەی باسمان لێوە کردن کە لە سایەی گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکانبەرجەستە بوون، هیچی دیکە نییە.

گۆڕانکاری و پاشهاتە قووڵەکان لە دەروونی لوبنانییەکان و جیاوازی خەونەکانیان و پرۆژەکانیان و ڕیتمی ژیانیان، سەرەڕای نەرێنیە سیاسی و ئاسایشییەکانی لە ئێستادا، پێدەچێت ڕێککەوتنی لوبنانییەکان لەسەر بەڕێوەبردنی ناکۆکی و جیاوازییەکانیان لە چوارچێوەیەکی دەرستوریی فیدرالیدا ئاسانتر بکات، بە شێوەیەکی کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێت کە لە سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا ئامادەسازییان بۆ دەکرێت. ڕاستە کە ناکۆکییەکانن لە نێوان گەلاندا بە گشتی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕو شۆڕی زۆر، بەڵام لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی چارەسەریش، ئەگەر ئەو گەلانە پشت ببەستن بە لۆژیکی عەقڵ و ژیری و واقیعبینی و نیشتمانپەروەری و لایەنی ئەخلاقی و هەڵوەشاندنەوەی وابەستەییەکانی بە دەرەوە.

ساڵی 1847 گەلی سویسرا لەناو یەکدا پێکهەڵپژان، بەڵام لایەنی سەرکەوتوو دەستپێشخەری خۆی کردو پرۆژەی چارەسەرێکی ڕیشەیی و هاوسەنگی خستە بەردەم لایەنی دۆڕاو لە ململانێکەدا کە سنوری هاوکێشەی براوە و دۆڕاوی تێدەپەڕاند و خواست و داواکارییەکانی هـەردوو بەرەکەی

لەبەرچاو گرتبوو، ئەوەبوو یەکلاییکردنەوەی مێژوویی کێشەکانی سویسرای لێوە بەرهەم هات کە سنوری کۆتایی بۆ هەموو کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان گروپ و لایەن جیاوازەکانی سویسرا دانا کە فرەیی زمان و کەلتور و رەگەزی زۆری تێدایە. لە لوبنانیش، بەشیر جومەییل لە سالّی 1982 لەدوای هەڵبژاردنی بە سەرۆکی کۆمار روویکردە هەموو لوبنانییەکان، بە تایبەتیش موسوڵمانەکان و سەرکەوتنەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی هەمووان لەپێناو بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بێ ترس و بێ ستەم، کە باڵایی و هەژمونکاریی تێدان نەبێت، لەپێناودامەزراندنی پایەکانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە هەیبەت، کە هیچ کەسێك لە ناوخۆدا لە سەرووی دەسەڵاتەکەیەوە نەبێت، لە دەرەوەش کە زاتی ئەوە نەکات دەست بۆ سەروەریەکەی بەرێت.

ئێستاش ئەوەتا سەرۆك کۆماری تازە عیماد (میشال سلێمان)، لە وتاری سوێنخواردنی دەستوریدا زاتی کردو پرۆژەی گۆڕانکاری راگەیاند و رێڕەوە دەستوریەکەی کێشا (پرۆژەی نامەرکەزیی بەرفراوان). ئەوەی لەسەر شانی سەرکردەکانی وڵات و خاوەنانی بیری سیاسی ماوەتەوە ئەوەیە کە لە وردەکارییەکاندا رۆبچن بۆ ئەوەی لوبنان لە خۆرهەڵاتدا نەبێتە وردەکاریی.

شتێکی جوانە ئەگەر لوبنانییەکان بایەخبدەن بە چەسپاندنی پەیوەندییەکانی نێوان لوبنان – سوریا و پەیوەندییەکانی نێوان لوبنان – فەلەستین، بەڵام لـەوەش جوانتر ئەوەیە کە ئەولەوییەت بدەن بە تۆکمەکردنی پەیوەندییە ئیتیحادییەکان و باشترکردنی ریزەکان لەنێوان خۆیاندا و نەخشەی سنورێکی کراوە و کارلێك کردوو لەنێوان ناوچەکانیاندا و شێوازی ژیانیاندا بکێشن. ئەگەر خۆسازدان سەلامەتی بێت، بێگومان دواخستن مایەی پەشیمانیە.

## داڕێژەرانی ڕێکەوتنی تائیف، خۆیان دژی وەستان ئەوانەشی ڕەتیدەکەنەوە داوای هەموارکردنی دەکەن

## 19ی کانوونی یەکەمی 2008

کاتێك داوای بە ئامانجکردن و پەرەپێدانی ڕێکەوتنی (تائیف) دەکەین، مانای ئەوەیە کە دانی پێدا دەنێین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت هەر کەسێك ڕەخنە لەو ڕێکەوتنە بگرێت هیوای سەرکەوتنی بۆ ناخوازێت یاخود نایەوێت ڕێکەوتنەکە بەردەوام بێت. ڕێکەوتنی تائیف وەکو هەموو ڕێکەوتنە میساقی و دەستورییەکانی دیکەی لوبنان، خراوەتە ژێر فشارێکی سەربازی ناسەقامگیر و دەستتێوەردانێکی دەرەکی کاریگەرەوە، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەوە کراوە کە کێشەیەکی کاتی (قۆناغیی)ی چارەسەر بکات لەسەر حیسابی جەوهەر و دواڕۆژی کێشەی لوبنان.

سوننەکان بەو ڕێکەوتنە وابەستە بـوون، چونکە دەسەڵاتەکانیانی زیادکردووە. شیعەکان لێی دەرچوون پێشئەوەی حزبوڵڵا لێی دەربچێت و دەوڵەتەکەی درووســت بکات. دورزییەکان گوێیان پێنەدا، چونکە بازنەی پێگەو دەسەڵاتیان بوونی هەیە، ئەنجومەنی پیرانیش وەکو بەڵێنێك ماوەتەوە. مەسیحییەکان لە ئاستیدا خۆیان بەدوور گرت، چونکە دەسەڵاتەکانی لە سەرۆکایەتی کۆمار سەندووە. ئەو ڕێکەوتنە گورزێکی توندی لە مارۆنی سیاسی وەشاندووە، دواتریش ناوچەکانیانی پەیت کردووە. بەڵام دەوڵەتە عەرەبی و بیانییەکان پشتیگری ڕێکەوتنەکەیان کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی خۆیان لە «خەمی لوبنان» بشارنەوە و هیچ گرنگیەکیان بەوە نەدا کە ئاستی گونجانی ئەو ڕێکەوتنە لەگەڵ ڕەوشی لوبنان تا چەندە.

سەرەڕای ناهاوسەنگی دێموگرافی لە بەرژەوەندی موسوڵمانەکان، ئەو بارودۆخەی کە لە ساڵی 1989دا ڕێکەوتنی «تائیف»ی سەپاند، یان نەماوە، یان پێچەوانە بۆتەوە:

1. لەسەر ئاستی ناوخۆ، یەکێتی نێوان موسوڵمانەکان لەبەردەم ململانێی سوننە – شیعە دا لەبەریەك هەڵوەشا، کاراکتەری سەرەکی مەسیحیش کە بە تائیف رازیبوو(هێزە لوبنانییەکان لەنێوان ساڵانی 1994 و 2005)، لەگەڵ ئەو کاراکتەرە مەسیحییانەی کە پێی رازی نەبوون (لابردنی میشێل عۆن و نەفیکردنی لە ساڵی 1991)، هەمووی رووخێنرا.

2. لەسەر ئاستی عەرەبی، پێکهاتەی تەوەری سوری – سعودی – میسری پەرشوبڵاو بۆوە، هەروەها هاوپەیمانێتی سوریا – ئەمەریکا پووکایەوە و دانوستانەکانی ئاشتی لەنێوان سوریا و ئیسرائیل پەکی کەوت.

3. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هێزی سەربازیی ئەمەریکا بە ناوچەکەدا بڵاوکرانەوە و تا ئێستا بە شێوەیەکی راستەوخۆ (3) جەنگی لە کوەیت، ئەفغانستان و عێراق بەرپا کردووە.

سەرەڕای هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، لەژێر کاریگەری بارودۆخەکەدا هێشتا ڕێکەوتنی تائیف بەسەرنەچووە و کاریگەری ماوە، هەندێك پێوەی پابەندن وەکو ئیمتیاز، هەروەکو چۆن حزبوڵلا وابەستەی چەکەکانیەتی. لەدوای ئەوەی ئەو ڕێکەوتنە بووە قوربانی لوبنان و پێشکەشکرا، تاوەکو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستی بەتاڵ بێت بۆ دۆسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، بەڵکو سوریا و ئێران کردیانە پەردەپۆشێك بۆ داگیرکردنی لوبنان و تێکدانی ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە و بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا و عەرەب. لە سایەی ئەو دەوڵەتەی «تائیف»دا کە لەسەر داوای راستەوخۆی ئەمەریکا خرایە ژێر رکێفی داگیرکاریی سوریاوە، تیرۆر لە لوبنان و ناوچەکەدا گەشەی کرد و گروپە ئوسوڵیە ئیسلامیە چەکدارەکان پەلیان هاویشت. حزبوڵلا سەریهەڵدا و بەرگریکرد، پاشان لە ساڵی 2006 شەڕێکی

قارەمانانەی کردو لوبنانی وێرانکرد، فەلەستینییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگاکاندا خۆیان پڕچەك کرد، پرۆسەی دیموکراتی لوبنان پەکیکەوت و بەڵێننامەی پێکەوەژیان بەبادا چوو، نەریتە سیاسیە دێرینەکان لەناوچوون، لوبنان پێی نایە قۆناغی پووکانەوەی کەلتوری و ئەخلاقی و شارستانی.

ئەمەریکا درەنـگ لە ئاست ئەو واقیعەدا بەئاگا هاتەوە و لە ساڵی 2005دا سوریای لە لوبنان وەدەرنا، بەهۆی خراپی هەڵسوکەوتەکانی لە «شەڕی رزگارکردنی عێراق لە 2003»، هەرچەندە ئەمەریکا بەهۆی باشی هەڵسوکەوتەکانیەوە لە ساڵی 1991 بەشداری جەنگی رزگارکردنی کوەیتی پێکرد. ئەمەریکا لەدوای ئەوەی لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاریکرد بۆ بەشدارییپێکردنی دیمەشق لە دانوستانە راستەوخۆ و تاکلایەنەکان لەگەڵ ئیسرائیل، بـەڵام هەر بەو هۆیەوە تـەوەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا پشتگوێ خست. کشانەوەی سورییەکان لە لوبنان، چانسی رێکەوتنی تائیفی بەرەو باشتر نەبرد، بەڵکو کەموکوڕییە یاساییە بونیاتییەکانی دەستوری تائیف دەرکەوتن، بەو شێوەیەش ئاشکرا بوو کە جێبەجێکردنی ئەستەمە، چونکە لەلایەك ناهاوسەنگیەکی دەستوری و سیاسی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزیدا درووستکرد، لە لایەکی دیکەشەوە ناهاوسەنگی دەستوری و سیاسی لەنێوان پێگەی دەسەڵاتە تەنفیزییەکان (سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران)دا درووستکرد.

بێهودە هەوڵدەدەین بۆ باشکردنی رەفتار و ئەدای دەوڵەتی تائیف، بەبێ گۆڕان لە سیستمی رێکەوتنی «تائیف»دا. رێکەوتنێك کە بە درێژایی (20) ساڵ نە لە سایەی دەوڵەتی داگیرکەر و نە لە سایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا جێبەجێ نەکرابێت، سەرەڕای گۆڕینی حکومەتەکان و سەرکردە و بەرپرسەکان و بارودۆخ و بەڵێننامەکان، واتا ئەوە رێکەوتنێکە لەناو جیناتەکانیدا تۆوی لەدەستدانی دەرفەتی جێبەجێکردنی هەڵگرتووە.

پێدەچێت قۆناغی پێش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان گونجاو نەبێت بۆ هەمواركردنی ڕێکەوتنی تائیف، بەڵام تەرحکردنی بیرۆکەکە زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو ئەجێندای کارنامەی مێزی گفتوگۆکان و سازدانی رای گشتی بە ئاراستەی گۆڕان. چاکەی سەرۆك (ئەمین ئەلجومەییل) ئەوە بوو کە دارگوێزی هندی راوەشاند و بواری کردەوە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان لوبنانییەکاندا بە مەبەستی دووبارە هەڵسەنگاندنی ڕێکەوتنی تائیف لەدوای تێپەڕینی (20) ساڵ بەسەر دەرچـوون و خراپ جێبەجێکردنی. ئێستا ڕێکەوتنی تائیف دەستورێکی شەرەفمەندانە نییە بۆ داڕێژەرانی و نەیارەکانیشی تووشی ئیغرابوون ناکات. ئیتر تائیف «کتێبێکی» ڕێزلێگیراو نییە، بەڵکو کارتێکە فەرمانڕەواکان و لایەنە سیاسییەکان و دەوڵەتانی دەرەوە بۆ مەرام و بەرژەوەندی خۆیان گەمەی پێوە دەکەن.

موفارەقە گەورەکە ئەوەیە کە سەرجەم ئەو سـەرۆك کۆمارانەی کە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی تائیف گەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات بەپێی دەستورەکەی سوێندی یاساییان خـواردووە، هەر ئەوانە بوون کە داوای هەموارکردنەوە و گۆڕانکاری لەو دەستورەدا دەکەن، لە ئەلیاس ئەلهەراوی تا دەگاتە ئەمیل لەحود و میشال سلێمان. بەڵام ئەو موفارەقەیەی کە زیاتر دەربڕی واقیعەکەیە ئەوەیە کە ئەو سێ سەرۆکە داوای هەموارکردنی هەمان ئەو بەندو بڕگانەیان کرد کە کەلێن و کەموکورتییەکانیان بە شێوەیەکی پراکتیکی تاقی کردۆتەوە «دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، بواری بەشداریکردن لە دانانی کارنامەی ئەنجومەنی وەزیران، دەرفەتەکانی واژۆکردنی ڕێوڕەسمەکان و گەڕاندنەوەیان لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانن، لەڕووی دەسەڵاتەکانی بۆ پەسەندکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی لە پاراستنی پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری».

ئەمە ئەو لێپرسراوە سونیانەی لێ بەدەرە کە رێکەوتنی تائیف بە چەکی دەستوری خۆیان دەزانن، بەڵام ئەوان هەڵەن لەدوای پەسەندکردنی یەك لەسەر سێ حزبوڵڵا. زۆربەی لایەنەکانی دیکە بە چەندین شێوازی جیاجیا داوای پەرەپێدان یاخود هەموارکردنی رێکەوتنی تائیف دەکەن، بەڵام ئامانج لەپشت ئەم داواکارییانە جیاوازە لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دیکە، نەخێر بەڵکو هەندێکجاریش ناچوونیەکە. هەندێك لایەن کە زۆرینەیان مەسیحیە داوای هەمواراکردنەوەی رێکەوتنی تائیف دەکەن لە پێناوی بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان پێکهاتەکانی نیشتمان لەڕووی تائیفی و دامودەزگای دەستورییەوە، لایەنی دیکەن هەن کە زۆرینەیان موسڵمانن بە تایبەتی لایەنە شیعەکان، داوای هەموارکردنی تائیف دەکەن بە مەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی دەستبەسەردا گرتنی جومگەکانی دەوڵەت. ئەگەر لایەنگری رێکەوتنی تائیف بین یاخود رەتی بکەینەوە، بەڵام مەسیحییەکان ئەوەیان لەلای خۆیان تۆمار کردووە کە ئەو رێککەوتنە بەبێ ئامادەبوونی سەرکردە دیارەکانیان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیان ئەنجامدراوە.

هەریەکە لە ئەمین ئەلجومەییل، میشال عۆن، ریمۆن ئەددە و دانی شەمعون و ئەوانی دیکەش، لە کاتی خۆیدا رێکەوتنەکەیان رەتکردەوە، لە کاتێکدا کە بتریارك (صفیر) پەسەندی کرد لەپێناو کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ، هەروەها سەمیر جەعجەع بە مەبەستی بەریەکنەکەوتنی لەگەڵ میشال عۆن ویستی لەباری بەرێت، بەڵام ململانێی نێوانیان بە چەك و خوێنی کەسانی پاك و بێتاوان یەکلایی کرایەوە، ئەوەبوو سەرەنجام (عۆنن) لە کۆشك دەرکرا و دواتریش (جەعجەع) خرایە زیندانەوە. رێکەوتنی تائیف لە بیرەوەری مەسیحییەکانی لوبناندا رێکەوتنی براوە و دۆڕاوە پێکەوە، رێکەوتنی گوێڕایەڵی مەسیحیە، بەە تایبەتیش تائیف ئەو رێکەوتنەیە کە جەنگی نێوان هەردوو سوپای لوبنان و سوریا ڕ کردو کۆتایی پێهێنا، هەروەها دەرگای شەڕێکی برایانەی لەنێوان لیواکانی سوپای لوبنانی سەر بە

ژەنراڵ میشال عۆن و هێزە لوبنانییەکانی سەر بە سەمیر جەعجەع کردەوە.

لە ئەنجامی گۆڕینی ڕێکەوتنی تائیف لەڕووی دەستوری و سیستماتیکەوە، سەرکردە مەسیحییەکان یەك لەدوای یەك ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی بە هیوای باشترکردنی بەرە بەرەی دۆخەکە بەگوێرەی پێویستییەکانی فەرمانڕەوایەتی و بارودۆخ، بەڵام داگیرکاریی سوریا کە باڵی بەسەر سنگی خاك و گەل و دامودەگاکانی دەوڵەتی لوبناندا کێشابوو، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی (تائیف)ی سعودی - ئەمەریکی سڕ کرد و لەجیاتی (تائیفێکی) سوری - ئێرانی لە لوبنان جێبەجێ کرا (ڕێکەوتنی دۆحە ئەوەی سەلماند)، لەنێوان خۆشحاڵی هاوکاران لەگەڵ سوریا و بێهیوابوونی مەسیحییەکاندا. ئەو بەندانەی ڕێکەوتنی تائیف کە ئیمڕۆ مەسیحییەکان داوای هەموارکردنەوەیان دەکەن، داواکارییەکی ڕێکارییە نەك دەستوریی، پەیوەندارە بە دەوڵەتەوە نەك بە نیشتمان. ئەوانە چەند هەموارێکن ئامانجیان دەستەبەرکردنی باش بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەوڵەتە بۆ ئەوەی بتوانێت پایەکانی نیشتمان بەهێز بکات و دەستور بچەسپێنێت، بەڵام ئەو بەند و بڕگانەی کە ڕۆژانە لایەنەکانی دیکە پێشێلیان دەکەن، بەندو بڕگەی دەستورین نەك ڕێکاریی کە ڕێگە لە بونیاتنانی دەوڵەت و گەشەکردنی میساق و دەستور دەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵسۆزی بۆ «سەرەتاا لوبنان» بوو، بەڵام لەدوای ڕێکەوتنی تائیف یەکێتی نیشتمانی لوبنان درزی تێکەوت و دانپێدانانی بووە کۆتا هەڵوێست. لەپێش ڕێکەوتنی تائیف پێدانی هەموو دڵسۆزی و وەلائەکان بۆ لوبنان کورتی هێنابوو، دانپێدانانیش بە ڕێکەوتنەکە بەپێی قۆناغ بوو. کاتێك سەرکردە مەسیحییەکان لە 8 و 14ی ئادار داوای گەشەپێدان یان هەمواراکردنی بەندو بڕگە ڕێکارییەکانی ڕێکەوتنی (تائیف)یان کرد، نەدەبوو موسڵمانەکان لە دژییان بوەستنەوە و شمشێری هەموارکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە وەکو چاوپێداخشاندنەوە بە چارەنوسی نیشتمان و هاوڕایی دەەربێنن، بە تایبەتیش لە دژی سەرۆك کۆمار. وەڵامدانەوەی

لەوجۆرە لاوازی گیانی پێکەوەژیان و کۆکبوون لەنێوان لوبنانییەکاندا ئاشکرا دەکات، وەکئەوەی دڵسۆزی بەشێکیان بۆ لوبنان وابەستە بێت بە دەسەڵاتە تائیفییەکانەوە نەوەك باوەڕێکی جێگیر بە سەروەری نیشتمان، بەڵکو باوەڕبوونە بە دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا بە زۆرلێکردن نەك بەپێی چەمکی بەشداری و یەکسانی. هەڕەشەکردنی هەندێك لە سەرکردە موسڵمانەکان بە گەڕانەوە بۆ بنەمای موناسەفە لەنێوان مەسیحییەکان و موسڵمانەکان، بە راشکاوی هەستێك لەلای مەسیحییەکان درووست دەکات بەوەی کە موسڵمانەکان ئەوان دەکەنە بارمتە بۆ رێگرتن لە پێشخستنی سیستمی لوبنان.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، شێخ (عەبدولئەمیر قەبەلان) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شیعە داوای کرد جێگرێك بۆ سەرۆك کۆمار دابنرێت. ئایا ئەمە بەزاندن و پێشێلکردنی رێکەوتنی تائیف نییە؟ شێخ قەبەلان ئەوەشی وتووە: «ئێمە لەگەڵ سوریادا یەك گەلین لەناو دوو دەوڵەتدا»، بەڵام ئایا ئەوە کودەتا نییە بەسەر لوبنانی نیشتماندا؟ ژەنراڵ (میشال عۆن)یش بابەتی دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆك وەزیرانی پێشنیار کردووە، ئایا ئەوە داواکردنی هەموارکردنی رێکەوتنی تائیف نییە؟ حزبوڵڵا لە باتی دەنگدان لە ئەنجومەنی وەزیران، بنەمای تەوافوقی ساپاندووە، بەڵام ئایا ئەوەش هەموارکردنێکی جەوهەری و میساقی نییە لە رێکەوتنی تائیف؟.

مەخابن چەند هەڵمەتێکی سیاسی و میدیایی و خیانەتکارانە لە دژی ئەوانە رێکدەخرێت کە بانگەشە بۆ یەکسانی دەکەن لە دژی ئەوانەی بە درێژایی (20) ساڵ رێکەوتنی (تائیف)یان پووکاندەوە، لە کاتێکدا کە هیچ دەنگێك لە سەرووی دەنگی هەژمونکاریی موجاهیدانەوە نییە. مەسیحییەکان داوای هەموارکردنی رێکەوتنێك دەکەن کە بۆ یەك جاریش جێبەجێ نەکراوە، موسڵمانەکانیش بەرگری لە رێکەوتنێك دەکەن کە چەندینجار هەموار کراوە. ئەوەی ئەمڕۆ شایستەی لوبنانییەکانە، ئەوە نییە کە ئەوان ئەوەندە

جیاوازییان هەبێت لەسەر ڕێکەوتنی تائیف، بەڵکو لەوەدایە کە ڕێبکەون لەسەر سیستمێکی نوێ، چونکە لە یەکبووندا یەکێتی هەیە، لە یەکێتیشدا هێز هەیە.

# ئایا کاتی هاتووە (پەیامی لوبنان) لەم ژینگەیەدا گەشە بکات؟

## 18ی کانوونی دووەمی 2009

چارەنوسی ئەو دەوڵەتە چی دەبێت کە نیوەی گەلەکەی بۆ دەرەوە کۆچیان کردووەو نیوەکەی تریشی لەناو گێژاوی وەفاداریدا سەرگەردان بوون؟ کاتێك سەروەرییەکەی بەندە بە بڕیاری نێودەوڵەتی و سەربەخۆییەکەی پرسێکی هەرێمییە، دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانیشی بەندە بە پێکهاتنێکەوە کە لە واشنتۆن دەستپێدەکات و بەناو شامدا تێدەپەڕێت و لە تاران کۆتایی پێدێت؟

ئایا چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت کە هەڵوێستی سیاسی دیلی دەستی سێکوچکەیەکە؟ بڕیارەکانی بەندە بە هاوکێشەکانی بارودۆخێکی نائارام و تێکچوو، سیاسەتمەدارەکانی لەگەڵ یەکتری قسە ناکەن و ئەگەر پێکیشەوە قسە بکەن جنێو بە یەکتری دەدەن؟ چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت کە دانانی دامودەزگا دادوەرییەکانی راگیراون و چاوەڕوانی بەدەستهێنانی رەزامەندی تائیفەکان دەکەن، هەرچەندە لایەن و تائیفەکانی هەرگیز لە سامانی زەوییەکەی تێر نابن؟

چارەنوسی دەوڵەتێك چییە کە سامان و داراییەکەی بریتییە لە کۆمەك و یارمەتی و هاوکاری و ئابورییەکەی پڕە لە کورتهێنانی بازرگانی و هاوردەکردن، خاکەکەی بە شێوەیەکی گوماناوی دەفرۆشرێت بۆ نیشتەجێکردن و گەشەپێکردنی چەند کۆمارێکی جوداییخواز؟ چارەنوسی دەوڵەتێك چییە کە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی لە بەردەم دەرگای باڵیۆزخانەکاندا دەپاڕێنەوەو سواڵ دەکەن، ژمارەیەکی تریشیان لە بەردەم سەرمایەدارە بەخشەرەکاندا کەوتوون و چەمکەکانی کەرامەت لەنێوان گەورەکانیدا نەماوە؟ بۆیە ئەوەی

لە دەرەوە ریسوا بکرێت، لێرە خەڵك ریسوا دەكات، وەك ئەوەی كۆیلەی ئەویٚ گەورەی ئێرە بێت؟

چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت كە چەقبەستوویی لە شوێنی خۆیدا بە سەرکەوتن  و راكردن بۆ پێشەوە بە لێوەشاوەیی سیاسی و نەبوونی تەقینەوەكان بە ئاشتی بداتە قەڵەم، ئەوەش بە دەستكەوت بزانێت كە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیرانەكەی بەبێ كێشە و پێكهەڵپژان تەواو دەبن؟

ئایا ئەمە چۆن گەلێكە كە لەسەر دەستنیشانكردنی دۆست و دوژمنەكانی لەسەر ناولێنانی قارەمانەكانی و سیمبوڵەكانی ناكۆكەو رێكناكەوێت، دوژمنی كۆمەڵێكەو هاوپەیمانی كۆمەڵێكی ترە، قارەمانی تائیفەیەك لەلای ئەویتر بە خۆفرۆش دادەنرێت؟ ئەمە چۆن گەلێكە كە هەمان پیت و دەستەواژە بەكاردەهێنێت و بەهەمان زمان قسە دەكات، بەڵام لە یەكتری تێناگەن؟

لە سەردەمی كۆڵۆنیالیزم و داگیركاریدا، بیرمان بیرێكی سەربەخۆییخوازانە بوو، بەڵام دوای ئەوەی سەربەخۆییمان وەرگرت بووە بیرێكی پاشكۆیانە، چەندینجار باجی ئازدیمان دا، چونكە ئازادیمان لەگەڵ كەرامەت و شكۆمەندیدا هاوپێچی یەكتر نەكرد، چەندینجار باجی بوون بە خاوەنی نیشتمانماندا، چونكە نیشتمانمان بە بونیاتنانی دەوڵـەت نەپاراست، دەمانەوێت شتێكی گرانمان بێ بەرامبەر دەستبكەوێت، بەڵام شتێكی گرانبەها لە بەرامبەر هەموو شتێكی هەرزانبەها دەگۆڕینەوە، ئێمە دووبارەكردنەوەی قوربانیدان رەتدەكەینەوە وەك چۆن قوتابی نایەوێت بچێتەوە هەمان پۆل لەبەرئەوەی دەرنەچووە، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا دەكات رەفتاری ئەم رژێمە یان ئەو رژێمەی تر بگۆڕدرێت، ئێمەش لە پێناوی رێكخستنەوەی رەوشەكەدا پێویستمان بە گۆڕینی رەفتاری تاكەكان و كۆمەڵگەكەمان هەیە.

زۆرێك لە لوبنانییەكان وا دەزانن مرۆڤ بووەتە هاوڵاتیەكی گلۆباڵی (نێودەوڵەتی)، بۆیە لوبنانیان جێهێشت و روویانكردە پایتەختە گەورەكانی جیهان دوور لە رەگوڕیشەو رەسەنایەتی و یادەوەری باب و باپیرانمان.

بەشێك لە لوبنانییە بێزارو بێدارەكان بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتی كاركردن، لوبنانیان جێهێشت، بەڵام نیشتمانیان لەیاد نەكرد، هەندێكی تریشیان خۆڕاگرو دان بەخۆداگرتوون، هەر لە لوبنان مانەوە بۆ بەرگریكردن لە نیشتمان تا بتوانێت پێشوازی لەو خێزانانە بكات كە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان.

كەواتا ئەم هەموو شەهیدو قوربانی و كەمئەندامانە لە پێناو چی؟

لە چەند قۆناغێكی دیاریكراودا، توشی وەهمیان كردین بـەوەی كە سەقامگیری لوبنان بەناو رێچكەی دانانان بە رۆڵی فەلەستین لە لوبنان تێپەڕ دەبێت، بۆیە دانمان پێدا نا، پاشان داوامانلێكرا بۆ دانانان بە رۆڵی سوریا لە لوبنان، دانمان پێدا نا، پاشان داوامان لێكرا دان بنێین بە رۆڵی ئیسرائیل، دانمان بەویشدا ناوە، پاشان داوامان لێكرا دان بنێین بە بەنێودەوڵەتیكردن و كێشەی لوبنان، ئەوەشمان ئەنجامدا، پاشان دانانان بە ناسنامەی عەرەبی و دواجـار بە رۆڵی ئێران، ئەوەشمان كرد، بەڵام لە كۆی هەموو ئەم دانپێدانانانە كە بەزۆر لێمان ویسترا، جگە لە سەرهەڵدانی شەڕی نوێ و دابەشبوونی زیاترو دووركەوتنەوەی كۆمەڵایەتی و شارستانی، هیچی ترمان لێ نەچنییەوە، ئاستی رقلێبوونەوەمان لە یەكتر گەیشتە رادەی شكاندنەوەی غەوارەو بیانییەكان بەسەر لوبنانییەكاندا.

ئەمە وتەیەكی نوسەری فەڕەنسی (ئەلبیر كامۆ)م بەبیر دەهێنێتەوە كە لە «رۆژژمێری جەزائیر لەنێوان 1939-1958»دا نوسیویەتی و دەڵێت: «ئـەوەنـدە رقـمان لە نەیارو ركابەرەكانمان دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دیكتاتۆریەتی دەرەكیان بەسەردا دەسەپێنین»، فەڕەنسییەكان لە مێژووی خۆیاندا دەستیان لەگەڵ دەرەوەدا تێكەڵكردووە، هەموو تیمێكی فەڕەنسی هەوڵیدەدا پشتیوانی لایەنە ئەوروپییەكان بەدەستبهێنن، بۆیە بەریتانییەكان

و پروسییەکان و نەمساوییەکان و روسەکان دەستیان لە کاروبارەکانی وەردەدا، بەڵام کاتێك فەڕەنسا یەکیگرت، گەلی فەڕەنساش یەکیگرت و کۆتایی بە رۆڵ و دەستێوەردانی ئەوروپییەکان لە کاروبارەکانی هێنا، ئێمەی لوبنانییەکان هێشتا باوەڕمان بەوە نەهێناوە، کە لوبنان ئازاد بووەو یەکیگرتووەو لەتوانایدایە لە هەمووان بەهێزتر بێت، بەهێزتر بێت لە لایەنە دەرەکییەکان و دەستێوەردانەکانیان، بەهێزتر بێت لە ئێستاو رووداوەکانی، لە قەیرانەکان و شەڕەکان، لە پیلانەکان و موئامەرەکان، خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی لوبنان بەدڵنیاییەوە ئاشکرای دەکات کە هەموویان تێپەڕین و گوزەریان کرد، بەڵام لوبنان مایەوە.

لە دەیەکانی رابردوودا، دەوڵەتی لوبنان پەردەپۆشێکی وەهمی بوو بۆ هەڵوەشاندنی نیشتمان، ئەمڕۆش نیشتمان بووەتە پەردەپۆشێکی وەهمی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، لە رابـردوودا نیشتمان باجی فرە وەلائی داوە، ئەمڕۆش دەوڵەت باجی فرە هەژموونییەکان دەدات، کەواتا ئێمەی لوبنانییەکان لەنێوان وەهمێك و یەکێکی ترو نێوان بێ ئومێدی و بێ ئومێدیەکی تردا، پاش لەدەستدانی، بەدوای خودماندا دەگەڕێین، لوبنان جێگەی ئاواتی خۆرهەڵات بوو، هەموو جیهانی عەرەبیش خەونیان بەوەوە دەبینی لە لوبنان بچن، بەڵام ئەمڕۆ ئێمەین کە لە ئاوێنەی ئەوانی تر دەڕوانین، بەڵکو لە سوچێکەوە خۆمانی تێدا ببینین، جگە لەوەش لە رێگەی پرۆژەکانی ئەوانی ترەوە لە بەرژەوەندییەکانمان دەگەڕێین.

ئێمە گەلێکی بێزارو خەمبارین، بێزارییەکەمان بە شادییەکی ساختەو فۆرمێکی ژیان پەردەپۆش دەکەین، کە کێشەو گرفتە قوڵ و سەرەکییەکانمان بیردەباتەوە، ئێمە سەرخۆشین، بە خواردنەوە تا رادەی مڕبوون خەمەکانمان سارێژ دەکەین، ئەوەی لە ئێمە خەمر نەخواتەوە، دەچێت ناخۆشی و نەخۆشییەکانی بە دینداری تا ئاستی توندڕەوی سارێژ دەکات.

شارستانییەتەکەمان  لەپشت کیسە خۆڵەکانەوە لەدەستدا، کەلتوریشمان لەسەر هێڵەکانی بەریەککەوتن لەدەستچوو، ئێمە زیاتر لە فەلەستینییەکان پێویستمان بە ئاژانسی فریاکەوتنی پەنابەران هەیە، بەڵکو پێویستمان بە ئاژانسی فریاکەوتنی بێدەرەتانان هەیە، لەڕاستیدا هیچ نەتەوەیەك بەبێ ئازادی و یەکسانی و گیانی برایەتی دروست نابێت، بەڵام ئازادییەکەی ئێمە بووەتە پاشاگەردانی، یەکسانیمان بوونی نییە، برایەتیمان ساختەیە، هیچ پەیوەندییەکی دووقۆڵی بەهایەکی نییە ئەگەر لە پەیوەندی گشتی و بەکۆمەڵ هەڵنەقولابێت، یان لێوەی سەرچاوەی نەگرتبێت.

ئایا لوبنانییەکان دەتوانن ڕێکبکەون لەسەر دەستنیشانکردنی کەلتوورو میراتی لوبنان، پێش ئەوەی بەدوای مافەکانیان و دەسەڵاتەکانیان بگەڕێت لەناو نیشتمان و دەوڵەتدا؟ ئایا میراتی لوبنان چییە تاوەکو ببینە میراتگری؟ ئایا میرات ئەوە نییە کە وەك پاشماوەی ئاوەدانکارانی وڵات و پێشەنگانی لوبنان بۆمان ماوەتەوە؟ کوا پەیکەری مەزنەکانی ئێمە، کوا ئەو شەقامانەی بە ناوییانەوە کـراوە؟ تاکو ئەم ساتە وەختەش دەوڵەتی لوبنان هیچ شەقامێکی بەناوی (بەشیر ئەلجومەییل)ـەوە نەکردووە، بەڵام شەقامەکانی ئال ئەسەدو پەیکەرەکانیان و کۆمەڵگەکانیان وڵاتیان پڕکردووە.

ئایا کەلتووری لوبنانی چی لێ ماوەتەوە؟ شارستانیەتی لوبنانی چی لێ ماوەتەوە؟ ئایا زمانمان و وێژەمان و شیعرو هونەرو سترانەکانمان چییان لێ ماوەتەوە؟ ئایا لەجیاتی ئەوانەی لەدەستماندان چیمان بەرهەمهێنا؟

کاتێك فەڕەنسا پێشڕەوییە کەلتووری و شارستانییەکەی لەدەستدا، بە تەکنۆلۆجیا قەرەبووی کـردەوە، کاتێکیش ژاپۆن و ئەڵمانیا هەژموونە سەربازییەکەیان لەدەستدا، بە پێشکەوتن و رابوونی ئابوری قەرەبوویان کـردەوە، بەڵام ئێمە هەر لە چاوەڕوانی گێڕانەوەی رابـردوودایـن، بەو ئومێدەی بتوانین لە ئاییندەدا پێشبکەوین، ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لە چەسپاندنی بوونمان لەسەر بناغەی زەمانەتی خۆیی، نەوەك لەسەر بناغەی

زەمانەتی سیاسی، ئابوری، نیشتمانی، دارایی، کشتوکاڵی و پیشەسازی.

لە هەموو ئەو بـوارانـەداو لە بەرامبەر سەقامگیریماندا قـەرزاری دەرەوەین و هەمیشە گیرۆدەی پاشکۆیەتین بۆ زیاتر لە لایەنێکی نامۆ، ئێمە دەریایەکین کە ئاوی چەندین روباری بچوك بەبێ رێزییەوە دەرژێتە ناومانەوە، ئەگەر بمانەوێت ببینە دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆ، نابێت ئەم واقیعە هەروا بـەردەوام بێت، سەربەخۆیی بڕیارێکی سیاسی نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك پێکهاتە کە پێویست دەکات لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا لەدوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوونیان هەبێت، بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، هەندێك لە سەروەت و سامانەکانمان لە رێگەی قازانجی نامەشروعەوە پەیدا بووەو زۆربەشی لە رێگەی حساباتی بارکراو لەژێر باری قەرزەوە هاتووە.

مرۆڤە پاك و شەرەفمەندەکان ژیانێکی ئاسایی دەگوزەرێنن، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێت زوو پێبگەن ژیانێکی بورژوازییانە دەژین، ئەوەش لە رێگەی رەفتارو هەڵسوکەوتیانەوە ئاشکرا دەبێت، کە لەگەڵ نەریتی ئەو چینەدا وێکنایەتەوە، ئەخلاق و بیروباوەڕی پێوەری بەهای مرۆڤ بوون، بەڵام دواتر دیمەنە رووکەشەکان بوونە پێوەر، ئایا هیچ خەونێکمان ماوە، یان بووینەتە گیرۆدەو ئەسیری پێویستییە رۆژانەییەکانمان؟

ئێمە مەودای تێڕوانینمان و مەودای مێژوویی و رەهەندی ئایندەییمان لەدەستداوە، ئەگەر ئەفلاتون بگەڕێتەوە دەبینێت کە لوبنان بووەتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی کۆمارە شایستەکەی، ئەگەر ئەرستۆش بگەڕێتەوە دەبینێت کە لوبنان بووەتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی پەیکەری بەهاکانی، ئێستا هیچکام لە نیشتمانیبوون و هاوڵاتیبوون تەندروست نین، لوبنانییەکان بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی هاوڵاتیبووندا لە نانیشتمانپەروەرییەوە چوونە قۆناغی نیشتمانیبوون، ئەوان هەر لەباری وابەستەیی تائیفیدا مانەوەو حاڵەتی مەزهەبیشیان بۆ زیاد کرد، مادام لوبنانییەکان چوونە قۆناغی

نیشتمانیبوون، بەڵام هەر لە وابەستەیی تائیفییاندا مانەوە، بۆیە حاڵەتی نیشتمانیبوون بە شلوشاوی دەمێنێتەوە، بەبێ خۆپارێزی کە سەرلەنوێ دەیخاتە گێژاوی لێکدانەوەو وەفاداری جیاواز و جۆراوجۆرەوە.

زۆرجار هەستی هاوڵاتیبوون لە هەستی نیشتمانیبوون مسۆگەرترە، چونکە یەکەمیان چێژێکی دەمارگیری تێدایە، بەڵام دووەمیان ویژدانی و عەقڵانی و بەرپرسیارانەیە، سەرەڕای هەموو کۆسپ و گیروگرفتەکان، ئەوروپای یەکگرتوو بونیات دەنرێت، چونکە گەلانی ئەوروپایی لەسەر ئەو ئامانجە سورن، بەڵام ئێمە لە لوبنان هەرچەندە روبەڕووی کێشە و گرفت ببینەوە، گومان لە قەوارەکەمان دەکەین، پێمانخۆشە پێکەوە بژین، بەڵام نامانەوێت پێکەوە حوکم بکەین، ویستی نیشتمانی هاوبەش لە نێوانماندا بوونێکی نییە، هاوبەشی و هاوپشکی لە نیشتماندا پڕۆژەیەکە بۆ هەژمونگەریی، هەژمونگەریی نابێتە هۆی دابەشبوون، چونکە کاتێك تۆ دەست بەسەر پشکی مندا دەگریت، ئیتر دابەش دەکرێت.

نەهامەتی لوبنان لەوەدایە کە مەحکومە بە دابەشبوون و یەکبوونێکی راگیراو لە جێبەجێکردن، تراژیدیای لوبنان ئەوەیە کە دوو سزای زۆر قورستری بەسەردا جێبەجێ دەکرێت بریتین لە شەڕو قەیرانە یەك لەدوایەکەکان، لە رابردوودا سەبارەت بە جەوهەر (قەوارە) ناکۆك بووین، بەڵام لەسەر بوون (پێکەوەژیان) کۆك بووین، ئەمڕۆش لەسەر قەوارە رێککەوتووین، بەڵام لەسەر بوون ناکۆکین، ئەوەش دابەشبوون و ململانێی زیاتری سەبارەت بە دەوڵەت لە نێوانماندا دروستکرد.

سەرەڕای ئەوەش لە روبەڕووبونەوەی راستەقینە نیگەرانین و لە دیاریکردنی چارەنوسمان دەترسین، خۆمان لە بەردەم جیهاندا رادەگرین، بەڵام لە بەردەم خودی خۆماندا خۆڕاگر نین، بەسەر هێزی ئەوانی تردا سەردەکەوین، بەڵام لە بەردەم لاوازی خۆماندا دۆڕاو و داماوین. لە بەردەم رابوونی مێژوویی‌دا چاوەڕوانی پوکانەوەی لەسەرخۆیین.

ئەمە نییە چارەنوسی ئێمە، چارەسەرییەکان لەبەردەمماندا زۆرە، ئەوەندە بەسە پێیان رازی بین و وەکو نەخۆشێك رەفتار نەکەین کە لە پزیشك رادەکات و رازی نییە لەو دەرمانە بخوات کە ژیانی رزگار دەکات، با تەنها یەك وشەیەك بڵێین کە خودمان ببوژێنێتەوە: ئێمە چ جۆرە لوبنانێکمان دەوێت؟

ئێمەی کریستیانی لە لوبنان، وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە، ساڵی 1920 لوبنانی گەورەمان هەڵبژارد، ساڵی 1943 سەربەخۆیی و میساقی نیشتمانیمان هەڵبژارد، ساڵی 1982 یەکێتی و فەرمانڕەواییەکی بەهێزمان هەڵبژارد، بەڵام وەڵامی هیچ کەس لە وەڵامی کریستییانەکان نەدەچوو، بۆیە لەسەر خاکەکەمان شەڕو قەیرانەکان سەریانهەڵداو بەرپابوون، لە 14ی ئاداری 2005دا وەڵامی کریستییانەکان و چەند لایەنێکی زۆری ئیسلامییەکان و دورزییەکان یەکانگیر بوو، بەڵام وەڵامەکە وەك گۆرانییەك دەوترایەوەو رووداوەکان ژێر پێیان نا.

با سەرلەنوێ پرسیارەکە بکەینەوە، ئەگەر وەڵامە تازەکان یەکبگرن، ئەوا دەتوانین دەوڵەتێکی ناوەندی و یەکگرتوو بونیات بنێین، ئەگەریش وەڵامەکان جیاوازو ناکۆك بن، ئەوا دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیات دەنرێت، ئەگەریش زۆر ناچوونیەك بێت، ئەوا خۆتان بۆ دابەشبوون ئامادە بکەن، بەڵام چی دابەش بکەین؟ دارستانی ئورز یان ستونەکانی بەعلبەك؟ ئەشکەوتی جعیتا؟ کەلتووری سەیداو سور؟ ئەلفبێی فینیقی؟ فکرو فەلسەفەو شیعری شاعیرانمان؟ بازاڕەکانی بەیروت و پاشماوەکانی قرمیدەکانی؟ لاشەی رۆڵەکانمان؟

ئێمە بەرگریمان کرد بۆ رێگرتن لە دابەشبوون، بەرگریمان کرد لە پێناو نیشتمانێکی تەواو نەك لە پێناو پارێزگایەك یان قەزایەك یان گوندێك، رەتکردنەوەی دابەشبوون هەروا شتێکی ئاسایی نەبوو، ئەوە ئاساییە کە لوبنانییەکان لە قۆناغە گرنگەکانی مێژوودا پرسیاری چارەنووسسازیان

کـردووە، ئەمڕۆش دەوڵەتە زلهێزەکان هەمان ئەو پرسیارانە دەربارەی چارەنوسیان دەکەن، چجای بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئێمە، ساڵی 2006 میدیای فەڕەنسا بابەتی چارەنوسی نەتەوەی فەڕەنسایان وروژاندو گەورە سیاسەتوان و بیرمەندانی فەڕەنسا رای خۆیان لەوبارەیەوە دەربڕی، لە کۆتاییدا سەرجەم وەڵامەکان جەختیان لەسەر پاراستن و پتەوکردنی یەکێتی فەڕەنسا دەکرد.

ئێوەش وەرن با پارێزگاری لە لوبنانی خاوەن پەیام بکەین، بەڵام ئایا دەتوانێت لەم ژینگ جیهادیە توندڕەوییە پڕ لە تیرۆرو بیری خۆکوژییەدا ببێتە لوبنانی خاوەن پەیام؟

# موعجیزەی بونیادنانی لوبنانێکی یەکگرتوو بەبێ لوبنانیە باوەڕدارەکان بە یەکبوون

## 19ی ئەیلولی 2009

لوبنان خاوەنی دوو وێنەیە، یەکێکیان بە زومێکی مێژوویی لە ئاسمانەوە گیراوە، دووەمیان لە زەوییەوە بە زومێکی سیاسی گیراوە، سـەرەڕای جیاوازی و پێچەوانەییان، هـەردوو وێنەکە راستەقینەن: وێنەی یەکەم بێهیوایی و شکست و تووڕەیی دەچێنێت، وێنەی دووەم هیواو ئاوات و بڕوابوون دەبوژێنێتەوە، پێکەوە گونجانی نێوان هەردوو وێنەکە بە درێژایی چەندین دەیە لەسەر حسابی پاراستنی ئاسایش و ئازادی لوبنانییەکان، ئەمڕۆ گەیشتوەتە کۆتاییەکەی، بۆیە لەسەر لوبنانییەکان پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرن، یان دەبێت وێنەیەکی نوێ دەربارەی خۆیان پێشکەشی جیهان و نەوەکانی ئایندە بکەن.

**وێنەی یەکەم:**

لەسایەی فرەیی بیروڕای لوبنانییەکان، شتێکی ئاساییە کە دانوستان لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا بەڕێوە دەچێت کە لوبنانییەکان لەپای پێکهێنانی حکومەتی لوبنان قەرزداریانن، رۆژێك لە رۆژان پێتان سەیر نەبێت کە بەندێك بۆ دەستووری لوبنان زیاد بکرێت بۆ ئەوەی دانوستانە دەرەکییەکان وەکو راوێژکاری پەرلەمانی پیابەند بکات.

دوێنێ داوامان کرد ئەنجومەنی باڵای لوبنان - سوریا هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام وەڵامـمان نەدرایەوە، ئێستاش ئەنجومەنی راسپاردەیی سوری – سعودی – ئەمەریکی لەدایکبووە و سەرکردە و لێپرسراوانی لوبنان دانیان پێدا ناوەو داواش دەکەن بەرفراوانتر بکرێت، سەروەری و سەربەخۆیی لە

کوێن؟ کەرامەتی لێپرسراوانی لوبنان کوانێ؟ کوا کەرامەتی گردبوونەوەی 8 و 4ی ئادار؟ کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئورز لە کوێیە؟ کوا پەیامی ئازادی باشور؟ کەرامەتی گەلی لوبنان لە کوێیە؟ کوا سودی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی؟ خوێنی شەهیدان لە کوێیە؟ کوا سەردەمی نوێ؟

لە سەردەمی داگیرکارییەکاندا، هەستکردنی لوبنانییەکان بە جەربەزەیی لە ئێستا بەهێزتر بوو، چونکە بەرگرییان دەکردو خەونیان بە ئازادبوونەوە دەبینی، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی عارو عەیبەکانمان بوونەتە مایەی ریسوایی و گەلیش گوێی پێنادات، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی لەدژی فەرمانڕەواو سەرکردەکانی راپەڕێت و بناغەی دەوڵەتێکی نوێ دابڕێژێت کە بتوانێت بە سەربەخۆیی و بوێری و ئازادییەوە کاروبارەکانی بەڕێوەببات، لەئاست ئەو پاشاگەردانی و بودەڵیەدا بێدەنگە.

ئەگەر دوو راستی نەبوایا دامەزراندنی حکومەتی لوبنان لە دەرەوە پێکنەدەهات: پێویستی رێککەوتنی تائیف بە سەرگەورەیەکی دەرەکی لە پێناو رێکخستنی نێوان هەرسێ دامودەزگا دەستووریەکە، هەروەها دابەشبوونی نێوان لوبنانییەکان و خۆبادانیان بە پاشکۆیەتیان بۆ دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەکو نیشتمانی خۆیان دانیان بە لوبنان ناوەو دروشمی (سەرەتا لوبنان)یان بەرزکردووەتەوە، هۆکاری پشت پاشکۆیەتی لوبنانییەکان بۆ دەرەوە ئەوەیە کە هەموو تائیفەیەك پرۆژەیەکی بۆ لوبنان هەیە ئەستەمە بتوانێت بەبێ یارمەتی ماددی و سەربازی دەرەکی جێبەجێی بکات، بە تەنها خودی لوبنانییەکان دەتوانن پرۆژەی (لوبنانی ئازاد) بەدیبهێنن، بەڵام لەسەر ئەم خەونە مومکینە کۆك نین.

ئەو دوو راستییە، واتا (سەرگەورەی دەرەکی و دابەشبوونی ناوخۆیی) پێویستیان بە گرتنەبەری دوو رێکار هەیە: هەموارکردنی چەند بەندێکی دەستووری پەیوەست بە رێککەوتنی تائیف لەگەڵ چاوخشاندنەوە بە بونیادی دەوڵەتی ناوەندی لوبنان.

ئازادکردنی خاك بە تەنها پێوەری سەربەخۆیی و سەروەری لوبنان نییە، سوپای دەوڵەتان لە لوبنان پاشەکشەیان کرد، بەڵام سیاسییەکانی ئێمە لە هیچ دەوڵەتێك نەکشانەوە، ئەم رەفتارە بۆ جیهانی دەسەلمێنێت کە ئێمە گەلێکین بەدەست حاڵەتی دابەشبوونێکی درێژخایەنەوە دەناڵێنین، سەرەڕای ئەوەی کە لافی یەکبوون لێدەدەین، جگە لەوەش هەمیشە بەدەست کەمی پێگەیینی سیاسی گیرۆدە بووین، سەرەڕای ئەوەش خۆمان بە نیشتمانپەروەرییەوە بادەدەین، ئێمە گەلێکین ئولفەتمان بە دووبارەکردنەوەی پۆزش لە ئاییندەو داوای لێبوردن کردن لە مێژوو گرتووە، ئەم ئەگەرانە پێکەوە پاساو دەداتە دەستێوەردانی دەرەکی لە بارودۆخمان بە شێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی و لەژێر سایەی ئینتیداب یان راسپاردەیی یان سەرپەرشتیکردن یان داگیرکاریدا.

نەخشەی لوبنانی گەورە لە ڤێرسای دارێـژرا، سەربەخۆیی لوبنان بە لەندەن-دا تێپەڕی، دەستووری ئێستای لە تائیف پێگەیشت، سەرۆك کۆمارەکانی و سەرۆکەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی لوبنان لە پاریس و واشنتۆن و قاهیرەو دیمەشق و ریازو تاران، دواجاریش لە دۆحە پێگەیشتوون، سەرجەم قۆناغەکانی ئەم هێڵە چەماوەیە ئەوەیان سەلماند کە لوبنانی ناوەندیی یەکگرتوو، پرۆژەیەکە بە نەخشەی داگیرکاریی کێشراوە، چونکە یەکێتی دەوڵەت لەڕووی شارستانی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، رەنگدانەوەی گەلێکی یەکگرتوو نییە.

ئێمە گەلێکین نە راستییەکان و نە ئەفسانەکان و نە مێژوو نە ئاییندەمان و نە ئایین و نە پێغەمبەران و نە حەڵاڵ و نە حەرام لەنێوان یەکتریدا دابەش ناکەین، بەڵکو خوداپەرستی دەکەین و بەناوی خوداوە خەڵك دەکوژین، ئاسایش و ئارامیمان دەوێت و واز لە شەڕکردن ناهێنین، سەروەریمان دەوێت و دەستبەرداری پەنابردن بۆ بێگانەو غەوارە نابین، سەربەخۆییمان دەوێـت و دەستبەرداری تەرەفگیری نابین، دەوڵەتمان دەوێـت، بەڵام

دێین دەوڵەتۆکە دروست دەکەین، سەربەرزی دەخوازین، بەڵام ئالودەی بەکرێگیراوی بووین. ئێمە شەڕمان بە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران کردو ئاشتی بۆ کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ وێنا دەکەین، لەناو تراژیدیایەکی قەوارەیی وجودیدا دەژین و قەیرانی سیستمێکی دەستووری تێدەپەڕێنین، کە تێیدا لەپێش زانست و ژیری پەنا بۆ ویژدان دەبرێت بۆ چاکردنەوەی بەڵێننامەی پێکەوەژیان.

دەوڵەتی لوبنان لە رابــردوودا بریتیبوو لە پەردەیەکی وەهمی بۆ نیشتمانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەمڕۆش نیشتمان بووەتە پەردەیەکی وەهمی بۆ دەوڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشاو، لەکاتێکدا کە نیشتمان باجی فرە وابەستەیی و فرە پاشکۆیەتی دەدات، لە بەرامبەردا دەوڵەت باجی فرە هەژمونی دەدات، بەوجۆرەش لە وەهمێکەوە بۆ یەکێکی ترو لە بێهیواییەکەوە بەرەو یەکێکی تر دەڕۆین، ئەم بارودۆخە تاڵە ماوەی (90) ساڵ لەنێوان 1920 - 2009 بەردەوامی هەبوو، پێشدەچێت بۆ (100) ساڵی تریش تازە بێتەوەو لەگەڵ خۆیدا شەڕو قەیرانەکان و تیرۆرکردن و داگیرکاری و کۆچ و تراژیدیاو کاولکارییەکان دووبارە ببنەوە، بەم پێیەش رۆژێك دێت تیایدا لوبنان دەبێتە خاکێك بەبێ گەل، یان باشتر وایە بڵێین گەلێك بەبێ گەلە رەسەنەکەی.

لێرە سیستمی رێکخستنی نامەرکەزی پێشنیاز دەکەن، بەڵام لەوێ سیستمی فیدرالی جێبەجێ دەکەن، لە شوێنێکی تریش دەربارەی دابەشبوون چرپە چرپ دەکەن، بەڵێ دابەشبوون، ئێمە سەرمان لەناو لمدا ناشارینەوە، بەڵام جێگەی داخە کە پڕۆژەی دابەشکردنی لوبنان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی بێتەوە بەرباس، بەڵام هێشتا کاتەکە تێنەپەڕیوە بۆ ئەوەی بەربەرەکانێی دابەشبوون بکەین، سەرەڕای ئەو بارودۆخە لێڵ و واقیعە رەشەی کە هەیە، بیرکردنەوەی واقیعییانەی دەستکەوتوو لە ئەنجامی ئەزمونەکان، گیانی یەکێتی فیدراڵی لە ناخماندا دەبوژێنێتەوە،

چونکە یەکێتی مەرکەزی نۆشکراو ئۆغری کرد، چونکە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا ناگونجێت و وێکنایەتەوە کە ئەو هەموو فرەیی و پەرتەوازەییەی تیادا بێت.

**وێنەی دووەم:**

پیاچوونەوە بە کاروانی مێژووی لوبنان وێنەیەکی ترمان نیشاندەدات کە باوەڕبوون بە ئاییندەی ئەم نیشتمانەمان لەلا دەبوژێنێتەوە: کاتێك دەوڵەتی لوبنان دامەزرێنرا، قەوارەکەی تەنها رووبەرێك بوو کردمان بە نیشتمان، ئەم نیشتمانە بە درێژایی چەند دەیەیەك بە نیو سی هەناسەی دەدا، چونکە نیوەکەی تر ژیانی چەند قەوارەیەکی تری درێژە پێدەدا، سەرەڕای ئەو کۆسپە قۆناغیە، لوبنانییەکان سەرکەوتوو بوون لە رێکخستنەوەی ئیدارەیەك لەژێر سایەی ئینتیداب، پاشان بارودۆخ لە بەرژەوەندییاندا بوو توانیان سەربەخۆیی وەربگرن و دەوڵەتێك بونیات بنێن کە لەگەڵ هەموو خەوش و کێشەکانیدا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئاسیای بچوکدا باشترین و باڵاترین بوو، لە پێناو بەهێزکردن و پاراستنی ئەو دەوڵەتەدا، لوبنانییەکان میساقی نیشتمانیان داناو بووە داهێنانێکی فەلسەفی و سیاسی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان کریستیانەکان و موسوڵمانەکاندا، ئەو میساقە بە حوکمی مێژوویان لە لوبنان، پێشەنگییەکی سیاسی زیاتری بە کریستیانەکان بەخشی کە سودی بە لوبنان گەیاند، لەهەمانکاتیشدا زیانی پێگەیاند.

ژیانی تایبەتی و گشتی لە لوبنان ئارام و ئاسایی بووەوە، لەبەرئەوەش ئەم وڵاتە هەژارە لەڕووی داهات و سەرچاوەی سروشتی کە خاوەنی رووبەرێکی بچوك و دانیشتوانی کەمە، بووەتە سیمبوڵی سەرکەوتنی ئابوری و دارایی و گەشەکردن و سەقامگیری، هەر لەبەرئەوەشە کە بە (سویسرای خۆرهەڵات) و دیوە ڕووناکەکەی دەریای ناوەڕاست ناوبانگی دەرکردووە، لێرە کەلتوورو زانکۆکان و نەخۆشخانەکان و تەندروستی باش و بانك و نهێنی بانکی و

پێکەوە ژیانی ئایینەکان بوونیان هەیە.

ئایا ئەوە موعجیزە نییە کە لوبنانییەکان سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکیان سەبارەت بە پابەندێتی و قەوارەو ناسنامەو دەسەڵاتی سیاسی، پێشەنگ و سەرکەوتوو بوون لە داهێنانی هەموو ئەم دەستکەوتانە: (لوبنانی گەورە، بونیاتنانی ئیدارە، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دانانی میساقی نیشتمانی، بونیاتنانی دەوڵەت و ئابورییەکی گەشەکردوو)، ئایا ئەوە موعجیزە نییە کە لوبنانی یەکگرتوو بەبێ بوونی لوبنانیە یەکێتی خوازەکان بونیات بنرێت؟

دەوڵــەت سەرقاڵ بوو بە چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشە تائیفی ناسیۆنالیستییەکان لە ڕێگەی فراوانکردنی بەشداریکردنی سیاسی و بەدیهێنانی دادپــەروەری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هاوسەنگەوە، لەکاتێکدا کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا روبــەڕووی کێشەکانی سوپایەك لە پەنابەرانی فەلەستینی بوەوە کە لە لوبنان بە سەرکردایەتی ڕێکخراوی فەتح بوونە دەوڵەتۆکەیەك و لەلایەن چەند گروپێکی ئیسلامی و چەپڕەو بە سەرپەرشتییەکی گوماناوی سوریا پشتیوانیان لێدەکرا، نسکۆی لوبنان دەستی پێکرد، لوبنانییەکان دابەشبوون، شەڕی گەورەی لوبنان لەنێوان ساڵانی 1975 – 1990دا هەڵگیرسا، دەوڵەتی لوبنان پەکیکەوت و وڵاتەکە داگیرکرا، تەنها چوارگۆشەیەکی مەسیحی نەبێت (لە کفرشیماوە تاکو پردی المدفون)، بەڵام بەرگری کردو توانی لەگەڵ بەشیر ئەلجومەییل سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پاشان لەدوای شەهیدبوونی ئەلجومەییل بەهۆی شەڕی مارۆنییەکانەوە شکستی هێنا، لوبنانییەکان لە مەینەتییەکانی ئەو ساڵانە دەربازیان بوو دڵسۆزی خۆیان بۆ لوبنان و رەتکردنەوەی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان ڕاگەیاند.

ئایا ئــەوەش موعجیزە نییە کە هاوسۆزی هەمووان یەکبگرێت بۆ رەتکردنەوەی خواستی نیشتەجێکردن، لەکاتێکدا ئەمانە دوو هۆکاری سەرەکی بوون لەپشت هەڵگیرسانی شەڕ؟

راستە کۆتاییهاتنی شەڕ سەلماندی کە داگیرکاریی سوریا کارکردن بوو بە ڕێکەوتنی تائیف، بەڵام لوبنانییەکان خرانە ژێر باری حوکمێکی نیمچە سەربازییەوە کە کریستیانەکانی لاواز کردو هەموو توانا شارستانی و کەلتوری و دارایی و ئابورییەکانی لوبنانی هەڵمژی، بەڵام لە ساڵی 2005دا گەلی لوبنان تۆڵەی خۆی کردەوەو سوپای سوریا بەگوێرەی بڕیارێکی نێودەوڵەتی پاشەکشەی کرد.

ئایا ئەوە موعجیزە نییە کە زیاتر لە یەك ملیۆن لوبنانی فرە بیروبۆچوونی تائیفی و حزبی و ناوچەگەرێتی لە 14ی ئاداری 2005 لە گۆڕەپانی شەهیدان یەکبگرن و کۆببنەوەو فشار دروست بکەن بۆ پاشەکشەپێکردنی سوپای سوریا لە لوبنان لەدوای داگیرکردنی کە (30) ساڵی خایاند؟

ئێستا (3) سیمای چارەسەرکردن ماوەتەوە لە پێناو پاراستنی سەقامگیری دەوڵەتی سەربەخۆدا:

یەکەم: چارەسەرێکی فەلەستینی پاڵپشت بە ڕەهەندێکی عەرەبی – ئیسرائیلی، ئەویش بریتییە لە نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لە لوبنان.

دووەم: چارەسەرێکی لوبنانیە پاڵپشت بە ڕەهەندێکی شیعی – ئێرانی، بریتییە لە پڕۆژەو چەکی حزبوڵڵا لە لوبنان.

سێیەم: ئەمەشیان چارەسەرێکی لوبنانییە پاڵپشت بە ڕەهەندێکی عەرەبی – ئیسلامی، بریتییە لە ڕەوتی ئوسوڵی سەلەفیی سوننی.

بێئەوەی لەڕووی نیشتمانییەوە هاوبەرامبەری لەنێوان ئەم سێ چارەسەریەدا بکەین، ئەگەر لوبنانییەکان توانیان پێکەوە ڕێکبکەون لەسەر دووبارە بڵاوکردنەوەو نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لەناو دەوڵەتانی عەرەبی و هەندێك لە دەوڵەتە بیانییەکان، بەوشێوەیە کێشەی نیشتەجێکردنی تەواو دەبێت و یەکێتی لوبنان ڕزگار دەکرێت و لە لەناوچوون دەپارێزرێت.

ئەگەر حزبوڵڵا بەقا بکات بە پەسەندی تەوزیفکردنی ئازادبوون لەناو

دەوڵەتی لوبنان، ئەوا بێگومان مەسەلەی چەك چارەسەر دەبێت و یەکێتی و ئاسایشی لوبنان دەپارێزرێت و رزگار دەکرێت، بەڵام سەبارەت بە دیاردەی سەلەفیەتی مۆڵگەکردو، وا پێدەچێت تائێستا دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی لوبنان لەتوانایاندا بێت چارەسەری بکەن، دوایئەوەی سوپای ئیسرائیل لە لوبنان پاشەکشەی کرد، دەکرێت حزبوڵڵا ببێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ چەسپاندنی یەکێتی خاکی لوبنان، هەروەکو کریستیانەکان لەدوای کشانەوەی عوسمانییەکان و سوننەکان و دورزییەکان لە دوای کشانەوەی سوپای سوریا کردیان.

مارۆنییەکان ئامادەبوون داوای پێکهێنانی لوبنانی گەورە بکەن، ئینتیدابی فەڕەنساش لوبنانییەکانی وروژاندو لەسەر پرسی سەربەخۆبوون یەکیانگرت، لوبنانی سەربەخۆ بە شێوەیەکی پراکتیکی بەشداری بە موسوڵمانەکان کرد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، هەورەوها فراوانکردنی بەشداری پێکردن وای لە موسوڵمانەکان کرد لوبنان بە کۆتا نیشتمانیان بزانن، ئەمڕۆش حزبوڵڵا هەست بە شانازی دەکات لەپاڵ بەرگریکردنی لە باشور، چونکە بەرپرسیارێتی هەیە لە گەڕاندنەوەی شیعەکان بۆ ناو باوەشی دەوڵەت تاوەکو لەگەڵ سەرجەم لوبنانییەکان بە هەموو دەنگ و رەنگیانەوە لەسایەی ئاشتی ناوخۆیی بونیاتنراو لەسەر پاراستنی کەرامەت و هێزو ماف و سیستمی لوبنانییەکان بە ئاشتی پێکەوە بژین.

ئایا ئێمە لە کوێی وێنەی یەکەمداین؟ وێنەی دووەم جوانە، بەتایبەتی لە رووە سوریالیەکەیدا، لوبنان بە واقیعی پێکهاتەیەکە لە هەردوو وێنەکە، یەکەمیان لەگەڵ ئازارەکانماندا دەژی، دووەمیش لەناو کتێبەکاندا دەیبینین، سەیر لەوەدایە کە وێنە ناشرینەکە بریتییە لە رەنگدانەوەی وێنەیەکی جوان، ئایا لەمەدا موعجیزەیەك بەدی ناکرێت؟ ئەگەر وانییە ئێمە پێویستمان بە موعجیزەیە؟

# ژمارەی پێوانەیی بۆ لەدەستدانی مافی چارەی خۆنووسین

## 18 تشرین یەکەمی 2009

لە سەردەمە کۆنەکاندا، چوار خاڵی نەگۆڕی سەرەکی هاودەمی لوبنان و لوبنانییەکان بوون ئەوانیش:

* هەرچەندە لوبنانییەکان کەمینەش بوون، لە بەرامبەر قۆڵت و کۆسپەکانی مێژوودا دواجار مافی چارەی خۆنووسینیان بەدەستهێنا.

* سەرەڕای قورسی ئەزمونەکان، لوبنانییەکان ئەو مافەیان بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوەبرد.

* سەرەڕای پێکهاتن و ئاشتەوایی مێژوویی نێوانیان، دابەشبوونی تائیفی لەنێوانیاندا گەشەی کردووە.

* سەرەڕای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی سەیر دەستێوەردان لە کاروبارەکانیان روویداوە.

کەواتا، پێشئەوەی لوبنانییەکان چانسیان تاقیبکەنەوە، پێویستە لۆمەی خۆیان بکەن، لەکاتێکدا ئەم ناوچەی خۆرهەڵاتە بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، لوبنانییەکانی چیا مافی ئۆتۆنۆمیان هەبوو، مارۆنییەکانیش رۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لـەڕووی پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندێتی چیا لە رێگەی گرنگیدانیان بە زانست، هاریکاریکردنی دورزییەکان، بەشداریکردنی پێشەنگیان لەڕووی سەرکردایەتی و ژمارەیی لە سوپای وڵات، هاوپەیمانێتیان لەگەڵ خۆرئاوا و پشتیوانیکردنیان لە دۆزی کریستیانەکانی خۆرهەڵات، مارۆنییەکان ئەرکی پاراستنی هەردوو ئیمارەتی مەعینی و شەهابی-یان گرتەئەستۆ، لە فەخرەدین مەعینی گەورەوە تاکو سەردەمی بەشیر ئەلشەهابی لەنێوان ساڵانی (1590-1842)دا، ئەوەی فەرمانڕەواکان لە جەنگە سەربازییەکانیان لەدژی عوسمانییەکان لەدەستیان دەدا، مارۆنییەکان بە سیاسەت و توانای دیپلۆماسی خۆیان و یارمەتی ئەوروپاو کەنیسەی رۆما بەدەستیان دەهێنایەوە.

دوو بەڵگەی زیندوو دەخەمەڕوو دەربـارەی رۆڵی مارۆنییەکان لە پاراستنی ئیمارەتەکەدا، یەکەم: هەڵسانی مەعینە دورزییەکان و شەهابیە

سونییەکان بە پەیڕەوکردنی ئایینزای مارۆنی بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، دووەم: ملکەچکردنی تەواوەتی ئیمارەتی دورزی لە سەردەمی ئەلتنوخی بوحتوری (763-1519) بۆ دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، ئەوەش بەهۆی لەدەستچوونی رۆڵی مارۆنییەکان لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەو راستییە مێژووییە وا لێکدراوەتەوە گوایا مارۆنییەکان کە لە پێناو سەربەخۆیی و خودموختاری ئیمارەتی چیا خەباتیان کـردووە، سەرکەوتوو نەبوون لە لکاندنی چیای باکوری لوبنان بەو ئیمارەتەوە بۆ هەمیشە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەم خاڵی دەستپێکردنی درەوشانەوەی لوبنان و بارەگای بتریارکەکانیان و سەنتەر و ناوەندی دێرەکانیان و کەنیسەکانیان بوو.

سەرەڕای بوونی زۆرێك دەرفەتی بابەتی کە رەخسابوون بۆ دەرچوون لە قەیران، یان جەنگ و راسپاردەیی، بەڵام لوبنانییەکان لەدەستیان دان، مێژوو پڕیەتی لە وێستگەی گەورەو پڕشنگدار، دەیسەلمێنن کە پەرۆشی هەبووە بۆ بوونی لوبنان لە پێگەیەکی تایبەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا، دیارترینی ئەو وێستگانە:

• ساڵی 1516ی زایینی، عوسمانییەکان بەسەر مەمالیکەکاندا سەرکەوتن، بەڵام دەستیان نەگەیشتە ئیمارەتی چیا لە لوبنان و هیچ والیەکی عوسمانیان بۆ دانەنا کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەکو هەموو ناوچەکانی تری دەوروبەری فەرمانڕەوایەتی بکرێت، بەڵکو دەسەڵاتی موعینییەکانیان تازە کردەوە.

• ساڵی 1634ی زانیینی، عوسمانییەکان بەسەر دەسەڵاتی فەخرەدینی گەورەی دووەمدا سەرکەوتن و بردیان بۆ ئەستانەو لەوێ کوشتیان، بەڵام سەرەڕای پچڕینی چەند قەزایەك کە فەخرەدین پێوەی لکاندبوو، ئیمارەتی چیا هەر بەردەوام بوو.

• ساڵی 1697ی زایینی، شازادە ئەحمەد دوایین فەرمانڕەوای موعینییەکان کۆچی دوایـی کـردو عوسمانییەکان هیچ والیەکیان بۆ ئیمارەتەکەی

دانەمەزراند، بەڵکو رازی بوون بە رێککەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانی (الشوف) بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی شیهاب (شازادە بەشیر کوڕی حسێن ئەلشەهابی) کە خوشکەزای شازادە ئەحمەد موعینی بوو.

• ساڵی 1842ی زایینی، قەسابخانە و کوشتارگەلەکانی چیا لەنێوان دورزییەکان و مارۆنییەکان روویانداو ئیمارەتی شەهابی رووخاو دانیشتوانی ئیمارەتی چیا رەزامەندییان لەسەر دابەشبوون (دوو قائیمقامیەت) نیشاندا لەسەر فەرمانڕەوایەتی راستەوخۆی عوسمانی (عومەر پاشای نەمساوی).

• ساڵی 1860ی زایینی، ئەزمونی حوکمی دوو قائیمقامیەت شکستی هێنا لە دانانی سنورێك بۆ ململانێی خوێناوی نەخشە بۆ داڕێژراو لەنێوان مارۆنییەکان و دورزییەکان، پاشان لوبنانییەکان لەسەر سیستمی پارێزگاریی (موتەسەڕەفیە) بەردەوامبوون، کە توانی چیای لوبنان و دەوروبەری یەکبخاتەوە، هەرچەندە عوسمانییەکان لەوبارەیەوە خۆپارێزییان دەکرد (شیعەکان داوایان دەکرد بچنە پاڵ موتەسەڕەفیە، نەك بچنە پاڵ هەردوو ویلایەتی سەیدا و شام).

• ساڵی 1920ی زایینی، ئەوروپا هەستا بە دەستبەسەرداگرتنی میراتی سوڵتانی عوسمانی، بەوهۆیەشەوە مارۆنییەکان سەرەڕای پرۆژەی سایکس-بیکۆ کە لەبنەڕەتدا دەیویست سوریاو لوبنان لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا یەکبخات، دەوڵەتی لوبنانی گەورەیان بەدەستهێنا (شیعەکانی لوبنان بە نێردەی (کینگ- کراین)ی نێودەوڵەتییان راگەیاند کە دەوڵەتی لوبنانی گەورە بە پڕۆژەکەوە پابەندەو رازی نییە بخرێتە پاڵ دەوڵەتە سونیەکەی شەریف حسێن لە سوریا) (2).

• ساڵی 1943، دەسەڵاتی فەڕەنسای ئازاد لە لوبنان لە بەردەم پێشڕەوی نازییەکاندا لاواز بوو، بۆیە لوبنانییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و توانیان سنورێك بۆ دەسەڵاتی ئینتیدابی فەڕەنسا دابنێن.

• ساڵی 1982، لوبنان بێجگە لە ناوەندی ناوچە کریستیانەکان لەژێر دەسەڵاتێکی سوری – فەلەستینی دا بوو، بۆیە ئیسرائیل پەلاماری وڵاتەکەی دا بۆ لێدانی ژێرخانی سەبازی فەلەستینی و ناچارکردنی سوریا بە کێشانەوەی سوپاکەی لە خاکی لوبنان، بەڵام جیهانی ئازاد بەتایبەتی ئەمەریکا هاتنە وەڵام بۆ سنوردارکردنی رۆڵی ئیسرائیل و جێبەجێکردنی کاریگەری پلانی جەنگ لە رێگەی پشتیوانیکردنی پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی ئازادو بەهێز لە لوبنان و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل کە دواتر رێککەوتنی 17ی ئایاری 1983ی لێکەوتەوە.

• ساڵی 2005، لوبنانییەکان لەدوای تیرۆرکردنی (رەفیق ئحەریری) سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی لوبنان راپەڕین، لەو بارودۆخەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سوریای ناچار کرد سوپاکەی لە خاکی لوبنان بکێشێتەوە، بەوشێوەیەش لوبنانییەکان سەروەری و سەربەخۆییان بەدەستهێنایەوە، سوننەکان لەدوای تێپەڕبوونی 85 ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی لوبناندا، چوونە پاڵ پڕۆژەی « لوبنان پێش هەر شتێك».

لە ئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی باسکران، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لوبنانییەکان مافی چارەی خۆنوسینیان بەدەستهێناوە، لە زەمەنێکدا کە ئەم چەمکە نەناسراو یان نادیار بووە، لەسایەی نەبوونی هیچ مەرجەعێکی هەرێمیی یان نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی کاروباری نەتەوەو گەلانی جیهان بکات، (دواتر رێکخراوی عوسبەی نەتەوەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دامەزرێنران)، لوبنانییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان مافی چارەی خۆنوسین-یان لە حوکمی عوسمانییەکان و ئەوروپییەکان پچڕی، لەکاتێکدا خودی عەرەبەکان لە سەردەمی کۆندا (خەلافەتی ئیسلامی) و سەردەمی داگیرکاری نوێی سوریا نکۆڵیان لێدەکرد.

لوبنانییەکان لە مێژووی خۆیاندا چەندین شێوازو سیستمی دەستوری و قەوارەی جوگرافی و فۆڕمی ژیانی هاوبەشی جۆراوجۆریان تاقیکردەوە، بـەڵام لوبنانێکی بچوککراوەیان لەگەڵ شازادەیەکی نیشتمانی ناسی (ئیمارەتی چیا)، لەگەڵ دەسەڵاتێکی دابەشکراوی چیای لوبنان لەگەڵ پارێزگارێکی تائیفی لە چوارچێوەی سیستمی (هەردوو قائیمقامیەت)دا، هەروەها چیایەکی یەکگرتوویان ناسی لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی بیانی نامۆدا لە چوارچێوەی لوبنانی گەورەی داگیرکراودا (ئینتیدابی فەڕەنسا)، هەروەها لوبنانێکی سەربەخۆیان بینی لە سەردەمی میساقی نیشتمانیدا،

لوبنانییەکان لە ژینگەو روانگەکەی خۆیاندا چەمکی ئـازادی و سەربەخۆییان بڵاوکردەوەو کردیانە وانەیەك بۆ ئەوەی گەلانی عەرەبی کە ئۆڤیانوسەوە تاکو کەنداو لێوەی فێر بن، کاتێکیش ویستیان لەناو رووبەری (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشەدا ئۆقرە بگرن، ئەو گەلانە پشتیان تێکردو ئەویش هاواری کرد: بۆچی جێمدەهێڵن؟ بەڵکو بۆ کێم جێدەهێڵن؟

لە ئێستادا، دەوڵەتە ئیقلیمی و زلهێزەکان فەرمانڕەوایەتی لوبنانی گەورە دەکەن، دەوڵەتی لوبنانیش فەرمانڕەوایەتی موتەسەڕیفیەکان (پارێزگاکان) دەکات، تائیفەو مەزهەبە ئایینیەکانیش فەرمانڕەوایەتی ئیمارەتەکان دەکەن کە بەدرێژایی رووبەری لوبنان بڵاوبوونەتەوە: ئێرە زەوی شیعەیە «بڕۆن بەرەو چەکەکانتان»، ئەولاش زەوی سوننەو دورزییەکانە «سڵاو بکەن لە فەرمانڕەوا بە فەرمانی خوا»، لێرە و لەوێ و ئەولاتر خاکی مەسیحیەی «سڵاو لە خۆڕاگری لوبنان بکەن... ئەگەر دۆزیتانەوە».

# هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی، پرۆژەیەکی عەلمانی یان تائیفیە؟

## 8ی حوزەیرانی 2011

* ئەمە پوختەی کۆڕێکە کە سەماحەتی سەید (هانی فحص) و شەریف فەییاز ئەمینداری گشتی حزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی لوبنان و قەشە پۆڵس وەهبە بەشدارییان تیادا کرد، کۆڕەکە لەلایەن د.جۆزیف عەجمی بەڕێوەبەری کۆلێژی راگەیاندن بەڕێوەبراو لەلایەن مامۆستا سوهێل مەتەر جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان پێشکەشکرا، 8ی حوزەیرانی 2011 .

دیاردەی تائیفیەتی سیاسی بوونی هەیە، لەبەرئەوەی کە تائیفیەتی شارستانی، کەلتووری، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، دارایی، ئاسایشی و سەربازی بوونی هەیە، کەواتا بۆچی هەندێك داوای هەڵوەشاندنەوەی یەك جۆر تائیفیەت و هێشتنەوەی جۆرەکانی تری دەکەن، بەتایبەتی کە تائیفیەتی سیاسی چەقەکەیەو ئەوانی تر سەرچاوەکانیەتی؟ تائیفیەتی سیاسی چرای رۆشنکەرەوەیە، بەڵام جۆرەکانی تری تائیفیەت سەرچاوەی ئەو وزەیەن کە تەزووی کارەبایی بۆ دروست دەکەن.

ئەگەر بێتو ئەو هەموو جۆرانەی تائیفیەت لەناو کۆمەڵگەی لوبناندا بوونیان هەبێت، کەواتا تائیفیەت نابێتە بەربەستێکی قۆناغیی، بەڵکو حاڵەتێکی کۆن و رەسەنە لەناو کەسێتی مێژوویی لوبنانیدا، تائیفیەت پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە مێژووی ئێمەداو پەیوەندە بە باری ئایینیەوە لە خۆرهەڵات، لەپاڵ ئەو پەیوەندییە سروشتی و ئاساییەی کە لەنێوان لوبنان و روانگەی دەوروبەریدا هەیە، ئەگەر جیاوازی لەبارەی لێکدانەوەی فەلسەفیانەی ئولوهیەت یان ململانێ لەسەر دەسەڵات بێت، بەڵام

سەردەمەکە تێیپەڕاندووە، تائیفەکان و مەزهەبەکان و چەوساندنەوەی ئایینی بەرهەمهێناوەو لەسەریشی بەردەوامە، واتا تائیفیەتی سیاسی بە چەمکە گشتگیرییە قەوارەییەکەی بەرهەمهێناوە نەوەك بە چەمکە لوبنانیە کاتییەکەی.

لەوەی لە سەرەوە باسکرا دەگەینە (3) دەرئەنجام:

یەکەم: لابردنی سیما سیاسییەکانی تائیفیەت هیچ سودێکی نییە بەبێ چارەسەرکردنی جەوهەری تائیفیەتی فرە دەموچاو، چونکە (بەش، هەموو لانابات).

دووەم: لابردنی حاڵەتی تائیفی گشتی بەتەنها لە لوبنان سودی نییە، ئەگەر سیستمی بێلایەنی لوبنان لەبەرچاو نەگرێت، ئەگینا عەلمانییەت لەژێر کاریگەری هاوبەرامبەری نێوان پێکهاتە کۆمەڵاتییەکانی لوبنان و دیاردە مەزهەبییەکانی خۆرهەڵاتدا دەکەوێت.

سێیەم: گواستنەوە بۆ قۆناغی عەلمانیەت قورسە بەبێ گواستنەوە بۆ حاڵەتی بەهاوڵاتیبوون، بەڵام گەیشتن بە حاڵەتی بەهاوڵاتیبوون ئەستەمە بەبێ دڵسۆزی رەها بۆ نیشتمان و رێککەوتن لەسەر ناسنامەکەی و رۆڵ و پەیامەکەی، بەڵام ئەمە بابەتێکە هێشتا ناڕوونی و جیاوازی و مشتومڕو ناپاکی هاوبەرامبەری تێدا بەدیدەکرێت، لە ئێستادا ئـەوەی جێگەی سەرنجدانە سەبارەت بە لابردنی تائیفیەتی سیاسی، ئەوەیە کە ئەم پڕۆژە نوێیە لەلایەن سیاسییەکانەوە لەپێش بیرمەندەکان خرایەڕوو، ئەمە مانای وانییە کە سیاسییەکانی ئێستای لوبنان عەلمانین، بەڵکو پێشنیازەکە بەرهەمی ئارەزووکردنە لە هەژمونگەری نەوەك بەرهەمی پاڵنەری ئەنجامدانی چاکسازی بێت، ئێمە لە وەهمدا دەبین ئەگەر پێمانوابێت کە ئەم چینە سیاسیە دەتوانێت کۆمەڵگە بکاتە عەلمانی، مادام تائیفیەتی هاوسۆز لەگەڵ گەندەڵی سەرمایەی سەرەکی زۆرینەی کایەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنێت.

ئـەوەی جێی سەرنجە، پێش ئـەوەی سیاسەتمەدارە موسوڵمانەکان و چەپەکان تازە بەتازە داوای لابردن و ڕەتکردنەوەی تائیفیەتی سیاسی بکەن، سیاسەتمەدارە کریستییانەکانی لەمێژە داوایان کردووە، دۆکیۆمێنتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان ئاشکرای دەکەن کە پەرلەمانتاری مارۆنی ڕۆڵەی فەتوح کسرەوان (جۆرج زوین) ناڕەزایەتی بەرامبەر هەردوو ماددەی (95 و96)ی دەستووری یەکەمی لوبنان دەربڕیوە لەکاتی تاووتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەری لە 22ی ئایاری 1926دا، چونکە ئەو دوو ماددەیە زەمینەیان بۆ تائیفیەتی سیاسی خۆشدەکرد، ئەو بەڵگەنامانە ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە ئەمیل ئەدە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی شێخ بشارە ئەلخوری لە 14ی ئایاری 1927دا، داوایکردووە لە پڕۆسەی دابەشکردنی پلە و پۆستەکاندا بنەمای تائیفی کاری پێنەکرێت، مادام مافی سەرجەم لایەن و تائیفەکان لە پەرلەماندا پارێزراو و ڕێزلێگیراوە، بەڵام وابەستەبوون بە بنەمای تائیفیەوە لە دامەزراندنەکاندا، سەلیقە و تواناکان دەکوژێت و یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لەناودەبات.

ئەوکاتەی حکومەتی سەربەخۆی لوبنان لە ساڵی 1943دا یەکەم بەیاننامەی وەزاری خۆی دارِشت، سنوری تائیفیەتی سیاسی تێپەڕاندو داواشیکرد لە ئاییندەدا تائیفیەت بۆ هەمیشە وەلا بنرێت، لەو بەیاننامەیەدا ئەم ڕستەیە هاتووە: «ئەوساتەی کە تێیدا دەتوانرێت تائیفیەت وەلا بنرێت، ئەوە ساتی بەئاگاهاتنەوەی نیشتمانی سەرتاسەری و پیرۆزە لە مێژووی لوبناندا، بۆیە هەوڵدەدەین بە پشتیوانی خودا لەوساتەوە نزیك بینەوە»، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی (تائیف)دا، دارِشتنەوەی ماددەی (95)ی دەستوور جیاوازە، لەکاتێکدا کە ماددەکە دەڵێت: «پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران ڕێکارە گونجاوەکان بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی بەپێی پلانێکی قۆناغیی و دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی»، هەمان ماددە لە دواییدا ئاماژە دەکات کە ئەرکی دەستەی ناوبراو بریتییە

لە دیراسەکردن و پێشنیارکردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە بارتەقای نەهێشتن و هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەت.

بەبێ گومانکردن لە نیازپاکی ئەو کەسایەتییە مارۆنییانەی کە لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوودا ڕێگر بوون لە پەیڕەوکردنی تائیفیەتی سیاسی، سەرنجی ئەم دەرهاویشتە مێژووییانە دەدرێت: «زۆرینەی بژاردەی زانستی ئەو سەردەمە کریستیانی بوون، ژمارەی کریستیانەکان لەو بوارەدا زاڵتر بوو، ئینتیدابی فەڕەنسی هەبوو، بشارە ئەلخوری و ئەمیل ئەدە لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی شەقامی ئیسلامی».

کاتێك بیرۆکەی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو گەڕایەوە گۆڕەپانەکە، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی سودری-فەلەستینی چەپڕەوانە لەدژی لوبنان بە کریستیانی و موسوڵمانیەوە، ئەو شەڕە لە چوارچێوەی پیلانێکدا بوو ئامانجی لاوازکردنی حاڵەتی مارۆنی سیاسی و گرتنەدەستی دەسەڵات لەناو دەوڵەتی لوبنانداو گۆڕینی ڕژێم و چەسپاندنی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان بوو، دەرهاویشتەکانی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بووە پێچەوانەی دەرهاویشتەی دەیەی بیستەکانی، چونکە لوبنان لە دەوڵەتێکی خاوەنی سیمای عەرەبییەوە گۆڕا بۆ نیشتمانێکی خاوەن ناسنامەی عەرەبی، بەوهۆیەشەوە ژمارەی کریستیانەکانی کەمبووەوە، دەوڵەتی سەربەخۆی لوبنان بڕیاری ئازادی و سەروەری لەسەر خاکەکەی و لەناو سنورەکانی لەدەستدا، سەرەڕای هەموو ئەمانە، رەوتێکی جیهادی شیعەگەرایی چەکدار لە لوبنان و ئێران و رەوتێکی ئوسوڵی سوننی توندڕەو لەناو لوبنان و ججیهانی عەرەبیدا سەریانهەڵدا.

لە بەرامبەر ئەو گۆڕاکارییانەدا، هەوڵی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لـەمـڕۆدا، هەنگاوێکی نوێیە لەسەر ڕێگەی چەسپاندنی هەژموونی پێکهاتەی یەك تائیفە بەسەر کۆی پێکهاتەکانی تری نیشتمانی لوبنانیدا، ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی کریستیانەکان و فۆرم و پەیامی لوبنان

لەم خۆرهەڵاتەدا پەراوێز دەخات، لوبنان پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەو نەهێشتنی سیاسەتی تائیفیانە هەیە کە پڕۆژەیەکی عەلمانیە، نەوەك پێویستی بێت بە نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی کە بریتییە لە پڕۆژەیەکی تائیفی رووت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لوبنان بە عەلمانیەت شادومان بێت، لەکاتێکدا پێگەی شارستانی لە ژیانی سیاسی لوبناندا پاشەکشەی کردووە، لەدوای بەرپابوونی شەڕ لە لوبنان لە ساڵی 1975دا قەبارەی دابەشبوونی تائیفی و مەزهەبی بە ستونی و ئاسۆیی دوو بەرامبەر زیادی کردووە، لەوەتەی رێککەوتنی تائیف لە ساڵی 1989 کراوە، پرسی تائیفیەت لەسەر حسابی ناوەندێتی دەوڵـەت، بەڵکو لەسەر حسابی دەوڵەتی یەکگرتوو رەهەندێکی فیدراڵی وەرگرتووە.

ئەگەر بێتو جێبەجێکردنی لامەرکەزیەت دوابخرێت، لەبەرئەوەیە کە جێبەجێکردنی لەگەڵ بوونی واقیعی فیدراڵی سەپێنراو بەسەرماندا، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، چونکە لامەرکەزیەت سیستمێکە بە وێنای دەوڵەتێکی مەرکەزی نـەوەك دەوڵەتی فیدراڵی، لوبنان لە دەوڵەتێکی مەرکەزی شەرعییەوە گۆڕاوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی ناشەرعی، بەبێ تێپەڕبوونی بەو نامەرکەزیەتەوە کە لە رێککەوتنی تائیف تێبینی کرا، بەردەوامبوونی ئەو واقیعە بەشەرعی نەکراوە، لە دابەشبوون نزیکمان دەکاتەوەو لە یەکبوون دوورمان دەخاتەوە، هەرچەندێك بڵێین لەسەر فەلەستینی یان سوری یان ئیسرائیلی و ئەوانی تر حەقمانە، چونکە ئەگەر خاکی لوبنان زەویەکی بەپیت نەبوایا بۆ ململانێی تائیفی، دابەشبوون رووی نەدەدا، بەڵگەش ئەوەیە کە هەرچەندە دەرفەتی دەرچوونمان لە قەیرانێکدا بێت، پشت دەبەستین بە پێکهاتنێکی تائیفی خاوەن رەهەندی دابەشبوون و پێچراوە بە چەندین دروشمی نیشتمانی و یەکبونگەرایی، دوایین پێکهاتنمان رێککەوتنی تائیف بوو کە داوای نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی کرد، لەکاتێکدا چەند بەندێکی دیاریکراوی زیاتر لەهەر قۆناغێکی تری رابـردوو، بۆ پرسی تائیفیەت

تەرخانکراوە، چەند بەندێکی تریشی بەناوی بەشداریکردنەوە ستراکچەری بڕیاردانی دەستووری پەکخستووە، بە ئامانجی بەرە بەرە تواندنەوەی یەکێتی دەوڵەت.

لوبنانی نیشتمان لەسەر بناغەی رێککەوتنی تائیف دروستکرایەوە و بە لۆژیکی تائیفیەت خرایە ژێر ئینتیدابەوەو لەژێر باڵی یەکێتییەکی تائیفیدا سەربەخۆیی لێسەنرایەوە، بەوشێوەیەش دەوڵـەت لەسەر بنەمایەکی تائیفی بونیاتنرا، هەروەها ئیدارەکانیش بەپێی پێوەری تائیفی دامەزرێنران و پەیڕەوەکانی پـەروەردەش بە بیرێکی تائیفیانە نـوسران، ئێمەش ئەو داگیرکارییەمان لەبەر چەند هۆیەکی تائیفی قبووڵ کردو هاوسۆزیمان پێشکەشی نیشتمان کرد، چونکە خاوەنی نەزمێکی تائیفیە، بەڵام مەخابن ئەگەر بڵێین خواستەکانمان تائیفیە، لەبەرئەوە وەرن با پێکەوە خڕۆکە سورە تائیفییەکانی ناو خوێنمان بگۆڕین بە خڕۆکەی مەدەنیەت، پاشان باس لە نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی بکەین، ئەمجارەش مەخابن، چونکە هێشتا لوبنانییەکان کریستیانی و موسوڵمان نین، بەڵکو مارۆنی و سوننەو شیعەو دورزی و سریانی و عەلەوی و ئەرمەن و ئەرتۆدەکسی و کاسۆلیکن.

ئەمە دیاردەیەکە لێکدانەوەی خۆی لە مێژوودا دەدۆزێتەوە، ئەو گروپ و تاقمە خۆرهەڵاتی و ئاسیاویانەی کە لەنێوان سەدەکانی پێنجەم و بیستەمدا هاتوون بۆ لوبنان، وەکو رۆڵەی مەزهەبەکان و تائیفەکان پەنایان بۆ هێناوە، نەك وەك نەوەکانی هەردوو ئایینی کریستیانی و ئیسلامی، بۆیە ئەو سیمای چەوسانەوەیەی کە بەرەو لوبنان کۆچی کردووە هەمیشە سەرچاوەکەی ئایینێکی تر بووە، بەڵکو هی تائیفەیەك بووە لە دژی تائیفەیەکی تری سەر بە هەمان ئایین و مەزهەبێك لە دژی مەزهەبێکی تری سەر بەهەمان ئایین.

لەبەرئەوە مەسەلەی تائیفیەت لە لوبنان ناکرێت بە شێوەیەکی تاکلایەنەو بەشبەشکراو بخرێتەڕوو، پێویستە ببێتە بەشێك لە پرۆژەیەکی چاکسازی گشتی بۆ لوبنانی مرۆڤ و هاوڵاتی و کۆمەڵگەو دەوڵەت و ناسنامەی

نیشتمانی، ئەگەر بارودۆخ بخوازێت بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان بە چەند پاکێجێك، پێویستە لەپێش جێبەجێکردنی ئەو قۆناغەدا رێککەوتنێکی گشتگیر بکرێت لەسەر پرۆژەیەکی چاکسازی پێگەیشتووی تەواو لەگەڵ دانانی خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراودا (ئەوەی کە تائێستا بەردەست نییە)، هەروەك حزبوڵڵا دەستپێکردن بە دانانی چەکەکانی بە چوارچێوەیەکی بەرگرییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام نابێت دەست بۆ هاوسەنگی دەستوری ببرێت، با راشکاوانە بیڵێین: دەستکاری نەکردنی هاوسەنگی تائیفی تەنها لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسی - دەستووری – فیدراڵی روون و ئاشکرادا نەبێت.

لە چاوەڕوانی پێکهێنانی سیستمێکی عەلمانی راستەقینەدا، پێویستە باری تائیفی لوبنان لەسەر بنەمای یەکسانی سیاسی و ئیداری دابڕێژرێت، ناکرێت نیوەیەکمان تائیفی و نیوەکەی ترمان عەلمانی بین، ناتوانین دەوڵەتێکی مەدەنی بەڕێوەببەین، کە کۆمەڵگەکەی تائیفی بێت، ناکرێت کارو پیشەکان تائیفیانە نەبن، بەڵام فەرمانبەرەکان کەسانێکی تائیفی بن، ئەمە جادوە، درۆیە، هەڵخەڵەتاندنە، دەمەوێت بەشدارییەکەم بەوە کۆتایی پێبهێنم کە سەماحەتی شێخ محەمەد مەهدی شەمسەدین لە ساڵی 2001دا لە کتێبی (الوصایا)دا ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت: «بە قوڵی لە سروشتی کۆمەڵگەی سیاسی لوبنانی وردبوومەوە کە لە ئەنجامی ئەو فرە تائیفیەوە خاوەنی تایبەتمەندێتی دیاریکراوی خۆیەتی، بۆمدەرکەوت کە نەهێشتن و لابردنی سیستمی تائیفیەتی سیاسی لە لوبنان سەرکێشیەکی گەورە لەخۆی دەگرێت، لەوانەیە هەڕەشە لە چارەنوس و ئایندەی لوبنان بکات، یان لانیکەم هەڕەشە لە سەقامگیری لوبنان دەکات، پێشدەچێت بارودۆخێك لێرەو لەوێ بێنێتە ئـاراوە بۆ خۆبەهێزکردن بە دەرەوە و زەمینەیەك بڕەخسێنێت بۆ دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە کاروباری لوبنان لێرەو لەوێ، لەبەرئەوە بەتایبەتی شیعەکانی لوبنان ئامۆژگاری دەکەن و

هیوادارم ئامۆژگاری هەموو لوبنانییەکان بە موسوڵمان و مەسیحییەوە بکەم کە پڕۆژەی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لە کاری سیاسی و فکری سیاسی دەربکەن، نەك بەو مانایەی کە باسکردنی و هەوڵدان بۆی قەدەغە بکرێت، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئەرکە ئایندەییە دوورەکانمان و لەوانەیە پێویستی بە دەیـان ساڵ بێت تاوەکو پێدەگات بەپێی پێگەیشتن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لوبنانی و پێشکەوتنی روانگەی عەرەبی پەیوەست بە لوبنان».

-3-

# چارەنوسی شۆڕشی ئورز

# ئەو مەترسییانەی سنوری (8 و 14)ی ئادارییان بەزاند

## 1ی ئەیلولی 2009

گردبوونەوەی 14ی ئادار بۆ ئەوە نەبوو کە بە تەنها داوای پاشەکشەکردنی سوریا و دادگای نێودەوڵەتی بکات، بەڵکو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و سەربەخۆییخوازە کە تەواوکەری پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی گەورەی لوبنان و بوژێنەرەوەی میساقی نیشتمانیە، قـەوارەی دەوڵەتی لوبنان کە لەڕووی دەستوورییەوە بە رێککەوتنی تائیف دانی پێدا نرا، بەڵام لە شتێکدا کەموکورتی هەبوو، ئەویش دانپێدانانی ویژدانییە، چونکە شۆڕشی ئورز بۆ ئەوە بوو کە لە پێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی - مەدەنی - ناوەندیی بێلایەنەدا خەبات بکات، بەڵام پاشان بوونی جیاوازی لەنێوان لایەنەکانی (14)ی ئادار دەربارەی ئەم چەمك و دەستەواژانە دەرکەوت.

گردبوونەوەی (8)ی ئادار لە لوبنان بۆ ئەوە نەبوو کە داوای رەتکردنەوەی پاشەکشەی هێزەکانی سوریاو دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ پرسی لوبنان بکرێت، بەڵکو بریتیبوو لە بزوتنەوەیەکی سیاسی و سەربازی کە باوەڕی بە یەکێتی و سەربەخۆیی لوبنان هەیە، پێکهاتەی سەرەکی (8)ی ئادار (حزبوڵڵا) لەدژی داگیرکاری ئیسرائیلی جەنگا، بەڵام ئەمڕۆ رۆڵی سوریا دەبینێت و درێژکراوەی شۆڕشی ئێرانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوە ململانێی نێوان هەردوولا بەرەی (8 و 14)ی ئادار کە دوو پڕۆژەی جیاوازیان بۆ لوبنانی نیشتمان و ناسنامەو سیستم و کۆمەڵگاو مرۆڤ هەیە، کۆتایی پێنایەت تەنها بە دەرکەوتنی براوەو دۆڕاو نەبێت، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە لایەنێکی لوبنانی بەسەر لایەنێکی لوبنانی تردا سەردەکەوێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە یەکێك لەو دوو پڕۆژەیە بەسەر ئەوی تردا

سەردەکەوێت، چونکە ناکرێت خواست و سەربەخۆبوون و پاشکۆیەتی پێکەوە کۆبکرێتەوە، یان دەوڵەتۆکە، یان ئاسایش و چوارگۆشە ئەمنییەکان و جەنگ و ئاشتین نوێگەری و چەقبەستوویی، بێلایەنی و تەرەفگیری، چەکی شەرعی و چەکی ناشەرعی، ویلایەتی فەقیی و دەوڵەتی مەدەنی پێکەوە بگونجێنرێت، ئەگەر بێتو پڕۆژەی (14)ی ئادار پڕۆژەی راستەقینە و کۆتایی بێت، ئەوە پڕۆژەی راگەیەنراوی (8)ی ئادار بۆ قۆناغەکەیەو کاتییەو پڕۆژە سەرەکییەکەی حزبوڵلا بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی لە لوبنان کە رێز لە تایبەتمەندی لوبنان بگرێت بزر دەکات، ئەوەش بوونی پڕۆژەیەکی سەلەفی سوننی رەتناکاتەوە، هەرچەندە رەوقی (المستقبل) پێی رازی نییە، چونکە خەون بە دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامییەوە دەبینێت کە رێز لە تایبەتمەندێتی لوبنان ناگرێت، چونکە بیرێکی تەکفیریەو پێچەوانەی بیری حزبوڵلایە.

لەبەر ئەم هۆیانە، سەرکردەکانی هەردوو بەرەکە لە دەرچوونیان لە قاڵبی پابەندێتی (8 و 14)ی ئادار شکستیان هێنا، هەرچەندە لە چوارچێوەی دەستەی دیالۆگی نیشتمانیدا یەکیان گرتەوە، هەڵبەتە هەموو راستی لای کەس نییە، بۆیە لەو بڕوایەدام کە حزبوڵلا بە لەجیاتی بەرپرسیارێتی شکستهێنانەکە دەخاتە ئەستۆی، چونکە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تردا ناکات، بەڵکو رای خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەو حزبە (حزبوڵلا) لە خۆی دڵنیایە کە دەتوانێت پڕۆژەکەی بەدیبهێنێت و کۆنترۆڵی دەسەڵاتی لوبنان بکات، ئەم متمانەیەی لە رێگەی چەند فاکتەرێکەوە بۆ پەیدا بووە دیارترینیان بریتییە لە: بڕوابوونی ئەندام و لایەنگرانی بە قەزیەکەیان، زۆری توانا سەربازییەکانی، خۆڕاگری بەرچاوی لە شەڕی (2006) بەرامبەر ئیسرائیل، هاوکاریکردنی دارایی و سەربازی بێ کۆتایی لەلایەن ئێرانەوە لە رێگەی سنورەکانی لوبنان – سوریا، دژایەتی نەکردنی بزوتنەوە شیعیەکان لەلایەن ئیسرائیلەوەو گوێنەدانی بە بارودۆخی ناوخۆیی لوبنان،

بەکەم زانینی کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لەلایەن حزبوڵڵاوە، بەتایبەتی لەدوای شکستی ئەو سیاسەتە لە لوبنان و عیراق و ئەفغانستان و ئێران، شەرمەزار کردنی بەرەی (14)ی ئادار بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان بریتیە لە: سروشت پرۆژەکەی لە ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەتە نەوەك شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە، زاڵبوونی ریتمە تائیفیەکان بەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکاندا وەك پرۆژەی رووخاندنی دەسەڵاتی سەرۆك ئەمیل لەحود، شڵەژانێکی رێژەیی لەدوای تیرۆرکردنی یەکێك لە سیمبولەکانی، دوودڵی پێکهاتەی سوننی لە گرتنەبەری هەڵوێستی دیاریکراو لە ترسی هەڵاوسانی ئاژاوەیەکی سوننی - شیعی، پێدانی ئەولەوییەت بە دادگای نێودەوڵەتی لەڕووی پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەت، نیشاندانی گوێرایەڵییەکی زۆر بۆ ئامۆژگارییەکانی سعودیە و ئەمەریکا، کە داوای ئاسایی بوونەوەو بەرپەچدانەوەی گونجاوی هەڕەشە ئەمنی و سەربازییەکان دەکەن، داگیرکردنی خۆرئاوای بەیروت لەلایەن حزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی لە (7ی ئایاری 2008) و رازیبوونی سوننەکان بە هاوسەنگی نوێی هێزەکان لە گشتاندنی بەسەر هێزەکانی تری بەرەی (14)ی ئاداردا لە رێگای رێککەوتنی (دۆحە)ـەوە، بێلایەنی نەرێیانەی سوپای لوبنان کە هاوکاتە لەگەڵ دوودڵی هێزە ئەمنییەکانی لوبنان و سەرنەکەوتنی پێکهاتەکانی (14)ی ئادار لە دروستکردنی پەیوەندییەکی شەفاف و راستگۆیانەو هاوسەنگ و رێکخراو لەنێوان خۆیاندا، ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ سەرنەکەوتن و شەرمەزار کردنی بەرەی (14)ی ئادار لە لوبنان، لە ساڵی (2005)ـەوە چەندجار شۆڕشی ئورز لە سەرکردەکانی تورە بووە، چەندجار لە سستی و پاشەکشەکردنیان بوراوە، چەندجار لە موزایەدەو جیاوازی و ناکۆکییەکان بوراوە، ئایا چەندجار لە رەفتارە خۆبەدەستەوەدانەکانیان بوراوە، لە کاتێکدا ئەئوان سەرکەوتوو بوون، دوایین سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی (7)ی حوزەیرانی 2009 بوو.

بەرەی (14)ی ئادار چەند پرسیارێکی چارەنوسسازانە دەوروژێنن، بەڵام وەڵامی کاتیان دەداتەوە، پرسی راست دەوروژێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی هەڵە چارەسەریان دەکات.

ئەمڕۆ هەندێك گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە گواستنەوە و گۆڕانکاری ناوخۆیی لەناو هەردوولا بەرەی (8 و 14)ی ئادار روودەدات، بەڵام ئەو ریزبەندییە سیاسی و دابەشبوونە نیشتمانییەی کە لەنێوانیاندا هەیە بەردەوامەو توندوتیژتر دەبێت، لـەدوای هەڵبژاردنی سەرۆك (میشال سلێمان)، لوبنانییەکان بڕوایان بەوە هەبوو چەند لایەنێکی ناو هەردوو بەرە بچنە پاڵ سەرۆك کۆماری بۆ دروستکردنی (هێزی سەرۆکایەتی)، لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هیواکان بوژانەوە، پاشان هیوا نەما، کاتێك سەرۆك میشال سلێمان دوودڵ بوو لە پەیڕەوکردنی چەند دەستپێشخەرییەکی سیاسی پراکتیکی و شکستهێنانی لە پێکهێنانی فراکسیۆنێکی پەرلەمانیدا.

هەر لە وتاری سوێندخواردنی سەرۆکەوە تاکو وتاری جەژنی دامەزراندنی سوپا لە یەکی ئابدا، کاری سەرۆك کۆمار تەنها دەستنیشانکردنی درم و نەخۆشییەکان و تەرحکردنی چارەسەرکردنی راست و لێدانی زەنگی مەترسییەکان بووە، سەرۆکەکەمان تایبەتمەندە بە ئازایەتی و دانانی پەنجەی لەسەر برینەکە، بەڵام بۆ خۆی بەکارنەهێنا، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتە لێزەوتکراوەکانی و کەسایەتییە لەسەرخۆکەی، سەرۆك ترسی لەوە هەیە کە وەك سیاسییەکانی تر ببێتە تەرەف و تێوەبگلێت لە ملاملانێ لەگەڵ بەرەی (8) و (14)ی ئادارو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی و هاوکاری ئەو دوو بەرەیە دەکەن کە بەتەنها دابەشبوونی نێوان لوبنانییەکان بەرجەستە ناکەن، بەڵکو بوونە هۆی دابەشبوون لەنێوان هێزە عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش.

لەدوای پێکهاتنی دۆحەو رێکخستنەوەی مامەڵەی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست لە ئەنجامی هەڵبژاردنی باراك ئۆباما بە سەرۆكی ئەمەریكا، سەرۆك میشال سلێمان خۆی لەسەر هێڵی بەریەككەوتنی سوریا-ئێران-سعودیە-ئەمەریكا بینی، لەكاتێكدا بە كردەوە لەلایەن دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەكانی لوبنانەوە گوێڕایەڵی ناكرێت، بۆیە جموجۆڵەكانی سەرۆك هەر سنوردار دەبێت ئەگەر پێكهاتن یان رێككەوتنێكی ئارەزومەندان لەنێوان ئەو چوار هێزەی لوبناندا نەكرێت، یان ئەگەر گۆڕانكاری سەربازی روونەدات كە هاوسەنگی نوێی هێز بێنێتە كایەوە.

لە ئێستادا سەرۆك سلێمان جگە لە دوو چەك هیچی تری بەدەستەوە نییە: پشوودرێژی و خۆڕاگری لەسەر دژوارییەكان كە بە ئێشە، یان هەڕەشەكردن بە دەستلەكاركێشانەوە لە پۆستەكەی وەك چۆن پێشتر (فوئاد شەهاب) و (شارل حلو) و (ئەلیاس سەركیس) كردیان، بەڵام ئایا ئەمجارە سیاسییەكان لێی دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە هەروەك چۆن لە رابردوودا لەگەڵ ئەو (3) سەرۆكەی تردا كردیان، یان بڕیاری دەستلەكاركێشانەوەكەی دەقۆزنەوە بۆ دابەشكردنی لوبنان بە شێوەیەكی فەرمی؟

# شۆڕشی ئورز، (14) ئادار بەدەست دەهێنێتەوە و پێشەوایەتی گۆڕەپانەکە دەکات

## 13ی ئاداری 2011

پێدەچێت سەرکردەکانی 14ی ئادار بەرامبەر خودی خۆیان و بەرامبەر بە 14ی ئاداریش هەڵەیان کردبێت، بەڵام لە بەرامبەر لوبنان هەڵەیان نەکرد، بەڵام سەرکردەکانی بەرەی (8)ی ئادار لەوانەیە لە حەقی خۆیان و (8)ی ئادار هەڵەیان نەکردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرامبەر بە لوبنان کردویانە، هێزەکانی (14)ی ئادار دەتوانن بەیاننامەیەك سەبارەت بە دەستکەوتەکانیان پێشکەش بکەن، ئایا هێزەکانی (8)ی ئادار دەتوانن بەیاننامەیەك بخەنەڕوو سەبارەت بەو کارانەی کە لەدوای یەکگرتنیان لە گۆڕەپانی (ریاچ الصلح) لە ساڵی 2008 ئەنجامیانداوە؟

هێزەکانی (14)ی ئادار دەتوانن و بۆیان هەیە یەکخستنی موسوڵمانەکان و کریستیانەکان، نۆژەنکردنەوەی سیستمی دیموکراتی، دووجار سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان، پێکهێنانی دوو حکومەتی تەوافوقی، کشانەوەی سوپای سوریاو روخاندنی رژێمی ئەمنی و هەواڵگری لە لوبنان، دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی و بڕیاری نێودەوڵەتی زامنی سەروەری و سەربەخۆیی لوبنان و بەرنامەی پڕچەککردن و ناردنی سوپای لوبنان بۆ باشورو بەهێزکردنی دەوڵەت و کاراکردنی ئابوری لوبنان، زیادکردنی قەبارەی وەبەرهێنان و بونیاتنان و پێشکەوتن و گەڕاندنەوەی لوبنان بۆ سەر نەخشەی جیهان و بڵاوکردنەوەی گیانی گۆڕانکاری ئاشتیانە لەناو گەلانی جیهانی عەرەبی، بۆ لوبنانییەکان باس بکەن، بەڵام ئایا هێزەکانی (8)ی ئادار دەتوانن چی بە لوبنانییەکان بڵێن؟

ئایا دەربارەی هەوڵدانی بەردەوامیان بۆ گەڕاندنەوەی راسپاردەیی سوریا

لە لوبنان دەدوێن؟ ئایا دەربارەی هەوڵدان بۆ چاندنی شۆڕشی ئێرانی لە بەشەکانی وڵات قسە دەکەن؟ ئایا دەربارەی هەڵگرتنی چەك لە بەرامبەر چەکی سوپای لوبنان قسە دەکەن؟ ئایا سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دەدوێن؟ ئایا دەربـارەی بەشداریکردن بە پێچەوانەی بنەمای زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی لەناو حکومەتەکانی پەکخستنی دەسەڵات قسە دەکەن؟ دەربارەی شەڕی ماڵوێرانکەری تەممووزو دانانی سنور لە بەردەم کاری هێزە نێودەوڵەتییەکان و سوپای لوبنان لە باشور دەدوێن؟ دەربارەی مانگرتنی ناوەڕاستی پایتەخت و گەمارۆدانی هێزە حکومییەکان بۆ ماوەی (538) ڕۆژ لە ساڵانی2007 و 2008 قسە دەکەن؟ ئایا دەربارەی داخستنی ئەنجومەنی نوێنەران و پەکخستنی کارەکانی دامودەزگا دەستوورییەکان و پەلاماردانی خۆرئاوای پایتەخت لە 7ی ئایاری 2008 دەدوێن؟ ئایا دەربارەی دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی شەش مانگ و پێکهاتنی دەوحە دەدوێن؟ ئایا دەربـارەی ڕەتکردنەوەی دادگای نێودەوڵەتی و گومانکردن لە دادپەروەرییەکەی دەدوێـن؟ یان دەربارەی هەڕەشەکردن لە پەرلەمانتارەکان و پەراوێزخستنی ڕۆڵی سەرۆك کۆمارو زەوتکردنی دەسەڵاتەکانی دەدوێن؟

بەراوردکارییەکی سادە دەریدەخات کە کردەوەکانی هێزەکانی (14) ی ئادار هەموو دەستکەوتی ئەرێنین و بەشێکن لە پڕۆژەی گەلێك، بەڵام کردەوەکانی هێزەکانی (8)ی ئادار بریتین لە چەند ئاکارێکی نەرێنی و بەشێکن لە پڕۆژەیەکی بژاردەیی کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی ناکات، پڕۆژەی (14)ی ئادار بریتییە لە بەشداریکردنی بونیاتنانی دەوڵەتێك کە تەنها دیموکراسی کردووەتە ڕێبازی خۆی، بەڵام پڕۆژەی (8)ی ئادار دەوڵەتی لەرزۆك کردووەو دوودڵ نییە لە بەرکارهێنانی وەکو ئامرزێك.

ئەگەرچی بەرەی (14)ی ئادار بە چەند ڕێککەوتنێکی جۆراوجۆر ڕازی بوو کە بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتی لەدەستدا، ئەوەش لە پاڵ پەرۆشی

بۆ یەکێتی دەوڵـەت، بەڵام (8)ی ئادار بە زۆری لە ڕێگەی تۆقاندنەوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، چونکە گوێ بە یەکێتی دەوڵەت نادات، بەرەی (14)ی ئادار ئەم دەوڵەتە بە تاکە دەوڵەتی خۆی دەزانێت، بەڵام بەرەی (8)ی ئادار بە دەوڵەتێکی ڕەدیف دەیداتە قەڵەم، ئەوەی جێی سەرنجە ئەو سێ هێزە سەرەکییەی کە بەرەی (8)ی ئاداریان پێکهێناوە (حزبوڵڵا، ئەمەل، عۆن)، لە ناوەڕۆك و ڕێڕەودا پێکهاتەیەکی کودەتاییە و لەسەر ئاستی دەرەکـی پەیوەستە بە چەند دەوڵەتێکی کودەتاییەوە لەڕووی سیستم و هەڵسوکەوتەوە، ئەوانی تر دەتوانن پۆستە حکومییەکان و زۆرینەی پەرلەمانی لە (14)ی ئادار بپچڕن و ئەندام و لایەنگرەکانیشی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دووربخەنەوە، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت دیاردە مێژووییەکەی و کارە نیشتمانییەکەی و شەهیدەکانی لێ بسەنێت.

لە ساڵی 1920دا یەکێتی ئیسلامی – مەسیحی لەناو دەقەکاندا لەدایکبوو، بەڵام لە ساڵی 2005دا لەناو دڵەکاندا لەدایکبوو، شەهیدەکانمان بۆ ئەوە گیانیان بەخت نەکرد کە تەنها ئێمە بژین، بەڵکو بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، یەکێتی نێوان کریستیانەکانی 14ی ئادار سوننەکان و دورزییەکان لە ساڵی 2005، لە پێناوی بونیاتنانی نیشتماندا بوو، لەکاتێکدا هاوپەیمانێتی نێوان کریستیانەکانی 8ی ئادارو بەشێکی بەرفراوانی گروپە شیعییەکان بۆ بونیاتنانی بەرەیەك بوو نەوەك نیشتمان، من وەکو کریستیانیەکی لوبنانی پێویستیم بە لێکگەیشتنی (مار مخایل) نییە، بە ڕەهاییش لەدژی نیم، بۆ ئەوەی شیعەم خۆشبوێت و بە هاوپشکێکی سەرەکی و دامەزرێنەری بدەمە قەڵەم.

لـەدوای شەڕی ساڵی 1975 بە لوبنانیبوون بووە هاوتای دابەشبوون و کوشتن لەسەر ناسنامەو پێکداهەڵپژان و بەربەریەت و داگیرکاری و ڕاسپاردەیی و پاشکۆیەتی و شەڕی ناوخۆ و شەڕکردنی خەڵکانی تر لەناو لوبنان، بەڵام لەدوای 14ی ئاداری 2005ـەوە بە لوبنانیبوون واتای ئازادی

و دیموکراسی، مافی مرۆڤ، رزگاربوونی گەلان، موقاوەمەتی ئاشتیانەو شارستانیەتی پرشنگدار، پێکگەیشتنی ئایینەکان و یەکگرتنی ناخۆشی و مەینەتییەکان دەبەخشێت، لەدوای 14ی ئاداری 2005ـەوە ئیتر لوبنان وەك نەفرەتییەك نەما، بەڵکو بووە پەیام و هێڵەکانی بە یەکگەیشتن نەما، بەڵکو بووە گۆڕەپانی شەهیدان، ئیتر لوبنان جێگەی بەرپاکردنی شەڕی خەڵکانی تر نییە، بەڵکو ئازادی لوبنان بووەتە شۆڕشی ئەوانی تر، 14ی ئادار دەنگی لوبنانە، بەڵام 8ی ئادار دەنگ و سەدای خەڵکی ترە نەك لوبنانییەکان.

گرفت و تەڵەزگەی شۆڕشی ئورز، بەڵکو مەزنییەکەی ئەوەیە کە گەلەکەی لە سەرکردەکانی بەهێزترە، ئێستاش ئەوەتا ئەزمونەکە دەیسەلمێنێت کە سەرکردەکانی 14ی ئادار، ئەگەرچی لێرەو لەوێ دانوستانیان کردووە، بەڵام ئیمزایان لەسەر پێکهاتنێك نەکردووە کە پێچەوانەی خاڵە نەگۆڕو بنەماکانی شۆڕشی ئورزو باوەڕی گەلەکەی بێت، لەبەر ئەوەی شۆڕش تا ئاستێکی زۆر مللی بۆ مەرامە نەگریسەکان نەدا، بۆیە ناحەزەکانی لە دەرەوەو ناوەوە چەکیان لەدژی شۆڕشی ئورز بەرزکردەوە، توشی شۆك بوو، وایاندەزانی کە رابوونی شۆڕشی ئورز هەڵچوونێکی کاتییە، تورەبوونی رۆژێکەو وەك (پیك نیك) لەگەڵ لابردنی خێمەکاندا کۆتایی پێدێت، یان وەك (هاید پارك) کە لەدوای گوتارەکان چۆڵ دەبێت، ئەوان توشی شۆك بوون کە بینیان هەموو رۆژێك بە چەند شێوازێکی جیاواز هەڵدێت، چەندجار لەلایەن هەندێکەوە پرسەی بۆ دانرا، چەندجار لەناو داروپەردوەکاندا هەستایەوە و تەپوتۆزی ناکۆکییەکان و پێکهاتنەکان و تیرەکانی ستەم و ناپاکی لە خۆی داماڵی.

ئەگەر ساڵەکان لە رۆژگارەکان پێکهاتووە، ئەوا رۆژی 14ی ئاداری 2005 پێکهاتەیەکی چەندین ساڵەیە، ئەوەتا ئێمە لە ساڵی حەوتەمی رۆژی یەکەمداین، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە تیمی 8ی ئادار، بەتایبەتی حزبوڵڵا کە هەلهەلەی بۆ رووداوەکانی تونس و میسرو لیبیاو بەحرێن و یەمەن دەکێشاو بە شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراتی لەدژی دیکتاتۆریەت و

دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانەی دەدانە قەڵەم، بەڵام سەرکۆنەی شۆڕی ئورزی لوبنان دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، کەواتا ئایا بەرەی 8ی ئادار ئازادی لەوێ و کۆیلایەتی لێرە دەوێت؟ ئایا رزگاربوون لەوێ و بندەستی لێرە دەوێت؟ دیموکراسی لەوێ و دیکتاتۆریەتی بۆ ئێرە دەوێت؟ نیشتمانیبوون لێرە و لەوێ پاشکۆیەتی دەوێت؟

ئایا بۆچی بەرەی 8ی ئادار داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات چەند بڕیارێك دەربکات بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی تونس و میسرو لیبیا و بەحرێن و یەمەن، لەکاتێکدا کە فەرمانڕەوان و خەڵکی وڵاتەکانی خۆیانن، بەڵام داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە لوبنان دەکات کە کۆتایی بە داگیرکاریی نامۆی لوبنان هێناو رێگە بە گەڕانەوەی نادات؟ بەڵکو بۆچی بەرەی 8ی ئادار پشتیوانییەکانی ئەمەریکا بۆ گەلانی راپەڕیوی ئەو وڵاتانی بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەزانێت، بەڵام هاوسۆزی ئەمەریکاو ئەوروپا لەگەڵ راپەڕینی شۆڕشی ئورز لەدژی رژێمی ئەمنیی سوری - لوبنانی بە کاری قێزەونی شەیتانی گەورە دەزانێت؟ گرتنەبەری کەمێك لۆژیك 8ی ئادارو 14ی ئاداری یەکدەخست، بەڵام ئێمەو یەکبوون کوجا مەرحەبا، بزووتنەوەی 14ی ئادار روبەڕووی هەڕەشەیەکی دووسەرە بوەوە، لەسەری پێویست بوو لوبنان ئازاد بکات، خۆیشی بە ئازادی بمێنێتەوە، ئەوەبوو تا مەودایەکی دوور سەرەڕای کشانەوەی سوپای سوریا لە لوبنان و کەوتنی داردەستەکانی بە شێوەیەکی جوزئی، بەڵام توانی ئەو بەربەرەکانێیە بکات، ئەوە دەرئەنجامی پێکگەیشتنی شۆڕشی ئورز بوو لەگەڵ بڕیارە نێودەوڵەتییە یەکلاییکەرەوەکان، لەبەرئەوە بزووتنەوەی 14ی ئادار پارێزگاری کرد لە درێژەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەرجەعە نێودەوڵەتی و عەرەبییەکان کە یارمەتیدەرییان بوون لە تێکۆشانی ئاشتیانەی بەبێ هیچ شەرمێك.

ئەم مەرجەعانە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ لوبنان پێنییە کە پێچەوانەی

مافی گەلی لوبنان لە دیاریکردنی مافی چارەنوس، لەوەش زیاتر، پڕۆژەی بونیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆو ئازادی لوبنان لەناو ئەم ژینگە هەمیشە ئاڵۆزو دوژمنکارانەیەدا کە بەناو دڵی لوبنانیشدا درێژبوەتەوە، لە ئێستادا پێویستی بە چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و دۆستەکانی لوبنان هەیە، بەرەی 14ی ئادار لەگەڵ مەرجەعە نێودەوڵەتییەکان و دۆستەکانیدا بـەردەوام لە پەیوەندیدایە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی پڕۆژەی لوبنان و سنورەکانی سـەروەری و سەربەخۆیی نەبەزاندووە، ئەگەر بزانین کە هەموو شتێك لەو چوارچێوەیەدا رێژەییە، بەڵام پەیوەندی بەرەی 8ی ئادار بە هاوپەیمانەکانییەوە گەیشتە سنوری بەشداریکردنی ئۆرگانی لە پڕۆژە تەواو پێچەوانەکانیان لەگەڵ ماناکانی بوون و رۆڵ و تایبەتمەندێتی لوبناندا.

ئایا کەسێك لە جیهاندا هەیە نکۆڵی لە بوونی پڕۆژەیەکی سوری - ئێرانی بکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی لوبنان و پەلکێش کردنی بۆ سوڕانەوەی لە خولگەی ستراتیژی فارسی – شیعی – سەفەوی؟

لێرەوە بە مەزەندەی 14ی ئادار، ئەوەی لە ساڵی 2006ـەوە لە لوبنان تاکو ئەمڕۆ روودەدات، بریتییە لە ئەنجامدانی کودەتا بەسەر دەوڵەت و رێککەوتن و نیشتماندا، بۆیە پێویستە بە دژە کودەتایەك یان بە شۆڕشێکی جەماوەری وەڵام بدرێتەوە، نەوەك بە ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی کلاسیکی، ئۆپۆزسیۆن بوون لەدژی حوکمی دەوڵەت ئاڕاستە دەکرێت، نەوەك لەدژی (ئەنتی - دەوڵەت)ێك کە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئۆپۆزسیۆنێکی لەوشێوەیە بۆ خـۆی دانپێدانانێکی سیاسییە بە بـاری کودەتایی و شەرعیەتپێدانی، ئەمە لەکاتێکدا کە شۆڕشی ئاشتیانەی جەماوەری کار بۆ رووخاندنی دەکات.

بـەرەی 14ی ئـادار سەرلەنوێ داوای بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵك دەکـات، بەڵام لێی دەخوازرێت لوبنانییەکان بەوە رازی بکات

که لەتوانایدایە ببێتە پێشەنگێکی بوێرو خەباتگێڕی ڕاپەڕینێکی نوێ و دەتوانێت هەڵگری پڕۆژەیەك بێت کە لەئاستی خەونەکانی گەلدا بێت لەو کاتەوەی کە یەکەمین خێوەت لە گۆڕەپانی شەهیدا هەڵدرا، هەروەها ئەوەی لێدەخوازرێت کە لوبنانییەکان ڕازی بکات بەوەی کە دروشمەکانی ناونیشانی بیروباوەڕەکانیەتی نەك ناونیشانی خۆپیشاندانەکانی، چونکە هەر دروشمێك لە باوەڕبوونێکەوە هەڵنەقوڵێت ماددەیەکی ڕیکلامییە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە ماددەیەکی خەباتگێڕانە هەیە، لەبەر ئەوە گەلی شۆڕشی ئورز داواکارە لە 14ی ئادار سەرلەنوێ خۆی نمایش بکاتەوە و وێنە پێگەیشتووەکەی و دەموچاوە ڕاستەقینەکانی دەربخات و بەڵگەنامەیەك دابڕێژێت کە سنوری قسەو وشەی ئەدەبی و فیکری و شتی گشتی تێبپەڕێنێت، بەرەو قسەو وتەیەك کە واتایەکی سیاسی و پراکتیکی بەرجەستەو دیاریکراوی هەبێت، ئەو ساڵانەی دوایی ماوەیەك ناهەمواری لەنێوان پێکهاتەکانی 14ی ئاداری بەخۆیەوە بینی، هەروەك زۆرێك جیاوازیشی دەربارەی چەندین بابەتی جەوهەری بەخۆیەوە بینی.

لەمڕۆ بەدواوە بە نیشتەجێکردن و پڕۆژە یاساکانی لکاندنی فەلەستینییەکان بە کۆمەڵگەی لوبنانیەوە ڕازی نابین، لەمڕۆ بەدواوە ڕازی نابین چەکی حزبوڵلا ڕەتبکەینەوە و چاومان لە چەکی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بپۆشین لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان. لەمڕۆ بەدواوە بەوە ڕازی نابین دووفاقیی چەك ڕەتبکەینەوەو ئیمزا لەسەر سیانەی گەل و سوپاو موقاوەمەت بکەین، لەمڕۆ بەدواوە ڕازی نابین داوای سەروەری و سەربەخۆیی بکەین و بە ڕێککەوتنی (سین و سین) و شتی تر ڕازی ببین. لەمڕۆ بەدواوە ڕازی نابین تەنها ئەو وتەیە ڕەتبکەینەوە کە دەڵێت: لوبنان و سوریا یەك گەلن لەناو دوو دەوڵەتدا، لەولاشەوە بەردەوام بین لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای لوبنانی - سوری، لەمڕۆ بەدواوە ڕازی نابین بە کردنە ئامانجی ڕێککەوتننامەی تائیف پاشان پابەندبوونمان بە

هەموو دەق و بەندەکانیەوە رابگەیەنین.

گەلی شۆڕشی ئورز کە هەڵوێستە پێچەوانەکان رەتدەکاتەوە، چاوەڕوانە لە بەرەی 14ی ئادار کە ئەمڕۆ گەڕاوەتەوە بۆ رەگوڕیشەکانی، کە نەخشە رێگەیەك دابڕێژێت نەك بەتەنها بەرزکردنەوەی دروشمەکان، گەلی شۆڕشی ئورز ئەوە بزانێت کە ئایا داماڵینی چەکی حزبوڵڵا مومکینە یان چەکداری سەرتاسەری لە چوارچێوەی شەرعیەتدا مومکینە، وروژاندنی بابەتی چەك وەکو دروشمێك بەبێ میکانیزمی جێبەجێکردن کە مایەی نیگەرانییە زیاتر لەوەی مایەی ورەبەرزی بێت، ساڵی 2005 گەلی لوبنان پێویستی بە دروشمەکان نەبوو بۆ ئەوەی دابەزێتە ناو گۆڕەپانی شەهیدان، بەڵکو گۆڕەپانەکە دروشم و گردبوونەوەکە بیروباوەڕ بوو، لەو رۆژەدا بێدەنگییەکی گەورە هەبوو، بەڵام خەڵك بە لێشاو هات، هەندێکیان لە ساڵی 1969ـەوەو هەندێکیان لە ساڵی 1975ـەوە، هەندێکی تریان لە ساڵی 1982 و 1988، هەندێکی تریشیان لە ساڵی 1990 و 1992ـەوە بێدەنگ و مت کرابوون، هەندێکیشیان کارەساتبار بوون.

ساڵی 2005 گەل داوای پـڕۆژەی نەکرد، بەڵکو داوای ئـازادی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ گەلی لوبنان پڕۆژەیەکی ئەفرێنەری دەوێت کە دڵ و عەقڵی بوروژێنێت و هەنگاوەکانی بەرەو گۆڕەپانی شەهیدان هەڵبنێت، دەیەوێت سەرکەوتنەکانی و خاڵە نەگۆڕەکانی بەدەستبهێنێتەوە، سەرکردایەتییەکی دەوێت کە خاوەنی متمانە بێت و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت، مەسەلەیەکی نوێ دەخوازێت کە بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێوە پەل پەل بێت کە دۆخەکە دەرباز بکات، داگیرکاریی خەڵکی بێتاقەت کرد، بەڵام برسی نەکردن، ئەمڕۆ دەوڵەتە گەل برسی دەکات و بە بەرزی نرخ و قیست و باج و میرانەو سوتەمەنی و بێکاری و گەندەڵی ئوتوی دەکات، ئێمە لەسایەی ئابوری میلیشیاکان و شەڕو داگیرکاری دەرچووین، بەڵام پێمان نەناوەتە ناو ئابوری دەوڵەتی ئازاد و دادپەروەر و پاك.

ئەگەر سەرکردەکانی 14ی ئادار موقارەبەیەکی نوێ پێشکەشی ئەو کێشەیە بکەن کە هەموو شەهیدەکانمان لە ناوەڕاستی سەدەی رابرووەوە تائێستا لە پێناویدا شەهیدبوون، کەوابێ با گەنجان و خوێندکارانی بەرپرسیارێتییەکەی بگرنە ئەستۆی خۆیان و هەڵوێستیان و تێڕوانینیان و بەڵگەنامەیان لە بەرامبەر سەرجەم کێشە بەردەستخراوەکان رابگەیەنن، بەردەوامبوونی پەیوەندی گەنجان لە رێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە لە گوتاری سیاسییەکان و لێکدانەوەو حەساسیەتەکانیان گرنگترە، لە بنەڕەتدا کاتی ئەوە هاتووە نەوەی نوێ قسەی خۆی بکات، پاشان خاك و وڵات سەرکردەی نوێ پێشکەش بکەن، وەك چۆن رووداوەکانی رابردوو ئاسانکاری بۆ دەرکەوتنی سەرکردەکان کرد، رووداوەکانی ئەمڕۆش سەرکردەی تر بەرهەمدەهێنن.

کێ دەزانێت، لەوانەیە لە رێگەی هەڵوێستی گەنجان لە 14ی ئادار سەردەمێکی لوبنانی تازە دەستپێبکات کە سنوری ئەو سەنگەرگرتنەی ئێستا تێبپەڕێنێت، ئەوکاتەش هەموو کوڕان و کچانی گەنجی لوبنان لە پێناو ئاییندەیەکی باشترو گەشتردا یەکدەگرنەوە، خۆرهەڵات پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ کە تیایدا هەموو گروپ و کۆمەڵەیەکی شارستانی مافی ئەوەیان دەبێت بەدەر لە پەیکەری جوگرافیا و داستانەکانی مێژوو و یەکگرتنە قۆناغییەکان و دابەشبوونە دەستکردەکان، چارەنوسی خۆی هەڵبژێرن، بەڵام جێگەی داخە کە گۆڕانکاری لە لوبنان و خۆرهەڵاتدا نایەتەدی تاکو گێژاو و زریان بەرپا نەبێت، شەهیدەکانی شۆڕشی ئورز شایەتی هەق بۆ ئەو راستییە دەدەن.

# هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار چی قازانج دەکات ئەگەر شۆڕشەکانی جیهان سەربکەون و شۆڕشەکەی خۆی شکست بهێنێت؟

## 15ی ئاداری 2012

شۆڕشی ئورز وەکو گرنگترین ڕووداوی میللی لە مێژووی هاوچەرخی لوبنان دەمێنێتەوە، 14ی ئاداریش وەکو گرنگترین هاوپەیمانێتی سیاسی لە لوبنانی دوای جەنگ دەمێنێتەوە. ڕووداوی جەماوەری دیارترین نیشانەی ویستی لوبنانییەکانە بۆ سەربەخۆیی و ئـازادی و ژیانی هاونیشتمانی هاوبەش، ئـەوەش ڕاستی بنەماکانی خۆڕاگری و بەرخۆدانی لوبنانی پشتڕاست کردۆتەوە. هاوپەیمانێتی سیاسی ئاستی ئامادەیی ئەو سەرکردانەی دەرخستووە کە تا ڕادەی ڕقلێبوونەوە ناکۆك بوون و تاکو ڕادەی خۆکوژیش شەڕیان لەگەڵ یەکتریدا کردووە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە بەهۆیەوە ناکۆك بوون و شەڕیان لەسەری کردووە.

من شانازی دەکەم بە پەیوەندی کردنم بە شۆڕشی ئورز و لە ساڵی 2005 وە خۆشەویستی ڕاستگۆیانەم بۆ سەرجەم سەرکردەکانی و لایەنگرانی دەربڕیوە، بەڵام خۆشەویستیم بۆی لەسەر ئەو شێوازە نییە کە دەڵێت: «هەندێك خۆشەویستی خاوەنەکەی دەکوژێت»، بەڵکو لەسەر ئەو شێوازەیە کە دەڵێت: «هەندێك خۆشەویستی هەنگاوەکانت ئاڕاستە دەکەن». زیاتر لەهەر ڕۆژێکی ڕابـردوو، ئێستا لوبنان پێویستی بە هاوپەیمانێتی 14ی ئادارە، چونکە سەربەخۆیی دووەم کە بەهۆی کشانەوەی سوپای سوریا لە لوبنان بەدیهات، نەیتوانی بونیاتنانی دەوڵەتێکی جددی تەواو بکات. زیاتر لەهەر ڕۆژێکی ڕابردوو، هاوپەیمانێتی 14ی ئاداریش پێویستە دووبارە لەدایکبێت، بۆیە دوودڵی تاکڕەوی و سستی نواندن و سازشکردن، هەموویان پێکەوە لەدایکبوونی یەکەمی شۆڕشی ئورزیان شێواندو بۆ گەلی شۆڕشی

ئورز و شۆڕشە پڕ بەرخۆدانەکەی کە بەبێ چەك و بەبێ شەڕ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، خراپ بوون. بنەما بەهێزەکانی لەدایکبوونی دووەم بریتییە لە: نەهێشتنی ناکۆکی و هەستیارییەکان، روونکردنەوەی بنەماو بیرباوەڕەکان، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سەرکردایەتی، دانانی میکانیزمی بڕیارەکان، پابەندبوون بە هاریکاری و یەکهەڵوێستی ناوخۆ، لە ئامێزگرتنی هێزەکانی کۆمەڵی مەدەنی و داڕشتنی نەخشەرێگەیەك بەرەو دەسەڵات.

لەساڵی 2006 بەدواوە، هەستمان بەوە کرد کە هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لە سۆنگەی هێرشبردنەوە گواستییەوە بۆ سەنگەری بەرگریکردن، لە سەنگەری بەرگریکاری لە لوبنان گواستییەوە بۆ سەنگەری بەرگریکردن لە خودی خۆی. عەقڵیەتی یەکلاییکردنەوەو پاکتاوکردن بەسەر بنەمای چارەسەریدا زاڵبوو. پشتبەستن بە بەڵێنەکانی دەوڵەتە دۆستەکان زیاترە لە قەبارەی پشتبەستن بە ویستی گەلی شۆڕشگێڕی لوبنان. متمانەکردن بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان گرنگتر بووە لە باوەڕبوون بە بڕیاری نیشتمانی. لە بنەڕەتدا ئەگەر خۆڕاگری و بەرخۆدانی گەلی لوبنان نەبوایە، ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییانە کە پشتیوانی سەربەخۆیی لوبنان دەکەن، دەرنەدەچوون. بەپێچەوانەی وتەکانی یەکێك لە پایەکانی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار کە رزگارکردنی لوبنان لە ساڵی 2005 دەستی پێکردووە، بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی سوریا لە لوبنان، کاروانێك بوو لەگەڵ موقاوەمەتی لوبنان لە دەیەی حەفتاکاندا دەستی پێکرد. ئەوەی بیار ئەلجومەیل و کەمیل شەمعون و بەشیر ئەلجومەییل لەیاد بکات، لە ئێمە نییەو ئێمەش لەو نین.

هاوپەیمانێتی 14ی ئادار خرایە ژێر باری ئەو بنەمایەوە کە دەڵێت: بە حوکمی پێکهاتەی لوبنان، ئەستەمە هێزێکی لوبنانی سەرکەوتنێکی تەواو بەسەر هێزێکی لوبنانی دیکەدا بەدەستبێنێت، بەڵام ئەوە لە گۆشەنیگای هاوپەیمانێتیەکەدا نەبوو کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئورز لەڕووی پراکتیکەوە تەنها بۆ بەرژەوەندی هێزێکی لوبنانی نەبوو، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی هەموو

لوبنان بوو، چونکە کشانەوەی سوپایەکی داگیرکەر لە وڵاتێك بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گشتگیرە ئیتر خەباتکەر لە پێناوی ئازادیدا هەر کێیەك بێت. لەبەرئەوە نەدەبوو هاوپەیمانێتی 14ی ئادار ببێتە نێچیری ئەو داوە، چونکە شۆڕشی ئورز لەسەر حەق بوو، هەروەها باشترین دەربڕی ناوەڕۆکی بوونی لوبنان بوو وەکو قەوارەو نیشتمان و فۆرمی ژیان، بۆیە لەسەر شۆڕشی ئورز پێویست بوو کارەکەی تەواو بکات.

شۆڕشی ئورز بە شێوەیەکی جوان دەستی پێکرد. بە گەلەکەی و کوڕو کچە گەنجەکانی و بە گۆڕەپان و رێگەکانیەوە جوان بوو، بە لەخۆوەهەڵچوون و ناسکیەکەی، بە بیرو دروشمەکانیەوە جوان بوو، بە قوربانیدان و شەهیدەکانیەوە جوان بوو، بەڵام ئەو جوانییانە کاڵبوونەوە کاتێك شۆڕشی ئورز تەنها بووە (14)ی ئادارو لە گۆڕەپانە کراوەکانەوە گوازرایەوە بۆ ناو ژووره داخراوەکان، لە خۆپیشاندانە لەرزێنەرەکانەوە گوازرایەوە بۆ کۆبوونەوە رێکخراوەکان، لە نیشتمانەوە گوازرایەوە بۆ تاراوگە، لە گەلەوە گوازرایەوە بۆ سیاسییەکان، لە موڵکدارێتی گشتییەوە گوازرایەوە بۆ موڵکدارێتی تایبەت، لە بەرائەتەوە گوازرایەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەم و ئەو، لە دروشمی سەرەتا لوبنان گوازرایەوە بۆ سەرەتا من. ئەگەر هەموو پێکهاتەیەکی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار خاوەنی دێرینی و نەریت و سیڤی خۆیان نەبونایە، ئەوا پێویست دەبوو ئەو هاوپەیمانێتییە لە یەك حزبدا خۆی رێکبخستایەو سنوری تائیفەکان و ناوچەکانی ببەزاندایەو فرەیی یەکگرتووی لە لوبنان سەبارەت بە پرۆژەی لوبنانی ئازاد بەرجەستە بکردایە. ئایا ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە لوبنان لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسی بە حزبە فرە تائیفەکان ئاشنا بووە، لە سەردەمی سەربەخۆییشدا بە حزبە تائیفییەکان ئاشنا بووە؟

جۆری یەکەم لوبنانی لە سایەی ئینتیداب دەرهێناو یەکیخست، بەڵام جۆری دووەم گەڕاندییەوە بۆ ژێر چەپۆکی داگیرکاری و لوبنانییەکانی دابەشکرد.

لەمڕۆوە، لەناو سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی 14ی ئاداردا کەسانێك هەن دەستپێشخەری دەکەن و داوای یەکبونێکی راستەقینەی نێوان حزبەکان دەکەن کە لە ناویدا بەرژەوەندی لایەنەکان و مەزهەبەکان بتوێنەوە. سەرەڕای بەرپابوونی شەڕو هەرا لەنێوانیاندا (1870 – 1945) کە کوژرانی نزیکەی (100) ملیۆن کەسیان لێکەوتەوە، بەڵام (277) دەوڵەتی ئەوروپی یەکیانگرت، ئێمەش چەند حزب و کەسایەتییەك کە نزیکەی (100) ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی لوبنانی گەورەدا تێپەڕ بووە (1920 – 2012)، ئێستا ناتوانین حزبێکی یەکگرتووی گشتگیر دروست بکەین. سەرکەوتنی ئەو دەستپێشخەرییە پێویستی بەوەیە کە پێکهاتەکانی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار رێکبکەون لەسەر یەکخستنی ناوەڕۆکی دروشمەکان ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویدا خەبات دەکەن. ئەوەی کە هێزەکانی 14ی ئاداری لە یەك سەنگەردا کۆکردووەتەوە پرۆژەیەکی نیشتمانییە کە بە خوێن و ئێش و ئازار پێکهێنراوە، هەرچەندە جیاوازی لەنێوان ئەم هێزانەدا دروست بووە سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەتی جەوهەری و سیادی و باڵا، وەك: سێکوچکەیی نێوان گەل و سوپاو موقاوەمەت، یاسای بوونی فەلەستینییەکان، سنوری هاریکاریکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا، تێڕوانینی لوبنان بۆ رژێمە عەرەبیە تازەکان، بێلایەنی لوبنان، چەمکی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، سروشتی پێکهاتنی حکومەتی فوئاد سەنیورە لەنێوان (2005 و 2008) و حکومەتی سەعد حەریری لە ساڵی 2009دا، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە هاوتایی پراکتیکی پەیڕەو بکات نەك هاوتایی ژمارەیی، گەشەپێدانی رێکەوتننامەی تائیف، کتێبی مێژوو، رێژەی پابەندیبوون بە ئەجێندای دەرەکی.

ئەگەر سەرکردەکانی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لەم قۆناغەدا سنوری ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە تێپەڕێنن، بەڵام لە ئاییندەدا هیچ شتێك ناتوانێت رێگە لە تەشەنەکردنیان بگرێت لە سایەی رووداوەکانی جیهانی عەرەبی و پێکهاتنە گوماناوییەکانی فەلەستینیە پەرتەوازەکان و جۆرایەتی ئەو

ڕژێمە ئوسوڵییانەی کە بەڕێوەن. مەترسیدارترین گرفت کە ڕووبەڕووی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار بووەوە ئەوەیە کە پێکهاتە سونیەکەی ترسی پەربابوونی ئـاژاوەی نێوان سوننە - شیعە بەسەریدا زاڵە، بەڵام ئەوەی بەسەر پێکهاتە دورزیەکەیدا زاڵبووە بریتییە لە ترسی هەڵایسانی ئاژاوەیەك لە چیای لوبنان، بۆیە لێی کشایەوە. ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە لە شوێنی خۆیاندا، ئەولەویاتەکانیان ڕاستکردەوەو هاوپەیمانێتیەکەیان لاواز کردو ڕێگەی خۆشکرد بۆ لۆژیکی چەماندنەوەی سوچەکان و ڕازیبوون بە واقیعەکە، تا ئەوکاتەی چەند دەرهاویشتەیەکی سیاسی و ئەمنی دەرکەوتن و ڕازیبوونیان بە چەند پێکهاتنێك لە هەندێك پرسدا بەسەریاندا سەپاند کە لەڕووی مەبدەئیەوە چارەسەرییان نییەو دەبێت یەکلایی بکرێنەوە، مەبەستیشم یەکلاییکردنەوەی سیاسییە.

هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لە ڕابردوو ئێستاش، ڕووبەڕووی چەندین کەیسی چارەنووسسازانە بووەوە کە پێویستیان بە چارەسەری ڕیشەییە نەك ڕێکەوتنی سەرپێیی. هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ سوریا بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئیسرائیل بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ بکوژی شەهیدەکاندا بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەسەر چەکەکانی حزبوڵڵا بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەسەر دادپەروەری بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەسەر سەروەری و سەربەخۆیی لوبنان بوونی نییە، هیچ ڕێکەوتنێك لەسەر پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەت بوونی نییە. بەوشێوەیە دینامیکیای گۆڕینی سەرتاسەری پەکیکەوت، ئاڕاستەی ململانێکە لە ڕزگارکردنی لوبنان لە چنگی سوریاو پاشماوەکانی گۆڕا بۆ بەڕێوەبردنی ململانێیەکی نێوخۆیی و مەزهەبی. لە پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو گۆڕا بۆ واقیعی ڕازیبوون بە دوو دەوڵەتی لەناو یەك حکومەتدا (دەوڵەتی شەرعی و دەوڵەتی حزبوڵڵا)، بۆیە ڕۆڵی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار وەك پێبازی گۆڕینی ڕۆڵی پێشووی سوریا لە لوبنان بۆ دەستی حزبوڵڵا دەرکەوت.

ئەوەی ئەم گۆڕانکارییەی بەهێز کرد، هەڵگیرسانی شەڕی 2006 بوو لەنێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا، چونکە دەبوو هاوپەیمانێتی 14ی ئادار هەڵوێستێکی پشتیوانی نیشتمانی و هاوسۆزی مرۆیی بەرامبەر باشوری لوبنان نیشان بدات. بەڵام لەجیاتی ئەوەی حزبوڵڵا ئەو هەڵوێستە نیشتمانیەی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار بەرز بنرخێنێت، کەوتە تۆمەتبارکردنی (14)ی ئادار بە دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیل بۆ دەرچواندنی بڕیاری ژمارە (1701)، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە بوو کە شەڕی راگرت و پارێزگاری لە خۆڕاگری حزبوڵڵا کردو بووە رێگر لە بەردەم پەلاماردانی سەرتاسەری لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە. حزبوڵڵا جارێکی دیکە دەستپێشخەری بەدەستهێنایەوەو گیانی بەرەنگاربوونەوەی پێشووی دژی ئیسرائیل بەرەو بەیروت، واتا لەدژی 14ی ئادار ئاڕاستە کرد، ئەنجامەکەی ئەوەبوو هاوپەیمانێتی 14ی ئادار دەستی لە حکومەت کێشایەوە، لە ناوەڕاستی پایتەخت دەستی بە مانگرتن و ناڕەزایەتی کرد، ئەنجومەنی نوێنەران داخرا، لە 7ی ئایار پەلاماری خۆرئاوای بەیروتی پایتەخت درا.

رێکەوتننامەی دۆحە ئەو رێکەوتنە بوو کە لوبنانی پابەند کردو گەڕاندیەوە بۆ بارودۆخی پێش ساڵی 2005 وەك ئەوەی نە سوپای سوریا کشابێتەوەو نە هاوپەیمانێتی 8ی ئاداریش شکستی هێنابێت و نە شۆڕشی ئورزیش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت. هاوکات لەگەڵ ئەو نسکۆ ناوخۆییانەی کە تووشی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار هات، بەتایبەتیش رەوتی (المستقبل) لەدوای جیابوونەوەی وەلید جونبوڵات، چەند گۆڕانکارییەکی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی روویاندا کە رەوتی (المستقبل)یشی گرتەوە. ئەمەریکا لە عێراق شکستی هێنا، فەڕەنسا بەڕووی سوریای ئەسەد دا کرایەوە، روسیاش بەئاگا هات، ئێران پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی پەرەپێدا، بزووتنەوەی حەماس دەستی بەسەر دەسەڵاتی فەلەستیندا گرت و رۆڵی سعودیە لە لوبنان و ناوچەکەدا لاواز بوو.

سعودیە لەوە نیگەران بوو کە کەوانەی شیعی لە خۆرهەڵاتدا تەواو خۆی بەرجەستە بکات و گەمارۆی دەوڵەتانی کەنداو بدات، بۆیە لەگەڵ ڕژێمی سوریا پێکهات بەو ئومێدەی لە ئێران دووری بخاتەوە. پزیسك و پارچەی ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی نێوانیان پێگەو هەڵوێستی هاوپەیمانێتی 14ی ئاداری پێکا دوایئەوەی کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی 2009 سەرکەوتنی بەدەستهێنا. سعودیە خواردنەوەی تاڵاوی پێکی ئەو پێکهاتنەی بە سەرۆك سەعد حەریری خواردەوە کە ماوەیەکی زۆر لێی دوورخەستەوە، ئەوەبوو بە نابەدڵی ڕوویکردە دیمەشق، پاشان بە ڕێکەوتنی (سین – سین) ڕازی کرا، لەکاتێکدا کە پێکهاتەی مەسیحی لەناو هاوپەیمانێتی 14ی ئادار ڕەتیکردەوەو وەلید جونبوڵات کە بەرەو دیمەشق گەڕایەوە پێشوازی لێکرد. ئەمڕۆ دڵی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار دووبارە لێدەداتەوە، شانازی بەوەوە دەکات کە شۆڕشی ئورز دەستەخوشکی لە تونس و میسرو لیبیاو یەمەن و سوریا بۆ پەیدا بوو، ئەی بۆچی لە بەحرێن نا؟

ئێستا دوو ئاڕاستە هەیە هەڵوێستی هێزەکانی (14)ی ئادار دەردەبڕێت: یەکەمیان ئەوەیە کە تەرەفگیری ڕەها بۆ شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی پێگەی لوبنان دەپارێزێت لەناو سیستمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ. دووەمیشیان بڕوای وایە کە بێلایەنی ئەرێنی ڕایەڵەی هاریکاریکردن و هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشەکاندا دەستەبەر دەکات، هەرئەوەشە کە لوبنان دەرباز دەکات و پارێزگاری لە قەوارەکەی دەکات لە قۆناغی لەبەریەك هەڵوەشانی قەوارەکاندا. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کاریان لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی سوریا کردووە، هەر لە ئەمەریکاوە تاکو قەتەر، لوبنان هاندەدەن بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە لە ڕووداوەکانی سوریا تێوە نەگلێت، بەهۆی تایبەتمەندی بارودۆخی لوبنان و فشەڵی یەکبوونی ناوخۆییەوە. ئەوان داوا لە لوبنانییەکان دەکەن بازرگانی هاوردەکردنی شەڕی ئەوانی تر ڕابگرن. هەر کەسێك ئامۆژگارییەکی دیکەی بیست با پێمان بڵێت!.

ئێمە لە هاوپەیمانێتی (14)ی ئـادار پێویستە لەسەرمان پارێزگاری لە لوبنانیبوون و سەربەخۆیی بزووتنەوەکەمان بکەین، بەتایبەتی کە شۆڕشەکەمان هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە، هێشتا هەموو ئامانجەکانمان بەدینەهاتوون، گیانی خۆپارێزی نیشتمانیمان هێشتا ساغڵەم نییە. ئایا هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار ئاگای لەوە نییە کە تائێستا نەیتوانیوە حکومەتێکی ئینتیقالی پێکبێنێت و هێشتا لەناو بەرەی ئۆپۆزسیۆنەو فەرمانڕەوایەتی نەکردووە؟ پێشئەوەی رژێمی سوریا لە دیمەشق بڕوخێنین، با حکومەتەکەی لە بەیروت بڕوخێنین. پێویستە سەرلەنوێ کاراکردنی شۆڕشی ئورز لەسەر کەرەستەکانی خەباتی نیشتمانی بونیات بنرێت، نەك لەسەر بنەمای کەرەستەی خەباتی دەرەکی. کاتێك ئێمە لەپێناوی ئەوانی دیکەدا تێکۆشاین، ئەوان ناکۆکی و ململانێکانیان بۆ ناردین کە وێرانی کردین، کاتێکیش پێکەوە تەنها لە پێناو لوبنان خەباتمان کرد، شۆڕشەکەمان بۆیان هەنارده کردو رزگاری کردن. لوبنان زیاتر لە تونس و میسرو سوریا پێویستی بە بوونی (14) ی ئادار هەیە، بەڵام گەلێك چی قازانجێك دەکات کاتێك هەموو شۆڕشەکانی جیهان سەرکەوتن بەدەستبهێنن، بەڵام شۆڕشەکەی شکست بهێنێت؟

وەرن با شۆڕشێکی نوێ دەستپێبکەین، شۆڕشێك بۆ پارێزگاریکردن لە لوبنان لەدوای شۆڕشی رزگارکردنی، وەرن با گرێ و گۆڵی هاوپەیمانێتیەکانمان رابماڵین و پەیمان و بەڵێنمان بە ویژدانمان، بە گەلمان و بە لوبنان نوێ بکەینەوە. ئەی سەرکردەکانی (14)ی ئادار، تکایە یەکتریتان خۆشبوێت وەك چۆن گەل خۆشی ویستن.

# ڕەگ و ریشەکانی شۆڕشی ئورز و ڕۆڵی هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار

## 18ی ئاداری 2012

بەڕاستی بەرخۆدان (مقاومە) تەنها لە ئێستادا بوونی نییە، بەڵکو بەرخۆدان کاروانێکە گەلان دەیگرنە بەرو تێیدا بزووتنەوەکانی نارەزایەتی و رەتکردنەوەی بەردەوام لەدژی رژێمێکی ناوخۆیی (لە جیهانی عەرەبی) دا لە سەردەمێکی دیاریکراودا یەکدەگرن، یاخود لە رێگەی داگیرکارییەکی دەرەکی (لە لوبنان و فەلەستین)، یاخود هەردووکیان پێکەوە (لە یەکێتی سۆڤێتی جاران و ئەوروپای خۆرهەڵات) خۆیی بەرجەستە دەکات. مێژوو بە بەرخۆدانێك ئاشنا نییە کە بە لێدانی بەهێز سەرکەوتبێت یان شکستی هێنابێت. بەرخۆدان کودەتا نییە.

ئاکام و کاریگەری رووداوەکان، بە گەورەو بچووکی، بە سیاسی و ئەمنی، بە فیکری و زانستییەوە هەمووی کەڵەکە دەبێت، بۆ ئـەوەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە دووڕیانێکی مێژوویدا ببێتە هێزی پاڵنانی شۆڕش و گۆڕان لەدایك ببێت. هەموو شۆڕشێك یان راپەڕینێك کە گۆڕانکارییەکی جۆرایەتی بەدینەهێنێت ئەگەر سەرکەوتووش بێت لە رووخاندنی رژێم یان دەرپەڕاندنی داگیرکەردا، شۆڕشێکی شکستخواردووە. شۆڕش بەتەنها بریتییە لە قۆناغی رووخاندنێکی پێویست، بەڵام گۆڕان بونیاتنانە، بونیاتنانیش بریتییە لە دیداری گەلان لەگەڵ ئاییندەیاندا. گۆڕان لە شۆڕش بەهێزترە، چونکە زۆرجار بەبێ بەرپابوونی شۆڕش روودەدات (نوێکردنەوەی دەستورو یاساکان، هەستانەوەو گەشەپێدان.. هتد)، بەڵام شۆڕش هەمیشە پێویستی بە گۆڕانە بۆ ئەوەی بە تەنها کارێکی نەرێنی نەبێت. ئەگەر شۆڕش بە واتاو چەمکە نیشتمانی و جەماوەرییەکەی هاوتای وشەی گەل بێت، ئەوا گۆڕان

هاوتای وشەی هاوڵاتییە بە چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی. لەبەرئەوە پێویست دەکات گۆڕان دۆخێکی ئەرێنی نوێ بەرجەستە بکات کە تێیدا ئەو ئامڕازانە بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکات کە پێشتر رژێم یان داگیرکەر لێی قەدەغە کردبوو، وەکو ئازادی، سەربەخۆیی، شکۆ و سەروەری، دیموکراسی، سەقامگیری و دڵنیایی، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی زانستی، بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، مافەکانی مرۆڤ بۆ تاك و کۆمەڵ.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، شۆڕش هەروەك حاڵەتێکی گۆرانی ئامێزو گۆڕانیش وەکو بزووتنەوەیەکی نەزۆك دەمێننەوە. لە روانگەی ئەم چەمکەوە، دوو بیرۆکە دەردەکەون: یەکەمیان پەیوەستە بە رەگ و ریشەی شۆڕشی ئورز کە هەندێك پشتگوێیان خستووە. دووەم پەیوەندی هەیە بە رۆڵی گۆڕانخوازانەی هاوپەیمانێتی 14ی ئادار کە هەندێکی تر دژایەتی دەکەن:

1. تەنها یەك رووداو چەندێك گەورەش بێت ناتوانێت شۆڕشێك بەرپا بکات، ئەگەر گەل چەند ساڵێك پێشتر لە بارودۆخەکە پڕ نەبووبێت. بۆ نموونە راپەڕینی گەلانی ئەوروپای خۆرهەڵات لە ساڵی 1989 لەدژی سیستمی کۆمۆنیستی سۆڤێت لەناو منداڵدانی چەند راپەڕینێکی پێشووتری ئەوروپی لەدایکبوو، وەك شۆڕشی هەنگاریا لە ساڵی 1956، بەهاری پراگ لە ساڵی 1968، راپەڕینی پۆڵۆنیا لە ساڵی 1980. راپەڕینی گەلی لوبنان لە 14ی ئاداری ساڵی 2005 لەناو هەناوی خەباتی بەرخۆدانی لوبنان بە درێژایی (30) ساڵ لەنێوان (1975 – 2005)دان تەقیەوە. بەڵام تیرۆرکردنی پیاوی قارەمان سەرۆك رەفیق حەریری و هاوڕێکانی بڵێسەی راستەوخۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئورزی لێداو کریستیانەکان و موسوڵمانەکان و دورزییەکانی لە یەك بەرەدا یەکخست.

لە روانگەی ئەم بەراوردکارییەوە، رەگ و ریشە تازەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئورز بۆ مانگی ئایاری ساڵی 1973 دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا دەوڵەتی لوبنان راپـەڕی، بەڵێ ئەو دەوڵەتەی کە لە ساڵی 1969ــەوە

لەو دۆخە پڕ ببوو. سوپای لوبنان بەرەنگاری ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بوەوە کە لەژێر پەردەی ڕێکەوتننامەی قاهیرەدا ببوونە هێزی داگیرکاری زەوی لوبنان لەنێوان بەیروتی خۆرئاواو سنوری باشوری لوبنان، هەروەها ببوونە دەسەڵاتێکی سیاسی جێگرەوەی نزیکەی نیوەی پایەکانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی، بەڵام لەژێر کاریگەری فۆرمی دەوڵەتی ناوەندی ئەو سەردەمەدا کە ئێستاش ماوەو دابەشبووە لەنێوان دوو بەرەی ناکۆك و جیاواز لە بەرامبەر پرسە نیشتمانییەکان، دواجار دەسەڵات دابەشبوو لەژێر فشاری سوریاو سعودیە ڕێگە بە سوپای لوبنان نەدرا بارودۆخەکە (واقیعی دەسەڵاتی فەلەستینی لە لوبنان) یەکلایی بکاتەوەو شکۆو سەروەری دەوڵەت بەسەر خاکەکەیدا بگەڕێنێتەوە.

ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی هێور بوونەوە، بەڵام لە ساڵی 1975دا لەنێوان ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و حزبی کەتائیبی لوبنانیدا تەقیەوە، لەکاتێکدا سوپای لوبنان بێلایەن وەستا. حزبی کەتائیب بە ڕوبەڕووبونەوە ڕازی بوو، بۆیە بەرەنگاری و دژایەتی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی بەدیلی کرد، کە بە دڵنیاییەوە دەبووە هۆی دابەشبوونی لوبنان. پاشان چەندین هێزو حزبی مەسیحی دیکە چوونە پاڵ حزبی کەتائیب و پێکەوە (هێزە لوبنانییەکان)یان بە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی بەشیر ئەلجومەییل دامەزراند، بەوشێوەیەش شەڕی دوو ساڵە بەرپا بوو (1975-1976)، سوپای سوریا بە بەرگی هێزی بەرپەرچدانەوەی عەرەبی کە لەبنەڕەتدا بە بەرگی ڕێکخراوی هەورە بروسکەو سوپای ڕزگاری فەلەستین، هاتە ناو خاکی لوبنان.

سوپای سوریا سنوری ئەرك و ڕۆڵی خۆی بەزاندو گۆڕا بۆ هێزێکی داگیرکەر، بەوهۆیەشەوە شەڕو پێکدادان و بەرەنگاربوونەوەو بۆردومان و هەڵگەڕانەوە لەنێوان ساڵانی 1977 و 2005دا سەریانهەڵدا، بۆ نموونە لە (گۆڕەپانی ساسین، سەربازگەی ئەلفەیازیە، هێڵەکانی بەریەککەوتن،

شەڕی سەد ساڵە، قنات، زوحەلە، بۆردومانکردنی بەیروت، بازاڕی خۆرئاوا، شەڕی رزگاری، بەرەنگاربوونەوەی راسپاردەیی سوریا، خەباتی خوێندکاری، بەشداری نەکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ساڵی 1992، بانگەوازی مەترانە مارۆنییەکان ساڵی 2000، رێکەوتنی چیا لە ساڵی 2001، دیداری قورنەی شەهوان). موقاوەمەت و بەرخۆدان پێش راپەڕین، خۆڕاگری پێش شۆڕش کەوتن. دۆخەکە تەنها پێویستی بە بروسکەیەك و ساتێکی لوتکە بوو، ئەوەبوو رەفیق حەریری شەهیدکرا و سوپای سوریا بە کاریگەری راپەڕینێك بەبێ هیچ موقاوەمەتێکی تازە لە لوبنان کشایەوە.

لەهەمان لۆژیکی بەدەستهاتوودا، حزبوڵلا بێئەوەی بیزانێت بەشدار بوو لە پێگەیاندنی شۆڕشی ئورزو کشانەوەی سوپای سوریا. لەلایەکی ترەوە کشانەوەی سوپای ئیسرائیل لە لوبنان لە ساڵی 2000 لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستی بە پاساو نییە، بەڵام بووە پاساوێك بۆ داوای موسوڵمانەکانی لوبنان بە کشانەوەی سوپای سوریا لە لوبنان، هەروەها هانی کەسانی وەکو (رەفیق حەریری) و (وەلید جونبولات)ی دا بۆ قسەکردن لەسەر دووبارە سەنگەرگرتنی سوپای سوریا. لەوەش زیاتر، ئەگەر تیرۆرکردنی سەرۆك رەفیق حەریری لە دۆخێکی جیاوازدا بۆ نموونە لە دەیەی نەوەدەکاندا بوایە، ئەوا تیرۆرکردنی نەدەبووە هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی تووڕە. تەنانەت لەلای موسوڵمانەکانیش هێشتا جامی تووڕەیی مابووی پڕ بێت.

2. لەپاڵ ئەو کەلتورە مەزنەدا کە شۆڕشی ئورز لە ئامێزی گرتووە، رۆڵێکی تایبەت لەسەر شانی هاوپەیمانێتی 14ی ئادارە لەسەر ئاستی خەباتی گەل و قوربانیدانی شەهیدەکانی و خواستەکانی لوبنان. ئەگەر بێتو رای گشتی داوای لێبکات بەو ئەرکە هەستێت، لەبەرئەوەیە کە هاوپەیمانێتی سەرکردایەتی کردنی سیاسی شۆڕشی ئورزی وەرگرتووەو پرۆژەی گۆڕان و بەرنامەیەکی کاری تێروتەسەلی پێشکەشکردووە. لە بناغەدا هاوپەیمانێتی 14ی ئادار زیاتر ئامادەو شیاوە بۆ هەڵسان بەو رۆڵە مێژووییە.

بە حوکمی فرەیی پێکهاتەی تائیفی و مەینەتییە کەسییەکانی دیارترین سەرکردەکانی، بە حوکمی بیروباوەڕە نیشتمانییەکەی، هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لە مانای یەکێتی و ئازادی تێدەگات. بەڵام تاکو ئەم ساتە وەختەش هاوپەیمانێتییەکە پارێزگاری لە میراتی شۆڕشی ئورز کردووە بێ ئەوەی بیکاتە دوو ئەوەندە، پرۆژەی دەوڵەتی راگەیاند بێ ئەوەی بونیاتی بنێت، هەرچەندە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی دەرفەتی بۆ هەڵکەوت و بارودۆخەکە بۆی گونجاو بوو. هاوپەیمانێتی 14ی ئادار کاروانەکەی لەسەر بنەمای هاوکێشەو حساباتە سیاسییەکان و بەرکەوتەکانی هەڵبژاردن داڕشت، ئەمە لەکاتێکدا کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری و شەهیدو قوربانیدانە کە بەهۆیەوە دەتوانێت هاوکێشە نێوخۆییەکان تەنانەت بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بگۆڕێت. بەڕاستی بەسەرهاتمان لەگەڵ 14ی ئادار سەیرە، هەرکات شەهیدێکمان دابێت ئیتر وازمان هێناوە بەو ئومێدەی پێشبکەوین. شەهید بۆ خۆی پرۆژەی نیشتمانە نەك پرۆژەی پەرلەمان و حکومەت.

لەدوای رێکەوتننامەی تائیف و پێکهاتن و ئاشتەوایی نێوان کریستیانەکان و موسوڵمانەکانی لوبنان، سەرۆکی شەهید رەفیق حەریری وتی: «ناحەزیمان وەستاند». ئایا کەی پایەکانی 14ی ئادار ناحەزی و ململانێی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی ئەوەی دابەش ناکرێت دەوەستێنن؟ ئایا شۆڕشی ئورز دابەش بکەین؟ گۆڕەپانی شەهیدان دابەش بکەین؟ ئایا خەڵك و شەهیدەکانمان دابەش بکەین؟

هاوپەیمانێتی 14ی ئاداری هۆشدارو بە ترس دواجار پاشەکشەی کردو لە ئاسۆی ئومێدەوە گۆڕا بۆ دوودڵی، بۆیە کەوتە گێژاوی فەوتان. وەهای دەزانی کە دروشمەکان دەبنە خەبات و پێکهاتنەکان دەبنە چارەسەر، بۆیە پێشئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات دەستی بە دیالۆگ و گفتوگۆ کردو بەوهۆیەوە دەستکەوتەکانی لەدەستدا. گەلی شۆڕشی ئورز نایەوێت

هاوپەیمانێتی 14ی ئادار وەك (هاملێت) پاڵەوانی دوودڵ و ڕاڕای ناو ڕۆمانی شکسپیر دەربکەوێت، بەڵکو دەیەوێت وەکو (یۆلیۆس قەیسەر) سەرکەشی و بوێری بکات و لە ڕوباری ڕۆبیکۆن بپەڕێتەوەو ڕۆما بگرێت و پۆمبیۆس دەربکات و لە نۆ هەفتەدا هەموو ئیتالیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی (ساڵی 49 پێش زایین). کاتێك هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لەسەر شەقام بوو وتی: سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیکردن بۆ منە، کاتێکیش چووە سەرکردایەتی چەکی شەقامی پشتگوێ خست و ناحەزو نەیارەکانی چەکەکانیان لە بەرامبەری بەرزکردەوە.

هاوپەیمانێتی 14ی ئادار لە دووڕیانێکدایە، بەڵام تاوانە ئەگەر کاروانەکە تەواو نەکات و بە یەکگرتوویی لەسەر بیروباوەڕەکانی و سوربوونی لەسەر بەرەنگاربوونەوە بـەردەوام نەبێت. بەڵام خۆڕاگری گەلەکەی لەبەردەم هەڕەشە و ئاستەنگەکاندا باڵاترە لە خۆڕاگری ژمارەیەك لە سەرکردەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەرکەوتەو دەستکەوتەکان. ئەگەر سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی گیانی دەستپێشخەریکردن بەدەست نەهێنێتەوە، ئەوا هاوپەیمانێتیەکە دەبێتە ناوەندێکی ڕاوێژکاری. ئەمە بۆ خۆی ئاڕاستەیەکی خۆکوژییانەیە، چونکە لوبنان زۆر پێویستی بە گردبوونەوەی نیشتمانییە کە ڕێگر بێت لە بەردەم گۆڕینی ناسنامەی مێژوویی و فۆرمە تائیفیەکەی و دەوڵەتە دیموکراتیەکەی. من لە هاوپەیمانێتی 14ی ئادار شیاوتر نابینم بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە، بەڵکو ئەو پەیامە. هیچ لایەنێکی مەسیحیە ناتوانێت لە ڕەوتی (المستقبل) زیاتر، حاڵەتێکی ئیسلامی نیشتمانی ڕاستگۆ و پاك و ڕوون و بـاوەڕدار بە پەیامی لوبنان بدۆزێتەوە، هیچ لایەنێکی ئیسلامیش ناتوانێت حاڵەتێکی مەسیحی نیشتمانی ڕاستگۆ و پاك و ڕوون و باوەڕدار بە پەیامی لوبنان بدۆزێتەوە زیاتر لە حزبی کەتائیبی لوبنانی و هێزە لوبنانییەکان و ئازادیخوازە نیشتمانپەروەرەکان و بەرەی نیشتمانی و کەسایەتییە سەربەخۆکانی ناو هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار. لوبنانییەکان

ناتوانن لە هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار بەرەیەکی سیاسی بدۆزنەوە کە گرەو لەسەر بەدەستهێنانەوەی یەکێتی لوبنان و بوژاندنەوەی میساقی نیشتمانی بکات.

ئەمڕۆ، هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی (7) ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئورز، پێویستە لەسەر هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار لە چوارچێوەی پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەتدا، ئەو کارە تەواو بکات کە پێشتر دەستی پێکردووە، یەکەم هەنگاویش بریتییە لە کارکردن بۆ رووخاندنی حکومەت و گرتنەدەستی دەسەڵات لە رێگەی زۆرینەی پەرلەمانیەوە. دوامان لە (14)ی ئادار بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەبەر خۆشویستنی دەسەڵات نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە مانەوەی ئەم حکومەتە لەسەر کار بۆ هەموو قوربانیدانەکانی لوبنانییەکان خراپەو زیانبەخشە، بەوانەشەوە کەوا لە دەسەڵاتدان. ئەوەی لە بارگرانی ئەم حکومەتەی ئێستای لوبنانی کەمکردوەتەوە دوو شتە:

یەکەم: هەڵوێستی هەریەکە لە سەرۆك کۆمار میشال سلێمان و سەرۆك وەزیران نەجیب میقاتی، کە رێگەیان نەدا بەرەی (8)ی ئادار بەتەواوەتی دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت.

دووەم: تێکچوونی بارودۆخ لە سوریا کە رژێمی وا لێکرد زیاتر لە دۆخی لوبنان، گرنگی بە کێشەو گرفتەکانی ناوخۆی سوریا بدات. ئەگەر بێتو رژێمی سوریا وەك پێش ساڵێك لەمەوبەر بێ کێشەو سەرئێشە بوایە، بێگومان هەژموونداری سوریا لە رێگەی ئەم حکومەتەوە زۆر بەهێز دەگەڕایەوە لوبنان. هەڵوەستەکردنی رژێمی سوریا بوو ئەو حکومەتەی رزگار کرد لە پێدانی هەندێك تەنازول کە تایبەت بۆ ئەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەمە ساتی هەرەسپێهێنانە با لەدەستی نەدەین.

-4-

# ڕۆڵی کریستیانەکان لە لوبنان و خۆرهەڵات

# کریستیانەکان لەنێوان مافەکانیان و ڕۆڵیان و دەسەڵاتەکانیاندا

## 7ی ئابی 2008

کریستیانەکانی لوبنان، بەتایبەتی مارۆنییەکان رۆڵ و مافەکانیان و دەسەڵاتەکانیان پێکەوە گرێداوە. مافی کریستیانەکان هەمان ئەو مافانەن کە هەر هاوڵاتیەکی لوبنانی دیکە پێیدراوە، ئەگەر ژمارەیان بگاتە تەنها یەك کەسیش هەمان مافیان دەبێت، چونکە بەپێی دەستورو یاسا پارێزراوە بەپێی (بنەمای یەکسانی). بەڵام رۆڵی کریستیانەکان جیاوازە، هەر لەبەرئەوەش جگە لە خۆیان کەس زامنیان ناکات، ئەگەر هەزار میساق و هەزار نەریت دان بەو مافانەدا بنێن، هەربۆیە رەفتاری کریستیانی شایستەو شارستانی و نیشتمانیانەو ئەخلاقیانە زامنی مافەکانیان دەکات (بنەمای مافی بەدەستهاتوو).

بەڵام دەسەڵاتەکانیان کە مافێکی بەدەستهاتووی دەستوریە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژوویی و خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی و کۆمەڵێك پێوەری سیاسی و سەربازی و دیمۆگرافی. لەبەرئەوەشە کە بەپێی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵە سەرچاوەو پێوەرانە دەسەڵاتەکانیان بەراوردکاری بۆ دەکرێت، بەڵام هەرچەندێك ئەو دەسەڵاتانە رێکبخرێتەوە نابێت لە رۆڵی سیاسی و نیشتمانی کریستیانەکان، یاخود لە مافە مرۆیی و تائیفییەکانیان بدات لە لوبنان بەپێی (بنەمای فرۆیی شارستانی).

بەرپرسیارێتی لاوازبوونی رۆڵی کریستیانەکان

وا پێویست بوو لەسەر کریستیانەکان گومان لەسەر لاوازبوونی رۆڵیان بکەن زیاتر لە پرسی لەدەستدانی مافەکانیان، گومان بکەن لە سازشکردنی

ژمارەیەك لە سەرکردەکانیان زیاتر لە گومانکردنیان لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان. بە حوکمی کەمتەرخەمی دەوڵـەت و لاوازی لەڕووی بونیات و مادیەوە، مافی هەموو هاوڵاتیان قوت دراوە، هەروەها دەسەڵاتی سەرجەم هێزو لایەنەکان هاوکات لەگەڵ نەبوونی دەوڵەتدا پەکیکەوتووە، یاخود لە دەرەوەی بازنەی شەرعیەتدا پەیڕەو دەکرێت. پێشتر دەوڵەتی لوبنان لە ئۆتۆمبێلێك دەچوو کە لەلایەن مارۆنیەکەوە ئاڕاستە دەکرا پاڵپشت بە چەند دەسەڵاتێك کە ڕێگەی پێدەدا کۆنترۆڵی سوکانەکەو سیستمی دیاریکردنی خێرایی و برێکی راگرتنی ئۆتۆمبیلەکە بکات. پاشان دەستوری تائیف هات و سوکانەکەی لە دەستی مارۆنیەکەدا هێشتەوە، بەڵام سوننەکان سیستمی دیاریکردنی خێرایی و شیعەکان برێکی راگرتنیان لێسەندن، بەوشێوەیە ئۆتۆمبێلەکە وەستا چونکە هەر لایەنەو ئەو بەشەی بەکارهێنا کە لە دەستی خۆیدایە، بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خواستی دوو بەشەکەی دیکە.

ئەمڕۆ دەوڵەتی لوبنان لە ژێرزەمین دانراوە، پێدەچێت سبەینێ وەکو پارچەی یەدەگی بەکارهاتوو بە دەوڵەتۆکە تازە هەڵکەوتووەکان بفرۆشرێت (ئەمە دیمەنێکی گریانهێنە)، بەڵام مارۆنی و سوننی و شیعەکان بەبێ ئۆتۆمبێلیش دەستبەرداری سوکان و سیستمی خێرایی و برێکی راگرتن نابن (دیمەنێکە شایەنی پێکەنینە). لێرەوە وروژاندنی پرسی دەسەڵاتەکان و مافەکانی کریستیانەکان، هەروەك هەندێك باسی لێوە دەکەن، بیرۆکەیەکی ساختەکە بۆ خۆیان تەرحیان کـردووەو ژمارەیان زۆرەو دوای پچڕینی پێگەو دەسەڵات کەوتوون لەناو کۆمەڵگەی کریستیانی، نەوەك مەبەستیان ئەوە بێت دەسـەڵات و پێگەی کریستیانەکان لەناو دەوڵەتی لوبناندا بەدەست بهێننەوە. ئەوان بیرۆکەکە باس دەکەن بۆ داپۆشینی زێدەڕۆییان لە فەوتاندنی رۆڵی کریستیانەکان لە رابردوو و ئێستاشدا (ئەمە ماف و دەسەڵاتەکان) دەگرێتەوە، هەروەها بەو ڕێگەیە مەبەستیانە گرنگیدان بە

پرسە نیشتمانی چارەنووسسازکان بچوك بکەنەوە بۆ پرسە تائیفیە بچوکەکان.

ئەوانەی بە درێژایی ساڵان بەبێ ئاگایی رۆڵی کریستیانەکانیان بەفیڕۆ داوە ناپاکن. ئەوەی مافەکانی لەپێناو رەزامەندی یەکێکی دیکەدا بەفیڕۆ داوە دڵڕەقە. ئەوەی لە چوارچێوەی پێکهاتنێکی ناڕەوادا بەفیڕۆی داوە کەسێکی لاوازە. ئەوەی بۆ بەڕێکردنی قۆناغێك بەفیڕۆی داوە کەسێکە بەهەڵەدا چووە، ئەوەی بەفیڕۆی داوە بۆ بەرژەوەندی بێگانەکان ئەوە بەکرێگیراوە. ئـەوەی لە چوارچێوەی سەودایەکی گشتیدا بەفیڕۆی داوە کەسێکی تێوەگلاوە. جۆری بەفیڕۆدانەکە هەرچۆنێك بێت، تاوانە یان جینایەتە، ئیتر ئەوانە مافی ئەوەیان نییە فێڵ لە گەلی کریستیانی بکەن. لە رابردوودا ئەو تێڕوانینە هەبوو کە لوبنان وڵاتی کریستیانەکانەو لە گۆشەی یەکسانییەوە دەبێت مەرجەکانی بەشداریکردنی موسوڵمانەکان لە دەسەڵاتەکەیدا باشتر بکرێت. ئێستاش ئەو تێڕوانینە هەیە کە لوبنان بەرە بەرە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام لە گۆشەی ویژدانیەوە دەبێت ماف و سیمبوڵی ئەو کریستیانانەی تێیدا دەژین پارێزگاری لێبکرێت.

بە درێژایی ئەو (30) ساڵەی رابــردوو، سەرچاوە کریستیانییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە چەسپاندنی ناسنامەی تایبەتمەندی لوبنان و بەرجەستەکردنی بوونی کریستیانی و پارێزگاریکردن لە رۆڵی سیاسیان لەناو دەوڵەت، هەروەها سەرکەوتوو نەبوون لە پتەوکردنی پەیوەندی کریستیانەکان لەسەر ئاستی لوبنانی و عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. بەوشێوەیە کریستیانەکان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە لاوازو دابەشبوو دەرکەوتن لەکاتێکدا کە (هێزییان لە یەکێتیان و شکۆیان لە بەرخۆدانیان)دا بوو. جگە لەوەش لەڕووی شارستانیەوە لە پاشەکشەدا بوون، لەسەر ئاستی دەرەوەش دابڕاو بوون (لەکاتێکدا پشت ئەستور بوون بە هاوپەیمانێتی هەرێمی و نێودەوڵەتی). ئەو هەموو پێکانە راستەوخۆیانە بوونە هۆکاری شڵەژانی رۆڵی کریستیانەکان لەناو نیشتمان و لاوازبــوون و پوکانەوەی

دەسەڵاتەکانیان لەناو دەوڵەتدا.

**تکایەك لە هەناوی واقیعەوە**

دەرچوون لەم گێژاوە پێویستی بەوەیە کریستیانەکان درك بکەن بە ئاستی ئەو پەرتەوازەییەی کە پێی گەیشتوون، واتا نابێت چیتر هیوابڕاو و بێئومێد بن، چونکە ئەوان شوێنکەوتوانی ئەو کەسەن کە وتویەتی: «بە باوەڕ چیا لە شوێنێکەوە دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر»، هەروەها خۆیان بە گەورە نازانن بە جۆرێك وا رەفتار بکەن وەك ئەوەی سەرمەشقی راگەیاندنی لوبنانی گەورە بن. تەنها درکپێکردنی تراژیدیاو ناخۆشی شۆك دروست دەکات، شۆکیش ویژدان بەئاگا دەهێنێت، بە ئاگاهاتنەوەی ویژدانیش راپەڕینی گەل بەرپا دەکات. وتم راپەڕینی گەل نەك راپەڕینێکی میللی. یەکەمیان بە شێوەیەکی گشتی بە رێگەی ژیری و عەقڵدا گوزەر دەکات، بەڵام دووەم بە زۆری مەیلی بەلای حەزو ئارەزوودایە. عەقڵ لوبنانی بونیاتنا، حەزو ئارەزووش وێرانی کرد.

دەنگی عەقڵ ئەمڕۆ داوا لە کریستیانەکان دەکات پەیامەکەیان لە مافە گریمانییەکان و دەسەڵاتە تیرۆرییەکان باڵاتر بگرن. دەنگی عەقڵ بانگیان دەکات کە لە خەوەکەیان هەستن، چونکە دەەرفەتێك هەیە رێگەیان پێدەدات بۆ بەدەستهێنانەوەی دەستپێشخەری و سەرلەنوێ چوونەوە ناو سەنگەر لە لوبنان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەڕای لاوزایەك کە تەنگەتاوی کردوون. دەنگی عەقڵ بانگیان دەکات بۆ نوێبوونەوە (نەك گۆڕان)ی رۆڵیان لە چوارچێوەی بونیاتنانی لوبنانی نوێ لەڕووی دەستوریەوە (ناسەنترالیزمی فراوان، بێلایەنی راستەقینە، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی)، بەڵام بەدەنگەوەچوونی بانگەوازی عەقڵ و (ئایندە)، پێویستی بە دانپێدانانە بەو گۆڕانکارییانەی لەو قۆناغەدا روودەدەن لەلایەك، هەروەها تێپەڕاندنی قۆناغەکە بە ئیرادەیەکی بەهێزو بە پرۆژەی گۆڕانکاری لەلایەکی دیکەوە.

گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانە ئەمانەن:

* دۆخـی کریستیانی: (چڕبوونەوەی کـۆچ، سنوردارکردنی زاوزێ، کۆچپێکردنی ناوخۆیی، تێکچوونی ریزبەندی بەهاکان، پشتکردن لە بژاردە، داچۆڕینی حزبە مەسیحییەکان، خاوبوونەوەی رابوونی کەنیسەیی، پشتگوێخستنی رەوەندەکان، وازپێهێنانی بەزۆری پێگەکان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت).

* دۆخی ئیسلامی: (هەڵقوڵینی بە مەبەستی زاوزێکردن، گەشەکردنی وەفاداری نیشتمانی بۆ لوبنان، زۆربوونی داواکردنی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، دابەشبوونێکی مەزهەبی توند، زاڵبوونی رەوتە ئوسوڵیە سونیە توندڕەوەکان، فراوانبوونی حاڵەتی جیهادیی شیعیی).

* دۆخی گشتی لوبنان: (پاشەکشەکردنی داگیرکاریی ئیسرائیل و سوپای سوریا لە لوبنان، بەردەوامبوونی پێگەی سوریاو بەرفراوانبوونی کاریگەری ئێران، دەرکەوتنی حزبوڵڵا وەکو دەوڵەتی سەپێنراو، چەقبەستنی دینامیکیای رۆڵی سوننە، گۆڕانی بوونی فەلەستینییەکان بۆ باری نیشتەجێکردن، لەرزینی قەوارەی دەوڵەت و دامودەزگاکانی، داڕمانی فۆرمی پێکەوە ژیانی تائیفەکان، دروستبوونی رای گشتی لوبنانییەکان بە پیادەکردنی نامەرکەزیی بەرفراوان، زیدبوونی خواست بەرەو گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەنی، مانەوەی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بەبێ جێبەجێکردنی راستەقینە).

* دۆخی هەرێمی: (بوونی سەربازیی سەرنەکەوتووی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەرپابوونی گۆڕانکاری لە رژێمەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو دەستکاریکردنی قەوارەکانیان، دەرکەوتنی رۆڵی بەرچاوی ئێران بە ئاسۆیەکی ئەتۆمی هاوتەریب لەگەڵ بوونی رۆڵێکی عەرەبی و لاوازو رۆڵی ناڕوونی تورکیا، پاشەکشەکردنی پرۆژەی نەتەوەکان و رابوونی رەوتە ئیتنی و ئوسوڵییەکان، تەشەنەکردنی تیرۆریزم، چەقبەستنی دۆسیەی ئاشتی فەلەستینی لە شوێنی خۆی، پوکانەوەی بوونی مەسیحی لە ناوچەکەدا).

* دۆخی نێودەوڵەتی: (بە زەحمەت سیاسەتی ئەمەریکا بنەماکان و بەرژەوەندییەکان پێکەوە گرێدەدات، سەرقاڵبوونی راستەوخۆی روسیا بە روانگەی خۆیەوەو پێدانی ئەولەویەت بە گەشەپێدانی ئابوری و دارایـی، هەندێك لە گەلانی بچوك مافە نەتەوەییەکانیان بەدەستهێنا، پاشەکشەکردنی رۆڵـی هێزە ئاسیاییەکان بەتایبەتی چین و ژاپـۆن، سەرهەڵدانی بزاوتێکی ئەوروپی بەبێ کاریگەری، بەردەوامبوونی لاوازی رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان).

لێکۆڵینەوە لەم دەرهاویشتە جیاوازانە دەرچەیەکی سەپێنراوە بۆ دەستنیشانکردنی هەڵوێستی نوێی کریستیانەکانی لوبنان، چونکە ئەو رۆڵە پێشەنگەی کە کریستیانەکان لە سەرەتای سەدەی رابردوو پێی هەستاون، بەتایبەتیش مارۆنییەکان، بەرهەم و ئەنجامی خۆی هەبوو لە پێکگەیشتن یان پێچەوانەبوونی نێوان ئەو (5) دۆخەی باسمان کردن. ئەمڕۆ پێدەچێت ناوەڕۆکی ئەو دۆخانە بگۆڕدرێت، چونکە نوێبوونەوەی رۆڵی کریستیانەکان لە چوارچێوەیەکی دەستوریی تازەدا، لەوانەیە پێویستی بە پێگەو دەسەڵاتی تر بێت، بێ ئەوەی ئەمە مانای لاوازبوونی کاریگەری و بوونی نیشتمانی کریستیانەکان بگەیەنێت.

نوێبوونەوە هاوتای لاوازی نییە، چەقین و چەقبەستووییش هاوتای هێز نییە. ئامانجەکە بریتییە لە دەوڵەمەندکردنی رۆڵ و پێگەی کریستیانەکان نەوەك لاوازکردنی، کاراکردنی نەوەك پەراوێزخستنی، هەروەها گەڕان بەدوای وەڵامێکی بەسوود لەڕووی پراکتیکیەوە لەجیاتی وەڵامێکی بریقەدار لەڕووی تیۆری و بێسوود لەڕووی پراکتیکییەوە. بەمشێوەیە دەبینین رۆڵی کریستیانەکان لە لوبنان جیاوازو پێشەنگە.

### نوێبوونەوە بە رەسەنایەتی

ئەمڕۆ ئەگەر کریستیانەکان بیرێك لە نوێبوونەوەی رۆڵیان بکەنەوە،

لەبەرئەوەیە کە نیگەرانن بۆ ئاییندەو چارەنوسی لوبنان، نەوەك تەنها بۆ چارەنوسی خۆیان نیگەران بن. ئەوان لە هەموو وەرچەرخانێك لە مێژووی لوبنان یان مێژووی خۆرهەڵاتدا ئەو کارەیان کردووە بەبێ رەچاوکردنی هاوسەنگی هێزەکان (چاو بە مێژوودا بخشێننەوە تاکو دڵنیا ببنەوە). ئەمڕۆ کریستیانەکان، سەرەڕای هەموو بارودۆخە تاڵ و دژوارەکەیان، ئەوان لە لوبنان کەمترین پێکهاتەی خاوەن قەیرانن. لە هەموو جارێکدا نوێبوونەوەی رۆڵی کریستیانەکان هاوتەریبە لەگەڵ پەیامە مێژووییەکەیاندا لەپاڵ یەکێتی خاکی لوبناندا.

هەرگیز رۆژێك کریستیانەکان پرۆژەیەکیان نەبووە کە خزمەت بە قەوارەی لوبنان نەکات، واتا خزمەتی هەموو لوبنانییەکان، بەڵکو ئەوەیان هەڵبژاردووە کە بەهۆی دابەشبوونی تائیفیەوە رێگر بوون لەوەی بەرژەوەندی لوبنان روبەڕووی مەترسی بکەنەوە لەپێناو پارێزگاریکردن لە یەکێتی لوبنان (بە ناچاری رازیبوون بە رێکەوتننامەی قاهیرە لە ساڵی 1969). ئەو رۆڵەی کە کریستیانەکان بە درێژایی سەدەی رابردوو پێی هەڵساون، بەشێکی رەسەنە کە قابیلی راستکردنەوەیەکی جەوهەری نییە، بەشێکی تریشی هی قۆناغەکەیە کە بە لەجیاتی و بەبێ بریکار کردوویانە. بەشی رەسەن و بنەڕەتی ئەمەیە: دامەزراندنی دەوڵەتی لوبنان، داڕشتنی فۆرمی پێکەوەژیان لە لوبنان، دیاریکردنی رۆڵی سیاسی کریستیانەکان لە دەسەڵاتی ناوەندی، پێداگریکردنی سیستمی دیموکراتی لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادییەکان و پاراستنی ئاسایشی گروپ و پێکهاتەکانی لوبنان، پێداگریکردن لەسەر فرە کەلتوری و شارستانی، کرانەوە بەڕووی جیهانی عەرەبیدا، بینینی رۆڵی پردێك لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

بەڵام ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە قۆناغەکەوە بریتییە لە: دەستبەسەرداگرتنی کریستیانەکان بەسەر زۆرینەی پێگە سەرەکییەکان لە هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا، بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ناوەندی، لەکاتێکدا

که جەستەیەکی زیادکراوە بۆ حاڵەتی تائیفەگەری. رۆڵی کریستیانەکان لە قۆناغەکەدا، بەتایبەتی رۆڵی مارۆنییەکان سودی بە لوبنان گەیاندووە، چونکە پارێگاری کـردووە لە قـەوارە سەربەخۆکەی و لە هەوڵەکانی توانەوەو پوکاندنەوەی رزگاریان کـردووە، بەڵام ئەوەی زیانی بە رۆڵی شایستەی کریستیانەکان گەیاندووە ئەوەیە کە موسوڵمانەکان ئیرەییان پێبردوون و کردویاننەتە ئامانج، هەروەها مارۆنییەکانیش کێبڕکێیان لەسەر بینینی ئەو رۆڵە شایستەیە کردووە، بەڵام خوێناوییان کردووە. لەبەرئەوە، ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی کریستیانەکانە هەموو ئەو دوومەڵانە لابەرن کە بە رۆڵە شایستەکەیاندا لکێنراون و پێویستە خۆیان لە کرێی ئیمتیازو دەستکەوتەکان رزگار بکەن، چونکە بریتین لە (چەکی بێ پارە)، هەروەها لە بەرژەوەندییاندایە کە بە بوێری و متمانەوە بەوە رازی بن کە ئەو موسوڵمانانەی باوەڕیان بە دروشمی (سەرەتا لوبنان) هەیە دەسەڵاتی تازە بەدەستبهێنن (پێدانەوەی بەشێك لە رۆڵی کریستیانەکان لەو قۆناغەدا).

ئەگەر موسوڵمانەکان لەو ئەزمونە نوێیەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن هەمووان سەردەکەون، ئەگەر شکست بهێنن دەبێت رێگەی دەستوری دیکە هەبێت و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەزمونەکە بکەن، ئەوە بۆ کریستیانەکان باشترە بۆ ئەوەی بتوانن لە دەسەڵاتی ناوەندی و پرۆسەی سیاسیدا پارێزگاری لە رۆڵی خۆیان بکەن و لە دەسەڵاتی ناوەندی ناوچەییدا پێگەیان بەهێزتر بکەن و ناوچەکانیان بگۆڕن بۆ چەند هەرێمێکی گەشەکردووی ئاوەدان و بەرگرو خاوەنی خۆژێنی گشتی و کارلێك و ئاوێتە لەگەڵ سەرجەم هەرێمەکانی دیکەی نیشتمان. بۆ ئەوان باشترە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە، ئیدارە، کەلتور، زانست، سوپا و ئاسایش، کشتوکاڵ نیشتەجێکردن، ژینگەو گەشتوگوزارو لەسەر تەکنۆلۆجیاو پیشەی نوێ زیاتر بکەن. هەروەها بۆیان باشترە ئامادەیی و کاریگەری کارایان لەسەر هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و وەزیران نیشان بدەن، نەك تەنها لەسەر سەرۆکایەتی کۆمار. بۆیان باشترە

ئامادەیی و کاریگەری کارایان نیشان بدەن لەڕووی چارەسەرکردنی ناکۆکی و ململانێکانی ئەوانی تر، بۆ ئەوەی بەشدارییان تیادا بکەن.

بەمجۆرە کریستیانەکان ڕۆڵی پێکەوەبەستنەوەی حوکم دەگێڕن لەباتی گێڕانی ڕۆڵی خۆسەپێن بەسەر دەسەڵاتدا. ڕۆڵی مەرجەعیەتی بە ویقارو جێبەجێکار دەگێڕێت لەباتی ڕۆڵی فەرمانڕەوای تۆمەتبارو بێدەسەڵات. بەڵام ئەو ڕۆڵە باڵاو نوێخوازاییەی کریستیانەکان پێگەیشتوو نابێت هەتاکو خودی کریستیانەکان لە ڕەهەندەکانی تێنەگەن، تاکو هاوبەشە لوبنانییەکانی دیکە نەگەنە هەمان ئاستی ئەوان، چونکە ناکرێت سودی لێوەربگرن بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت.

لە نیشتمانێکی وەکو لوبنان، کە دەوڵەتەکەی لاوازە، بڕیارەکان بە ڕێگەی تەوافوق دەردەکرێن ئەگەر نەڵێین بە ڕێگەی پەکخستن، زێدە دەسەڵاتە دەستورییەکان بوونەتە بارگرانیەك کە خاوەنەکانی وەکو سۆخرەکێش هەڵیانگرتووە. لە دوای ڕێکەوتننامەی تائیف، تەنانەت بێ ڕێکەوتننامەکەش دەوڵەت هیچ بڕیارێکی ئیداری جێبەجێ نەکردووە بۆ نموونە (گۆڕینی بەڕێوەبەرێکی گشتی)، هیچ بڕیارێکی ئەمنی جێبەجێ نەکردووە وەك (تەدەخول کردنی سوپا)، هیچ بڕیارێکی سیاسی جێبەجێ نەکردووە وەك (لەسەرکار لابردنی وەزیرێك)، هیچ بڕیارێکی دەستوری جێبەجێ نەکردووە وەك (هەڵبژاردنی کەسێکی سەربازی بە سەرۆك)، هیچ بڕیارێکی چارەنووسسازیی جێبەجێ نەکردووە وەك (ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل) بەبێ بوونی تەوافوقی تائیفی لەسەری.

### پەیامی یەکبوون و خۆڕاگری

ڕۆڵی مێژوویی کریستیانەکان ڕۆڵێکی هەڵە نەبووە تاکو دژایەتی بکەن، ڕۆڵێکی خراپ نەبوو تاکو پێی شەرمەزار بن، ڕۆڵێکی لەوان گەورەتر نەبووە تاکو سنورداری بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، پێویست دەکات لەسەر

کریستیانەکان لەکاتێکدا ڕۆڵیان نوێدەکەنەوە، کە شکۆمەند بن بەو ڕۆڵە شایستەیەی دەیگێڕن لەجیاتی ئەوەی سنورداری بکەن بۆ هاوتابوون لەگەڵ ئەوانەی تردا. کاتێك کەمینەکان دەگەنە بازنەی دەستبەرداربوون قورسە بۆیان لێی پاشگەز ببنەوە، لەوکاتەشدا زۆرینەکان باڵیان بەسەریاندا دەکێشن.

ماوەی (2000) ساڵە کریستیانەکان لە لوبنان خۆڕاگری دەکەن لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا. لە خۆرهەڵات ڕەگیان داکوتاو بە بەردەوامی چەوساندنیەوە، بەڕووی خۆرئاوادا کرانەوەو جارجارێك نەرمی لەگەڵیاندا نواندووە. نزیکەی ماوەی دوو دەیە دەبێت کریستیانەکانی لوبنان لەسەر هێڵی بەریەککەوتن لەنێوان میساقی 1943، و میساقی (تائیف)دا وەستاون، ئەو میساقەی کە نەیانتوانی بیپارێزن و بیانپارێزێت. ئەوان بەتاسەوە بیری دەستکەوتەکانی میساقی یەکەم دەکەن و هیوای دادوەری لە میساقی دووەم دەخـوازن. لە ساڵی 2005ــەوە کریستیانەکان لە لوبنان خۆیان لەنێوان سەنگەرەکانی (8) و (14)ی ئاداردا دابەشکردووەو ماڵی یەکێتی کریستیانییان جێهێشتووە. مانەوەیان لە لوبنان و خۆرهەڵات، کشانەوەیان لە هێڵی بەریەککەوتن و گەڕانەوەیان بۆ ماڵی یەکێتی کریستیانی دەبێتە دەستپێك بۆ بەدەستهێنانەوەی هەر ڕۆڵێکی نوێ و کەرەستەیەك بۆ خەبات و خۆڕاگرییەکی تازە.

# لە غیابی بەها مارۆنییەکاندا، مارۆنیەتی سیاسی بوونی نییە

## 4ی تشرینی یەکەمی 2008

بە درێژایی مێژوو، فۆرمی ژیانی کۆمەڵگەی مارۆنی ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی مارۆنییەکانی ڕۆڵی سیاسی یەکەم و سەرەکی لە لوبنان بگێڕن. دوورکەوتنەوەی مارۆنییەکان لەم فۆرمە کاریکردووەتە سەر کارایی ڕۆڵییان، زیاتر لە کاریگەری شکستهێنان لە شەڕو دۆڕانە سەربازییەکان کە لەنێوانیاندا ڕوویداوە. هەرگیز ئەو مەینەتییە سیاسی و سەربازییانە ڕوویان نەدەدا ئەگەر پابەند بوونایە بە بیروباوەڕە کریستیانی و نیشتمانییەکانیان.

لە بنەڕەتدا، مارۆنییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە خۆگۆڕین لە گروپێکی مامناوەندییەوە بۆ گەلێکی بونیاتنەری دەوڵەت، نەك بە پشتبەستن بە هێزی سەربازییان، بەڵکو بە پابەندێتیان بە بەهاکان و ئایین و ئەخلاق و ئامادەگی هەمیشەییان بۆ قوربانیدان و فیداکاری. بە ئەنقەست ئەمڕۆ مارۆنییەکان هەوڵدەدەن ڕۆڵی مێژووییان ببوژێننەوە، یاخود نوێی بکەنەوە ئەگەر نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ فۆرمی ژیانی پێشوویان و پابەندبن بەو بەهایانەیانەوە کە لەم خۆرهەڵاتەدا لە خەڵکی دیکە جیایان دەکاتەوە. ڕۆڵی شایستە پێویستی بە بوونی کۆمەڵگەیەکی تایبەت و شایستە هەیە، کۆمەڵگەی شایستەش پێویستی بە جۆرێك لە قوربانیدانە. قوربانیدان هەر لەکاتی (ئیبراهیم خەلیل)ـەوە بنەمایەکی پێویستی سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێی یەسوعی مەسیح بووە.

کۆمەڵگەی مارۆنی لوبنانی لەم بارودۆخەی ئێستایدا، هێشتا ئامادە نییە بۆ بەرپاکردنی وەرچەرخانێکی جۆریی و بەدەستهێنانەوەی دەستپێشخەری، کەواتا چۆن دەتوانێت پارێزگاری لە ڕۆڵی تەقلیدی کریستیانەکان بکات؟

لەوەش زیاتر، مارۆنییەکان ناتوانن پارێزگاری لە بوونیان بکەن (ئەگەر بەبێ گێڕانی رۆڵێکی سیاسی یان نیشتمانیش بێت)، ئەگەر چاو بە فۆرمی ژیانی ئێستایاندا نەخشێننەوەو لە ئاست مەترسییە کۆنە بۆماوەکان و مەترسییە تازەکاندا بەئاگا نەبن و لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی تۆکمەدا بەشداری لە بەرەنگاربوونەوەیدا نەکەن. ئەوەی بەو چارەنووسە رازی نەبێت، خۆرهەڵات دەگێڕێتەوە بۆ پێش مەسیح، لوبنانیش دەگێڕێتەوە بۆ پێش فۆرمی پێکەوە ژیانی ئیسلامی - مەسیحی و موسوڵمانانی لوبنان روبەڕوو دەخاتە بەردەم ئاژاوە مەزهەبی و مێژوویە کراوەکانیان.

ئەوەی بەو چارەنووسە رازی نەبێت خۆشحاڵی و شادمانی راستەقینەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نابینێتەوە، کەواتا هیچ خۆشحاڵییەك لە نکۆڵیکردن لە کەلتورو دوورکەوتنەوە لە گڵکۆی بابوباپیران نابینرێت. رۆڵی مارۆنییەکان لە لوبنان لە ئەرکەکانی سەرشانیان بەرامبەر لوبنان دەستپێدەکات، هەرچەندێك ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەستن، ئەوەندەی تر پارێزگاری لە رۆڵیان دەکەن. هەرچەندێك بەرگری بکەن و پێشبکەون و بە بەها و ئەخلاقیان جیاواز بن، پارێزگاری لە رۆڵیان دەکەن. هەرچەندێك یەکبگرن و سەرکردەو رابەری شایستەو لێهاتوو لە سەرکردایەتی دەستنیشان بکەن، پارێزگاری لە رۆڵیان دەکەن. هەرچەندێك ئەوان قەشەی وەکو شەربل و ئەردینی و رەفقاو ئەلحەدادی و ئەلدوەیهی پەروەردە بکەن، پارێزگاری لە رۆڵی خۆیان دەکەن. هەرچەندێك لە دەروونی شەهیدەکانیاندا لەبەر خاتری کەسوکاریان نەمامیان چاندووە، پارێزگاری لە رۆڵی خۆیان دەکـەن. هەرچەندێك لە دژی خۆشییەکانی کۆچکردن بوەستنەوەو خۆیان لە خاك و گوندەکانیان و ناوچەکانیان قایمتر بکەن و تێیاندا بمێننەوەو وەبەرهێنانی تێدا بکەنن، دەتوانن پارێزگاری لە رۆڵیان بکەن.

لە رابردوودا خەڵکانی هەژارو برسی و بێکارەکان کۆچیان دەکرد، بەڵام

ئەمڕۆ دەوڵەمەندو خاوەنکارەکان کۆچ دەکـەن. کەلتوری کۆچکردن لە ناویاندا لەدایکبوو ئیتر بەسەر کەلتوری مانەوەدا زاڵبوو، خواستی کۆکردنەوەی سامانی زۆر لە خواستی ژیانی سادەو ئاسودە بەهێزتر بوو. تەنها لەبەرئەوەی کە سەرۆك کۆمار خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان بوو، رۆڵی مارۆنییەکانی لوبنان پارێزراو نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی کڵێساکانیان پڕبوون لە نوێژخوێنان و گروپ و تائیفەکانیان دەوڵەمەندن بە کاهین و راهیبانی نوێ و ناوەندی بتریارکیان بووەتە ئامێزێك بۆ هەمووان و رێگە بەهیچ کەسێك نادرێت زێدەڕۆیی بەسەردا بکات. رۆڵ و پێگەیان پارێزراو بوو لەبەرئەوەی دامودەزگا سیاسی و حزبی و ئایینییەکانیان جمەیان دەهات بە خەڵك و بژاردەکان. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکەیان رێزی لە دابونەریتەکان دەگرێت و بەپێی ویستی بابوباپیران هەڵسوکەوت دەکات، خانەوادەکانیان پیاوان و ژنان بۆ نەتەوە بەرهەمدەهێنن. رۆڵ و پێگەیان پارێزراو بوو، چونکە ئاستی خۆشگوزەرانی و پەروەردەکردن لە قوتابخانەو پەیمانگاکانیان لە ئاستێکی بـەرزدا بوو. گەنجەکانیان خەونیان بـەوەوە دەبینی کە لە خوێندنگەی جەنگی و دامودەزگاکانی دەوڵەت وەربگیرێن.

رۆڵ و پێگەیان پارێزراو بوو، چونکە لەڕووی مادییەوە بڕوایان بە فۆرمی ژیانێکی شایستە بوو، لەڕووی روحیشەوە ئامانجیان گەیشتن بوو بە نەمری و بڵندی ژیان، خۆشگوزەرانیان دەویست بەبێ زێدەڕۆیی، شادمانیان دەخواست بەبێ ناپاکی و بێباوەڕی، کرانەوەیان دەخواست بەبێ توانەوە، باوەڕدارییان دەخواست بەبێ دەمارگیری و عەلمانیەت بەبێ بێباوەڕی. رۆڵ و پێگەی ئەوان پارێزراو بوو، چونکە سەرکردەکانیان هەرچەندێك ناکۆکی و کێشەکانیان ئاڵۆز بوایە بە سەریاندا زاڵ دەبوون و کارییان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی نیشتمانی دەکرد چەند ئەستەم بوایە. لەبەرئەوەی ئەوان بەوشێوەیە بوون، دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری (مارۆنی) زۆرو فراوان بوو. مارۆنییەکان لە لوبنان لە مێژوویاندا هیچ دیارییەکی بێ بەرامبەرو خۆڕاییان

وەرنەگرت، بەڵکو هەموو ئەو دەستکەوتانەی پێیان گەیشتوون پاڵپشت بە خەبات و قوربانیدان بووە.

بەوجۆرە مافەکان رۆڵ و پەیامەکە بۆ مارۆنییەکان دەگەڕێتەوە، نەك بەهۆی چەند دروشمێکی قۆناغیی کە هەندێك لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەرزیان دەکەنەوەو لەدوای تەواوبوونی دەیانگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆیان. رۆژێك مارۆنییەکان رۆڵ و پێگەیان بۆ دەگەڕێتەوە کە پرۆژەی چارەسەری بۆ دەوڵەتی لوبنان دابڕێژن کە بۆ سودی هەموو لوبنانییەکان بێت، لەوانە: بێلایەنی، عەلمانیەتی باوەڕدار، نامەرکەزیی بەرفراوان، یاسایەکی دادوەرانە بۆ هەڵبژاردن، داماڵینی چەکی رێگەپێنەدراوی لوبنانی و فەلەستینی، جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری، بەهێزکردنی پێگەی سەرۆك کۆمار، داننان بە مافی پەناهەندەکان، تەرحکردنی بیرۆکەی چارەسەر بۆ رۆیشتنی فەلەستینییەکان لە لوبنان بەجیا لە پرۆژەی مافی گەڕانەوە، بونیاتنانی دەوڵەتێکی سەروەر، خۆبەدوورگرتن لەو پرۆژانەی دژی شێوەو ناوەڕۆك و فۆرم و رۆڵی لوبنان داڕێژراون.

بەدیهێنانی ئەو کەیسە گەورانەیە کە پارێزگاری لە بوونی مارۆنییەکان دەکات، نەوەك مشتومڕەکانی هەڵبژاردن و دروشمە شوعبەوییەکان. مارۆنییەکانی لوبنان لە رێگەی شەڕی خوێناوی و ناڕێکی نێوانیان و خۆبەهێزکردن بە دەرەوەو دروستکردنی هاوپەیمانێتی لە دەرەوەی سروشت و روانگەی خۆیان، ناتوانن رۆڵ و پێگەیان بەدەستبهێننەوە. ئەوان لە رێگەی دروستکردنی ململانێ و دووبەرەکی تائیفی و لاوازکردنی تائیفەکانی دیکەوە ناتوانن رۆڵ و پێگەیان بەدەستبهێننەوە، بەڵکو لە رێگەی بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروبارەکانیان دەتوانن بەدەستی بهێننەوە، کاتێك کشانەوەی بیانی و نامۆکان لەبنان بەهێز دەکاتەوە، کاتێکیش لوبنان بەهێز دەبێتەوە دۆخی مارۆنییەکان باش دەبێت، ئیدی رۆڵیان بەرفراوان دەبێت و بەرپرسیارێتیان گەورە دەبێت، بەوپێیەش دەسەڵاتەکانیان زیاتر

دەبێت. لێرەدا ڕۆڵی مەبەست، ڕۆڵی مارۆنییەکانە وەکو هاوڵاتی نەك وەکو ڕۆڵەکانی کڵێسا، واتا دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی مارۆنییەکان.

مارۆنیەتی سیاسی سەرەڕای ناوەکەی تاپۆ نییە لەسەر مارۆنییەکان یاخود لەسەر کریستیانەکان، بەڵکو لوبنانییەکان لە هەموو کۆمەڵ و تائیفەکان دەگرێتەوەو لە چەمکە نیشتمانییەکەیدا پیاوانی وەك (ریاچ الصلح) و (عادل عسیران) و (سامی الصلح) و (کاڤم الخلیل) و (کامل الاسعد) و (شارل مالك) و...هتد دەگرێتەخۆ. لەم چوارچێوەیەدا پایە سەرەکییەکانی موسوڵمانان لە هاوپەیمانێتی (14)ی ئادار لەسەر ئاستی نیشتمانی هاوسۆزی بنەماکانی مارۆنیەتی سیاسین، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو مارۆنییانە هاوسۆزی نین کە بڕوایان بە بیرۆکەی لوبنانیبوون و سەروەری نییەو لوبنان و سوریاو دەوڵەتی لوبنان و شۆڕشی فەلەستین، یاخود کەسی بیانی و ڕۆڵەی نیشتمان لە یەکتری جیا ناکەنەوەو دڵسۆزی بۆ بیرۆکەی (سەرەتا لوبنان) و هیچ دروشمێکی دیکە نیشان نادەن. لەبەر ئەوە، ئەمڕۆ مارۆنییەکان پێویستیان بە گرتنەبەری سیاسەتێکی مارۆنی نوێ هەیە کە مارۆنیەتی سیاسی نوێبکاتەوە تا وەکو بارێکی نیشتمانی بمێنێتەوەو سنوری ناوە تائیفیەکەی ببەزێنێت.

قۆناغی ئێستا هەڵکەوتووە بۆ هەستانەوەی ڕۆڵی پێشەنگی مارۆنی لە لوبنان، چونکە ڕاستییەکان ئاشکرای دەکەن کە لاوازی ڕۆڵی مارۆنی تەنها گرێ و کێشەی تائیفی لە هاوسەنگی لوبناندا دروست نەکردووە، بەڵکو ژیانی سیاسی پەکخستووەو خولی دەستوری ئیفلیج کردووەو گڕکانی ئاژاوەو دووبەرەکییە مەزهەبییەکانی تەقاندوەتەوە. کاتێك ڕۆڵی مارۆنییەکان بەهێز بوو، لوبنان توانی بەسەر هەموو ئاستەنگ و کێشەکاندا زاڵبێت و پرۆژەی یەکبوونی دەوڵەت سەربکەوێت. کاتێك ڕۆڵی مارۆنی بەهێز بوو، لوبنان چەندین جۆری مەترسییەکانی بەخۆیەوە بینی تەنها دوو مەترسی نەبێت: دابەشبوون و پێکدادانی سوننە - شیعە. بەڵام ئەمڕۆ ئەم دوو مەترسییە بووەتە واقیع و بەرۆکی لوبنانیان گرتووە، لەناو یەکەمدا دەژین و دانی پیادا

نانێین، نکۆڵی لە دووەم دەکەین و پەیڕەویشی دەکەین.

مارۆنییەکان سەرکەوتوو بوون لە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی بەڕێزی نوێدا، لەڕووی بەدەستهێنانی پۆستی وەزاری گرنگ و چاوخشاندنەوە بە پێکهاتەو دابەشبوونە ئیدارییەکان بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکانیاندا سەرەڕای دابەشبوونی سیاسی. جارێکی تر مشتومڕی سەرۆك کۆمار بووەوە مەرجەعێکی سیاسی لە پێکهێنانی حکومەت و داڕشتنی بەیاننامەی وەزاری لەسەر بناغەی وتاری سوێندخواردنی سەرۆك کۆمار کە کەسی دانوستانکاری سەرەکییە لەگەڵ سوریا لەپێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و دروستکردنی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و دیاریکردنی سنورەکان، هەروەها دەستپێشخەرە بۆ دەستکردن بە دیالۆگی نیشتمانی و راسپێردراوە بۆ داڕشتنی پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ بەرگری.

بەڵام ئەو بوژانەوە مارۆنیە بە شێوەیەکی کاتی دەمێنێتەوە ئەگەر یەکڕیزی کریستیانەکان بەهانایەوە نەچێت. ئەگەر یاسای شەستی هەموارکراو لانیکەم پێشتر مافی هەڵبژاردنی دوو لەسەر سێی نوێنەرەکانی بە کریستیانەکان بدایە، ئەوا نوێنەرە کریستیانەکان هیچ بەهایەکیان نەدەبوو ئەگەر لەدوای هەڵبژاردنیان بەسەر چەند فراکسیۆنێکی حزبی یان پەرلەمانیدا دابەش بکرابان کە بەدیهێنەری خواستی نیشتمانی کریستیانەکان نین. کاریگەرێتی رۆڵی پەرلەمانی کریستیانی نوێ لە دروستکردنی مێرگێکی سیاسی سەربەخۆدایە کە لەگەڵ سەرۆك کۆماردا هاریکار بێت بۆ بەهێزکردنی پێگەکەی و قەرەبووکردنەوەی سنوردارێتی دەسەڵاتەکانی لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بکرێتەوە بەڕووی هەردوو حاڵەتی سوننی و شیعی لە لوبنان، بۆ ئەوەی بتوانێت سنورێك بۆ دابەشبوونەکانی دابنێت و هاوسەنگی لەناو ژیانی سیاسی لوبنانیدا مسۆگەر بکات.

رۆڵی کریستیانەکان ئەوەیە کە ببنە هێزێکی پشتیوان و پێکەوەلکێن و

پێکهێنەر لەنێوان هەردوولای ڕکاربەر، نەوەك هێزێکی هەڵگەڕاوە بەسەر شەرعیەتی نیشتمانی، یاخود هێزی جیاکەرەوەی سودبین لە ناکۆکی و دابەشبوونی هاوپشکەکانیان لە نیشتماندا. لە سایەی ئەم خاڵە جێگیرانەوە پێکهاتن و ئاشتەوایییەکان سەردەکەون یاخود هاوپەیمانێتییەکان شکست دەهێنن. خۆتان لە ڕەشبینی بپارێزن و ئاگاتان لە هەبوونی گەشبینی بێت.

# دوای (1600) ساڵ، پەرستگا بووە ناوەندێکی گەردوونی
# مارۆنییەکان لە پەرستگادان

## 6ی شوباتی 2010

بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەت بە خەیاڵی مارۆنیە پێشینەکاندا نەهاتووە، بەڵام خەبات و تێکۆشانیان لەنێوان سەدەکانی پێنج و نۆزدە (1600 ساڵ)، لەدایکبوونی دەوڵەتی لوبنانی بەدوای خۆیدا هێنا لە ساڵی 1920. ئەوە بە خەیاڵی مارۆنییەکانی ئەمڕۆدا نایات کە بۆی هەیە لوبنانیان لەدەست بچێت، بەڵام کردەوەکانیان و هەندێك جاریش رێگەچارەکانیان نەوەك بیروباوەڕەکانیان لەنێوان هەردوو سەدەی بیست و بیست و یەکدا (ماوەی 90 ساڵ) بەرە بەرە دەبێتە هۆی کەوتنی مارۆنیەتی سیاسی، دواتریش کەوتنی دەوڵەتی لوبنان. ئەمە بابەتێکە پێویستە بە هەموو رێگەیەکی بەردەست بەرپەرچی بدرێتەوە، بێئەوەی جگە لە فاکتەری مانەوەی ئازادانە حیساب بۆ هەر ئەگەرێکی دیکە بکرێت. هەر رابوونێکی نوێ پێویست دەکات بە بازنەی بەدەستهێنانەوەی ئەخلاق و بەهاکاندا تێبپەڕێت، پێش تێپەڕبوونی بە بازنەی هێزو دەسەڵاتدا.

کەوتنی سەربازی و سیاسی سەرجەم ئیمپراتۆریەتە گەورەکان، هەر لە فیرعەونەکانەوە تا فینیقییەکان و قرتاجەو گریك و رۆما، هەموویان لەدوای کەوتنی بەهاکانی ناو کۆمەڵگەکانیان، دابەزینی ئاستی توانای سەرکردەکانیان، سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە لەنێوانیان و زاڵبوونی تام و چێژی سەرکەوتن بەسەر فەرمانڕەواکانیان لەجیاتی بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی دەسەڵات، روویانداوە. من بڕوام وایە دروستبوونی قەوارەی لوبنان لەگەڵ مارۆنییەکاندا دەستیپێکردووە، وەك چۆن دیگۆل باوەڕی وابوو کە گەشەکردنی فەڕەنسا لەگەڵ کلۆفیس دەستیپێکردووە (کلۆفیس یەکەم

پاشای فەڕەنسایە بڕوای بە مەسیحیەت هێناوەو لەنێوان 481 و 511)ی زاینی حوکمی کردووە. باوەڕم بەوە هەیە کە نەبوونی مارۆنییەکان لە لوبنان بە تەواوەتی کۆتایی بە قەوارەم لوبنان دەهێنێت، واتا لەلایەن هەریەك لە سوریاو ئیسرائیل و پێدەچێت فەلەستینییەکانەوە دابەش بکرێت.

لوبنانیە خۆشەویستەکانی دیکەمان وا نازانن کە لەمڕۆدا هێزو پارەو سامانەکانیان پێکەوە رێگەیان پێدەدات کۆنترۆڵی لوبنان بکەن و ناسنامەو مێژووەکەی بگۆڕن، بەڵام ئەوان پێشئەوەی خەونەکەیان بهێننەدی دەڕوخێن. لەبنەڕەتدا خەونەکانیان بۆ خۆی دێوەزمەیە لەسەر ئێمەو لوبنان و عەرەب و عەجەمەکانیش. لوبنان بەبێ مارۆنییەکان لە بۆشاییەکی مێژووییدایە. ئەوەندە بەسە کە یەك مارۆنی بمێنێتەوە بۆنی بخور بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی رووی لوبنان لە رووی هەموو قەوارەو دەوڵەتان و کۆمەڵگەکانی ناوچەکە جیاواز بێت. مارۆنییەکان لوبنانیە نوێیەکانیان بەدەستهێنا، بەڵام پەیامی لوبنانیان لەدەستدا (رووی کریستیانی). بیری مارۆنی سەرکەوت، بەڵام رۆڵیان پوکایەوە. بۆ یەکەمین جارە هەڵهاتنی لوبنان بە هەڵهاتنی مارۆنیەوە وابەستە نییە، لوبنان هەڵدێت بەڵام دەدزرێت، مارۆنییەکان ئاوارەو پەناهەندە دەبن. خەڵکانی تر دزەیانکردە ناوماڵ و پەیام و پیشەو پسپۆڕییەکانی ئێمەوەو وشەی نهێنی مێژووییان لێ بردین.

جێی مەترسییە کە ژمارەیەکی بەرچاوی مەرجەعیەتە ئایینی و سیاسییە مارۆنییەکان، هەست بە ئەو مەترسیە گەورەیەی سەر بوونی مارۆنی لە لوبنان ناکەن، بەڵکو وەك چەند گۆڕانکاریەکی تێپەڕبوو مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا دەکەن، پاشان مارۆنییەکان وەکو پێشوویان لێدێتەوە. جێی داخە کە ژمارەیەك لە سەرکردە مارۆنییەکان لەسەر حسابی بنەما مارۆنی و نیشتمانییەکان کار بۆ دەربازکردنی رابەرایەتیان دەکەن، وەك ئەوەی رابەرایەتی بەبێ بوونی مارۆنیەکی بەهێزو لوبنانێکی ساغڵەم بژی. ئەوە کەموکورتییە کە رێژەی چەمکی چاکەی گشتی لەلای زۆرینەی سەرکردە

مارۆنییەکان نزمبوەتەوە بە ئاستی زێدەڕۆیی کردنی لە پێوانەکردنی جەماوەرێتی بەهۆی کاریگەرێتی نواندنی لوتبەرزی و رق و خۆپەرستی لە هەڵوێستەکانیدا.

مایەی سەرشۆڕییە کە چەمکی بەرژەوەندخوازیی مارۆنی لەلای زۆرینەی سیاسییەکانی تائیفەی مارۆنی تێکەڵاو کراوە، بۆیە ژمارەی پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکان و فەرمانبەرەکان و دارودەستەکان بووەتە پێوەری (حاڵەتی مارۆنی)، نەك رۆڵ و کاریگەری مارۆنییەکان لە ژیانی نیشتمانی لوبنان. هەروەها دابەشکردنی وەزارەتەکان بووەتە پێوەری هێزی ئەو گروپە مارۆنیە یان ئەوەی تر، نەك کۆکردنەوەی وزەو توانای مارۆنی لەپێناو بڵندی و شکۆمەندی تائیفەکەدا. ریسواییە گەورەکە ئەوەیە کە مارۆنیەت لە لوبنان پێداگری لەسەر نوێنەرایەتی کردنی کریستیانەکانی خۆرهەڵات و بەرگری لێکردنیان دەکـات، بەڵام لە ئێستا نوێنەرایەتی گەلەکەی و خۆیشی پێناکرێت نەك بەرگریکردن لە کەلتورو زێدی بابوباپیران. پاشان ئایا کێ لە کریستیانەکانی خۆرهەڵات ماوە تاکو نوێنەرایەتیان بکەین و بەرگرییان لێبکەین؟ ئایا خۆپیشاندانێکمان ئەنجامداوە لەپێناو بەرگریکردن لە کریستیانەکانی فەلەستین؟ هەڵمەتێکی نێودەوڵەتیمان کردووە لە پێناو ئۆرشەلیم؟ رێپێوانێکمان کردووە لەپێناو کریستیانەکانی عێراق و سوریا؟ مانگرتنێکمان کردووە لە پێناو قیپتیە کریستیانەکانی میسردا؟ ئایا گەمارۆی باڵیۆزخانەی دەوڵەتێکی کەنداومان داوە کە خاچ لە ملی هاوڵاتیەکی کریستیانی دادەکەنێت کاتێك دەگاتە فڕۆکەخانەکان؟ ئایا ماڵەکانمان و قوتابخانەکان و دێرو کڵێساکانمان لە بـەردەم کریستیانەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا کردوەتەوە کە لەدەست کوشتارگەل و قەسابخانە ئیسلامییە ئوسوڵی و سەلەفییەکان هەڵدێن؟. ئەوپەڕی خەمی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان لە بێزارکردنی پادشاکان و سەرۆکەکان و شێخەکانی عەرەب بپارێزین.

لەبەرئەوە لەبری کات بەفیڕۆدان لە دروستکردنی دەستەیەك بۆ

هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی بە باکگراوندەکەی خۆی هەنگاوێکی پێشکەوتووانەیە بەرەو بە ئیسلامکردنی لوبنان. ئێمە وەکو گەلی مارۆنی ئەرکی سەرشانمانە دەستەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم چینە سیاسیە مارۆنیە درووســت بکەین، چونکە لە بنەچەی مارۆنیە و لە نسکۆ بۆ نسکۆیەکی ترو لە شکست بۆ شکستێکی تر بەبێ رادار یاخود نەخشە رێگەیەك ئاڕاستەمان دەکات. گەلێك بەبێ سەرکردایەتی باشترە لە گەلێك کە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی خراپەوە سەرپەرشتی بکرێت. ئێمە چەکمان گەرەك نییە، بەڵکو لەبێژنگدانێکمان گەرەکە کە سەرکردە چاك و باشەکانمان بۆ جیابکاتەوەو ئەوانی تریش بخاتە دەرەوەی چوارچێوەکە.

مارۆنییەکان لە مێژووی کۆن و نوێی خۆیاندا ناخۆشی و تراژیدیایەکی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، وەك ئەوەی ئێستا توشی بوون بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن چەند سەرکردەیەکەوە لە رێگەی هێز یان خۆسەپاندن یان میراتگری و پارەو پول یان بە هەڵبژاردن یان بە پشتیوانی دەرەکی، ئەوەش کاردانەوەی هەبووە لەسەر چارەنووسی مارۆنییەکان و تەواوی کریستیانەکانی لوبنان.

لەنێو ئەواندا چەند سەرکردەیەك هەن کە گەلەکەیان خۆش ناوێت، گەلەکەشیان ئەوانیان خۆش ناوێت، تەنانەت لەنێو یەکتریشدا یەکتریان خۆش ناوێت. هاوپەیمانەکانیان پێیان خۆشحاڵن، چونکە گوێرایەڵن، نەیارەکانیشیان لێیان بێزار نین، چونکە ئەوان لاوازو کەمدەستن. سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردە دانراوەکان بەردەوامن لە چەوساندنەوەی گەل و بردنی بەرەو چەند ئاڕاستەیەکی نامۆ کە لە مێژوویاندا بەخۆیانەوە نەبینیوە، بەڵام پەتی دەستەگەری کورتە. شەهیدەکانمان و زیندووەکانمان، کۆچبەرەکان و پەناهەندەکانی ئێرە، رۆڵی بریندارکراوی کریستیان لێرە، گەنجانی بەرخودان و تێکۆشان لێرە، بارودۆخی سوپای لوبنان، لاوازی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەمانە هەمووی ئامادەن لەدژی هەندێك لە سەرکردە مارۆنییەکان شاهیدی

حەق بدەن، بە سوێندی خودایی دیسانەوە بە وشەی راست و دروست، بە تەماشاکردنی ترسێنەر، بەبیرهێنانەوەی دژوار، بە وێنەیەکی زیندوو. ئێمە پێویستمان بە بەڵگەیەکی تریش هەیە، چونکە لەپێش هەستانی قیامەت سەری گۆڕەکان دەکرێنەوەو مردووەکان دێنە دەرەوەو هاوار دەکەن: ئێوە چیتان بە ئێمەو خێزانەکانمان و دواڕۆژمان کرد. چیتان بە نیشتمان، کەلتور، هاوپەیمانەکانمان، یەکێتیمان، بە گەلی مەزنی مارۆنیمان و بە 1600 ساڵی مێژوومان کرد. لێرە بڕۆن، ئێوەن سیمای شستەکانی ئێمە، ئێوەن دروستکەری بێئومێدییەکانمان، ئێوەن سیمبولی تێکشکانمان، ئێوەن نموونەی گەندەڵی کۆمەڵگەکەمان، ئێوەن کۆسپی بەردەم بەدەستهێنانەوەی رۆڵ و پێگەمان.

ئێمە نەوەیەکی سەرکردەو پێشەنگی نوێمان دەوێت، قەشەی نوێ و خوێنی حزبی نوێمان دەوێت، ئێمە ژیانێکی رەهبانی نوێمان دەوێت، کەرەستەیەکی تێکۆشانی نوێ و گوتارێکی سیاسی نوێمان دەوێت، ئێمە گرەوی مێژوویی و ئایندەی نوێمان دەوێت، جۆرێك سەرۆکمان دەوێت کە دەسەڵاتەکانیان لە شوێنی شیاوی خۆیدا بەکاربهێنێت. دەمانەوێت پارتە مێژووییەکانمان و تازەپێگەیشتووەکانمان پەلە بکەن لە خۆبونیادنانەوەو نوێکردنەوەی سەرکردەو کادیرو بژاردەکانیان، نەك تەنها لەڕووی جۆرایەتییەوە، بەڵکو لە پەلکێشکردنی تێکۆشەران و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی بایکۆتکردن و پشتبەستن بە میکانیزمە دیموکراسییەکان بۆ راکێشانی سەرنجی گەنجان.

پارتە مارۆنییەکان لە پێناوی رێبازی مارۆنی و کریستیانی و موسوڵمانەکان و لوبنان و هەموو کریستیانەکانی خۆرهەڵات قوربانیان دا، هەزاران شەهید و کەمئەندامیان بەخشی. بۆیە تکامان وایە کاروانەکە تەواو بکەن، چونکە بزوتنەوەی مێژوو هەموو چەقبەستووەکان دەهاڕێت، کەمتەرخەم و بێباکەکان پەراوێز دەخات و هەموو درۆزن و رزگارکەرە ساختەکان رسوا دەکات. ئێمە دان بە مەرجەعیەتی کڵێسا نانێین و کار بۆ یەکخستنی مەرجەعە سیاسییەکان ناکەین، رێگەچارە مێژووییەکان وەلا دەنێین و حزبە

ڕەسەنەکانمان دەڕوخێنین. گەل دابەش دەکەین و پارچە پارچەی دەکەین و هیچ پرۆژەیەی ڕزگاریخوازیمان پێ نییە. ئێمە دان بە رووخانی سیستمی ناوەندی دەنێین و لە داواکردنی فیدراڵی دەترسین. داوای نامەرکەزیەتی کارگێڕی دەکەین بەڵام خۆمان لە داواکردنی دابەشکردنی بەیروت بەسەر چەند بازنەیەکدا بەدوور دەگرین. کاری سەر ئەستۆمان ڕەتدەکەینەوە، بەڵام بە منەتەوە بە هاوسەنگی و پاراستنی مافی کریسیانەکان وەکو کەمینە ڕازی دەبین. هاوپەیمانی لەگەڵ ئەوانەدا دەکەین کە پرۆژەی فراوانخوازیان هەیە، بەڵام هاوپەیمانە مێژوییەکانمان پشتگوێ دەخەین.

بەبێ ئەوەی راوێژ بە کەس بکەین چەکەکانمان رادەست دەکەین پێش ئەوەی بوونی دەوڵەتێکی نیشتمانیمان مسۆگەر کردبێت کە بتوانێت بمانپارێزێت. داکۆکی لەو پۆستانە دەکەین کە بە شـورای مارۆنییەتی سیاسیان دەزانین، لەکاتێکدا ئەوانەی بەڕێوەیان دەبەن سیاسەتی سەرپێیی پیادە دەکەن. ئەمەیان لەوە دەترسێت سوننەکان تووڕەبن، ئەوی تریان لەوە دەترسێت شیعەکان توڕە بکات، ئەوەی تر لە تووڕەیی سوریا یان سعودیە یان ئەمەریکا یان ئێران تۆقیوە، تا دەگاتە نەتەوە یەکگرتووەکان و نەتەوە نایەکگرتووەکان. کوا ئەو سەردەمەی کە خەڵکی تر لە شەرمەزارکردنی ئێمە دەترسان؟

ململانێی نێوان لایەنەکانی لوبنان لە بنەمای بەشداریکردن لە دەسەڵات گواستیانەوە بۆ پرۆژەی قۆرخکردنی تەواوی دەوڵەت. ئێمە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوین: لە ناوخۆو لە دەرەوە، تیرۆرستەکان و شەڕەنگێزەکان و مرۆڤکوژەکان هاتونەتە ناو دڵی نیشتمان و شارو گوندو گەڕەکەکان، ژمارەی ناپاك و بەکرێگیراوەکانی ناو ریزەکانمان لە ژمارەی شەهیدەکانمان زیاترن، سـەرەڕای ئـەوەش یەکتری دەبوغزێنین لەسەر ڕێژەی پێگەی جەماوەرێتی ئەم حزب یان ئەو رەوت، پێمانوایە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ بیانییەکاندا باشتر لەگەڵ نزیکان و دۆستەکانمان

ئاشتمان دەکاتەوە. چەند سەرکردەیەکی مارۆنی هەن لەبری ئەوەی ڕووبەڕوو ببنەوە، سازش دەکەن، لەبری ئەوەی لەسەری نەیارەکانیان بدەن، سەر دادەخەن. ئایا پێویست دەکات خوێندنگەیەکی ڕاهێنانەوە بۆ خۆمان دابمەزرێنین؟

ئێمە ڕێگا نادەین ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەگەر ئەم نەوەیەی ئێستامان ناچاربێت شۆڕش بەرپا بکات، ئێمە مانگرتن و ڕاپەڕین و هاتنە سەر شەقام و ڕێزگرتنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ باش دەزانین، بەڵام بە ڕاشکاوی ئێمە لێرە نین، لە لوبنان نین، تاوەکو داکۆکی لە دروشمی «سەرەتا دیموکراسی» بکەین، بەڵکو لێرەین بۆ داکۆك کردن لە دروشمی «سەرەتا مارۆنییەت»، لێرە نین بۆ داکۆکی لە جوگرافیاو سیستم و ئاسایش و پێکەوە ژیان، بەڵکو لێرەین بۆ داکۆکیکردن لە مێژوو و مرۆڤ و ئازادی و ژیان «ئێمەین شەیتان و قەشەکانی ئەم خۆرهەڵاتە»، جگە لە ئێمە کەسی دیکە نییە.

ڕێگە بەهیچ مارۆنییەك نادەین سازش بکات لەسەر گۆڕینەوەی 1600 ساڵ بوونمان لەسەر خاکی لوبنان، ئیتر ئەو کەسە سەرۆکە یان ڕابەرە یان سەرکردە یان قەشەیە یان لە هەر ئاستێکی سەرکردایەتیدا بێت. ئێمە خۆمان ئەوانمان دروست کردووە و هەر خۆشمان دەیانڕوخێنین. ئێمە متمانەمان پێدان، هەر خۆشمان لێیان دەسێنینەوە. تەنها ئەو سەرکردە و کەسایەتی و گەنج و لاوانەی کە ئەشکەنجە و مەینەتییان چەشتووە زیندانی کران و جگەرگۆشەکانیان لەدەستداوە لەم هاوارە تێدەگەن. ئێمە تەنها سوێندمان بە ئینجیل نەخواردووە، بەڵکو سوێندمان بە گۆڕی شەهیدەکان خواردووە، بۆیە کەس زاتی ئەوە ناکات ئازارمان بدات و ئێمەش ڕوومەتی چەپی بۆ ڕاگرین (من خۆم لەم بەندە بە دوور دەگرم!). لە یادەوەری تێپەڕینی 1600 ساڵ بەسەر لەدەستدانی مارمارۆن من ئەم هاوارە دەکەم، لەبەرئەوەی چارەنووسی ممارۆنییەکان لە گێژاوی مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە، سەرچاوەی

ئەو مەترسییە بریتییە لە لەدەستدانی گیانی بەرپرسیاریەتی لەلای هەندێك سەرکردە مارۆنییەکان و بەکەمزانینی هەڕەشەکان و بێموبالاتیان لەئاست دەرەنجامە خراپەکاندا.

بەرامبەرەکانمان سەرکەوتوو بوون لە ئاڵۆزکردنی هەڵوێستی ژمارەیەك لە سەرکردە و مەرجەعە مارۆنییەکان، بۆیە لە هەڵوێست و بیروڕاو ڕێگەچارەکانیان دەترسان، جگە لەوەش ترسیان لە توڕەبوونی نەیارەکانیان لەلا دروستبوو لەجیاتی ترسانیان لە توڕەیی گەلەکەیان. ئەوپەڕی نسکۆیە کە گەلێك لە قۆناغێکی چارەنووسسازی هەبوونیدا پێی بگات، ئێمە لە سەرکردەکانمان دەخوازین کە سڵ نەکەنەوە لە داواکردنی هیچ شتێك سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی تا دەگاتە فیدراڵی، بۆ یەکێتی سەرتاسەری، ئاشتی نێوان لوبنان و ئیسرائیل، یەکگرتن لەگەڵ سوریا. گرنگ ئەوەیە سەرکردەکان بوێرن بن و لە روانگەی پاراستنی بەرژەوەندی لوبنان بڕوایان بە هەڵوێستەکانیان هەبێت، نەوەك چۆك دادەن بۆ خواست و دەسەڵاتی هاوپەیمانێتی یان دەرەکی. کەسی نەیار رێز لە باوەڕ و راستگۆیی بەرامبەرەکەی دەگرێت و سوك تەماشای ترسنۆکی و خۆبەکەمزانینی دەکات.

ئەرکی مەرجەعەکانی مارۆنییەکان و سەرکردەکانیان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی رەها راشکاوانە رەفتار بکەن، بۆ ئەوەی سبەی قەرزاری رۆڵەکانیان و نەوەکانیان نەبن، تاوەکو لۆمەیان نەکەن لەپای تێکشکانیان لە بەردەم هەڕەشەکان و خۆمەڵاسدانیان لەپشت خەڵکانی ترەوە و سەرشۆڕکردن لە دانوستان و نیشاندانی سازش و دەستبەرداربوون لە مافەکانیان و ئامادە نەبوونیان لەساتی بڕیاردانی مێژوویی. مارۆنییەکان پرسیارە گەورەکان دەوروژێنن بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە.

پرسیار دەکەن: ئایا لە ئێستا بەدواوە رۆڵی مارۆنییەکان لە لوبنان چییە؟ ئایا ئەو رۆڵە پوکایەوە یاخود سروشت و جۆرەکەی گۆڕا؟ ئایا خاڵە نەگۆڕەکانی ئەو رۆڵەی مارۆنییەکان چین؟ ئایا لەماوەی 50 یان 100 ساڵی

رابردوودا چ رۆڵێکیان هەبووە؟ بەڵکو لەم شەڕانەی دواییدا چ رۆڵێکیان بینیوە؟ ئایا بەبێ بوونی رۆڵیان لە خۆرهەڵاتدا مارۆنییەکان رۆڵێکی تریان هەیە لە لوبنان؟ ئایا کریستیانەکانی خۆرهەڵات بەبێ پابەندبوونیان بە کێشەکانیان هاوکارییان لەگەڵ خۆرئاوادا رۆڵێکی تریان هەیە؟ بۆچی رۆڵی مارۆنییەکان لە ناوخۆدا گۆڕا؟ ئایا ئەوە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەیانەوەیە یان بەهۆی پێشکەوتنی خەڵکانی ترەوەیە لەبواری زانستی و کلتووریدا؟ ئایا بەهۆی دڵسۆزی موسوڵمانەکانە بۆ لوبنان یان بەهۆی گۆڕینی سیاسەتی خۆرئاواوەیە؟ ئایا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبوڵڵا ئەرکی بەرخۆدان و تێکۆشانی لەدژی ئیسرائیل گرتووەتە ئەستۆ، یان بەهۆی شکستهێنانی مارۆنییەکانە لە خۆڕاگرییان لەگەڵ هاوپەیمانێکی هەمیشەیی لایەنی کەم لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا؟

لە چاوەڕوانی وەڵامەکاندا کە زۆر دوورە لەم چینە سیاسییە وەریان بگرین، من کەسێکی کریستیانم، باوەڕم بە مەسیحە. من مارۆنیم و وەفام بۆ مارمارۆن هەیە. کەسی یەکەم بڕوای بە خاچ هەیە، دووەمیان وەك کەسێکی باوەڕدار ژیاوە. کەواتە فیداکاری و سکهەڵگوشین و ترسان لە رۆژی دوایی فۆرمی ژیانی هەموو مارۆنییەکە، ئەگەرنا باوەڕبوونم بە مەسیحیەت و مارۆنییەت ساختە و بێبنەمایە و بیرۆکەم بە بوونی لوبنانێکی جیاواز دەکەوێت. بەڵام مەسیحیەتی راستەقینە نەگۆڕە و مارۆنی تائیفەیەکی نەمرە...لە لوبنان.

# مارۆنییەکان و سوپا و ڕژێم

# 27ی شوباتی 2011

ئایا لەبیرمانە؟ ئایا ئەو رۆڵە پێشەنگ و شایستەیەتان بیردێتەوە کە مارۆنییەکانی لوبنان گێڕاویانە؟ ئەگەر بەبیری خۆمانی بهێنینەوە دەبا زیندووی بکەینەوە، ئەگەر لەبیرمان کردووە دەبا دروستی بکەینەوە. لە ماوەی رابردوو چەند فاکتەرێکی جۆراوجۆر هۆکار بوون بۆ دروستکردنی رۆڵی سەرەتایی مارۆنییەکان لە لوبنان، دیارترینیان ئەمانەن:

یەکەم: مارۆنییەکان هەستیان بەوە کردووە کە چیای لوبنان پەناگەیانە و تۆبۆگرافیای جوگرافی بۆ خۆی ستراتیژێکی بەرگری دروستکردووە کە دەیانپارێزێت. ئەوان لە چیای لوبنان ژێرخان و دامودەزگا رۆحییەکانیان درووست کردو کردیانە بناغەی بوون و بارەگای بتریارکیەتەکەیان و روانگەی فراوان بوونیان. بەمجۆرە مارۆنییە لوبنانییەکان هاوکێشەیەکی تەواوکارییان لەنێوان وابەستەبوونیان بە زەوی و باوەڕبوونیان بە ئایین دامەزراند، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی جیاکردنەوەی مارۆنییەکان و چیای لوبنان بووە جۆرێك لە پێشێلکردنی تایبەتمەندییەکانیان و دەستدرێژی کردن بۆسەر ئاسایش و ئازادی و ئایینەکەیان. ئەگەر مارۆنییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەیەمەوە وابەستەی ئەم هاوکێشەیە نەبوونایە، بێگومان سەرکەوتوو نەدەبوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی لوبنانی گەورە لە سەرەتای سەدەی بیست.

دووەم: مارۆنییەکان توانیان بازنەی ناکۆکیان لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامی تێبپەڕێنن، بۆیە سـەرەڕای چەوساندنەوەیان لەسەر پابەندێتیان بە خۆرهەڵاتی ئارامی سریانی لە لوبنان. ئەگەر بێتو بـەردەوام بن لەسەر

خزمەتكردنی روانگە عەرەبییەكەیان و وابەستەبوونیان بە خۆرهەڵاتەوەو دروستكردنی پەیوەندی ئایینی (لاهوتی) و سیاسی و ئەمنی لەگەڵ خۆرئاوادا، دوور لە سازشكارییەكان، ئەوا پەیوەندییان لەگەڵ خۆرئاوای كریستیانی بۆ خۆی پارێزگاریكردن بووە لە قەوارەی مارۆنی بەدرێژایی مێژووی كۆن و نوێیان. كریستیانەكانی خۆرئاوا لەسەر ئایینی خۆرهەڵاتین، نەك كریستیانەكانی خۆرهەڵات لەسەر ئایینی خۆرئاوا بن. ڤاتیكان جگە لە پایتەختی ئەڵتەرناتیڤی ئۆرشەلیم و بارەگای مێژوویی رەسەن شتێكی دیكە نییە.

سێیەم: مارۆنییەكان پشتیان بە فۆرمێكی تایبەتی ژیان بەستووە، كە پێداگری دەكات لەسەر پاكیەتی رۆح و سیاسەتی زاوزێكردن و بڵاوبوونەوەی ناوخۆیی و گرنگیدان بە زانست. پاكیەتی ئەوانیان كردووەتە پێشەنگ و سیمبول، زاوزێكردنیش بۆ باڵایی ژمارەیان، بڵاوبونەوەش بۆ فراوانكردنی وابەستەییان بۆ هەموو لوبنان، زانستیش رێگەی بۆ خۆشكردن تاوەكو ببنە پێشەوای رابوون لە لوبنان و رونگەی عەرەبی.

چـوارەم: مارۆنییەكان چەمكی (دەوڵـەت – نەتەوە)یان بۆ لوبنان گواستەوە، لەجیاتی چەمكی (نەتەوە-دەوڵەت). یەكەمیان لەسەر یاسا و مافەكانی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریكردنی چارەنوس دامەزراوە، بەڵام دووەمیان لەسەر پەلاماردانە سەربازییەكان و رەتكردنەوەی بەرامبەر و نەهێشتنی یەكسانی لەنێوان هاوڵاتیان بونیاتنراوە. دەوڵەتی لوبنانی ساڵی 1920 لەلایەن فەڕەنسییەكان و مارۆنییەكانەوە سەرپەرشتی رێكخستنی كرا، بووە یەكەمین ئەزمونی خۆرهەڵاتی و عەرەبی و ئاسیەوی بەرەو دەوڵەتی یاسا. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت میساقی نیشتمانی ساڵی 1943، لەلایەن مارۆنییەكانەوە داڕێـژراوە لە ساتی دامەزراندنی دەوڵەتی لوبنان كە بە شێوەیەكی لەسەرخۆ و دیموكراسیانە نزیكەی (20) تائیفەی كریستیانی و ئیسلامی و یەهودی یەكخست. بە تەنها ئەو دەستكەوتە مێژوویی و مرۆیی

و کۆمەڵایەتیە بەسە بۆ ئەوەی باقی لوبنانییەکانی تر دان بنێن بە بوونی ڕۆڵێکی نیشتمانی پێشەنگ و تایبەتی، بە چاوپۆشین لە خشتە و ژمارەکانی. ئەگەر مارۆنییەکان دەوڵەتی سەربەخۆی لوبنانیان دانەمەزراندایا، ئەمڕۆ شتێك بەناوی «موسڵمانەکانی لوبنان» بوونیان نەدەبوو، بەڵکو دەوڵەتی عەرەبی گەورە ئەوانی دەکردە هاوڵاتی خۆی و ڕەگەزنامەی خۆی پێدەدان.

پێنجەم: مارۆنییەکان پابەندبوون بە بیری خۆڕاگری و پشوودرێژی و سەنگەرگرتن لەناو کاروانی مێژوودا نەوەك لەناو جووڵەی بارودۆخی کاتیدا، ئەو ستراتیژە کە لە ڕوحی ئینجیل وەرگیراوە یارمەتیدەرییان بوو بۆ تێپەڕاندنی گرفت و کێشە قۆناغییەکان و بڕوابوونیان بە ڕۆژی دوایی نیشتمانی. گەلی مارۆنی هەمیشە تێکۆشەر، لە بەرامبەردا هەوڵیداوە بۆ تێوەنەگلان لە سەرکێشیە سەربازیە خۆکوژییەکانی دژ بە هەر هێزێکی داگیرکەر لە سەردەمی بێزەنتییەکان و خەلیفەکانی ڕاشیدی، تەنانەت عوسمانییەکانیش. بەڵام ئەمە نەیتوانی بەرپەرچی مارۆنییەکان بداتەوە بۆ ڕێگرتن لە پێکهەڵپژاردن و شەڕکردنیان لەسەر دەسەڵات خۆبەخۆی یەکتر، بەڵام چۆن دەسەڵاتێك؟!

ئەمڕۆ چەمکی هەرێمی جوگرافیای سروشتی هەرەسی هێنا، پارێزگاریکردنی خۆرئاوا لە کەمینەکانی خۆرهەڵات لاواز بوو، فۆرمی ژیانی مارۆنییەکان گۆڕا. ژیان بەبێ بوونی مارۆنیەتی ئەخلاقی، بۆ مارۆنیەتی سیاسی کارێکی قورس بوو، بەڵام چەند سەرکردەیەکی مارۆنی دەیانەویست هەژمونی خۆیان بەسەر مارۆنییەکان و هەموو کریستیانەکاندا بسەپێنن وەکو قەرەبوویەك بۆ لاوازییان لە دەستگرتن بەسەر وڵاتدا، بۆیە کەوتنە داوی تاقیکردنەوەی لەخۆباییبوون و بەشەخسکردن و هەڵخەڵەتاندن و ملهوڕی و تاکڕەوی و نەزانی و شیزۆفرینیاوە، لە ئەنجامدا سەرلێشێواوی و ئارەزووخوازی باڵی بەسەر بڕیار و ڕێگەچارەکانیاندا کێشا. ئێمە وەك مارۆنی، ستراتیژێکی پاراستنی خۆییمان دانەڕشت. گرەومان لەسەر دەوڵەت کرد، بەڵام ڕیسوا

و سەرشۆڕی کردین. کاتێك هەوڵماندا بە دۆخەکە رابگەین خۆمان خزاندە ناو بەرەنگاربوونەوەیەکی سەربازی لەپێناو بەرگریکردن لە ژیانمان و رێگەگرتن لە قڕکردنمان، بە ناهەقی بە هەوڵدان بۆ دابەشکردن تۆمەتبار کراین، لە کاتێکدا دروستکەرانی یەکێتی لوبنان ئێمە بووین. شەرمەزار کراین بە تۆمەتی ساختە و روومەتمان سور بوو لەعەزرەتا، چەکەکانمان رادەستی دەوڵەتێك کرد کە هەڵدەستێت بە پاراستنی هەموومان، بەڵام ئەو دەوڵەتە کریستیانەکانی دەچەوسێنێتەوەو گەنجەکانی دادەپڵۆسێت و سەرکردەکانی دەخاتە زیندانەوە و لە وڵات دووریان دەخاتەوە. ئەگەر هێشتا چەکمان پێبوایە یاخود ئەگەر دەوڵەتەکەمان بەهێز بوایە، ئایا کەس دەیوێرا سەری و دەنگی و پەنجەی لەدژی ئێمە بەرز بکاتەوە؟

پێم وایە کاتی هاتووە کە مارۆنییەکان بە بوێرییەوە بیر لە دوارۆژی خۆیان لە لوبنان و خۆرهەڵات بکەنەوە. قەوارەی ساڵی 1920 لەژێر شەپۆلی ژمارەدا خنکێنرا، میساقی داڕێژراوی 1943 کەوتە ژێر شمشێری رەوتە ئوسوڵییەکان، دوای ئەوەی لەژێر سایەی بەندەکانی رێکەوتننامەی تائیف خوێنی لێ دەچۆڕێت. کاتێك دەوڵەتمان هەبوو موسوڵمانەکان دانیان بە بوونی نیشتماندا نەدەنا، کاتێکیش دانیان بە نیشتماندا نا بینیمان کە دەوڵەتماڵئاوایی لە مارۆنییەکان کرد. کاتێك دەستوورێکی عەلمانی هاوسەنگمان هەبوو کە رێگەی بە لوبنانییەکان دەدا بەبێ راسپاردەی هیچ کەسێك حوکمی خۆی بکات، ئەوکات بۆ لایەنێك دەگەڕاین کە لەسەرمان رابسپێردرێت، کاتێکیش تامی سەربەخۆییمان کرد دەستوورێکی بەمەزهەبی کراومان بینی کە پێویستی بەوە بوو کەسێك ببێتە راسپێردراو لەسەری.

ئەمڕۆ مارۆنییەکان لەژێر هەڕەشەی کەمی ژمارە و خۆپەرستی سیاسەت و کەمی سەرچاوە داراییەکان و پوکانەوەو کەمبوونەوەی رۆڵ و پێگەیان لەناو دەوڵەت و سنوردارکردنیان لە لوبنان و لاوازبوونی رۆڵی کۆمەڵایەتی کڵێساو هەڕەشەی گروپە ئوسوڵییە ئیسلامییەکاندا بەهەموو جۆرەکانییەوە،

جگە لە جیاوازی فۆرمەکانی ژیان لەنێوان پێهاتەکانی کۆمەڵگە و کێشەی نیشتەجێکردنی فەڵەستینییەکان و بوونی ئیسرائیل و پێگەی سوریا لە لوبنان. بۆیە مارۆنییەکان هەستدەکەن لەسەریانە لەنێوان ئەو بارگرانییە خۆییە ناوخۆییە و راسپاردەیی عەرەبی یان پارێزگاری نێودەوڵەتی یەکێکیان هەڵبژێرن، لەکاتێکدا پرۆژەی مێژوویی کریستیانەکان پێچەوانەی ئەو سێ حاڵەتەیە. ئەو پرۆژەیە پێداگری دەکات لەسەر بوونێکی کریستیانی ئازادانە لەناو کۆمەڵگایەکی فرەیی و تەواوکار لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، بەڵام نە بوونمان ئازادە و نە فرەیی تەواوکار نە دەوڵەتی سەربەخۆ بوونیان نییە. ئێمە دامەزراندنی سیستمی ئاسایشی خۆییمان پێ چاك نییە، هیچ متمانەشمان بە توانای دامودەزگا سەربازی و یاساییەکان نییە بۆ پارێزگاری کردنمان. ئێمە متمانەمان بە سوپای لوبنان هەیە، بەڵام دەبینین دەسەڵاتی دەستێوەردانی بارودۆخەکەی نییە بۆ دانانی سنورێك بۆ ئاژاوەی ناوخۆ، ئەوەش بە حوکمی فۆرمی پێکهاتنی و لەژێر کاریگەری مشتومڕی ناچونیەك و لەسەر دەسەڵاتی سیاسی باڵادەست لە سوپادا بەدیدەکرێت، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بارودۆخی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی لە دەیەی نەوەدەکاندا.

ئەم هەستە شیکردنەوەیەك یاخود سروەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو بوونیادنراوە لەسەر ئەو ئەزموونانەی بە درێژایی 60 ساڵ پیادە کراوە، واتا لە ساڵی 1952 تا 7ی ئایاری 2008 بە تێپەڕبوون بە ساڵەکانی 1958 و 1973 و 1975، لەگەڵ هەڵوەستە کردن لەئاست شەڕی چیاو کەوتنی بەیروتی خۆرئاوا لە ساڵی 1984. ئەگەر بێتو سوپای وڵاتەکەم توانای یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هەبووایە، بێگومان هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1958 و هێزەکانی سوریا لە 1976 و هێزە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵانی 1978 و 2006 و هێزە فرە رەگەزەکان لە ساڵی 1982 نەدەهاتن بۆ سەر خاکی لوبنان، ئەگەر بێتو سوپای وڵاتەکەم توانای یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هەبووایە، جەنگ لەنێوان خودی لوبنانییەکان و لەنێوان ئەوان

و فەڵەستینییەکاندا بەرپا نەدەبوو، خوێن نەدەڕژا. بە پێچەوانەی واقیعی ئەمڕۆوە، سوپای وڵاتەکەم لە حەفتاکاندا لە سەرجەم لایەنەکانەوە لە ئێستا بەهێزتر بوو. ئەگەر لەو سەردەمەدا بڕیاری سیاسی لەدەستدا بووایە، ئەوا بێگومان سوپا شەڕو پیلانگێڕیەکەی بەلایەکدا دەخست، بەڵام دابەشبوونی تائیفی لەناو دەسەڵات و دەستێوەردانی هێزی دەرەکی وەکو سوریاو سعودیەو هەندێك دەوڵەتی تریش وەك ئەوەی لە ئایاری ساڵی 1973 روویدا، هەروەها دەستێوەردانی ئیسرائیل لە پاییزی ساڵی 1983، رێگر بوون لەوەی سوپای لوبنان ململانێکەی یەکلایی بکاتەوە.

سەرکردایەتی سوپا لەو لاوازییە بێبەرییە. ئەویش وەکو ئێمە هەست بە تێکشکان و ستەم دەکات، چونکە نە لە نیشتمانپەروەری و نە لە ئازایەتی و نە لە ئیرادەی کەم نییە. بەڵام لاوازی دەسەڵاتی سیاسی بوو ئەوەی بەسەر سوپادا هێنا، ئەوە قەیرانی رژێمە نەك قەیرانی سوپا، ئەو جیاوازییەی کە لە شەڕی خێوەتگەی (نهر البارد) روویدا ئەو راستییەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە. سوپا ئەو شەڕە قارەمانانییەی نەدەکرد و یەکلایی نەدەکردەوە بەو چەکەی لەدەستی دابـوو، بـەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی رەزامەندی لەسەر دابوو، هەروەها سەرکردایەتی سوننە بڕوای پێی بوو بۆیە شەڕەکەی کرد. پێویستە ئەم بارودۆخە پاڵ بە سەرکردایەتی سوپاوە بنێت بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵایەك بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەمشێوەیە: ئێمە وەك دامەزراوەیەکی سەربازی بەوە رازی نین سوپایەك بنیات بنێین کە پارێزگاری لە خەڵك نەکات، رازی نابین گومان لە رۆڵ و کاریگەریمان بکرێت و پەکبخرێت. ئێمە شێوە حوکمێکمان دەوێت کە مافی تەداخول کردن بۆ سوپا دەستەبەر بکات.

لەمڕۆ بـەدواوە بەوە رازی نین کە نەتوانین پێویستی هاووڵاتیان بە ئاشتی دەستەبەر بکەین. رازی نابین خەڵکی بێهیوا بکەین، چونکە گەل سوپاکەی خۆشدەوێت، بەڵام لە بێلایەنییە نێگەتیڤەکەی لە ساڵانی مەینەتی

رابردوو تووڕەیە. لەبەرئەوە ئێمە وەکو سەرکردایەتی بەردەوامبوونی قەیرانی مەینەتییەکانی ناو سوپاو قەیرانی متمانەی نێوان سوپا و گەل ڕەتدەکەینەوە. دەمانەوێت لەئاست خواستی گەلدا بین، چونکە ئێمە سوپای گەل و دەوڵەتین، نەك سوپای تائیفە و حزب و ناوچەکان.

ئەگەر ئێمە وەکو مارۆنی ئەم کێشەگەلە تەرح بکەین، لەبەرئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ سەرجەم کریستیانەکاندا لە خەڵکانی تر زیاتر لەژێر هەڕەشەی بوون و ئاسایش و ئازادی و ڕۆڵی نیشتمانیمانداین، چونکە ئێمە لە ڕوانگەی باوەڕو ئازایەتی و سوربوونمان لەسەر مانەوە دەمانەوێت لێرە بمێنینەوە. ئێمە لە بانگەشەکردنمان بۆ گۆڕینی ستراکچەری سیستمی ناوەندی سڵناکەینەوە بۆ ئاڕاستە کردن بەرەو بارێکی دەستوری تر کە لە ئاییندەدا باوەڕی بە مافی کرستیانەکان و سەرجەم لوبنانییەکان هەبێت و سنورەکانی ئازادی و ئاسایش و سەقامگیری دیاری بکات، نەوەك سنوری شەڕو ئاژاوەو قەیرانی هەمیشەیی. دەمانەوێت لێرە بمێنینەوە بە هەموو ماناکان بە چاوی خۆمان ڕەوشەکە ببینین، نەك بە چاوی تاراوگە.

ئەمڕۆ مارۆنییەکان کە چاویان بڕیوەتە ئێستای ڤاتیکان، کە تێیدا پەردە لەسەر پەیکەری پێشەوایان مارمارۆن لادرا، دەبینن کە لوبنان وەك گوێچکە ماسییەك وایە کە مـرواری تێدا نییە، وەك درەختێکی بێبەر وایە، وەك نیشتمانێکی بێ پەیام و بێ هەیبەت وایە، وەك شەرعییەتی بێ بڕیارو سەرکردەی بێباوەڕ بە یەکێتی وایە، وەك کۆمەڵگەیەکی بێ ئامانجی باڵا وایە، وەك نەوەی بێ ئاسۆ وایە. بەڵام مارۆنییەکان لەم قۆناغەدا هەرچەندێك گرفت و مەینەتییەکان گەورە بن سورن لەسەر بەرەنگاربوونەوە. ئێمە شوێنکەوتووی ئەو قسەیە نین کە دەڵێت: بە باوەڕتان تفەنگەکان لە شانێکەوە دەگوازنەوە بۆ شانێکی دیکە، بەڵکو ئێمە شوێنکەوتووی ئەو وتەیەین کە دەڵێت: بە باوەڕتان چیاکان لە شوێنی خۆیان دەگوازنەوە، بەڵێ ئێمە چیاکان دەگوازینەوە تەنها چیای لوبنان نەبێت.

# له سایەی بتریارکیەت دەرچوو، تا بچێتە قۆناغی یوتۆپیاوە

## 5ی ئاداری 2011

کاتێك لێپرسراوێکی گەورە ئەگەر ئایینی بێت یان مەدەنی، ئەمە مانای ئەوە نییە کە وازی هێناوە، ئەگەر لێپرسراوێکی لاواز هەڵبژێردرا، مانای ئەوە نییە دەتوانێت فەرمانڕەوایەتی بکات. پۆست هەمیشە هاوشانی بوون و رۆڵ و کاریگەری نواندن نییە. هێڵی توندی بەرەنگاربوونەوە کە لەلایەن (بتریارك صفیر) پیادە کراوە، وەك پێوەری فەرمانڕەوایەتی تەماشا دەکرێت بۆ بتریارکی نوێ. لە ئێستاوە ئێمە ئەمە دەڵێین نەبادا گەل گلەیی بکات ئەگەر سبەی راپەڕی. کەمن ئەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە زیندوویێتیان تێدایە، ئەوە سەیروسەمەرەی یەکەمی ئەو پێکدەهێنێت. بتریارك (مار نەسروڵڵا بوتروس صفیر) لەسایەی بتریارکیەت دەرچوو تاوەکو دەچێتە قۆناغی یوتۆپیا. ئەو دەستی لەکار نەکێشایەوە، بەڵکو پایەبڵندتر بوو، بەرەو ئاسمان سەرکەوت، ئەو هێشتا لە (بکرکی)یە، سەرەڕای نووسانی بە زەوییەوە، بەڵام (بکرکی) لە ئاسمانەوە دوور نییە. ئەوەی نەمری لوبنان لە بتریارکیەتی مارۆنیدا دەبینێت ئەوا نەمری ئاسمان بەسە بۆ ئەوەی تێبگات، ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆخۆی ئەنجامێکی بەدەستهاتووە.

دەبوو بتریارك صفیر لەدوای شەکەتی خەبات و بەرخۆدان پشوو بدات، نەك پشوودان لە بەڕێکردنی 90 ساڵ لە تەمەن. ئەو 25 ساڵەی سەردەمی حوکمی صفیر زۆر دژوار بوو، خوێناوی و قەیراناوی بوو، ناخۆش و هیلاککەر بوو. بتریارك صفیر و سەرکردەی تێکۆشان و رابەرێکی نیشتمانپەروەر بوو، سەرەتا حەزی نەدەکرد سنور بۆ رۆڵی سیاسی کریستیانەکان دابنێت، لەگەڵ ئەوەدا کە بتریارکیەتی مارۆنی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەمی

زایینیدا دامـەزراوە بۆ ئەوەی رابەرایەتی گەلەکەی بکات و بیپارێزێت. بەڵام دوورکەوتنەوەی بەزۆری سەرکردە مارۆنییەکان و دابەشبوونیان لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وایکرد گەورەیەکی بکرکی بەرپرسیارییەتی سەرکردایەتی نیشتمانی بگرێتە ئەستۆ بەبێ نیشاندانی هیچ ئاهێك.

بتریارك صفیر بە ئایەتەکانی ئینجیل بەرەنگاری هێزە داگیرکەرەکان و رژێمی ئەمنی بۆوە. بە برگەکانی ستایشی سوپای گەلی کردو سەرزەنشتی سەرۆکەکان و فەرمانرەواکان و سەرجەم ئامرازەکانی سیستمی راسپاردەیی کرد. ئەو بە بۆنی بوخور دوکەڵی گەندەڵی دوورخستەوە. بە دەستەکانی چەکی داماڵی و لەوانە خۆشبوو کە بێرێزیان بە کەسایەتییە باڵاکەی و بیرەوەرییە دێرینەکانی کرد، کە شتە شاراوەکانی ئاشکرا کرد. چەند ساڵێکی کەم لەدوای گرتنەدەستی دەسەڵاتی بتریارکیەتی مارۆنی، بۆی دەرکەوت کە دەوڵەتانی خۆرئاوا لەسەرشیانەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا قۆناغ بەقۆناغ لوبنانی رادەستی دوژمنەکانی کردو دەستی لە کریستیانەکانی لوبنان و دەوڵەتی ئازادو سەربەخۆی لوبنان شت. لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا بتریارك صفیر پابەند بوو بە تێکۆشانی ئاشتییانەو خۆراگرانەو پشودرێژانە، بەوشێوەیەش لە تێکۆشانی سەربازی دوورکەوتەوە. بتریارك صفیر ناچاربوو لەگەڵ ئەو بارودۆخە بەئێش و دژوارەدا خۆی بگونجێنێت بێئەوەی واز لە نەخشەرێگای رزگاری و ئامانجە باڵاکان بهێنێت.

هەڵسوکەوتەکانی هەموو خەڵکیان رازی نەکرد، بەتایبەتی کاتێك بە رێکەوتننامەی تائیف رازی بوو، ئەو رێکەوتنەی کە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری کەمکردەوەو ناسنامەی عەرەبی لوبنانی تۆخکردەوە، کاتێکیش پێشوازی لەو پەرلەمانتارانە کرد کە بە دەنگی خەڵك لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی 1992 هەڵبژێردران، ئەو یەکەم کەس بوو داوایکرد بەشداری تێدا نەکەین. لەراستیدا بتریارك صفیر سنورو کاتی بۆ خەبات و

تێکۆشانی دانابوو، ئەو سنورەی کە واقیعی ڕەوشی لوبنان و کۆمەڵگەی کریستیانی و هاوسەنگی هێزەکانی لەبەرچاو دەگرت. بتریارك نەیدەتوانی لەدوای ململانێکانی هێزە مارۆنییەکان و لەدەستدانی دەرفەتەکان و دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی کۆچپێکردن و کۆچکردن چاوپۆشی لە کەوتنی دەسەڵاتی مارۆنی بکات، نەشیدەتوانی داسەپاندنی ڕژێمی ڕاسپاردەیی سەربازی پشتگوێ بخات. بەتایبەتی بتریارك نەیدەتوانی شکستی کرستیانەکان لە لوبنان پشتگوێ بخات، بۆیە توانی لەگەڵ دۆخەکەدا هەڵبکات تا ئەوکاتەی کریستیانەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە 14ی ئاداری ساڵی 2005 لە گێژاوی شکستەکەیان دەربازیان بوو. لەساتە زەمەنییەکاندا بتریارك بەپەرۆش بوو بۆ ئەوەی گەشەکردنی تێکۆشانی لوبنان هاوکات بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییانەی کە لە لوبنان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویاندەدا. بتریارك دوودڵ نەبوو لە جێگرتن بۆ ئامۆژگارییەکانی گەورە لێپرسراوانی نێودەوڵەتی، بەڵکو هەمیشە ئامۆژگاری گونجاوی هەڵدەبژاردو ئامۆژگارییە مەبەستدارەکانی وەلا دەنا.

جگە لە باوەڕدارێتی بە خودا و گەلەکەی و مافەکانی بتریارك نەسروڵڵا صفیر لە خەبات و تێکۆشانیدا پشتی دەبەست بە بڕیاری نێودەوڵەتی ژمارە 3246 کە لە ساڵی 1974 لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە. ئەو بڕیارە دانی ناوە بە مافی گەلان بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەر، هەروەها خواستی گەلان بەهێز دەکات بۆ داواکردنی مافی چارەنووس، کە بەندێکە لە ساڵی 1993وە شانبەشانی مافی کەمینەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پۆلێن کراوە. بەمشێوەیە بۆ خزمەتی ساتێکی مێژوویی پارێزگاری لە یەدەگی بەرخۆدان کردووە، کە جارێك هاتوو جارێك ڕۆیشت، پاشان گەڕایەوە. ئەو کەسەی ئەمڕۆ ئەو ساتە دەدۆزێتەوە با پەیوەندی بە بتریارکی چاوەڕوانکراوەوە بکات. لەگەڵ ئەوەدا کە بتریارکیەتی مارۆنی لە سەدەی حەوتەمەوە تائێستا حاڵەتێکی بەردەوامە، مارۆنییەتیش لە سەدەی

چوارەمی زاینییەوە بوونی هەیە (مارمارۆن نزیکەی 410 ساڵە مردووە) لەگەڵ ئەوەدا کە من یەکێکم لە لایەنگرانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەگوێرەی یاساکانی کڵێسای نوێ، بەڵام خەمەکەم ناشارمەوە دەربارەی دەستلەکارکێشانەوەی بتریارك نەسروڵلا صفیر. ئێمە خۆشمانویست، بە بوونی شادمان بووین، متمانەمان پێکرد، ئەویش سەرکێشی بە ژیانی ئێمەوە نەکرد، باشی و چاکەمانی قۆرخ نەکرد، سازشی لەسەر خوێنی شەهیدەکانمان نەکرد، سەربەخۆییمانی بەهیچ شتێکی تر نەگۆڕییەوە، بۆ هیچ لایەکی دوور و نزیکی بەهێزو دەسەڵات چۆکی دانەدا، سیاسەت نەیتوانی لەڕووی مادییەوە پیسی بکات، سیاسەت نەیتوانی لە مەلەوانگەی کڵێسا دووری بخاتەوە، ئەو بە شکۆی زەوی و باڵایی سەرکەوتن سەرخۆش نەبوون، هەڵوێستەکانی تەنها لە بەرژەوەندی کریستیانەکان و لوبنان و مرۆڤەوە هەڵدەقووڵا.

من بە کاروانی هەر 75 بتریارکیە مارۆنییەکانی رابـردوودا چوومەوە، بینیم کە بتریارك صفیر یەکێکە لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەی ئەو پۆستە تایبەتەی لە ئەنتاکیاو وڵاتانی خۆرهەڵات گرتووەتە دەست. دوای دەستلەکارکێشانەوەی و بەبۆنەی یۆبیلی زیوینی بتریارکیەت، ئەم بتریارکە مەزنە جێپەنجەی لەسەر چەندین دەستکەوتی بەرچاو جێدەهێڵێت، دیارترینیان ئەمانەن:

* بتریارکی بەڕێزو باوەڕدار (بتریارك نەسروڵلا صفیر) ئەو کەسەیە کە ناخی سیاسییەکانی ئاشکرا کرد.

* بتریارك روبـەڕووی دەستدرێژی و هەڕەشە بـۆوە، کە بەهۆیەوە بە شێوەیەکی کاتی بکرکی جێهێشت، نەك بەهۆی عوسمانییەکان و عەباسییەکان و ئومەوییەکان و مەمالیکەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ئارەزووی گروپە مارۆنییەکانەوە بوو.

* داوایکرد مارۆنییەکان بەشداری هەڵبژاردنی ساڵی 1992 نەکەن، ئەوەش لەبەر پەرۆشی بوو بۆ پەراوێزنەخستنی رۆڵی کریستیانەکان، ئەگەر بزانن کە لاوازی رۆڵی مارۆنیەتی سیاسی لەناو دەوڵەتی لوبنان لەدوای رێکەوتننامەی تائیف زیادبوو.

* بتریارك نەسروڵڵا صفیر ئەو کەسەیە کە وتی: نەخێر بۆ سوریا، دەستیشی لەکارکێشایەوە بێ ئەوەی جارێك سەردانی بکات.

* ئەو بوو لە ساڵی 2001 ئاشتەوایی چیایی لەنێوان کریستیانەکان و دورزییەکاندا رێکخست.

* ئەو بوو کە بەیاننامەی ژمارە 1ی ئازادکردنی لوبنانی دەرکردو رابەرایەتی تێکۆشانی ئاشتییانەی کرد.

* ئەو بوو پێشوازی لە پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم کرد.

* ئەو بوو لە 11ی ئاداری ساڵی 1997 سەرپەرشتی دەستپێشخەری ڤاتیکانی کرد بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی سینودۆس لە پێناو لوبنان.

* بتریارك صفیر بوو لە حوزەیرانی ساڵی 2003 لەدوای کۆبونەوەی ساڵی 1736 کۆبوونەوەی گشتی کڵێسای مارۆنی ئەنجامدا.

* ئەو بوو دەرگای لە بەردەم عەلمانییەکاندا کردەوە بۆ بەشداری کردنیان لە پەرەپێدانی کڵێسای مارۆنی.

* ئەو بوو ئەبرەشیە کریستیانییەکانی رێکخست و هانی دامەزراوەکانی کڵێسای دا بۆ گرنگیدانیان بە کاروباری کۆمەڵایەتی.

بتریارك نەسروڵلا صفیر هەوڵیدا کریستیانەکان هۆشیاربکاتەوە، بەتایبەتیش مارۆنییەکان (شەڕی مەزن)، کاریشی کرد بۆ رایی کردنی ناخۆشترین قۆناغ بە کەمترین زیان و چاوەڕوانکردنی ئایندەیەکی باشتر. لەبەرئەوە کاتێك بتریارك دەست لەکاردەکێشێتەوە ویژدانی ئاسودە دەبێت لە بەرامبەر ئەو هەموو کارانەی کە لە پێناو لوبناندا ئەنجامی داوە. بەڵام ئەوەی لەسەر

شانی کڵێسای مارۆنییە ئەوەیە کە باوەڕی بە خۆی هەبێت و درك بکات ئەوەی کە لەدوای دروستبوونییەوە بەسەریدا گوزەری کردووە، خۆپارێزی بۆ مانەوەی پێبەخشیوە. مارۆنییەت لەدوای 400 ساڵ لە هاتنی مەسیحیەت و 200 ساڵ پێش هاتنی ئیسلام دروستبووە.

ئەی بتریارك صفیر ئێمەماڵئاواییت لێناکەین، تۆ هەمیشە مەرجەع و پەناگەیت. دەست لەکارکێشانەوەت مافی ئازادی خۆتە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرشانی ئێمەیە.

# رابوونی کڵێسای مارۆنی بە بتریارک (صفیر) بەخشرا

## 25ی ئاداری 2011

لە 25ی ئاداری 2011 سەردەمی بتریارك مار بەشارە بوتروس ئەلراعی دەستپێکرد، نەك سەردەمی بتریارکیەتی مارۆنی کە نزیکەی 1325 ساڵە بوونی هەیە. ئەو یەکەمین بتریارکی کڵێسای لوبنان و ئەنتاکیاو هەموو خۆرهەڵاتە لە سەدەی بیست و یەکەمدا (ئەو گەلەی لە تاریکیدا دانیشتووە چاوی بە رووناکییەکی مەزن هەڵهێنا).

بەرەنگاربوونەوە گەورەیە و بەرپرسیارێتی گەورەترە. ئەگەر بتریارك بوتروس ئەلراعی خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆی بێت بۆ گەیشتن بە کورسی بتریارکیەت، هەر بە گەیشتنی وەکو بتریارك بۆ سەر تەختی نەمری لوبنان یەکسەر پێی دەبەخشرێت، تاوەکو نیعمەتی گەورەیی و شکۆمەندی و خۆڕاگری و خواپەرستی و لێبوردەیی و بڵندی و سادەیی و سۆزو میهر بەسەریدا دابارێت. وشەی جوان دەردەبڕێت و کارەکانی زۆر دەبن، بە تەماشا کردنەکانی سیماکان دەردەبڕێت. بەخیلی لە زەردەخەنەکانیدا ناکات و لە پێکەنیندا زیادەڕەوی ناکات، گۆچانەکەی بۆ چەندین مەبەست بەکاردەهێنێت. هیوای لەدایکبوون و ئازاری لەخاچدان و نزای رۆژی قیامەت لەناو کەسایەتیدا کۆبووەتەوە. لەسەر نێوچەوانی دۆڵی عاسی و چیای لوبنان و ئەنتاکی و هەموو وڵاتی خۆرهەڵات نەخشە کێشراوە، لە ناخیدا بیرەوەری مارمارۆن و قدیسەکانی وەك شەربل و رەفقاو حەردینی و تۆباویەکان و نەعمەو ئەلکەبوشی بوونی هەیە (وەك چۆن باوکتان لە ئاسمان تەواو کامڵە، ئێوەش کەسانی کامڵ بن)....»نوسەر وا دەڵێت«.

من ئامۆژگاریدەر نیم تاوەکو رێگە نیشانی بتریارکی تازە بدەم چی بکات

یان چی نەکات، چونکە ئەویش دوو چاوی هەیە پێی دەبینێت، بەڵام من کوڕی کڵێسام ئەرکم ئەوەیە پێخۆشحاڵی خۆمی بۆ رابگەیەنم، هەروەها بتریارك دوو گوێی هەیە بۆیە من پێویستیم بە ئامۆژگاری و نوێژو نزاو بەرەکەتی ئەوە.

بتریارك مار بەشارە بوتروس ئەلراعی، چارەکە سەدەیەکی وەك ئوسقوف بەسەربردووە، لەوماوەیەدا یارمەتی بتریارك صفیری داوە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کڵێسای مارۆنی و داڕشتنی سیاسەتەکانی و ئامادەکردنی بڕیارەکانی و راگەیاندنی هەڵوێستەکانیدا، بۆیە خاڵەکانی هێزو لاوازی کڵێسای مارۆنی باش دەزانێت و دەتوانێت ئەولەویاتەکانی دەستنیشان بکات و نەخشەڕێگای بەرەو مێژووی ئاییندا دابڕێژێت.

لە روانگەی ئەم گریمانەیەوە من وای دەبینم کە بتریارك بوتروس ئەلراعی دزەکان و فرۆشیارەکان لەستراکچەرەکە دەردەکات و کۆتایی دەهێنێت بە باش کاتیەکان لەوەی کە بە پەیژەی بەکرکیدا سەربەکەون (بەکرکی واتا ماڵەکە یاخود ماڵی نوێژ). لەو بڕوایەدام بتریارك رێگە لەوانە دەگرێت کە ئیدیعای رۆڵبینی دەکەن و ئەرکەکان بۆ خۆیان دادەتاشن و بەرگی وتەبێژ بە ناوی بتریارکیەت بەبەری خۆیاندا دەکەن. ئەو ئاسایشی بەکرکی و ئەوانە لە یەکتر جیادەکاتەوە کە سیخوڕی بە سەرییەوە دەکەن و پێیان دەڵێت (ئەی گوناهبارەکان لێم دوور بکەونەوە). من وای دەبینم کە لق و پۆپەکانی بکرکی لە بارە قورسەکان دادەماڵێت، بۆ ئەوەی چرۆ دەربکەنەوە و بەرهەم بێنن: «هەر چێنراوێك لەلایەن خودای ئاسمانەوە نەڕوێنرابێت هەڵدەکێشرێت».

من پێموایە بتریارك بـەودای داوە ونبووەکاندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە بۆ سەر هێڵی راستی بکرکی و ئەگەر بیاندۆزێتەوە بە شادومانییەوە دەیانخاتەوە ناو بەرگەکەی خۆیان. ئەو بووەتە بتریارك بۆ ئەوەی رێزو سایەی بەسەر هەموو ئەوانەدا هەبێت کە بوونەتە تیمێکی

کاری ئایینی – عەلمانی، لە پیاوان و ژنان کە یارمەتی دەدەن لە تەواوکردنی کاروانی گواستنەوەی بتریارکیەتی مارۆنی بۆ سەدەی بیست و یەکەم بێئەوەی دەستبەرداری خاڵە نەگۆڕەکانی سەدەی چواری زایینی بێت. ئەو تیمی کارەکەی کە بتریارك دەیخوازێت پێویستە لە بژاردەیەکی چاکەخواز و پاك و بێگەرد و دڵسۆز و ئازا و بە سەلیقە و توانا و بیرقووڵ و کارساز پێکبێت، کە هاوشانی بوەستێت و لەژێر سەرپەرشتی و فەرمانی ئەودا کاربکات لەپێناو خێرو خۆشی کڵێسا و باوەڕداران و مرۆڤەکان: «ئەوەی دەیەوێت لە دوامەوە بڕوات با واز لە خودی بێنێت و خاچەکەی هەڵگرێت و دوام بکەوێت».

لە بنەڕەتدا ماوەی چەندین دەیەیە لە نوسینگە و ژوورەکانی بکرکی توخمێك لە توێژینەوە و پرۆژەی دانراو بوونی هەیە سەبارەت بە تکاو نزای قیامەت و رۆژی دوایی، هەر ئەوەندە بتریارك هەڵسەنگانیان بۆ بکات، یەکسەر لەدوای لێدانی زەنگی هەڵبژاردنی زەنگی سەرکەوتنی لێدەدرێت. یەکێك لە ئاستەنگەکانی بەردەم بتریارکی نوێ ئەوەیە کە کارێکی وا بکات مارۆنییەکان، بەڵکو کریستیانەکان خۆشیان بوێت و لێی دڵنیابن و لە دەوریدا کۆببنەوە. چونکە لە رابردوو گردبوونەوەی بەرچاوییان لە دەوری بتریارك نەسروڵڵا صفیر بەهۆی ئەو رۆڵە گرنگەیەوە بوو کە لە قۆناغی داگیرکردنی لوبنان لەلایەن سوریاوە گێڕای، کاتێك ببووە پەناگەی چەوساوەکان و پێشەنگی رزگاری و ئازادی، نەك تەنها لەبەر ئەوەی مەرجەعێکی روحی باڵای مارۆنییەکانی لوبنان و جیهان بوو. من گومانم لەوە نییە کە بتریارك بوتروس ئەلڕاعی سەلیقەی راکێشانی سەرنجی رای گشتی هەیە و دەتوانێت. ئەو کەسەی لە سەردەمی تێکشکان و بێهیواییدا ببێتە مەترانی هیوابەخشی دەتوانێت ببێتە بتریارکی یەکگرتن لە سەردەمی دابەشبوون و پەرتەوازەییدا. دەتوانێت ببێتە مایەی سەقامگیری و بەردەوامی لە سەردەمی شەڵەژان و دابڕاندا.

ئاگادار بن کە یەکێك لە ئێمە داوا لە بتریارکی نوێ بکات کە لە بتریارکی پێشخۆی بچێت یاخود پێچەوانەی بێت. هیچ شتێك لە هاوشێوەبوون خراپتر نییە کە لەپێناوی بەدەستهێنانی سۆز و خۆشەویستیدا بێت، هیچ شتێك لە پێچەوانەبوون خراپتر نییە کە لەپێناوی جیاوازی نیشاندان بێت. ئەوەندە بەسە کە بتریارکی نوێ خۆی دروست بکات و بە شێوازی مۆدێرنی خۆی شوێن جێبەجێکردنی پەیڕەوی مێژوویی بتریارکیەت بکەوێت، بۆ ئەوەی گرەوەکە بباتەوە. من دڵنیام کە بتریارکی نوێ دەستپێشخەری پێویست دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی مارۆنی، بەو شێوەیەش هەڵە و چەوتییەکانی دۆخی مارۆنیەت لە لوبنان و لاوازبوونی رۆڵ و پێگەی و دەستدرێژیکردن بۆ سەر تایبەتمەندێتیە نیشتمانی و مێژووییەکەی راست دەکاتەوە. هەروەها گرنگی دەدات بە کاروباری ئەکلیریکی کە بانگەوازە کەهەنوکەییەکانی لە پاشەکشە و کەمبوونەوەدایە، جگە لە گرنگپێدانی بە کرانەوەی رەهبانیەت بەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی پەیمانگەکانی خوێندنی باڵا کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پەیام و ئامانجەکانی پشت دروستکردنی ئەو خوێندنگە و پەیمانگایانە. هەروەها بتریارك هەڵدەستێت بە پاککردنەوەی هەرەمی کڵێسا بەبێ رووداني کاری ئابڕوبەری: «من رەحمەتم دەوێت نەوەك قوربانی».

بەمشێوەیە دەتوانین پارێزگاری لە کاریگەرێتی فیکری، کەلتوری، شارستانی و روحیی مارۆنی بکەین لەسەر ژیانی گشتی. ئەم کاریگەرێتیەش بەهای سەرەکی و بنەڕەتی پێکدەهێنێت، نەوەك بەهایەکی زیادە بۆ مارۆنییەکان لە لوبنان. ئەو بەهایە بریتیە لە سەنگ، بەڵکو سەنگ و قورسایی کڵێسای مارۆنیە.

# رەگ و ڕیشەکانی قەوارەی لوبنان و وەڵامی چواردەهەم

## 21ی کانوونی یەکەمی 2011

پێدەچێت مەترسی لەسەر لوبنان کەوتبێتە پشتمانەوە، هـەروەك پێشدەچێت هێشتا لەپێشمانەوە بێت. بابەتەکە لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی نیشتمانیمان بەندە. کاردانەوەی ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی لەسەر لوبنان سێ ڕووی هەیە: تەقینەوەی باری ئاسایش یان تەقینەوەی قەوارەی لوبنان یان تەقینەوەی هەردووکیان پێکەوە. بێلایەنی پراکتیکی تا ئاستی یەکلایەنە ناکۆکەکان بە تایبەتیش لە سوریا، لەوانەیە ببێتە هۆی چەندین کاردانەوەی ئەمنی کە زیان بە سەقامگیری لوبنان دەگەیەنێت، بەڵام پابەندبوونی لوبنان بە بێلایەنی ئەرێنی لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا، بەدڵنیاییەوە لە پزیسکەکانی ناپارێزێت، بەڵکو دەستی گۆڕانکارییەکان دەیگاتێ، لانیکەم بەهۆی سێ فاکتەوە:

یەکەم/ فاکتەری واقیعی: ئەو دابەشبوونەی لە لوبناندا بەرپابووە، تەنها ئەوەی کەمە کە پەردە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتۆکەکان لابرێت.

دووەم/ فاکتەری جوگرافی: لوبنان لە چوارچێوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە ئێستا لەبەر هەڕەشەی چاککردنی ڕژێـم و قـەوارە سیاسییەکاندایە.

سێیەم/ فاکتەری مێژوویی: کاریگەرێتی ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی لەسەر لوبنان لە ساڵی 1975 دەستیپێکرد، نەك لە تونس ساڵی 2010. ئەمە بابەتێکە کە لەخەیاڵی زۆرێك کەسدا نییە.

ئەوەی لە ساڵی 1975 دا ڕوویدا پیلانێك بوو کە لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووی کریستیانەکانی لوبنان بووەوە. ئەوان دژایەتی نیشتەجێکردن و دابەشبوون و

گۆڕینی ڕژێم و میساق بوونەوەو لە ساڵی 1982 سەرکەوتن. سەرکەوتنەکەی ئەو ساڵە مەزنە بوونیاتنەر بوو نەك وێرانکەر. ئەو سەرکەوتنە لەلایەن بەشیر ئەلجومەییل لە چوارچێوەی پـرۆژەی دەوڵـەت نەك دەوڵەتۆکە دارێـژرا، پرۆژەیەك بۆ یەکبوون کە بەدیهێنانی نیمچە ئاستەم بوو. ئەو پرۆژەیە بۆ دابەشبوون نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو جێبەجێبکرێت. ساڵی 1975 کریستیانەکانی لوبنان یەکەمین قوربانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بوون. ئەوان پێش کلدانیەکان و ئاشوریەکانی عێراق و قیپتییەکانی میسرو کوردەکانی کوردستان و فەلەستینییەکانی کەرتی خۆرئاوا کەوتن. سەرەڕای هەموو ئەو قوربانیدانە کریستیانەکان هەر وابەستەی قەوارەی لوبنان و فرەیی و یەکبوون و پابەندێتی عەرەبی بوون.

کریستیانەکان لە مێژووی لوبناندا وەکو کۆمەڵەیەك دەرکەوتوون کە چەمکی بەشداریکردن بە هەموو سەرکەوتنەکانیان دەبەخشن نەوەك تۆڵەسەندنەوە. ئەوان موژدەی پێکەوە ژیانی هاوبەش بڵاودەکەنەوە، هەرچەندێك بتوانن ویستی خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنووس دەربڕن. ئەگەرچی یەکێتی خاکی لوبنان لە ئێستادا بەرەنگاری مەترسییەکی زیاتر بوەتەوە بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی لە گێژاوی بێموبالاتییەکی گشتیدا، بەڵام بۆ مێژوو بەسوودە ئەوە بیربهێنینەوە کە کریستیانەکان هەمیشە بەپەرۆش بـوون بۆ یەکێتی لوبنان و سوریش بـوون لەسەر دەربازکردنی ئەوەی دەتوانرێت دەرباز بکرێت. لەوەتەی کریستیانەکان لەسەر ئەم خاکە دەژین گیانی خۆشەویستیان بۆ خەڵکانی تر نیشانداوە، لەو ڕێگەیەشەوە کاریان بۆ یەکێتی و ئازادی لوبنان کردووە، وەڵامی ئەوەش بە ڕوونی لەو وێستگە سەرەکییانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

وەڵامی یەکەم: ئەو وەڵامەیە کە حەزرەتی مەسیح نیشانی داوە کاتێك داوایکرد کریستیانەکان خەڵکانی تریان وەکو خۆیان خۆشبوێت و لەگەڵیاندا بژین. ئەوانی تر کریستیانی نین، بەڵکو مرۆڤەکانی ترن بە چاوپۆشین لە

بیروباوەڕو ڕەنگ و ڕەگەزیان. کەواتە ڕەگ و ڕیشەی هەڵبژاردنی لوبنانی گەورە بە نیشتمان لەلایەن کریستیانەکانەوە لە ساڵی 1920، هەروەها پەسەندکردنی میساقی نیشتمانی ساڵی 1943 پەیامێکی ئینجیلیە.

وەڵامی دووەم: لەلایەن پەیامبەران و موژدەهێنە کریستیانەکان لەسایەی سەردەمی ڕۆمانیدا نیشاندراوە، کاتێك ئەوان باوەڕبوونیان پێش ژیان خست و خەباتیان کرد لەپێناویدا تا ئاستی شەهیدبوون. بەرهەمی ئەم هەڵوێستە نەگۆڕو پڕ گیانبازییە لە ساڵی 1312 دا ئیمپراتۆری ڕۆمانی (قستەنتین)ی بەرەو مەسیحیەت پەلکێش کرد. کەواتە ڕەگ و ڕیشەی خەباتی لوبنانی لە سەدەی یەکەمی زاینییەوە لەدژی جولەکەکان پاشان لەدژی ڕۆمانییەکان (لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا) دەستیپێکرد.

وەڵامی سێیەم: لەلایەن هێزو تائیفە کریستیانەکانی خۆرهەڵاتەوە نیشاندرا لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلام، کاتێك ژیان لەسایەی فتوحاتی ئیسلامیدا قورس بوو لە بەرامبەر پێدانی ئازادی بیروڕا. ئەم سیاسەتە زنجیرەیەك قۆناغی ئاڵۆزی بەرهەمهێنا، بەتایبەتی ڕێکەوتننامەی (موئتە) لە ساڵی 632ی زایینی لە نێوان کوڕی تەبەنی پێغەمبەر محەمەد زەیدی کوڕی حاریسە لەلایەك، لەگەڵ چەند تیرەیەکی کریستیانی لە نیوە دوورگەی عەرەبی و دەوروبەری لەلایەکی ترەوە. کەواتە ڕەگ و ڕیشەکانی پەسەندکردنی کریستیانەکان لە هەندێك ناوچەی لوبنان بەپێی ڕێکەوتنێکی کاتی لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئیسلامی سەپێنراو بەحوکمی بارودۆخ وەڵامێکە لە سەرەتاکانی هاتنی ئیسلامەوە وەرگیراوە.

وەڵامی چوارەم: ئەم وەڵامە مارۆنییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی زایینی نیشانیان داوە کاتێك سیستمی ئاسایشی سەرئەستۆییان ڕەتکردەوەو مەسەلەی ئاسایشیان بە ئازادییەوە بەستەوە، بەوجۆرە چەندین خانەوادەی مارۆنی لە ناوچەی (وادی النصاری) لە سوریا بەرەو باکوری چیای لوبنان و تەپۆڵکەکانی بیقاع کۆچیان کرد بۆ ئەوەی بەدوای پەناگەیەکی

ئازادو ئارامدا بگەڕێن کە دوژمنەکانیان دەستیان پێی نەگات. کەواتە ڕەگ و ریشەی ئازایەتی تاکی لوبنانی هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی یاخیبوونی مارۆنییەکان لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دەرکەوت.

وەڵامی پێنجەم: لەلایەن مارۆنییەکانەوە لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی زایینی نیشاندراوە، لەکاتی داگیرکردنی خۆرهەڵاتی لوبنانی – فینیقی – ئارامی لەلایەن ئومەوییەکانەوە کاتێك ئاسایش و ئازادییان بە زەوییەوە بەستەوە، بەوهۆیەوە مارۆنییەکان دڵسۆزی خۆیان بۆ ناوچەی چیای لوبنان نیشاندا بێئەوەی گوێ بدەنە رووبەری لوبنان، ئەوان لەدژی چەوساندنەوەی ئومەوییەکان تێکۆشان تاکو خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك ناچارکرا لە ساڵی 706 دا رێکەوتننامەی بێمەرجی پاراستنی ئاسایش و باشدراوسێیەتی لەگەڵدا بەستن. کەواتە رەگ و ریشەکانی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مارۆنییەکان و سوریا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوی.

وەڵامی شەشەم: لەلایەن مارۆنییەکان لە سەردەمی فتوحاتەکانی عەباسی و فاتمی و مەمالیکی نیشاندراوە کاتێك هەوڵیاندا پارێزگاری لە تایبەتمەندێتی ئایینیان و مەرجەعی بتریارکیەتی مارۆنی بکەن، بەوشێوەیەش لەڕێی دیموگرافییەوە دەستیان بە فراوانبوون کرد لە لوبنان بەدەر لە هەوڵدان بۆ هیچ ئامانجێکی سیاسی یان پرۆژەیەکی هەژمونگەری. بەمجۆرە رووبەری بڵاوبونەوەی مارۆنی فراوانتر بوو سەرجەم ناوچەکانی لوبنانی گرتەوە. ئەوانی تر پێشوازییان لە بڵاوبوونەوەی مارۆنییەکان کرد، چونکە یارمەتیدەر بوو بۆ وەبەرهێنانی زەوی و گەشەکردنی فیودالە سوننی و دورزی و شیعییەکان لە لوبنان. ئەم بەرفراوان بوونە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی دەسەڵاتی مەدەنی لەگەڵ کۆمەڵگای مارۆنیدا. کەواتە دەرکەوتنی رەگ و ریشەی سیستمی مەدەنی لوبنانی هاوکات بوو لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی بتریارك و ئەرکی لێپرساوە لۆکاڵییەکاندا.

وەڵامی حەوتەم: ئەم وەڵامە مارۆنییەکان بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی خاچپەرستەکان لە لوبنان لەنێوان (1099 / 1258) نیشانیان داوە، کاتێك پارێزگاریان کرد لە وابەستەیی و دڵسۆزییان بۆ لوبنان و خۆرهەڵات، بۆیە هەوڵیان نەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك یان میرنشینێکی کریستیانی لە سوریا یان لوبنان یان فەڕەنسا، بەڵکو ئەوان پەیوەندی رۆحانی خۆیان بە تەختی رۆماو وابەستەییان بە خۆرهەڵات و تایبەتمەندێتی و پەیڕەوی ئایینیان لەیەکتر جیاکردەوەو لەناو خاچپەرستیدا نەتوانەوە. کەواتە رەگ و ریشەی وابەستەیی جیاوازی مارۆنییەکانی لوبنان زۆر لەوە بەهێزترە کە دەسەڵاتی خۆرئاوا بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت.

وەڵامی هەشتەم: مارۆنییەکان لەسایەی دەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانییەکان لەنێوان ساڵانی 1916 و 1842 نیشانیان داوە، بەوهۆیەشەوە توانیان دەسەڵاتێکی نیشتمانی هەڵبژێرن کە لە میرنشینێکی سەر بە دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی و فەرمانڕەواکانی لە ناوچەکانی تری لوبنان خۆی نمایشدەکات. دەستنیشانکردنی ئەو میرنشینە متمانەی مارۆنییەکان بە دورزیەکان و وابەستەییان بەهەر قەوارەیەکی لوبنانی سەربەخۆ دەردەخات، ئیتر لەلایەن هەر هێزو تائیفەیەکەوە حوکم بکرێت، جگە لەوەش نیشانەی سوربوونیانە لەسەر گۆڕینی سێکوچکەی ئازادی، ئاسایش، زەوی بە پرۆژەی نیشتمان و دەوڵەت. کەواتە رەگ و ریشەی خواستی سەربەخۆیی لەلای کریستیانەکان لە رێگەی دڵسۆزیان بۆ میرنشینی خاوەن ئۆتۆنۆمی تایبەتی لە چیای لوبنان بەرجەستە بووە.

وەڵامی نۆیەم: لەلایەن مارۆنیەکانەوە ساڵی 1842 نیشاندراوە کاتێك خۆیان لە سیستمی پەیڕەوی جووت قائیمقامیەت بەدوور گرت و داوای یەکگرتنی میرنشینەکە و گەڕانەوەی شازادە (بشير الشهابی)یان کرد، بەڵام نەمساو ئینگلتەرا و سەڵتەنەتی عوسمانی دابەشکردنی چیای لوبنانیان لەنێوان

مارۆنییەکان و دورزییەکان سەپاند. کەواتە رەگ و ریشەی دابەشبوونی لوبنان پەیوەندییەکی پتەوی بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی نەك کریستیانی هەیە، بەڵام کاتێك ئاستی پاراستنی ئاسایشی کریستیانەکان لە لوبنان کەمدەبێتەوە بەهۆیەوە ناتوانن بە ئاشتی و ئازادی لەگەڵ هاوسێکانیاندا بژین، لەو قۆناغەدا پێویستە لەسەریان حوکمی ئۆتۆنۆمی قبوڵبکەن.

وەڵامی دەیەم: لە ساڵی 1861 ئەم وەڵامە لەلایەن مارۆنیەکانەوە نیشان دراوە کاتێك بە سیستمی پارێزگا رازی بوون و بە پشتیوانی فەڕەنسا پرۆژەیەکی تریان رەتکردەوە کە پێداگری دەکات لەسەر دامەزراندنی سێ قائیمقامیەت لەجیاتی دووان بۆ ئەوەی قائیمقامیەتی سێیەم بدرێت بە تائیفەی ئەرتۆدەکسەکان لەسەر خواستی روسیا. پێکهاتەی پارێزگا لەئاستی نەخشەیەکی تەواوکاری بوو بۆ دامەزراندنی لوبنانی گـەورە، چونکە لەسایەیدا کریستیانەکان و دورزیەکان لەگەڵ گروپە سوننی و شیعەکان لە چوارچێوەی سنوری پارێزگاکەدا پێکەوە ژیاون. کەواتە رەگ و ریشەی یەکێتی دەوڵەتی لوبنان لەگەڵ بیرۆکەی لوبنانی بچوککراوەدا بەرجەستە بوو کە کریستیانەکان لەژێر ناوی پارێزگادا بەلایانەوە باش بوو، بۆ ئەوەی رێگر بن لە بەردەم بەردەوامبوونی پرۆسەی دابەشبوون.

وەڵامی یازدەیەم: ئەم وەڵامە لە ساڵی 1920 لەلایەن کریستیانەکانەوە نیشان درا کاتێك دەوڵەتی لوبنانی گەورەیان دامەزراند، بەڵام ئامۆژگاری دۆستەکانیان و مەترسییەکانی فراوانبوونی دیموگرافیان پشتگوێ خست. لـەدوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لوبنانی گـەورە یەکەمین قەوارەیەك بوو کە لەسەر دەستی رۆڵەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو، بەپێچەوانەی دابەشکارییەکانی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ کە لەبنەڕەتدا وەکو یەك ناوچەی لوبنانی سوری لێی دەڕوانـی. کەواتە رەگ و ریشەکانی دەوڵەتی ناوەندی و دەسەڵاتی بەهێزو جیاکاری لەنێوان سەربەخۆیی سوریاو لوبنان و پشتگوێخستنی پرسی ژمارە، ئەمانە هەمووی

لە بۆتەی بڕیارێکی مارۆنیدا خۆی بەرجەستە کرد، بڕیارێك کە لە سەرکێشی و سەرکەوتن بەدەر نییە بۆ راستکردنەوەی نەخشەی ئەوروپا سەبارەت بە خۆرهەڵات.

وەڵامی دوانزەیەم: ئەم وەڵامە لە ساڵی 1943دا کریستیانەکان نیشانیانیاندا، کاتێك بە سەربەخۆییان لە ئینتیدابی فەڕەنسی بە باشتر زانی، سەرباری ئەوەی پێشوەخت بە مەترسییەکانی هەڵکشانی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی ئاشنا بوون. کەواتە رەگ و ریشەکانی بڕیاری نیشتمانی سەربەخۆ بۆ بڕیارێکی کریستیانی بوێرانە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن کڵێسای مارۆنیەوە سەرپەرشتی کراوە، سەرەڕای خۆبەدوورگرتنی چەند کەسایەتیەکی مارۆنی نیشتمانپەروەر خۆیان لێی بەدوور گرت لە ترسی ئەوەی نەبادا لوبنان لە خۆرئاوا سەربەخۆ بێت، لە دواییشدا ئیسلامی سیاسی دەستی بەسەردا بگرێت (هەروەك روویدا).

وەڵامی سیانزەیەم: ئەم وەڵامە لە ساڵی 1982 لەلایەن کریستیانەکانەوە نیشاندراوە، کاتێك پشتیوانیان لە رابەرایەتیکردنی بەشیر ئەلجومەییل و پاشان ئەمین ئەلجومەییل کرد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە کاتێکدا لە سەنگەری لایەنی سەرکەوتووەوە دەیانتوانی فۆرمی لوبنانێکی تر هەڵبژێرن. کەواتا رەگ و ریشەکانی لوبنانێکی ئازاد و یەکگرتوو لە هەموو ئان و زەمانێکدا و لە هەر پێگەیەکدا بن، لە ویژدانی کریستیانەکانی لوبناندا رواوە.

وەڵامی چواردەیەم: ئەم وەڵامە لەلایەن کریستیانەکانەوە نەبوو، بەڵکو موسڵمانەکان لە ساڵی 2005دا پێشکەشی لوبنانیان کرد. موسڵمانەکان بڕوایان بە وەڵامە پێشینەکانی کریستیانەکان کرد و لە بێهیوایی رزگارییان کرد و وەڵامێکی پێچراوەیان بە خوێنی شەهیدان رەفیق حەریری و هاوڕێکانی و ئەوانەی پێش و دوای ئەوانیش پێشکەش کرد. موسڵمانەکان وتیان (سەرەتا لوبنان)، ئەو وەڵامە بەرپەرچی گرەوی کریستیانەکانی لەبارەی

یەکێتی قـەوارەی لوبنان دایەوە و پاساوی بۆ پشوودرێژی درێژخایەنی ئەوان لەسەر میساقی نیشتمانی هێنایەوە. وەڵامی موسڵمانەکانی راستگۆیی تیادا بەدیکرا، چونکە لەدوای ساڵی 1982ی نەمر، لەژێر گوشار و تۆقاندن و ناچارکردن و نەبوونی پارێزەر، رێگەچارەکان لە لوبنانییەکان سەنرایەوە بە موسڵمان و کریستیانیەوە. لەبەر ئەوە هەموو ئەو شتانەی لەنێوان ساڵانی 1988 و 2005دا بەدی هاتن شەرعیەتی ئازادییان نییە، چونکە دەستور و یاساکان و رێکەوتنەکان بە زەبری هێز لەلایەن داگیرکەری سوریا و داردەستەکانی لە لوبنان سەپێنران. بەڵام وەڵامی چواردەیەم ئەو وەڵامە نیشتمانیەیە کە تووشی مەترسی زۆر بووە و ئیتر پێویستی بە پارێزگاری لێکردنە، چونکە هەموو ئەوەی لە دەوروبەرماندا روودەدەن هەڕەشەن بۆسەری. هەڕەشەیە بۆ سوننەکانی 2005 و شیعەکانی 1943 و دروزییەکانی میرنشینەکە، بەر لەوەی هەڕەشە لە کریستیانەکانی 1920 بکات. ئەو رووداوانە هەڕەشەن بۆسەر قەوارە و فۆرم و سیستمی لوبنان. پێدەچێت بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە لوبنان بتوانن پارێزگاری لە سەقامگیری و سەربەخۆیی لوبنان بکەن، بەڵام ناگەنە ئاستی بڕیارێکی لوبنانی لەدەستچوو کە بریتیە لە: بونیاتنانی یەك دەوڵەت، چونکە زیاد لە دەوڵەتێك، دەوڵەت هەڵدەوەشێنێتەوە، کەمتریش لە دەوڵەت یەکێتی قەوارەکەی هەڵدەوەشێنێت.

ئەمڕۆ لوبنانییەکان بەدەست هەردوو بارەکەوە دەناڵێنن و چاوەڕوانی پێشکەوتنەکانی شۆڕشە عەرەبییەکان دەکەن، هەرچەندە بەهارەکەیان زوو بەسەرچوو، پێشئەوەی وەڵامی پانزەیەم بدەن بەدەستەوە، ئایا بڵێی یەکێك بێت لە پانزە وەڵامی جیاواز؟

بۆ خۆدەربازکردن لە فرەیی وەڵامەکان، پێشنیاری پێکهێنانی شاندێکی لوبنانی نیشتمانی دەکـەن لەسەر شێوەی ئەو سێ شاندە کە لەپێش راگەیاندنی دەوڵەتی گـەورەی لوبنان رۆیشتن بۆ بەشداریکردن لە

کۆنگرەکانی (ڤێرسای) و (سان ریمۆ)، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پرسی لوبنان بخەنە بەردەمی ناوەندە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان و یەکبوونی لوبنان و تایبەتمەندیە مێژووییەکەی لە قەیران دەرباز بکەن. ترسی من ئەوەیە کە رازیکردنی جیهان بە دەربازکردنی لوبنان لە پێکهێنانی شاندێکی لوبنانی کۆکەرەوەی هەموان ئاسانترە.

## بۆ ئەوەی کریستیانەکانی لوبنان نەبنە ((میاومین))

## 16ی تەمووزی 2012

هاوتەریب لەگەڵ بزاڤی گەنجانی عەرەبی کە بە راستگۆیی بەدوای ئازادی و دیموکراسیدا دەگەڕێت، ئێستا گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ناوچەی عەرەبی و فارسی و خۆرئاوای عەرەبی، بووەتە بەشێك لە ململانێیەکی ئیسلامی مێژوویی. دوو بەڵگەی راستەوخۆ بەرجەستە دەکات ئەوانیش: هەڵوێستی خۆپارێزانەی ئێران لە سیستمە سونیە تازەکان، لەگەڵ شکستهێنانی رێڕەوی رووخاندنی رژێمەکان.

سەرەڕای بوونی رۆڵێکی نێودەوڵەتی لەم ململانێیەدا، بەڵام ناوەرۆکی ململانێکە لۆکاڵیە بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەو ململانێیانەی کە ئەم ناوچەیە لە سەدەی بیست پێیان ئاشنا بووە. ناوەرۆکی کێشە و ململانێکانی پێشوو بیانی بوو، بەڵام بۆخۆی دیاردەیەکی لۆکاڵی بوو، بەڵام ململانێی ئێستا دیاردەیەکی نێودەوڵەتیە و ناوەرۆکەکەی لۆکاڵیە. ململانێکانی ئێستا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بیانییەکان نییە، بەو ئاستەی کە ململانێیە لەسەر رۆڵ و پێگەی ئایینەکان و مەزهەبەکان لەناو ئەو وڵاتانەدا. دەوڵەتە بیانییەکان پێویستیان بە هیچ هەوڵ و تەقەلایەك نییە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و نەوتی و سەربازییەکانیان، چونکە هەموو لایەنە لۆکاڵییەکانی ململانێ هەڵپە دەکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن. لە بنەڕەتدا ململانێی نێوان شیعە و سوننە بەرهەمی ئیمپریالیەتی ئەمەریکی یان روسی یان ئەوروپی و تەنانەت ئیسرائیلیش نییە، ئەگەرچی ئەمڕۆ هەر ئەو هێزانەن ئاگری ململانێکان خۆشدەکەن و قۆرخیان دەکەن و قەبەتریان دەکەن، بەڵام

خۆ ئەوان بەشداری شەڕەکانی (ئوحود) و (جەمەل) و (صفین) و (کوفە و کەربەلا) و (الزاب)یان نەکردووە.

باراك ئۆباما بە فەرمانی موعاویە نەبووە کراسە خوێناوییەکەی عوسمان بەرز بکاتەوە، خۆ فلادیمێر پۆتین نەبوو کە لایەنگرانی ئیمام عەلی رازی کرد بە فێڵی بەرزکردنەوەی قورئانەکان. جێگەی داخە کە ململانێی نێوان سوننە و شیعە هێشتا خوێناوییە، سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی (1400) ساڵ بەسەر هەڵگیرسانیدا. هەروەها ئەوەش جێگەی داخە کە نوێبوونەوەی بەردەوامی ئەو ململانێیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر زیان بە هەڵوێستی ئیسلامی دەگەیەنێت بە شێوەیەکی گشتی و دەیخاتە ناو ئامێزی جیهانێکی بیانیەوە کە نە سونیە نە شیعە. ئاست و قەبارەی ئەو ململانێیە وێنایەکمان لەلا بەجێدەهێڵێت وەك ئەوەی سوننەکان خەریکی بونیاتنانی خەلافەتێکی ئیسلامی بن وەك ئامادەکارییەك بۆ گەڕانەوەی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد)، یان وەك ئەوەی شیعەکان هەوڵبدەن بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی وەکو ئامادەکارییەك بۆ پێشوازیکردن لە ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراو. ئەگەر بێتو مەرجەعیەتە ئایینیەکان بگەڕێنرێنەوەو کاریان پێبکرێت، خۆزگە وابێت، بۆ ئەوەی رزگارمان بکەن لەو هەموو بانگخوازە درۆزنانە، هەرچەندە پێویستە رابوونی ئایینی لە روانگەی خۆشەویستییەوە دروست ببێتەوە نەك بە سەری رمەکان.

لە بۆتەی ئەم ململانێیەدا، جۆرێك لە ئیسلامی دیاریکراو هەوڵدەدات مەسیحیەت لە خۆرهەڵاتدا بسڕێتەوە، یاخود نەخۆشی بخات و بیباتە سەر جێگا، بەڵام مەسیحیەت هەر دەمێنێتەوە، تەنانەت لە قورئانیشدا ناوی هەر دەمێنێت. ئەوەی زات بکات ئایەتەکانی عیساو مەریەم لە قورئانی پیرۆز دەربهێنێت، وادەزانێت دەتوانێت مەسیحیەکان لە خۆرهەڵات ریشەکێش بکات. مادامێکی ململانێکە ئەمجۆرە ئاراستەیەی وەرگرتووە، مادامێکی قەوارەکان لەگەڵ رژێمەکاندا هەرەس دەهێنن، پێویستە هەموو پێکهاتەیەکی

شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بیر لە بوون و ڕۆڵ و پێگەو ئاسایش و ئازادی خۆی بکاتەوە، هەروەها بەشداربێت لە بونیادنانی خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ. هەر هەوڵدانێك بۆ دوورخستنەوەو بێدەسەڵات کردنی پێکهاتەیەکی شارستانی لەناو نەخشەی خۆرهەڵات ئەوە لە ئاییندەدا دەبێتە پرۆژەیەك بۆ ئاژاوەگێڕی، یاخود دەبێتە شەڕێکی ئاییندەی یان ئامرازێکی خەباتگێڕی بۆ ئەو پێکهاتەیەی کە دوورخراوەتەوە، بەوشێوەیەش نەخشەکە دەتەقێنێتەوە و زیانی گەورە لە سەقامگیری ناوچەکە دەدات. مێژووی نوێ پڕە لە نموونەی زیندوو سەبارەت بەم بابەتە.

کێیە گرەوی کردووە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فرە ئایین و تائیفە لە لوبنان کە لەلایەن مارۆنیەکانەوە بەڕێوەبرێن؟ کێیە گرەو دەکات لەسەر ڕەگ داکوتانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین و ڕاگواستنی گەلەکەی؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر سەرهەڵدانی سیستمێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە سوریا کە لەژێر دەسەڵاتی عەلەوییەکاندا بێت؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر پێکهێنانی یەکەمین ڕژێمی ئوسوڵی جیهادی لە ئێرانێکی شیعی فارسی؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، سەرەتا لە عێراقەوە؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر گەڕانەوەی ئیخوان موسلمین لە دەرگای تورکیاوە؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کریستیانی لە باشوری سودان؟ کێیە گرەوی کردووە لەسەر دەستپێکردنی یەکەم بڵێسەی شۆڕشە عەرەبییەکان لە تونس؟

ئەمە خولی مێژوو و گەمەی نەتەوەکان و کاریگەرییەکانی بێزاریی و داپڵۆسینە، بەڵام هەموو ئەمانە ڕوویان نەدەدا بەبێ بوونی ئیرادەی گەلان و سوربونیان لەسەر پارێزگاریکردن لە بوون و کلتوورو ڕەسەنایەتیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرجەمی ئەم دەستکەوتانە بەدیهێنانیان دژوارو پێکهاتەیان بژاردەیی بووە، جگە لە دەستکەوتی کریستیانی، چونکە

مارۆنیەکان لوبنانیان بۆ موسوڵمانەکان و کریستیانەکان بونیادنا، لەسەر بنەمای سەربەستی و دیموکراسی و فرەیی و یەکسانی لە دەرفەتدا. ئایا ئێوە بینیوتانە ئەوان سەرپێچییەك بکەن؟ گەیشتنی هەموو پێکهاتەیەك بە مافی خۆی لە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو سیستمەکانیاندا دەکرێت لە رێگەی سێ رێڕەوی سەرەکییەوە بەدیبێت: یان لە رێگەی دەوڵەتێکی ئایینی ئاوێتەوە کە لەسەر بنەمای وابەستەیی ئایینی و تائیفی و مەزهەبی دابنێت بە تایبەتمەندێتی هەموو پێهاتەکان (سیستمی نامەرکەزی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، ئۆتۆنۆمی). یان ئەوەتا لە رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی یەکگرتووەوە دەبێت کە لە سایەیدا هەموو هاووڵاتیەك هەمان مافیان بە یەکسانی پێدەدرێت بەبێ رەچاوکردنی ناسنامەی ئایینی و تائیفی و مەزهەبی، یان لە رێگەی دەوڵەتێکی ئایینیەوە کە هەموو پێکهاتەیەکی ئایینی و تائیفی و ئیتنی لە سایەیدا سەربەخۆ بن. چارەسەری یەکەم لە هەموویان واقیعیترە، بەڵام چارەسەری دووەم یۆتۆپیاییە (میسالیە) و چارەسەری سێیەم بەدیهاتنی دوورە لەڕاستییەوە.

لەم گۆشەیەوە پێویستە لەسەر کریستیانەکانی لوبنان، ئەوانەی کە لە ئێستادا پەرتەوازەو دابەشبوون لەنێوان هەردوو بەرەی 8 و 14ی ئادار، کە بە یەکگرتوویی هاوپەیمانێتی دەربکەون، ئەگەرنا ململانێی شیعەو سوننە لە لوبنان و ناوچەکەدا رایاندەماڵێت. ئەوەی لە خۆرهەڵات روودەدات زۆر گەورەترە لە دابەشبوونی نێوان لایەنە کریستیانەکان، بەتایبەتیش مارۆنیەکان، کە لە ئێستادا بووەتە تاوان لەدژی بوونی کریستیانەکان. دوای ئەوەی جەنگەکانی یەکتر سڕینەوە لە رابـردوودا بووە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەم لایەن یان ئەو لایەن، بەڵام ململانێکانی ئێستا وەکو خۆیان جەنگی سڕینەوەی تەواوی کریستیانەکانی لوبنان دەگەیەنێت. ئایا گەلی رەسەنی کریستیانی لە لوبنان کە ماوەی (2000) ساڵە لێرە دەژین ئەوە قبوڵدەکات کە بکەوێتە ژێر رەحمەتی گەمەی پوچ و بێمانای دەسەڵات و

نێوان هەندێك لە سەرکردەکانی؟ ئەگەر کودەتاکردن بەسەر دەوڵەتدا یاساغ بێت، بەڵام کودەتاکردن بەسەر سەرکردەو رابەرە رێگرەکاندا رێگەپێدراوە، بەڵکو ئەرکی سەرشانیشە.

هەروەها موسوڵمانەکان پێویستیان بە یەکبوونی کریستیانەکانی لوبنان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە گێژاوی ململانێ مەزهەبییە تاقەتپڕوکێنەکەیان و کاریگەری دەرەکی لەسەر بڕیاری ناوخۆییان رزگاریان بێت. کاتێك کریستیان بەهێزو یەکگرتوو بوو، گوێبیستی ململانێی سوننە – شیعە نەبووین لە لوبنان. فۆرمی لوبنان وەك نیشتمان بەهێزتر بوو لە ئاژاوەو ناکۆکییەکانی خۆرهەڵات. خۆشەویستی نێوان لوبنانییەکان بەهێزتر بوو لەو رق و کینەیەی لە خۆرهەڵات هەیە، پێگەی ئایینەکان بە پێگەی تائیفەکان باڵاتر بوو، تائیفەکانیش لە مەزهەبە ئایینیەکان دیارتر بوون. ئەمڕۆ بەتایبەتی ئایا سەرۆك کۆماری مارۆنی لوبنان نییە لە رێگەی دەستەی دیالۆگی نیشتمانییەوە هەوڵ بۆ کۆتایی هێنان بەو ململانێیە دەدات؟

کریستیانەکانی لوبنان نەیانتوانیوە رۆڵی خۆیان ببوژێننەوە لە رێگەی یەکگرتوویی ئێستایان، رێگەی ئەوەشیان نییە کە سوود وەربگرن لە هەموو رووداوەکانی لوبنان و ناوچەکە لە رێگەی پچڕینی دەستکەوتی کاتییەوە وەکو گۆڕینی حکومەت یان دارشتنی یاسای هەڵبژاردن یان داواکردنی پۆست و دامەزراندنی ئیداری یان پێدانەوەی رەگەزنامە بەوانەی لە تاراوگە دەژین. سەرجەمی ئەم دەستکەوتانە کە بۆ ئەم قۆناغە گرنگن بە پەراوێزخراوی دەمێننەوە، بێ ئەوەی لە مەودای دوور یان مامناوەند دا کاریگەرییان هەبێت.

پێویستە کریستیانەکان سوود وەربگرن لە قۆناغی گۆڕینی رژێم و قەوارەکان بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین سەرلەنوێ بخەنەوە بەرباس، هەروەك لەدوای هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کردیان، ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە وردەکارییەکان. لە رابردوودا کاتێك قەوارەکان بچوك

بوون، خەونی ئێمە لە خۆرهەڵات گەورە بوو، چەندین قەوارەی تێکەڵاومان دروستکرد، دڵمان پێیان خۆشبوو، بە دڵ و گەوهەرو پەیام و نموونە و ئەزمون مەزەندەمان دەکرد، لە بەردەم عەرەبە شمولییەکان و ئیسرائیلییە رەگەزپەرستەکان، تەنانەت لە بەردەم خۆرئاوای تاکڕەوانەدا شانازیمان پێوە دەکرد، بەڵام هەرزوو لەناویان برد. لەو فۆرمەی لوبنان جگە لە شەوە ئەفسوناوییەکانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان کە لە چوارچێوەی چینێکی کۆمەڵایەتی سنورداردا بوونی هەبوو، ئێستا شتێکی تر نەماوەتەوە.

ئەمڕۆ قەوارە گەورەکان بەرەو پووکانەوە دەچن، بۆیە پێویستە لوبنانییەکان بەگشتی و کریستیانەکان بەتایبەتی بوێرانەو جددیانە بیرێك لە فۆرمی دەستووری دەوڵەتی لوبنان بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بوون و تایبەتمەندێتی و رۆڵ و پێگەیان مسۆگەر بکەن. ئایا ئەمە لەژێر سایەی دەوڵەتی کۆنی لوبناندا دەبێت؟ یان لە سایەی دەوڵەتێکی نوێ کە لەڕووی شارستانی و کلتورییەوە پێگەوە گونجاو بێت؟ یان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی نامەرکەزی یان فیدراڵی دەبێت؟ یان دەوڵەتێکە هێشتا ئامادەکاری بۆ دروستکرنی دەکرێت؟

بابێین رێگەچارەی راست بخەینەڕوو بەبێ زیادەڕۆیی و بانگەشەکردن و دابڕاندن لەلایەك، هەروەها بەبێ هەستکردن بە ئەرکی جێبەجێکردنی فەرمانی هیچ کەسێك، یاخود هەستکردن بە شەرمەزاری لەپاڵ ئەو قسانەی لەبارەمانەوە دەکرێت لەلایەکی ترەوە، ئێمە ئێستا لە بەردەم تۆمەتێکی ساختەدا نەوەستاوین بەزیاد یان بەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە لوبنانی گەورەمان دروستکرد، هەندێك هەوڵیان دەدا گۆشەگیرمان بکەن. گرنگترین شت ئەوەیە هاووڵاتی باوەڕی هەبێت کە یەکبوون هیچ بەهایەکی رەهای نییە، دابەشبوون بەهایەکی رەهای نییە، بەڵکو تەنها یەك بەهای رەها هەیە، ئەویش ژیانی مرۆڤە بە ئاشتی و ئازادی و کەرامەت و ئارامی.

# خاچەکەی خۆرئاوا دابنێ، خاچەکانی خۆرهەڵاتمان بەسە

# 14ی ئەیلولی 2012

جەنابی پاپای داهاتوو: خاچەکەی خۆرئاوا بخەرە ئەولاوە و داینێ، چونکە خاچەکانی خۆرهەڵاتمان بەسە. بە درێژایی (2000) ساڵ بەرزمان کردەوە وەك شەهادەتێك بۆ برایەتی مرۆڤایەتی، بەڵام شەهیدانی یەکتاپەرستی لەسەری لەخاچ دران. ئێمە وەك یەکێ لە خۆمان پێشوازیت لێدەکەین، لەبەر ئەوەی تۆ سەرۆکی گشتی کڵێسای، تۆ تەنها کوڕی ئەڵمانیا یان ئەوروپا یان خۆرئاوا نیت کە ماڵی کۆچی مەسیحین، بەڵکو تۆ کوڕی ئەم خۆرهەڵاتەی، کە خاکی نەشونومای مەسیحیەتە. بەو پێیەش تۆ کوڕی ئۆرشەلیم و قانا و کفرناحومی، تۆ کوڕی بەیت لەحم و ناسرە و جەلیلی، کوڕی ئەفامیا و ئەنتاکیەی، کوڕی بەغداد و دەشتی نەینەوا و (صیدا و صور)یت.

گەورەم پاپا، لەبیرم دێت ئەو ژنە فینیقیەی کە کچی باشوری لوبنان بوون کە پێشئەوەی کچەکەی لە نەخۆشیەکەی چاکبێتەوە باوەڕی بە یەسوع هێنا، جولەکەکان هێشتا بێباوەڕ بوون لە کاتێکدا هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانیان لێ بینی. ئەو ژنە هێشتا لەسەر خاکەکەی دەژی. کچەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ یەك پیاو کردو چەند منداڵێکی لێی بوو، گەورە بوون و زۆربوون و بڵاوبوونەوە. هەیانبوو بە کریستیانی مایەوە و هەشیانبوو موسڵمان بوون، بەڵام هەموویان فیداکاری لوبنان بوون. فیداکاری ستراتیژی مانەوە و سەرچاوەی دڵنیایی ئێمەیە.

گەورەم سەردانەکەت، شایستە، گرنگ و باڵا، شارستانی و روحی بوو. بیری میوانێك دەکەین بێت بۆلامان کە ئارام و دڵ نەرم بێت، میوانێك کە لە ناخیدا کینە و ستەمی هەڵنەگرتبێت، هەڵگری تەوەرە و پرۆژەکانی راسپاردەخوازی

نەبێت. ئەوەندەمان بەسە دەستەکانت پیرۆزی ببەخشنە هەموو لوبنان.

ئەی پیرۆزترین باوك، کاتێك پێت دەخەیتە سەر خاکی خۆڕاگر و ئازادیخواز و بەرخۆدەری لوبنان کە دژی هەزار داگیرکەر وەستایەوە، ئومێدی هەڵاتنی سەردەمێکی نوێ دەکەین بەسەر خۆرهەڵاتدا، بەو هیوایەی قیامەتی چاوەڕوانکراومان بەسەردا بێت نەك، پاشاگەردانیەکی تر. کاتێك پاپای پێشخۆت (یوحەننا پۆڵسی دووەم) لە ساڵی 1997 سەردانی کردین ، تەنها لوبنان بوو لە بەهارەکەی خۆی دەگەڕا ئەوەبوو لە ساڵی 2005دا دۆزییەوە، بەڵام ئەمڕۆ کە سەردانمان دەکەیت هەموو جیهانی عەرەبی لە بەهارەکەیان دەگەڕێن، بەڵام هێشتا نەیاندۆزیوەتەوە. کاتێك پاپای پێشخۆت سەردانی کردین، لوبنان بریتی بوو لە رژێمێکی ئاسایشیی بێ دەوڵەت، بەڵام ئەمڕۆ لوبنان چەند دەوڵەتۆکەیەکە بەبێ رژێم. کاتێك پاپای پێشخۆت سەردانی کردین، کریستیانەکانی لوبنان یەکڕیزو یەکگرتوو بوون، سەرەڕای بوونیان لە تاراوگە و لەناو زیندانەکاندا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازادن و لەسەر خاکی نیشتمان دەژین، بەڵام دابەشبوون. دوێنێ ئەشکەنجە و مەینەتییەکانی کریستیانەکان لە بەرژەوەندییەکانیان بەهێزتر بوو، ئەمڕۆ بەرژەوەندخوازی سەرکردەکانیان لە ئازار و ئەشکەنجەکانی گەلەکەیان بەهێزترە.

لە کاتی مانەوەت لە نێوانماندا ئەی باوکی پیرۆو، سەرەڕای دۆخی شەڕ کەسانێکی زۆر باش دەبینی، چەند گروپ و کۆمەڵێك دەبینی سەرەڕای لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی، باوەڕییان بە ژیانی هاوبەش هەیە، ئەو تائیفانە دەبینی کە سوورن لەسەر رزگارکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کریستیانەکان و موسڵمانەکان سەرەڕای فراوانبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی ئوسوڵی و سەلەفیەت و کوفراندن. ئەی باوکی پیرۆز، لە لوبنان گەلێك دەبینی پشوودرێژە لەسەر رێگەگرتن لە دەستکاریکردنی پەیامە ئاسمانییەکان و شۆڕشی گەلان و ناسنامەی لوبنان. بە گەلێك ئاشنا دەبیت

ئامادەیە گیانی بەخت بکات لەپێناو ئەو بەهایانە. بۆیە ئەی باوکی پیرۆز ئەوەت بیر نەچێت کە تۆ لە رۆژی شەهیدبوونی سەرۆك بەشیر ئەلجومەییل دەگەیتە لوبنان، کە لە جوانترین سەردەمدا سەرۆکی لوبنان بوو، سەردەمی 21 رۆژە و رووبەری (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشە.

بە رێکەوت نییە کە بە تایبەتی سەردانیکردنی لوبنان هەڵدەبژێریت، نـەوەك میسر یان عێراق یان سوریا و هەر جێگەیەکی تر لە وڵاتانی خۆرهەڵات کە کریستیانەکان تێیدا لە ئازار و مەینەتی رۆژانە و چارەنوسسازدا دەژین، بە پێچەوانەی ئەو کریستیانانەی لوبنان کە بەسەر بێهیوایی و دەردەسەرییەکاندا سەرکەوتن و باوەڕییان بە لوبنان و مەسیح و پێکەوەژیان لەگەڵ ئەویتردا هێناوە بێئەوەی پشتیان لە هەر داگیرکەرێك کردبێت ئەگەر دۆستیش بێت. گەورەم بژاردەی سەردانت بۆ لوبنان، پەیامێکە بۆ ئەوانەی مەیەستیانە و پەیوەندیدارن کە ژمارەیان زۆرە، بەوەی کە بوونی کریستیان لە لوبنان هێڵی سوورە و بوار نییە بکرێتە قوربانی لەسەر تەوری بەهاری ئیسلامی. پاشان پێویستە بەهێزو پتەوتر بکرێت و بپارێزرێت بۆ ئەوەی رۆڵی نیشتمانی و شارستانی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بەو شێوەیەش دەبێتە شایەتحاڵێکی زیندوو وریا و پاسەوانی پێگەی کریستیانیی خۆرهەڵاتی.

شۆڕشەکانی بەهاری ئیسلامی گۆڕانکاری لە شارستانیەتی خۆرهەڵاتی کرد زیاتر لە گۆڕانکاری لە رژێمەکانیدا، هەروەها گۆڕانکاری لە فۆرمی ئیسلامدا کرد زیاتر لە گۆڕانکاریکردن لە دەوڵەتەکان. پێدەچێت ئەو گۆڕانکارییەی تا ئێستا روویداوە، لانیکەم گواستنەوەیە لە مەمالیکە دەرياييەکانەوە بۆ مەمالیکەکانی نیشتەجێی قەڵاو بورجەکان. گەورەم هەڵبژاردنی سەردانت بۆ لوبنان، پەیامێکە بۆ ئەوانەی مەیەستیانە و پەیوەندیدارن کە ژمارەیان زۆرە، بەوەی کە گۆڕان لە لوبنان و خۆرهەڵات بەبێ کریستیانەکان تێناپەڕێت و روونادات، بەڵکو بە بەشداری و ئامادەیی ئەوان روودەدات، بەو پێیەی کە خانەخوێی ئەم نیشتمانەیە، چونکە مەسیحیەت بەشدارێکی سەرەکیە

له دیاریکردنی چارەنوس و ئاینده. مەسیحیەت ئەندامی دامەزرێنەری شارستانیەتی خۆرهەڵاتە، بەگوێرەی مێژوو مافی ڤیتۆی هەیە لەسەر هەر گۆڕانکارییەك کە لەگەڵ بەهاکان و ئازادی و شکۆی مرۆڤ و بەرژەوەندی کریستیانەکاندا وەك هاوڵاتی و باوەڕدار ناگونجێت.

هەرچەندە کریستیانەکانی لوبنان و خۆرهەڵات هەوڵدەدەن خۆیان لە رووداوە سەربازییەکان بپارێزن، بەڵام پابەندن بە پرسی ئازادی مرۆڤ و گەلان لەم خۆرهەڵاتەدا. زۆربەی ئەو بزووتنەوە گۆڕانخواز و پێشکەوتنخوازانەی کە لە خۆرهەڵاتدا دروست بوون، لەلایەن کریستیانە عەرەبەکان یان ئەو موسڵمانانەوە بەرپابوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری فکری مەسیحیەوە. لەبەر ئەوە، ئەی قەشەی مەزن، کریستیانەکانی لوبنان و خۆرهەڵات هەرچەندێك گوتن و قسەیان جیاواز بێت، هەموو ئەو رژێمە عەرەبییانەی ئێستا رەتدەکەنەوە، چونکە داپڵۆسێن و ستەمکارنن و بەرامبەرەکانیان دەچەوسێننەوە و رێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرن. بەڵام ئەوەی ناهێڵێت پابەند بین لە خەباتی کراوەوە، بریتیە لە خلیسکان و لادان لە رێڕەوی گۆڕان، چونکە شۆڕشەکان پێشئەوەی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئێستا بۆ دواجار بڕوخێن، سیستمە دیموکراسیە نوێکانیان یاساغ کرد.

سەرەتای سیستمە تازەکان نیگەرانی کریستیانەکان و هەموو هاوڵاتیەکی عەرەبی ئازاد دەسەلمێنێت، ئەوەش بەهۆی پشتبەستنیان بە شەریعەتی ئایینی وەکو سەرچاوەیەك بۆ یاسادانان، بۆیە لەباتی یەکسانی جیاکاری روویدا. لێرەدا گەورەم پێموایە بەوانە دەڵێیت کە ژمارەیان زۆرە و بەم پرسەوە پەیوەندیدارن، کە هیچ کەسێك مافی نییە بە ناوی ژمارەوە بڕیار لە چارەنوسی لوبنان و خۆرهەڵات بدات، بە تایبەتی کە ئەو ژمارەیە تەنها خۆبەخشە بە باوەڕهێنان و باوەڕداری و موژدەبەری. پێشموایە تۆ بەوانە بڵێیت کە ژمارەیان زۆرە و پەیوەندیدارن: ئێوە لە حوکمکردنی خۆرهەڵاتدا شکستتان هێنا، بۆیە تەوازوع بنوێنن، لاوازیتان بە گۆڕینی ئایدۆلۆژیای

چەقبەستوو تەنها بە گۆڕینی رژێمە گەندەڵەکان پەردەپۆش مەکەن و لەنێوان هەردوو شکستەکەدا (شکستی ئایدۆلۆژیا و شکستی رژێمەکان) هەوڵ مەدەن کریستیانەکان لەسەر رێگەی خۆتان دوور بخەنەوە.

لەبەر ئەوە گـەورەم، ئەوەی لە کریستیانەکانی لوبنان و خۆرهەڵات دەخوازرێت ئەوە نییە کە پاڵ بە بەهاری عەرەبییەوە بدەن، بەڵکو ئەوە لەوانە داواکراوە کە بەهارێکی عەرەبی راستەقینەیان دەوێت کە باوەڕییان بە بەها جیهانییەکان هەبێت، کریستیانی و ئیسلامی وەکو یەك. ئەوەی لە بەهاری عەرەبی دەخوازرێت ئەوەیە کە لە بەهاری لوبنان و ئیسلامی لوبنان بچێت نەوەك بە پێچەوانەوە. ئێمە ناچینە ریزی کەسەوە: نە ئەو کەمینانەی کە دەیانەوێت خۆرهەڵات هەڵبوەشێنن، نە ئەو زۆرینانەش کە دەیانەوێت خۆرهەڵات کۆنترۆڵ بکەن و دەستی بەسەردا بگرن، ئێمە لەگەڵ رۆڵەکانی خۆرهەڵات بە ئازادی دەژین بە مەرجێك هیچ کامیان بانگەشەی ئەوە نەکات کە بە تەنها خۆی بە خاوەنی بزانێت و ئەوانی تریش بە کرێگرتە دابنێت. گەورەم بژاردەی سەردانت بۆ لوبنان، پەیامێکە بۆ ئەوانەی مەیەستیانە و پەیوەندیدارن کە ژمارەیان زۆرە، بەوەی کە ئاراستەی رێکردنی ڤاتیکان لە خۆرهەڵاتدا بەرەو رێزلێگرتنی فرەیی و ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئایینەکانە. وەك ئەوەی بتەوێت بە موسڵمانەکان بڵێیت: جولەکەکان مەسیحیەتیان رەتکردەوە، بەڵام ئێوە دژایەتی مەکەن، ئەوەش لە سورەت و ئایەتەکانی قورئاندا بە چاکترین شێواز باسی لێوە کراوە. کەسی یەهودی نکۆڵی لە مەسیح دەکات بۆ ئەوەی وەکو یەهودی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر موسڵمان نکۆڵی لە بوونی بکات مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئەهلی کیتاب بکات، ئەوا تانەی لە موسڵمانبوونی خۆی داوە. گەورەم، ئەوەی زیاتر لەم راستیە تێگەیشتووە موسڵمانی لوبنانیە، لەبەر ئەوە من لەبەردەمی تۆدا شانازی و خۆشەویستیم بۆ موسڵمانی لوبنانی رادەگەیەنم.

گەورەم سەردانکردنت بۆ لوبنان، پەیامێکە بۆ ئەوانەی پەیوەندیدارن بەو پرسەوە و ژمارەشیان زۆرە، ئەوەش لە پێناو رزگارکردنی ئەزمونی لوبنان و پاراستنی لە رووخان، چونکە رووخانی تەنها بەرۆکی لوبنان ناگرێت، بەڵکو هەموو ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە کریستیانەکان و موسڵمانەکان پێکەوە لەناو یەك دەوڵەتدا دەژین. پێشدەچێت ئەم پەیامە دوایین بانگەواز بێت لەپێش هەرەسهێنانی یەکێتی لوبنان، چونکە کەوتنی فۆڕمی لوبنان لە ناوەندی ئەوەی لە دەوروبەرماندا روودەدات، پاساوگەلی یەکبوونی قەوارەی لوبنان لاواز دەکات. ئەی باوکی پیرۆز، ئەگەر هاتنەکەت چەندین پەیامی جۆراوجۆر بۆ خۆرهەڵات لەخۆ دەگرێت، بانگەواز و پەیامێکیشە بۆ خۆرئاوا، بانگەوازێك کە تێیدا داوا لە خۆرئاواییەکان دەکەیت، بە گەل و فەرمانڕەواکانیانەوە کە رێز لە مێژوویان بگرن، چونکە رەگی کریستیانبوونیان لێرەیە، وا لەم خۆرهەڵاتە مەزنەیە. بانگەوازێکە تێیدا هۆشدارییان پێدەدەیت لە بەرامبەر مەترسییەکانی کەوتنی مەسیحیەت لە خۆرهەڵات. ئەو کاتەش مەسیحیەتی خۆرئاوا وەکو لقێك بەبێ رەگ دەمێنێتەوە، (ڤاتیکان)یش وەك دەوڵەتێك لە تاراوگە دەبێت. لە بنەڕەتدا، شارستانیەتی ڤاتیکان دوور لە ئۆرشەلیم، یەکەمین دەوڵەتە کە دوور لە خاکی خۆی و بە پاڵشتی گەلێکی خواستراو درووست بووە.

ئۆرشەلیم خۆی ڤاتیکانی دایکە، ئێمەش کریستیانەکانی مەسیح و ئینجیلەکانین، ئێمەین پەیامبەر و پەیامەکانی، ئێمەین رێباز و بەروبوومەکەی، ئێمەین ئاشتی و خۆڕاگریەکەی، ئێمەین سەربازەکانی و شەهیدەکانی، ئێمەین دەرکەوتە و بەرجەستەبوونەکانی، ئێمەین هەر پێنج برینەکانی و خاچە نورانیەکەی، ئێمەین مردن و ژیانی و رۆژی دواییەکەی، ئێمەین موژدە نوێبۆوەکەی. ئەی باوکی پیرۆز، ئایا ئەوە رەوایە کە یەهودییەت بەزۆر بگەڕێتەوە بۆ خۆرهەڵات، بەڵام مەسیحیەت بە نابەدڵی جێی بهێڵێت؟ ئایا رەوایە فەتحی ئیسلامی بۆی بگەڕێتەوە، بەڵام کەس نەبێت کڵێساکانی ئەو

هەوارە بکاتەوە؟ مەسیحیەت بریتیە لە ئایینی بڵاوبوونەوە نەك ئایینی کۆچ و ئاوارەبوون، مەسیح موژدەهێنەرە نەك کۆچبەر.

ئەی باوکی پیرۆزمان، ئێمە دەزانین کە تۆ چارەسەرت بۆ نەهێناوین، بەڵکو نیعمەت پێیە بۆمان. چارەسەرەکان لە خۆرهەڵات زۆرن، بەڵام نیعمەتەکان کەمن، ئێمەش پێویستیمان بە نیعمەتە بۆ بەدیهێنانی چارەسەرە بوێرانە و بەردەستەکان بۆ هەموو ئەو پرس و کێشانەی هەن، ئایا کێشەی ئایینی یان دەستوری بێت. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی کۆمەڵێك ئامۆژگاری و ڕێنومایی و ساتی هیوابەخش و پاکبوونەوەی بیروهۆش و رونبوونەوەی تێڕوانین لە تۆ دەکەین. ئا ئەمەیە روانگەی ئاشتی لەنێوان گەلان. خۆرهەڵات لە ئایینەکانی کەم نییە، بەڵکو لە باوەڕدارانی کەمە، خۆرهەڵات لە سەرکەوتنەکانی کەم نییە، بەڵکو لە ئاشتی کەمە. بەڵام ئیتر کاتی هاتووە خۆرهەڵات کەلتوری باوەڕداری پاك و سەرکەوتنی شارستانی پەخش بکات. سەرکەوتنەکانمان ننەخشێنراون بە شەڕ، هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنێك ئەگەر بۆنی خوێن و وێرانکاری و پاوانخوازی لێنەیات بە سەرکەوتنی دانانێین.

فکر، داهێنان، پێکەوەژیان، لێبوردەیی، ئاشتی، پێکهاتن و ئاشتەوایی، بە دیدی عەرەب هەمووی شکست و دۆڕانە، چونکە لێرەدا چەمکی سەرکەوتن بریتیە لە دژایەتیکردنی بەرامبەر، لە کاتێکدا کە باڵاترین سەرکەوتنی مرۆیی بریتیە لە سەرکەوتنی ئاشتیانە لەگەڵ ئەویتر و لەپێناو ئەودا. من وەکو مەسیحیەك ئامادەم لە پێناو موسڵمانەکاندا بمرم، چونکە دەمەوێت لەگەڵیاندا بژیم. ئەی باوکی پیرۆزمان، هیوادارم ئەم سەردانە سەرەتای دەستپێکردنی سەردانەکەت بێت، بەڵکو پەیامت بێت بۆ لوبنانییەکان و عەرەب و فارسەکان.. بەخێر بێیت بۆ ماڵەکەمان.

-5-

# لە بۆتەی پەیوەندییەکانی لوبنان – سوریا

# سوریا پاشەکشەی کردو لە لوبنان دەرنەچوو، گەڕایەوە و نەهاتە ناوەوە

# 4ی تەمووزی 2007

جارێکی تریش، بوونی فەلەستینی لە لوبنان وەك بنەمایەك بەکاردەهێنرێت بۆ بەرپاکردنی شەڕ لە دژی دەوڵەت و قەوارە و فۆڕمی لوبنان. بەڵکو ئەمجارە بە سێ جیاوازیەوە دەرکەوت: جیاوازی یەکەم ئەوەیە کە سوپای لوبنان، نەك حزبی مەسیحییەکان، سەرەڕای ئەو ناکۆکیەی سەبارەت بە شەرعیەتبوونی دامودەزگا دەستوریە سەرەکییەکان (سەرۆکایەتی کۆمار، حکومەت، ئەنجومەنی نوێنەران) هەیە، رووبەڕووی شەڕێکی تازە بۆوە. جیاوازی دووەم ئەوەیە کە سەرجەم تائیفە مەسیحی و ئیسلامییەکانی لوبنان پشتیوانی سوپای لوبنانییان کرد لە رووبەڕووبوونەوەکەیدا، سەرەڕای ئەو دابەشبوونە سیاسیە توندو بەهێزەی کە لەنێوان هەردوو بەرەی 8 و 14ی ئاداردا هەیە. جیاوازی سێیەمیش ئەوەیە کە رێکخراوە فەلەستینیە سەرەکییەکان، سەرەڕای ئەو دابەشبوونە بەهێزەی لەنێوان هەردوو بزوتنەوەی فەتح و حەماس هەیە، دژی پرۆژەکەی بزوتنەوەی (فتح الاسلام) وەستانەوە. بەڵام ئەو هەڵوێستەی سوپای لوبنان مانای گەڕانەوەی دەوڵەت و کەوتنی دەوڵەتۆکەکان ناگەیەنێت، هەروەها هەڵوێستی لایەنەکانی لوبنانیش یەکبوونی نیشتمان و روخانی پرۆژە تائیفی و مەزهەبییەکان بەرجەستە ناکات، هەڵوێستی رێکخراوە فەلەستینییەکانیش یەکبوونی بڕیاری فەلەستینی پشتڕاست ناکاتەوە لە هەمبەر لوبنان و کەوتنی پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی فەلەەستینییەکان لەناو خاکی لوبنان.

هێشتا رووداوەکان لە سەرەتادان و پێدەچێت بەمنزیکانە چەند گۆڕانکارییەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی سەرهەڵبدەن و کاربکەنە سەر

ڕێڕەوی ئێستای لوبنان و ڕەهەندو دەرهاویشتەکانی ساتی تەقینەوەی بارودۆخەکە ئاشکرا بکات. ئەگەر بێتە ئەو پێشوەچوون و گۆڕانکاریە دەرەکییانە روونەدەن، سوریا لە ئایندەیەکی نزیك مەودا بە شێوەیەکی سەرەکی سودمەندی یەکەم دەبێت لەو ڕووداوانەی کە لە خێوەتگەی (نهر البارد) و خێوەتگە فەلەستینییەکانی دیکەدا ڕوودەدەن، تەنانەت ئەگەر شەڕەکە لە بەرژەوەندی سوپای لوبنانیش یەکلایی بێتەوە.

لە ڕێگەی ڕووداوەکانی خێوەتگەی (نهر البارد)، سوریا لە تۆمارکردنی چەند ئامانجێکی ژیرانەدا لە زیاتر لە گۆڕەپانێکی لوبنانی و عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی سەرکەوتوو بوو، دیارترینیان ئەمانەیە:

1. ئەو باری ناسەقامگیرییە سەرتاسەرییەی لوبنان کە حکومەتی لوبنانی پەرێشان کردبوو، چەندین بۆچوون و پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا سەبارەت بە ئاستی توانای دۆخەکە لەسەر بەرهەمهێنانی ئاژەڵ و حوکمکردنی وڵات و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی میللی، جگە لە بەدیهێنانی سەروەری نیشتمانی راستەقینەو سەربەخۆییەکی بەردەوام.

2. هەوڵدرا بۆ بەرجەستەکردنی ئەزموونێکی بەرایی لە لوبنان کە هاوتەرا بێت لەگەڵ ئەزموونی (هەرێمی غەززە) و بە یەك گوژم سێ لایەن تێیدا بکرێنە ئامانج: یەکبوونی هێزە فەلەستینییەکان، یەکبوونی دەوڵەتی لوبنانی، یەکبوونی هێزە سوننییەکان لەناو پایتەختی یەکەم (تەرابلوس).

3. لەو قۆناغەدا تیشك خرایە سەر مەترسی تیرۆری سوننی لەکاتێکدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا لە گفتوگۆدا بوون لەسەر پرۆژەی پاڵپشتیکردنی حاڵەتی سوننی لە سوریا و لوبنان لەسەر حسابی شیعەکان و کریستیانەکان و عەلەویەکان و تێکڕای کەمینەکانی تر، ئەوەش لەسەر شێوازی ئەوەی لە تورکیاو ئەردەن دەگوزەرێت. دەرکەوتنی تیرۆریزمی ئوسوڵی سوننی بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستێك لەلای رەوتە سوننیە نیشتمانی و میانڕەوەکان، بۆ نموونە وەك ڕەوتی (المستقبل)، بەوەی کە

خۆی لەناو قەفەسی تۆمەتباریدا بینییەوە، چونکە لە قۆناغەکانی رابردوودا دڵسۆزانە هەوڵی دەدا بۆ لەئامێزگرتنی ئەو رەوتە ئوسوڵیانە بە ئامانجی پەلکێشکردنیان بۆ لای خۆی، بەڵام شکستی هێنا.

4. ئەو قۆناغە چەند گومانێکی بە پاساو و بێ پاساوی لەلای بەشێك لە کۆمەڵگای کریستیانی لوبنان دروستکرد سەبارەت بە ئاستی راستەقینەیی هاوپەیمانی لەگەڵ رەوتی سوننی و ئەژمارکردنی بەوەی کە لەچاو رەوتی شیعیەوە مەترسی لەسەر رژێم و قەوارەی لوبنان کەمترە، ئەگەر بزانین کە کریستیانەکان ئەوەیان لێ داوا نەکراوە کە بەراوردکاری لەنێوان لوبنانیەکاندا بکەن.

5. ئەو بارودۆخە دەرفەتێکی گونجاوی هێنایە بەردەست بۆ لێدانی رێکخراوە تیرۆریستی و ئوسوڵیە سوننیەکانی دیکە، کە ئەمە خواستێکی هەمیشەیی و پێویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، هەر لە روسیاوە تا دەگاتە ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا. سوریا لای خۆیەوە بەم کارە هەستاو لە خاکی لوبنانەوە لە رێگای سوپای لوبنانییەوە دەستیپێکرد.

6. ئەو دۆخە بابەتی گەڕان بەدوای چارەنووسی بوونی چەکی نایاسایی لە لوبنان گۆڕی لە ئەولەویەتی داماڵینی چەکی حزبوڵڵا بۆ داماڵینی چەکی فەڵەستینییەکان، هەروەها دەرگای خۆپڕچەککردنی لە بەردەم سەرجەم گروپ و تاقمە لوبنانیەکاندا ئاوەڵا کرد، لە ترسی رووادنی کارەساتی مەزن و بێدەسەڵاتی سوپای لوبنان لە یەکلاییکردنەوەی رەوشی بارودۆخی سەربازی لەکاتی شڵەژان و تەقینەوەیدا لە زیاتر لە ناوچەیەکی لوبنان.

7. ئەو بارودۆخە دۆسیەی بوونی فەڵەستینیەکانی لەسەر خاکی لوبنان کردەوەو پاڵی بە رێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینییەوە نا، بەتایبەتیش بزوتنەوەی فەتح بەرەو گرتنەبەری رێگەی دیمەشق لە پێناو دانوستان لەگەڵ رژێمی سوریادا دەربارەی رەوشی فەڵەستینییەکان لە لوبنان و لەسەر خاکی بەدەستهێنراوی فەڵەستین.

8. ئەو بارودۆخە پاڵپشت بە هۆشیاری سەرکردەکانی هەردوو مەزهەب، ململانێیەکی سوننی – سوننی بۆ ململانێی سوننی - شیعی زیادکرد، ئەوەش بەهۆی ئەو خواستە تیرۆریستی و جیهادییە پاوانخوازیەی کە لەناو بزوتنەوە سوننیە ئوسەڵییەکاندا بوونی هەیە، هەر لە ئەفغانستانەوە تا دەگاتە لوبنان و فەڵەستین و عێراق و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی – فارسی.

9. سوپای لوبنان پێی نایە ناو چەقی پێگەی بەدەستهاتووی سەرۆکایەتی، چونکە رووداوەکانی خێوەتگای (نهر البارد) قارەمانێتی و یەکێتی ریزەکانی سوپای لوبنانی دەرخست، هەروەها ئـەوەی نیشاندا کە ئەو دەزگا سەربازییە نیمچە تەنهایە هەر خۆی لەم دەوڵەتە هەڵوەشاوەیەی لوبنان ماوەتەوە، جگە لەوەش لەکاتی کێشمەکێشمی ناو پێکهاتەکانی سیستمی لوبنان بووەتە ئەڵتەرناتیڤ و پەناگەیەکی نیشتمانی بەدەر لەو دەستەو تاقمە سیاسییە گەندەڵ و شکستخواردووەی کە هەیە.

پێناچێت سوریا کە بزوێنەری رووداوەکانی ناو خێوەتگەی (نهر البارد) بوو، مەبەستی بووبێت ئەو هەموو دەستکەوتە بەدیبێنێت، بەڵام ئەوەی روویدا بۆی لوا. لەنێوان لوبنان و فەڵەستین و عێراقدا، سوریا لەدوای پاشەکشە سەرشۆڕانەکەی لە لوبنان، توانی چەند بەشێك لە کارتە لوبنانی و فەڵەستینی و شیعی و سوننی و کریستیانەکان بۆ خۆی بەدەستبهێنێتەوەو ببێتەوەو بە رێڕەوێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆسیە. مادام هیچ گۆڕانێك لەم هاوکێشەو دەرهاویشتە تازانەدا روویندەدا، بۆیە دەستپێشخەرییەکان و ناوبژیکارییەکان بە شێوەیەکی گشتی روویان لە شکست کرد، بەوپێیەش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لوبنان بە شێوەیەکی دیموکراتیانە پرۆژەی سەروەری و سەربەخۆیی تەواو دەکات، بەڵام ئەوە پرسێکە جێگەی تێڕوانینە.

هەرچەندە هەموو ئەو خاڵانەی کە سوریا بۆ خۆی تۆمار کردوون بەس نییە بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی گۆشەگیری و دەستکردنەوە بە پەیوەندی

بەستن لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. کەواتا، ئەگەر رژێمی سوریا وا دەزانێت خۆی لە مەترسییەکانی کەوتنی تەواو بەدوور گرتووە، لەڕاستیدا وانییە، چونکە قەوارەی سوریا زیاتر لەهەر دەوڵەتێکی تر لەژێر هەڕەشەی توشبوون بە پەتای عێراقیدایە. لەبەرئەوە کاتی ئەوە هاتووە سوریا بە خێرایی درك بەوە بکات کە بەشداریکردنی لە یانەی دەوڵەتە خاوەن شارستانی و کاریگەرەکان لە روانگەی هەرێمی جیهانی هەر ئەمڕۆ دەبێت بکرێت لە رێگەی چەند هەنگاو و دەستکەوتێکی ئەرێنی وەك پاراستنی ئاسایش و ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، نەك لە رێگەی چەند هەنگاوێکی نەرێنی وەك نانەوەی ئاژاوەو پشتیوانیکردنی تیرۆرو خۆشکردنی ئاگری (نهر البارد)ـەکان. سوریا لە لوبنان کشایەوە بێئەوەی لێی دەربچێت، ئێستاش خەون بە گەڕانەوە دەبینێت بێئەوەی هێز بهێنێتەوە ناوی.

# ئیشکالیەتی پەیوەندی لەنێوان ئاراستەکانی رژێمی سوریا و فرەیی کۆمەڵگەی لوبنان

## 29ی نیسانی 2010

لە یادی پێنجەمین ساڵڕۆژی کشانەوەی سوپای سوریا لە لوبنان بە تەنها، هێشتا پەیوەندییەکانی نێوان لوبنانییەکان دیلی پەیوەندییەکانی لوبنان - سوریان و پەیوەندییەکانی نێوان لوبنان - سوریاش بەندە بە پەیوەندییەکانی سوریا لەسەر ئاستی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. لێرەوە: هیچ یەکبوونێکی لوبنانی بەبێ بوونی پەیوەندییەکی باشی سوریا - لوبنان، بوونی نییە، هەروەها هیچ پەیوەندیەکی لوبنانی باش لەگەڵ سوریا بوونی نەبێت بەبێ تێگەیشتنی ڕۆڵی سوریا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن لوبنان و تێگەیشتنی تایبەتمەندێتی لوبنان لەلایەن سوریاوە.

تا ساتەوەختی پێگەیشتنی نیعمەتی ئەو لێکتێگەیشتنە هاوبەرامبەرە، کە لە ئایندەی نزیکدا چاوەڕوانکراو نییە، بۆیە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و لوبنان تەنها لەسەر دۆسیە دووقۆڵیە ناسیاسییەکان و پەیوەندیە ئەمنییەکان چڕ دەبێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دۆسیە پەیوەندیدارەکان بە ململانێکانی ناوچەکە هەر بە ناکۆکی ئامێز دەمێننەوە، وەك پڕچەککردنی حزبوڵڵا، بڵاوبوونەوەی چەکی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگاکان، بەرەی باشوری لوبنان، دیاریکردنی سنورەکانی باشوری خۆرهەڵاتی لوبنان.

لەبەر ئەوە، لەسەر لوبنانییەکان پێویستە وەك دەوڵەت و گروپ و لایەنە سیاسی و تائیفییەکان، کە درك بە راستی تاڵی سنورداریەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سوریا بکەن مادام رژێمی سوریا درێژەپێدانی

دەبەستێتەوە بە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لە لوبنان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەك بە باری ئاسایش لە ناوەوەی سوریا بە تەنها، چونکە تێڕوانینی بۆ قەوارەی لوبنان هێشتا جێگەی گومان و هەڵوەستەکردنە.

بەڵام، ئایا بۆ لوبنان دەلوێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا دۆسیە دووقۆڵییەکان لە دۆسیە فرە ڕەهەندەکان جیا بکاتەوە، بە تایبەتی کە تێکچوونی پەیوەندیە دووقۆڵییەکانی نێوانیان لە بنەڕەتدا بەهۆی دۆسیە فرە ڕەهەندەکانەوەیە نەك بە پێچەوانەوە؟ سوریا دەتوانێت جڵەوی هەموو جۆرە دۆسییەکانی لەگەڵ لوبنان بگرێت، چوننکە دەسەڵاتە میلیتاریەکەی تاکو ئێستا توانیویەتی یەکێتی ناوخۆی سوریا رابگرێت. بەڵام لوبنان توانای گرتنەدەستی هیچ دۆسیەیەکی نییە، چونکە یەکێتی نیشتمانی لوبنان شلوشاوە، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەك لە پێکهاتەکانی لەڕووی ناسیۆنالیستی و ئاینییەوە بە هەندێك سەرچاوە و مەرجەعیی دەرەکیەوە بەندە، لە پێش هەمووشیانەوە سوریا و سعویە و ئێران. حاڵەتی دابەشبوونی لوبنان هانی رژێمی سوریا دەدات بۆ داوبەندکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە لوبنانییەکاندا، لەبری ئەوەی تەنها لەناو دەوڵەتی لوبناندا تەنگەتاوییان بکات. کریستیانەکان ناتوانن لەم پێودانگە پێچەوانەیەی رەسەنایەتی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و ئاسۆ بەرتەسکەدا جیاواز دەربکەون، ئەمەش لانیکەم لەبەر سێ هۆکار:

یەکەم: دەسەڵاتی لوبنان بە پێکهاتەی ئێستایەوە هەڵگری ترس و نیگەرانی کریستیانەکان نییە لە دانوستانەکانی لەگەڵ دیمەشق، نا بەڵکو هەندێك خەڵکی فەرمانڕەوا هەندێکجار پێچەوانەی ئەمە دەبینن.

دووەم: دیالۆگی نێوان سەرکردایەتی سوریا و سەرکردە مەسیحییەکان، بە تایبەتی لەگەڵ مارۆنییەکاندا لەوەتای سەرۆکی کۆچکردووی سوریا حافز ئەسەد لە ساڵی 1971وە دەسەڵاتی گرتبووە دەست نەپچڕاوە، بەڵکو لەنێوان ساڵانی 1976 - 1977دا بووە هاوپەیمانێتیەکی بابەتیانە.

سێیەم: کریستیانە لوبنانییەکان کە پەرۆشن بۆ ڕۆڵی پێشەنگانەی کریستیانەکانی خۆرهەڵات، وا پێویستە ڕێگەکانی پەیوەندی بەردەوام، نەك کاتی لەگەڵ رژێمی سوریادا دەستەبەر بکەن و چاوێك بخشێننەوە بە دوژمنایەتی هاوبەشییان لەگەڵ سوریا و وەك ماددەیەکی خەباتی خۆڕسك بیدەنە قەڵەم، بە تایبەتی کە هەمیشە بەرهەمی ئەو خەباتکردنە جگە لەوان خەڵکی دیکە دەیچننەوە، لەبەر ئەوەی دوژمنایەتیکردن لەنێوان گەلاندا حاڵەتێکی تایبەتیە و دۆستایەتیش حاڵەتێکی سروشتیە. ئەگەر بێتو لوبنانییەکان، بە تایبەتیش کریستیانەکان بڕوایان بەوە هەبێت کە خۆڕاگرییان لە بەرامبەر سوپای سوریا لە پێناو سەروەری و سەربەخۆییدا بوو، شەهیدەکانیشیان لە پێناو لوبنان گیانیان بەخشی، بۆیە ئەو خۆڕاگری و بەرخۆدانەیان ئامانجە گەورەکانی بەدیهێنا و شەهیدەکانیش لوبنانیان رزگار کرد و سوپای سوریاش لە زۆربەی خاکی لوبنان کشایەوە.

ئێستا گرەوەکە ئەوەیە کە کێشە هەڵپەستێردراوەکان لەنێوان هەردوو وڵاتدا بە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و ئاشتەوایی مێژوویی لە نێوانیاندا بەرجەستە بێت، و پەیوەندیە دووقۆڵییەکان ببنە پەیوەندی ئاسایی و شایستە و کۆتایی بە دۆخی دوژمنکاریی بهێنرێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی قەڵەمڕەوی سوریا بەسەر لوبنان وەك قۆناغی پێشووی، ئەوەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکی لوبنانی فەرمی یان سیاسی نوێوە دەبێت. لە هەمان چوارچێوەدا، پێویستە لەسەر کریستیانە لوبنانییەکان بە بوێرییەوە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان و ڕێژەو دەرئەنجامەکەی بخەنە خزمەتی دەوڵەتی لوبنان و سیستم و قەوارەی خاوەن (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشە، چونکە ئەوەی دوێنێ بە ڕاست دەزانرا لەوانەیە ئێستا بووبێتە بابەتێکی جێی پرسیارو هەڵوەستەکردن، بۆیە چیتر نە ئەم قەوارەیە پارێزگاری لە گەورەبوون و تایبەتمەندێتیان دەکات، نە چیتر دەوڵەتی لوبنان ڕۆڵی مێژوویيان دەپارێزێت، نە چیتر ئەم

سیستمەش ئاسایش و ئازادی و کارو پارێزگارییان بۆ دەستەبەر دەکات. کاتی ئەوە هاتووە کریستیانەکان بەرخردانیان بە سۆغرە بوەستێنن، چونکە ئەم دەوڵەتە بۆ ئەوانەیە کە ناسنامەکەیان هەڵگرتووە. هەروەها کاتی ئەوە هاتووە ئەمجارە کریستیانەکان وەڵامێکی تازە و واقیعییان پێبێت بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت «ئایا لوبنانێکی چۆنیان دەوێت»، چونکە وەڵامە میسالیەکانیان لە نێوانساڵانی 1920 بۆ 1943 بەگوێرەی خاڵبەندی بەهۆی قەیران و شەڕەکانی دەیەکانی رابردوو بە لێدانی یەکلاکەرەوە شکستیان هێنا، کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گروپە ئوسوڵیە سەلەفییەکان لەناو مەزهەبە ئیسلامییەکاندا.

هەرچەندە بانگەشە بۆ پێکهاتنەوە و ئاشتەوایی جدی لەگەڵ سوریا وەك تکایەکی هەڵواسراو دەمێنێتەوە ئەگەر دیمەشق دەستپێشخەری نەکات، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو رژێمە ئاماژەی دڵخۆشکەر و راستگۆیانە و پراکتیکیانە نیشانە نەدات. رابـردوو بە ئەزمونە شکستخواردووەکان و بێهیوابوونی هاوبەش و تۆمەتگۆڕینەوەی هاوبەرامبەر بارگران بووە. سەرۆك بەشار ئەسەد، کە بە شێوەیەکی خێرا دانی بە هەڵەکانی رابردووی سوریا لە لوبنان ناوە، ئێستاش لەبری ئەوەی راستیان بکاتەوە، دووبارەیان دەکاتەوە. لە ساتی سەربەخۆییەوە تاکو ئەمەڕۆ، سەرۆکێکی لوبنانی یان حکومەتێکی لوبنانی سەرکەوتوو نەبوون لە بەرجەستەکردنی پەیوەندی ئاسایی و تایبەت و شایستە لەگەڵ هیچکام لە رژێمە دەسەڵاتدارەکانی سوریادا. هەروەها هیچ لایەنێکی کریستیانی نەیتوانی تا کۆتایی و لەسەر بنەمای سەروەری و سەربەخۆیی لوبنان بەردەوام بێت لەسەر پەیوەندیە جێگیرەکانی لەگەڵ رژێمی دەسەڵاتداری ئێستای سوریا. سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسیارێتی ئەو شکستە دەکەوێتە سەر ئەستۆی لێپرسراوانی سوریا ئینجا لوبنانییەکان. بابەتەکە بە چەمکە ئیداریەکەیەوە سنوری بەرپرسیارێتی دەبڕێت بەرەو بەرژەوەندی سوریا بە چەمکە جیۆ- ستراتیژیەکەی.

لوبنانییەکان سوریا بە تەنها دراوسێی خۆیان دەزانن، سوریاش لوبنان بە یەکێك لە دراوسێکانی خۆی دەزانێت. لوبنانییەکان پێیانوایە دۆسیە دووقۆڵییەکانی نێوانیان کێشەی سەربەخۆن، بەڵام سوریا بە دۆسیە فرە رەهەندەکانەوە گرێیان دەدات. لوبنانییەکان سنوری هاوبەشیان لەگەڵ سوریا بە نێوانێك بۆ سەروەری دەدەەننە قەڵەم، بەڵام سورییەکان ئەو سنورانە بە درێژبوونەوەی سەربازی، سیاسی، ئابوری و ئەمنی دەزانن، بەو پێیەش بێت هەموو ئەو شوێنانەی دەکەونە ئەوبەری رووباری گەورەوە بە باشوری سوریا دادەنرێت. لوبنانییەکان پێیانوایە دەستێوەردانی سوریا لە کاروباری ناوخۆیان پێشێلکردنی سەروەری وڵاتەکەیانە، بەڵام سورییەکان ئەوە بە هەڵسوکەوتێکی ئاسایی و سروشتی دەزانن لە بەرامبەر دەوڵەتێکدا کە سەربەخۆییەکەیان پێ هەرس ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لوبنان لەپێش سوریادا یەکی گرتووە و سەربەخۆیی و ئازادی بەدەستهێناوە.

پێش ئەوەی لوبنانییەکان بەرەنگاری سوپای سوریا ببنەوە، تەنانەت پێش ئەوەی هەڵوێستی سیاسی ئاشکرا وەربگرن، بەرپرسان و سەرکردە لوبنانییەکان لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا هەوڵیانداوە لە چوارچێوەیەکی دووقۆڵی و ئاشتیانەدا لێپرسراوانی سوریا رازی بکەن بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاو گلەییە رەواکانی لوبنانییەکان، بەڵام جگە لە بەڵێن هیچیان لێ نەچنیەوە. داواشیان لێکردن وەکو هێزی بەرپەرچدانەوە رێز لە رۆڵیان بگیرێت و دەست لە کاروباری ناوخۆییان وەرنەدرێت و بە بڕیارەکانی لوتکە عەرەبییەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پابەند بێت، رێزی بەندەکانی رێکەوتننامەی تائیف بگرێت، پابەند بێت بە پەیوەندیە دیپلۆماسیە هاوبەرامبەرەکان و سنورە کێشراوەکان و دووبارە بڵاوکردنەوەی هێزەکان بەپێی پێویستی ئەمنی، دواجاریش پابەندبوونی سوریا بە پاشەکشەکردن بێ وەڵام بوو. بە درێژایی سێ دەیە لوبنانییەکان نەیانتوانی رژێمی سوریا رازی بکەن بە لابردنی تەنها یەك بەرگری سەربازیش، بەڵام لە ساڵی 2005دا لە

ئاکامی شۆڕشی ئورز، سوریا هەموو سوپاکەی لە لوبنان کشاندەوە کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەپێی بڕیاری نێودەوڵەتی ژمارە (1559) داوای لێکرد بکشێتەوە، پێشتریش سوریا سوپاکەی لە باشور و جەبەل لوبنان لە باشور و ناوەڕاست و بەیروت کشاندەوە لە کاتێکدا کە ئیسرائیل لە ساڵی 1982دا پەلاماری لوبنانی دا. ئێمەی لوبنانی، برایانی گەلی سوریا، دڵمان بەوە دادەخورپێت کە رژێمی سوریا مەرجەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل جێبەجێ بکات و خواستە برایانەییەکانی لوبنان رەتبکاتەوە. بەڵام رژێمی سوریا، لە روانگەی بنەمای «وەرگرتنەوەی باجەکان»وە، پشت بە بنەمای دانوستان لەگەڵ ئەوانی تردا دەبەستێت (عەرەب و ئیسرائیلییەکان و دەوڵەتانی خۆرئاوا) سەبارەت بە رۆڵ و بوون و پێگەی لەناو لوبنان، نەوەك دانوستانی راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی لوبنان.

ئەم هەڵسوکەوتە بەشێکە لە بونیادی رژێمی سوریا و سەرکردەکانی بە نهێنی سەقامگیری و بەردەوامبوونی بۆ ماوەی (40) ساڵ دەیدەنە قەڵەم، سەرەڕای رووداونی ئەو هەموو شەڕو شۆڕش و راپەڕین و رێکەوتننامانەی ئاشتی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە وڵاتانی عەرەب و عەجەم و جیهان روویانداوە. کاتێك ئێمە وەك لوبنانییەکان، بە تایبەتیش کریستیانەکانمان درك بە فرەیی بونیادی ئەو رژێمە و وردیی هاوکێشەکانی دەکەین، زیاتر لە هۆکارەکانی شکستهێنانی باشکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان تێدەگەیت، سەرەڕای خواستی لوبنانییەکان و بەڵێنی سورییەکان. سیماکانی فرەیی لە رژێمی سوریادا ئەمانەن:

* رژێمێکی سەرۆکایەتی بەعسی پابەندە بە فکرێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی یەکێتی خواستی خاوەن ئاراستەیەکی سۆسیالیستی و عەلمانی و هاوسۆز لەگەڵ زۆربەی بزووتنەوە خەباتگێڕەکان لە جیهانی عەرەبیدا، بە تایبەتی هەندێك لە بزووتنەوەکانی شۆڕشی فەلەستین.

* رژێمێکی ئەمنیە، چونکە ماوەی (40) ساڵە هێشتا یاسای باری نائاسایی لە سوریا کاری پێدەکرێت و فۆڕمێکی ئەمنی پەیڕەو دەکات لە مامەڵە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی لەژێر کاریگەری رەفتارو گومان و مەترسییەکان. ئەمجۆرە فۆڕمەش لەگەڵ چەمکی ئازادییە فەردی و گشتییەکان و لەگەڵ دیموکراسیدا یەکناگرێتەوە.

* رژێمێکە لەلایەن عەلەوییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و پارێزگاری لێدەکرێت، کە تائیفەیەکی ئیسلامیە لەپێناو شکۆمەندی خۆیدا تێکۆشاوە و لە سەدە دێرینەکانی پێشووەوە رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی خۆرهەڵاتدا بینیوە و سەرکەوتوو بووە لە بەرزکردنەوەی پێگەی سوریا بە جیاوا لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر حوکمیان کردووە. بە حوکمی ئەو واقیعە، بەلای عەلەوییەکانەوە گرنگە دەست و پەنجەیان لەگەڵ کەمینە عەرەبی و هەرێمییەکاندا نەرم بکەن، ئەگەر ئیسلامی بن یان مەسیحی یان هەر لایەنێکی تر بن، بەڵکو کاردەکەن بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هەندێکیان و پارێزگاریکردن لە هەندێکی تریان و دەستبەسەرداگرتنی هەندێکی تریان، ئەمەش یەکێکە لە دیوەکانی کێبڕکێی نێوان ئیسرائیل و سوریا.

* رژێمێکە رۆڵێکی تەوەریی زیرەکانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و روانگەی هەرێمیدا دەبینێت و حساباتی تایبەتی خۆی لە بۆتەی هاوپەیمانێتی و هاوسەنگییەکان و ناکۆکییەکاندا هەیە، هەر لە ئەمەریکا و روسیا و چین تاکو ئێران و ئیسرائیل و سعودیە و تورکیا، لەوێشەوە تا دەگاتە تەوەرە سەرەکییەکان لەناو وڵاتانی ناوچەکە.

لەم روانگەیەوە رژێمی سوریا هەوڵەدات دەست بەسەر زۆرترین ژمارەی کارتەکانی دانوستان و رێککەوتن و پێکهاتنەکانی ئاشتی و شەڕ بگرێت. لەم چوارچێوەیەدا رژێمی سوریا بە گشتی و تایبەتی ئەم کارتانەی بەدەستهێناوەتەوە:

• کارتی سوننەکان: (رێکەوتن لەگەڵ تورکیا، پێکهاتن لەگەڵ ئیخوان

موسلمین، چاودێریکردنی سوننەکانی عێراق، لێکتێگەیشتن لەگەڵ سعودیە و هەموو دەوڵەتانی کەنداو، پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین، جڵەوکردنی رەوتە سەرەکییەکانی سوننە لە لوبنان).

• کارتی شیعەکان: (ئێران، حزبوڵڵا، بزووتنەوەی ئەمەل، حوسییەکان، شیعەکانی سعودیە).

• کارتی کەمینەکان: (دورزەکانی جۆلانی داگیرکراو و سوریا و لوبنان، عەلەوییەکان، ئیسماعیلییەکان، کریستیانەکانی عێراق و سوریا و لوبنان). دەشتوانین شێوازی هودنەی بەڕێزانەی سوریا لەگەڵ ئیسرائیل و دیالۆگی چالاکانە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا، هەروەها درووستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ روسیاو چین و کۆریای باکور بۆ سەر ئەم کارتانەی رژێمی سوریا زیاد بکەین.

لەبەردەم ئەم بونیادە فرەیی و دەوڵەمەندەی رژێمی سوریا کە پڕە لە دژەکان، لوبنانییەکان بە تایبەتیش کریستیانەکانی لە درووستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و سەقامگیر و پڕ ئاسایش و بونیاتنراو لەسەر رێزگرتن لە سەروەری و سەربەخۆیی لوبنان و رێزگرتن لە بڕیاری نیشتمانی ئازادانەی، روبەڕووی گرفت دەبنەوە. چونکە جگە لە بەرژەوەندیە ناچونیەکەکانی سوریا لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی لوبنان و سیستمە دیموکراتیەکەی، هاوکات کۆمەڵگەی لوبنانیش خاوەنی فرەییەکی ناچونیەکە. هەموو لایەن و تیمێکی فەڕەمی یان تائیفی یان حزبی لوبنانی وا دەخوازێت سوریا لە دژی لایەنە لوبنانیەکەی دیکە ببینێت، هەروەك دەیەوێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئاراستەیەك لە ئاراستەکانی رژێمی سوریادا بکات: دەوڵەتی لوبنان دەخوازێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتی سوریا بکات، کریستیانەکانیش لەگەڵ سوریای عەلەوی، حزبە ناسیۆنالیستی و عروبییەکانیش لەگەڵ سوریای بەعس، سوننەکانیش لەگەڵ سوریای سوننی، شیعەکانیش لەگەڵ سوریای هاوپەیمانی ئێران، دورزییەکانیش دەیانەوێت لەگەڵ سوریای

جەبەل دروزدا هاوپەیمانێتی بکەن. بەڵام رژێمی سوریا ناتوانێت خۆی وەکو موڵك و سامان نمایش بکات، چونکە هەریەکە لەوەی تر دابڕاوە و کۆمەك و پشتیوانی پێشکەشی گروپە لوبنانییەکان دەکەن. سوریای ئەسەد بۆی نەدەلوا حوکمی سوریاکەی موعاویە بکات ئەگەر رێزی لە هەموو دیوەکانی رژێمەکەی نەگیرایا، بەڵکو دەستەی فەرمانڕەوا لە سوریا نەیدەتوانی دروشمەکانی زۆرینەی سوننی عروبی و شۆڕشگێڕ لەو وڵاتە بونیات بنێت کە مەچەکێکی پۆڵایین، درێژەپێدانی مانەوەی لە دەسەڵات، بەرەنگاربوونەوەی رەوتی گوماناوی ئیسلامی توندڕەوی پەیوەندار بە دەستەی دەسەڵاتداری بۆ دەستەبەر کرد، سەرەڕای ئەو سەقامگیریەی کە بۆ گەلی سوریای فەراهەم کردووە.

ئەمەیە ناوەرۆکی شکستهێنانی ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی لوبنان لەگەڵ سوریا، بە تایبەتی کریستیانەکانی. ئەمەیە نهێنی راگوزارێتی سوریا لە لوبنان لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر، بۆیە لە یەککاتدا لەگەڵ هەمووان نناکۆك و لەگەڵ هەمووانیشدا راستگۆ بوو، ئەوەش بەگوێرەی بارودۆخی ناوخۆیی و رەوشـی هاوپەیمانێتیە عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی و ئەولەویەتەکانی لەو قۆناغەدا. سوریا رژێمێکە لە روانگەی هاوسەنگی هێزەکانەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا دەکات، بەڵام لوبنان دەوڵەتێکە لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا دەکات، ئەوەش زۆر بە کەمی لەلای لێپرسراوانی سوریا پەسەند بووە و دەنگیداوەتەوە. سوریا بە رێژەی وابەستەییان بە ستراتیژەکەی و نزیکبوونەوەیان لە رێڕەوی عروبە، مامەڵە لەگەڵ کریستیانەکانی لوبناندا دەکات، لە کاتێکدا کریستیانەکان حەزدەکەن بەقەد رێزگرتنی سوریا لە تایبەتمەندێتیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەنلە کاتێکدا کە دانی ناوە بە ناسنامەی لوبنان، هەرچەندە ئەوە هەڵوێستێکی کێشە لەسەری رژێمی سوریایە کە لە ڕووی باوەڕیی و ویژدانی و سیاسییەوە دان بە لوبنانی ئازادا نانێت.

بەرژەوەندی سوریا و لوبنان وا پێویستی دەکات کە هەموو کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکان تێبپەڕێنن و لەبەر رۆشنایی ئەزمونەکانی رابردوو دەستکەوتەکانی ئایندەدا بـەردەوام بن لە پەیوەندییەکانیان، بەرەو گرێبەستێکی مێژوویی بۆ ئەوەی لوبنان نەکرێتە بەشێك لە پرۆژەیەك کە لە دژی رژێمی سوریا دابڕێژرێت و رژێمی سوریاش لوبنان نەپێچێتە گێژاوێکەوە بۆ لەناوبردنی سەقامگیری و سەربەخۆیی و پەیامەکەی. بەو ئاستەی کە پرۆسەی لێکتێگەیشتنی نێوان لوبنان و سوریا قورسە، پێویستە هەوڵ و تەقەللاکان زیاتر بکەین بۆ ئەوەی پرۆسەکە بکەینە مومکین و شیاو. ئەو ئەرکە پێویستی بە ژیریەکی لوبنانی ئەفرێنراوو راستگۆیی و نیازپاکی سوریا هەیە، جگە لە رۆڵی سەرەکی کریستیانەکانی لوبنان لە بەرجەستەکردنی فۆرمێکی نایاب لە گرێبەستن لەنێوان هەردوو وڵاتدا.. خودایە بێرە وەڵام.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (تغيير الانظمه والثورات)- چاپی یەکەم 2013**

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە  یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |